

# بەشێک لە وتوویژو بابەتەکانی

## هاوڕێ عەبدوڵڵا حیجاب

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست


١- بۆ رای گشتی!................................................................................... ٤

٢- چەند پرسیارێکی ناوەندی چاک!.......................................................... دیمانە ..... ٧

٣- لە "قەوم"ەوە بەرەو بەنەتەوەبوون، گەڕان بە شوێن ناسنامەی نەتەوەییدا............................................... ١٣

٤- حیزبی دێمۆکرات تووشی جیابوونەوە بووە، بەڵام نەبووە بە دوو حیزب.................... سەید عەلی هاشمی ..... ١٨

٥- رۆژهەڵاتی کوردستان لە نیوان ئەمڕۆ و دوێنێ دا(وتوویژ)................................ ئەفراسیاب گرامی ..... ٢٥

٦- جووڵانەوەیەکی زیندوو بە مێژوویەکی شاراوەوە(٤٦ - ٤٧)........................................................... ٣٨

٨- دیمانە لە سەر ڕێکخراوی گەل و نەتەوە بێ.............................................. بەشی ڕاگەیاندن ..... ٤٢

١٣- خۆشمان بێ تاوان نین......................................................................................... ٤٥

٩- کۆچێکی زوو بۆ یادی ٥ ساڵەی نەمر تەها عەتیقی .................................................................. ٤٩

١٠- هەر هێزێکی ڕۆژهەڵات بەجۆرێک تێکەڵاوی بە باقی هێزەکانی کوردستانەوە هەیە........... ڕۆژهەڵات تایمز ..... ٥٣

١١- دوکتۆر قاسملوو سەرکردەیەکی خاوەن پرۆژە و ڕێبەرێکی بە ئیرادە.......................................................... ٦٠

١٢- چەند رەوتێکی تورکە ناسیۆنالیستە توندئاژۆەکان بە پشتیوانی دام و دەزگا............ هەڤپەیڤین کوردستان ..... ٦٢

١٣- نەبوونی هاودەنگی لە رۆژهەڵات و هۆکارەکانی.................................................................. ٦٧

١٤- دیمانە سەبارەت بە بەرەی کوردستانی.......................................................... ڕۆژی کورد ..... ٦٩

١٥- تورکیە و کورد: هەنگاوێک بۆ پێشەوە دوو هەنگاوبەرەو دواوە..................................................... ٧٢

١٦- وتوویژی گۆڤاری ڕێگا.............................................................................. سۆران عومەر ..... ٧٧

١٧- کاک فەتاح چووە ریزی کاروانی نەمرانەوە................................................................................. ٨٢

١٨- ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ پرس، ڕاڤە، ڕێگا پیوان و مەرجەکانی پێکەوەکارکردن........................................ ٨٣




سەرچاوە
Serchawe

١٩- ڕا و بۆچوونی لەمەڕ کۆنگرەی ١٦ی حیزب........................................................ وتووێژ ..... ١٠٢

٢٠- هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێران و هەڵوێستی کورد.................................... ئاژانسی کوردپا ..... ١٠٤

٢١- وتووێژی لە سەر پرسی کورد بە گشتی........................................................ ڕەحمان نەقشی ..... ١٠٦

٢٢- وتووێژی ڕۆژنامەی کوردستان.................................................................... سەلیم زەنجیری ..... ١٢٥

٢٣- وەڵامێک بۆ کارو چالاکییەکانی ڕەحمان نەقشی.................................................................. ١٣٠

٢٤- جێ پەنجەی د. قاسملوو لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی کورد دا................................................... ١٣٢

٢٥- بەڕێوەبەری، لە تیئۆرییەوە بۆ کردەوە............................................... ڕۆژنامەی کوردستان ..... ١٤٠

٢٦- وتووێژ بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دێموکڕاتەکان.................................................... ڕحمان نەقشی ..... ١٤٦

٢٧- کۆنفرانسی شۆڕشی ژن، ژیان ئازادی و داهاتووی ڕۆژهەڵات................................ دیمەن سوهرانی ..... ١٤٩







سەرچاوە
Serchawe

## بۆ رای گشتی!

لە درێژایی سیاسەتی نکۆڵی کردن و ئینکاری دەوڵەتی تورکیە لە بەرامبەر داخوازەکانی گەلی کورددا، ئەوە چەند رۆژێکە بەرپرسانی شەری تایبەتی ئەم رێژیمە، کامپانیایەکی بەربڵاویان لە دژی تەلەڤیزیۆنی رۆژتی.ڤی. و لایەن و کەسایەتیە سیاسیە کوردەکان دەست پێکردووە. تورکیا لە رێگای ئەو کامپانیا دژی دێموکراتی‌یەوە هەوڵ دەدا بە کپ کردنی دەنگی رۆژتی.ڤی، لە ڕاستی دا پێش بە هاواری عەدالەتخوازایی گەلی کورد لە باکووری کوردستاندا بگرێ. بۆ ئەم مەبەستە کاربەدەستانی تورک دەستەوداوێنی پیلانێکی بەربڵاو بوون و لە هەموو ئاستێکی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی‌دا هەوڵ دەدەن هاودەست بۆ خۆیان و دوژمن بۆ گەلی کورد و خەباتەکەی بدۆزنەوە.

کامپانیا دژی دێمۆکڕاتیکەکانی تورکیا لە بەرامبەر گەلی کورد، ئەگەر تا ئێستا سازیە دێمۆکراتیکەکان، چاپەمەنی و جاروباریش ڕووناکبیرانی باکووری کوردستانیان دەکردە ئامانج، ئێستا لە دژی تاکی کورد لە دەرەوەی سنووری ئەم وەڵاتەش بەڕێوە دەچن. هەر لە سەر ئەو بنەما فکرییە، رۆژی ٢٤ی مانگی نوامبر، بە دوای کۆبوونەوەی کۆنسەی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا (مگک)، لە لایەن قسەکەری فەرمی بەڕێوەبەریی گشتیی ئاسایشی وەڵاتەوە، ڕاگەیاندراوێک بڵاو کرایەوە و بە بیانووی ئەوەی کە من گۆیا بەرپرسی رۆژ. تی.ڤی. و ئەندامی بەڕێوەبەرایەتیی کۆنگرەی گەلم، ئیدیعا کرا کە من هۆکاری سەرەکیی پێوەندی ئەو تەلەویزیۆنە لە گەل کۆنگرەی گەل‌دام. مەبەستی ڕەسمیی دەوڵەتی تورکیە لەم لێدوانە ئەوە بوو کە بە بیانووی بەشداری کردنی من لە بەرنامەیەکی رۆژتی‌ڤی لە مانگی ئاپریلی ساڵی ٢٠٠٤، کە لەو دا من لە سەر ناوی کونگرەی گەل لێدوانم داوە، مەشرووعیەت بدا بە هەوڵی نامەشروعی خۆی بۆ داخستنی تەلەویزیۆنی رۆژ.

بە قسەی ئیسمائیل چالشکانی وتەبێژی ڕەسمیی ئاسایشی گشتیی تورکیا کە لەو کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانی‌یەدا کۆپیی وتووێژی ڕۆژ تی.ڤی.ی لە گەل من بڵاو کردەوە، ئەو بەناو "بەڵگەیە" لە سەفەری ئەردۆغان، سەرۆک وەزیرانی تورکیا بۆ دانمارک دراوە بە کاربەدەستانی ئەو وڵاتە. سەرنج راکێشە کە هەموو میدیاکان و کاناڵەکانی تەلەویزیۆنی تۆرکیا وەک رۆژنامەکانی "حورریەت"، "میللیەت"، "زەمان"، "سەباح"... و کاناڵەکانی تەلەویزیۆنی "تی‌ئارتی"، ئن.تی.ڤی، سی‌ئن‌ئن تورک و ... لە رۆژانی ٢٥ و ٢٦ نوامبر بە بەرفراوانی ئەو خەبەرەیان بڵاو کردەوە. بەم شێوەیە هەم و ورووژاندنی هەستێکی شۆڤەن لە دژی ڕاگەیاندنی کوردی، حەرەکەتی سیڤیل و تاکی کورد کەوتە رۆژەڤی سیاسی‌یەوە و هەم دووبارە سەلمێندرا کە سیستمی راگەیاندن لە تورکیادا چەندە پێبەندە بە سیستمی ئاسایشی وڵات و زێهنیەتی دژی کوردەوە.



سەرچاوە
Serchawe

ئەو راگەیەندراوە و کامپانیای بەربڵاوی پروپاگەندەی میدیاکانی تورکیا لە دژی من و دەزگاکانی میدیای کوردی لە باکووری کوردستان، ئەوەندە لە مەنتیق و راستیی سیاسی بە دوورن کە پێویستیان بە وڵامدانەوە نیە. رای گشتی کورد باش دەزانێ کە مەبەستی دەوڵەتی تورکیە لەو هەوڵانە، بەر لە هەموو شتێک ئەوەیە کە مەشرووعیەت بدا بە سیاسەتی دوژمنانەی خۆی لە بەرامبەر داخوازە رەواکانی گەلی کورد دا. بەلام گەلەکەمان لە هەموو کوردستان و بە تایبەت لە باکووری کوردستان سالانێکی درێژە کە ئەم هەڵوێستەی رەد کردۆتەوە و خۆپیشاندان و راپەرینی جەماوەری لە شەمزینان و گەوەڕ نیشانەی هەرە روونی ئەو راستییەن. هەروەها هەڵوێستی بە جێی سەرۆکی کوردستان ڕێزدار مسعود بارزانی، ڕەنگدانەوەی دەنگێکی هاوبەسی کوردستانی لە بەرامبەر نکۆلی کردنی مافی گەلی کورد لە لایەن دەسەڵاتدارانی تورکیاوە بوو. ئێستا لە ئاستی نێو نەتەوەییشدا رۆژ بە رۆژ پتر سیاسەتی ئینکارکەری تورکیا تەریک دەخرێتەوە و لە لایەن کۆمەڵگای جیهانی و رای گشتی دێمۆکراسیخوازەوە رەخنەی لێ دەگیرێ.

من، وەکوو هەر کوردێکی نیشتمانپەروەری دیکە، بە ئەرکی نەتەوەیی و مرۆڤانەی خۆم زانیوە و دەزانم کە بە پێی توانا بۆ بەرەو پێش بردن و بەرزکردنەوەی داخوازە رەوا و نەتەوەییکانی گەلەکەمان لە هەموو بەشێکی کوردستاندا بە ڕێبازی دێمۆکراتیک و ئاشتیانە هەوڵ بدەم. ئەو هەوڵە ئەرکێکی بێ ئەملاو ئەولایە و بۆیەش هەم لە کوردستان و هەم لە ژیانی دوورەوڵاتیدا هەمیشە هەوڵم داوە پێبەندی بم. بەڵام وێڕای ئەوەی کە لە ساڵانی پێشوودا، بۆ کاتێکی دیاری کراو و تەنیا بە مەبەستی بەهێزکردنی ڕەوتی چاکسازیی سیاسی و گۆڕانکاری لە کۆنگرەی گەل دا بەرپرسایەتی سیاسیم لە ئاستی ڕێبەرایەتی دا بە ئەستۆوە گرتووە، هیچ بەرپرسایەتی ئیداریم لە کاناڵی تەلەویزیۆنی رۆژ و باقی مێدیاکانی کوردستانی لە دەرەوەی وڵات دا نەبووە. بەشداری کردنم لە بەرنامەکانی تەلەویزیۆنی رۆژ و باقی مێدیاکانی کوردی هەموو بەشەکانی کوردستاندا و بە گشتی خەباتی من لە چوارچێوەی کاری چاپەمەنیدا پێش لە بەرپرسایەتیم لە ریکخراوی باسکراودا بووە و ئێستاش هەر بەردەوامە و بەردەوام دەبێ. ئەوەش پێوەندی بە دەربڕینی رای ئازاد وسەربەستی راگەیاندنەوە هەیە.

بێجگە لەمە، ئەوە ماوەیەکی دوور و درێژە کە هێچ پێوەندیی ڕێکخراوەییم بە هیچ حیزب یان لایەنی سیاسی کوردستانەوە نیيە. بەڵام هەر لەو کاتەشدا خۆم بە دۆستی هەموو ئەو ڕێکخرا و حیزبانە دەزانم کە بۆ نرخە هاوبەشەکانی مرۆڤایەتی و مافەکانی گەلی کورد تێدەکۆشن. بۆ من هەمیشە نرخ و نەریتە دێمۆکراتیکەکان و پێوانەکانی مافی مرۆڤ کە لە کۆنوانسیۆنەکانی نێو نەتەوەییدا گونجێندراون ئامانجی هەرە بەنرخ و بەرز بوون، و بە کۆنگرەی گەلیشەوە هەرڕێکخراوێکی کوردستانی کە لەم چوارچێوەیەدا بۆ مافەکانی گەلی کورد کار بکا، تا لە دەستم بێ پشتگیریی لێ دەکەم.

بەم بۆنەوە، وێڕای بەرپرچدانەوەی ئیدیعا بێ بنەماکانی سەرۆکایەتیی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیە و کاناڵەکانی ڕاگەیاندنی ئەم وەڵاتە و ڕاگەیاندنی دوبارەی سەربەخۆیی سیاسیی خۆم، داوا لە هەموو لایەن و ڕووناکبیرانی کوردستان

دەکەم کە دەنگی خۆیان بخەنە پاڵ دەنگی بزووتنەوەی سیڤیلی کورد لە باکووری کوردستان و بە یەکدەنگ بانگی چارەسەریی ئاشتیانەی دۆزی کورد لە ڕێگای دیالۆگی سیاسیەوە بکەن. ئەمڕۆ هەر بۆچوونێکمان بێ، پێویستە لە بەرامبەر زەخت و هێرشەکانی دەوڵەتی تورکیەدا، ڕۆژ تی.ڤی بپارێزین و ڕێگا نەدەین کاناڵێکی ئاسمانیی کوردی لە لایەن دژبەرانی گەلی کوردەوە بێ دەنگ بکرێ.

عەبدوللا حیجاب

٢٩ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٥

ئوسلۆ، نۆروێژ



سەرچاوە Serchawe

## چەند پرسیارێکی ناوەندی چاک!

### بەڕێز سیاسەتوان و ئاکادیمیست مامۆستا عەبدوڵا حیجاب و چەند پرسیارێکی ناوەندی چاک!

**پرسیار**: بەڕێزتان وەک نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان. ئێران ئەندامن لە ڕێکخراوی UNOP دا، قازانجی ئەم ڕێکخراوە بۆ دۆزی نەتەوەیی و دەوڵەتەکان و نەتەوەی کورد بە تایبەتی بۆ خوێنەرانی ناوەندی چاک ڕوون بکەرەوە.

**وەڵام**: زۆر سوپاس بۆ وەڕێخستنی ئەو دیمانەیە. ئەندامبوونی حیزبی دێمۆکرات لە ڕێکخراوی گەلان و نەتەوە بێ نوێنەرەکان دا دەرفەتێک بۆ ئێمەی کورد و بە تایبەت کوردەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان دەڕەخسێنێ کە لە کاناڵێکی پێوەندیگرتنی جیهانی کەڵک وەربگرین بۆ پتر ناساندنی دۆزی نەتەوەییمان. UNPO ڕێکخراوێکی خاوەنی توانایی بڕیاردان لە سەر چارەنووسی گەلان نیە و ناتوانێ لە ئاستی جیهانی دا دەوڵەتێک یا ناوەندێک ناچار بکا تا هەڵوێستێک بگرێ یا هەنگاوێک هەڵێنێتەوە کە لە گەڵ بەرنامەی خۆی نەگونجێ.

بەڵام UNPO ڕێکخراوێکی ناسراوی جیهانییە کە لە گەڵ زۆر ناوەندی خاوەن دەسەلاتی بڕیاردان پێوەندی هەیە و ئێمە لە ڕێگای ئەندامەتیمانەوە دەتوانین دۆزی نەتەوەییمان پتر بناسێنین. ئیدی ئەوە دەگەڕێتەوە سەر خۆمان و تواناییەکانمان کە تا چ ڕادەیەک بتوانین لەو کاناڵە کەڵک وەربگرین و بۆ بەرەو پێش بردنی داخوازییەکانمان کار بکەین.

بەشداری لە هەر ڕێکخراوێکی لەم چەشنە مەشرووعیەتێکی پتر دەبەخشێ بەو خەباتەی کە چەندین ساڵە لە کوردستان بەڕێوە دەچێ، بەڵام دەنگدانەوەیەکی جیهانیی نەبووە. ئێستا وێڕای ئێمە پتر لە ٧٠ نەتەوەی بێ دەوڵەتی دیکەش لەو ڕێکخراوە دا ئەندامن. ئاڵوگۆڕی ئەزموون و بیر و ڕا لە نێوان ئەو گەلانە دا دەتوانێ یارمەتی دەر بێ بۆ گەشەپێدانی بزووتنەوەکەمان لە ئاستی جیهانی دا. بێجگە لەمە، ڕەخساندنی دەرفەت بۆ بەشداری کردن لە کۆڕ و کۆمەڵە جیهانیەکانی وەک کۆنسە یا ئەنجومەنی مافی مرۆڤ و ناوەندە هاوشێوەکان یارمەتیمان دەدەن کە کەلێنێک لە ئاستی دیپلۆماسی دا پڕ کەینەوە و ڕێگا نەدەین کە گرفتی بێ دەوڵەتی هەموو دەرەتانەکانمان لێ زەوت بکا.

**پرسیار**: چ لە پێشدا و چ لە ئێستادا گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان بیری نەتەوەیی لاواز بووە، کاتێک کە کۆنگرەی نەتەوەیی لە نەوەدەکاندا لە ئەورووپادا دامەزرا، هیوایەکی خستە دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە کە کاری لەو

چەشنە، بیری نەتەوەیی تاکی کورد بەهێز ئەکات و بەرژەوەندیی گەلی کورد بە گشتی دەخاتە سەرو بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی و ناوچەگەرێتی و پەیوەندیە دیپلۆماتەکانی سیاسی بەرفراوندەکات و زمانێکی مۆدێرنی سیاسی مرۆیی وا دێنێتە گۆڕێ کە زیاتر دۆزی کورد لە جیهاندا وەک دۆزێکی ڕەوا بناسێنێت کە نەتوانرێت پەراویزبخرێت، بە تایبەتی دوای جینۆسایدی گەلی کورد لە باشوری کوردستاندا، بەڵام بە داخەوە ئەوەی کە دیارە ئەم ئامانجە نەپێکرا تا ئەمڕۆ. بەرێزتان کە پێشتر ئەندامی ئەوکۆنگرەیە بوون و تا ئاستی جێگری سەرۆکی کۆنگرە هەڵبژێردرابوون بە شێوەیەکی ڕانەگەیەندراو وازتان لەو ڕێکخراوە هێنا، گەر مومکینە لە سەر بنەمای فیکری ئەو ڕێکخراوە و خاڵە لاوازو بەهێزەکانی قسەمان بۆ بکەن.

**وەڵام**: پێک هاتنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٩ هەنگاوێکی گرینگ بوو بۆ بە هێز کردنی بنەماکانی هێزی یەکگرتووی نەتەوەیی لە کوردستان. لە هەموو کۆبوونەوەکانی پێش پێکهاتنی کۆنگرەوە لە ساڵی ١٩٩٧ تا دامەزراندنی کۆنگرە زۆربەی بەشداران و منیش وەک یەکێک لەو کەسانە، هەوڵی ئەوەمان دەدا کە کۆنگرەیەکی وا دابمەزرێنین کە سەرڕای خۆپاراستن لە دەستتێوەردان لە کار و باری پارتیە سیاسیەکان، چوارچێوەیەکی هابەشی نەتەوەیی بۆ هەڵس و کەوتی لایەنەکانی بەشدار لە بزووتنەوەی کوردستان دابنێ.

کۆنگرە، سەرەڕای گرفت و کەم و کوورییەکانی، توانی لە ماوەیەکی کورت دا سەدان ڕووناکبیر و سیاسەتوانی کورد لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و سەرەنجام قەوارەیەکی دامەزراوی نەتەوەیی بە خۆیەوە بگرێ. بە شێوەیەک کە ئەدەبیاتی سیاسی کۆنگرە، سەمبۆل و نرخەکانی نەتەوەیی، بیرۆکەی یەکیەتی نەتەوەیی و پێکەوە گرێدراوەبوونی چارەنووسی نەتەوەی کورد، وردە وردە وەک زمان و بەرنامەیەکی نەتەوەییان لێ هات و کێشرانە نێو ئەدەبیاتی سیاسی حیزبە کوردیەکانەوە. هەروەها کۆنگرە لە شەرە نێوخۆییەکانی هێزەکوردیەکانیش سەرەڕای بە هێزبوونی لایەنی پارتی کرێکارانی کوردستان، قەت بە ڕاشکاوی لە دژی هێزێک و بە قازانجی هێزێکی دیکە هەڵوێستی نەگرت. تەنیا لە بەرامبەر دەستتێوەردانی دەرەوە و هێڵی سوور هاواری بەرز دەکرد.

سەرەڕای ئەوەش، کۆنگرە توانی وەک پلاتفۆرمێکی هاوبەشی نەتەوەیی، ببێ بە مەکۆی باس و گفتگۆ سیاسیەکانی پێوەندی دار بە چارەنووسی کوردەوە. لە ئاستی نێونەتەوەیی دا کارەکانی کۆنگرە بەرچاو بوون و بە ڕاشکاوی دەتوانم بڵێم کە ئەندامانی کۆنگرە بە قورسایەتیەکی جیاوازەوە لە کۆڕوکۆمەڵە سیاسیەکان دا وەردەگیران. لە زۆر پارلمان و ناوەندە سیاسیەکانی ئەورووپا کۆبوونەوەی ئاستی باڵا گیران و دەستکەوتەکانی کاری دیپلۆماسی کۆنگرە بۆ هەمووی بزووتنەوەی کوردستان باش بوون.

بەڵام کێشەی کۆنگرە ئەوە بوو کە وردە وردە لایەنە خاوەن نفووزەکان لێ کشانەوە و کۆنگرەیان بۆ تاکەکەسەکانی ئەندام و ئەو لایەنە بە جێ هێشت کە لە سەرەتاوە زۆر هەوڵی دابوو بۆ دامەزراندنی، واتا پارتی کرێکارانی کوردستان. PKK ش کە بە دروشمی گۆڕانکاری، خۆنوێکردنەوە و ریفۆرمی سیاسی بە مەبەستی بە هێز کردنی بنەماکانی دێمۆکراسی و پتەو کردنی بیری هاوبەشی نەتەوەیی لە کوردستان، بەشێکی زۆری رووناکبیری کوردی بە دەوری خۆی کۆ کردبووە، نەیتوانی وەڵامدەری وەزعەکە بێ. دروشمەکان لە سەر کاخەز مانەوە و رەوتی پاشەکشە لە دروشمەکان دەستی پێ کرد. هەروەها لە نێو خۆی بزووتنەوەی PKK دا ناکۆکی و جیاوازی دەستی پێکرد و ئەوانەی لایەنگری بە هێز کردنی KNK و یەکیەتی نەتەوەیی بوون وردە وردە یا لێ کەوتن یا بە شێوەیەک دوورخرانەوە و هێندێکیان بە شێوەی گوماناوی لە بەین بران.

خودی کۆنگرەی نەتەوەییش بە بێ ئیمکاناتی دارایی سەربەخۆ و بە بێ بەشداریی هەمەلایەنەی حیزب و لایەنە کوردییەکان، کرا بە یەکێک لە ئۆرگانەکانی سەر بە رێکخراوەکانی ریزی دووهەمی پارتی کرێکارانی کوردستان و تەنیا ئەو دەمانە باسی لێوە کرا کە ئەو لایەنە پێویستی بە پرۆپاگەندەکەی هەبایە. ئێستاش هەر ناو و نیشانەکانی KNK ماون و بۆ دیکۆر بە کاری دێنن.

با ئەوەش روون کەمەوە کە من لە زۆربەی سالانی ئەندامەتیم لە کۆنگرەی نەتەوەیی دا ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر و بەرپرسی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی KNK بووم، بەڵام جێگری سەرۆک نەبووم. بە پێچەوانەوە، جێگری سەرۆکی کۆنگرەی گەل، رێزدار زوبەیر ئایدار بووم کە قەرار بوو بێتە ئەو رێکخراوە دێمۆکراتیەی کە PKK قەوڵی دابوو بە هەڵوەشاندنەوەی خۆی رێگای دامەزراندنی خۆش بکا. ئەو رێکخراوە بوو بە قوربانیی کێشەکانی نێو خۆیی سەرکردەکانی پێشووی PKK و لە کردەوەدا هەر بە ناتەواوی مایەوە. لە سەرەتا دا عۆسمان ئۆجالان بوو بە قوربانی و هەڵات، کانی ییلماز لە سلێمانی ترۆر کرا و بەشێکی تری کادرەکانی گۆڕانخوازی رێبەرایەتیەکەی ناچار کران بکشێنەوە. لەو میانە دا من و کەسانی غەیری PKK کە بە مەبەستی یارمەتیدان بە رەوتی ریفۆرم بە بانگەوازی بەشی رێفۆرمخوازی رێبەرایەتی PKK وە چووبووین یا دەبوو ببینە لایەنێک لە کێشە نێوخۆییەکانی ئەوان، یا واز بێنین. من هیچ پێوەندییەکی ئایدیۆلۆژی و رێکخراوەییم بە پارتی کرێکارانەوە نەبوو و ئەوەم لە نامەیەکی دوور و درێژ بۆ سەرکردایەتی پێشووی پکک لە سالێ ٢٠٠٣ دا روون کردۆتەوە (کە لە کاتی خۆی دا بڵاوی دەکەمەوە). تەنیامەبەستی من یارمەتیدان بە رەوتێک بووە کە بە مەبەستی چارەسەرکردنی گرفتەکانی بزووتنەوەی کورد لە باکووری کوردستان دەستی یارمەتی بۆ لای چەند کەسێک لە ئەندامانی رادەی سەرەوەی KNK ی درێژ کردبوو. کاتێک ئەو بە پیرەوەچوونە بێ ئاکام مایەوە، خواحافیزیم لێ کردن.

**پرسیار**: ئایە پێتان وانیە کە کورد کاری لەو چەشنە بە بنەمان بگرێت لە داهاتودا؟ واتە لە هەوڵی ئەوەدا بێت کە ئەم رێکخراوە یان رێکخراوێکی لەو چەشنە سەربەخۆ و دوور لە کاری حیزبایەتیەوە، بەرژەوەندیەکانی گەلی کورد بە گشتی

ئامانجی بێت و بۆ ئەمەش بە عەقڵێتێکی مۆدێرنی وا کاربکات دژ بە هەموو جۆرە چەوساندنەوەو ناهەمواری و نادادپەروەیەک بێت، تەنانەت ئەگەر ئەو نادادپەروەریەش لە گەلی کورد خۆیەوە بێت بەرمبەر بە گەلان و نەتەوەی تر.

**وەڵام**: ڕاستە، کورد پێویستی بە وەها ڕێکخراوێک هەیە. تەنانەت بۆ دەوڵەتەکانی جیرانیش هیچ زەرەرێک نیە کە ناوەندێکی هاوبەشی کوردستانی هەبێ کە داخوازە سیاسیەکانی گەلی کورد بە ڕاشکاوی ڕابگەیەنێ و بۆ دیالۆگ و چارەسەری ببێتە لایەن. لەو وەختە دا ئیدی پچر پچری و لەت لەت بوون ناتوانێ زەربەمان لێ بدا.

لە ڕەوتی نەتەوەسازی دا پرۆژەی هاوبەشی نەتەوەیی گەلێک گرینگە. بە داخم کە بڵێم بزووتنەوەی کوردی سەرەرای مێژووی دەیان ساڵەی، ئێستاش ئەو پرۆژەیەی تەواو نەکردوە. پێم خۆش نیە کە دڵی هێندێک لە چالاکڤانانی بزووتنەوەی کوردی بشکێنم، بەڵام با نەشیشارینەوە کە هەر ئەو ڕەوتەی کە ئێستا لە بەشی ئازادی کوردستان دەچێتە پێش، نیشانەی تەواونەبوونی پرۆژەی هاوبەشی نەتەوەییمانە. دەنا، بۆ دەبێ کوردی سلێمانی بە سەرکەوتنی تیمی فووتبۆلی عێراق شاگەشکە بێ، یا خود گرینگترین بەڵگەی یاسایی کوردستان لە پارلەمانی وەڵات بە زمانی بیانی بنووسرێ یا نەخشەی لە سەر زێڕدروستکراوی عێراق لە پایتەختی کوردستان چەندین بەرامبەری سەمبۆلە نەتەوەییەکانی کوردستان بێ. داخوا لە هەموو کۆسۆڤۆ بەر لە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی یەک نیشانەی نەتەوەیی یۆگوسلاوی پێشوو وەدەست دەکەوت؟

پلاتفۆرمێکی هاوبەشی کورد، جا چ کۆنگرەی نەتەوەیی دەبێ یا ڕێکخراوێکی دیکەی لەم چەشنە، بۆ دیاری کردنی چوارچێوەی هاوکاری کوردستانی زۆر پێویستە.

**پرسیار**: ماوەیەکە حیزبە سیاسیەکانی گەلی کورد، بە تایبەتی حیزبە سیاسیەکانی کوردی ڕۆژهەڵات لە قەیرانێکی تەشکیلاتی و سیاسیدان، ئەمەش فاکتەرێکە بۆ ڕەشبینی و لاوازی تاکی کورد، پێتان وانیە کە بەهێزکردنی ناوەند و ڕێکخراو و کۆمەڵە مەدەنیەکانی کورد بە تایبەتی لە ئەوروپادا ئەلتەرناتیڤێکی لەبارە بۆ جێگرتنەوەی خەباتی ئەو حیزبە سیاسیانە؟ لەگەڵ ڕێزمان بۆ خەباتی سیاسی ئەو حیزبانە، و مەبەستمان ئەوە نیە کە حیزبی سیاسی بسڕیەنەوە.

**وەڵام**: بێ گومان. بەڵام بە دڵنیاییەوە پلاتفۆرمێکی ئاوا نە دەبێ و نە دەکرێ جێگەی حیزبەکان بگرێتەوە. ناوەندێکی وەها دەتوانێ ببێ بە شێوە پارلەمانێکی کوردستانی یا خود ناوەندێکی باس و گفتوگۆی نەتەوەیی لە سەر کێشە هاوبەشە نەتەوەییەکانمان.

لە لایەکی دیکەوە ناوەندێکی وەها دەتوانێ تاراوگەی پرش و بڵاوی کورد لە یەکتر نزی بکاتەوە. لە بواری ناسنامەی

نەتەوەیشەوە، کاری بەم چەشنە دڵنیاییەک دەدا بەو هەزاران کوردەی کە لە وڵاتی خۆیان دوورن، بەڵام بە هیوای گەرانەوە بۆ وەڵاتن.

**پرسیار**: بە باوەڕی ئێوە کێشەی کوردانی دانیشتوی تاراوگە چیە؟ چی باشە بۆ ئەوەی کورد لە پەرتەوازەیی بێتە دەرەوە و بە هزرێکی نەتەوەیی مۆدێرنی واوە چالاکبێت، کە کولتوری مۆدێرنەی ئەورووپا بە جۆرێک قبوڵبکات، کە کاریگەری هەبێت بۆ دژە باوەکانی کوردستان و ڕێساکۆنەکان، کە بە داخەوە وەک دەبینین لە ئەورپاشدا کوردەکان وابەستەی کولتورێکی کۆن و بەسرچوی ئەوتۆن کە زۆر جار کوشتن وبڕینی ژن و کچی خێزانەکانی لێدەکەوێتەوە.

لە لای کوردەکانی دانیشتووی تاراوگە کێشە زۆرن. گرینگترینیان خۆ ساز دان لە گەڵ شێوە ژیانێکی نوێ یە کە لە جیاتی کەسایەتی بە کۆمەڵ، گرینگی دەدا بە تاک و مافی تاک. ئیدی لێرەدا خزم و کەس و دەروجیران نین کە بە کێشە و گرفتەکانتەوە گرفتارن. ئەوە خۆتی و سیستەمێکی دامەزراو کە ڕابردوویەکی دوور و درێژی هەیە.

لەم ژیانە دا مەسەلەی ناسنامە زۆر گرینگە. بۆ زۆربەی منداڵانی کورد لە دەرەوەی وەڵات پرسیاری "من کێم" دێتە پێش. گەلۆ ئەو منداڵە، چ پێناسەیەکی هەیە، کوردە، ئێرانییە، عێراقییە، کوردی سوورییە، یا خود بێ ناسنامەیە. گەورەکانیش ئەوەیان بۆ دەبێتە کێشە و لە وەڵام دەگەڕێن.

**وەڵام**: با دووبارەی کەمەوە کە سەرەڕای خەباتی دەیان ساڵە لە کوردستان، ئێستا مەسەلەی ناسنامەی نەتەوەیی پتر لە نێو کوردەکانی تاراوگە دا باسی لێ دەکرێ تا لە لە نێو ئەندامانی حیزبەکانمان لە نێو خۆی وڵات، چونکە لە نێو وڵات بە دەیان ساڵە بە ناسنامەیەکی شێوێندراوی کوردی - ئێرانی، کوردی - عێراقی و هتد پەروەردە کرابووین.

پلاتفۆرمێکی هاوبەشی کوردستانی دەتوانێ زۆر پێوەر و چوارچێوە دابنێ کە بۆ دیاردە ناحەزەکانی ئێوە باسی دەکەن چارەسەر بن.

**پرسیار**: بە باوەڕی ئێوە کورد بۆ بردنە پێشی کێشەی خۆی لە ئەوروپادا چیبکات باشە؟ ئایە خۆپیشاندان بە تەنها کارسازە؟ جۆری ئەو خەباتە مەدەنیانە چیە کە دەنگی کورد بگەیەنێت بۆ ناساندنی دۆزە ڕەواکەی.

**وەڵام**: بە بڕوای من خۆپیشاندانی کورد لە ئەورووپا، مەگەر لە موناسبەتێکی تایبەت و بە شێوەیەکی بەربڵاو، دەنا هیچ کاریگەریەکی لە سەر سیاسەتی ئەورووپا بە نیسبەت مەسەلی کورد دانانێ. ئەوەی کورد پێویستی پێ هەیە لابیەکی بە

هێز و هەمە لایەنەیە کە لە ناوەندێکی هاوبەشەوە کۆنترۆل بکرێ. واتا لابی ڕێکخراو نە تاکەکەسی.

لە هەر زانکۆیەک، ناوەندێکی لێکۆڵینەوە، ناوەندێکی بریاردان و چوارچێوەیەکی سیاسی دا کە کورد خاوەن بەرپرسایەتی لە بەرامبەر گەل و نەتەوەکەی هەبێ، دەتوانین دەستکەوت وەدەست بێنین. لەو بوارەوە ئێمە جارێ لە سەرەتای ڕێگایەک داین کە ڕەنگە دوای دەمێکی دوور و درێژ بەرهەمەکانی ببینین.

**پرسیار**: بەڕێزت لە دوور و نزیکەوە ناوەندی چاک دەناسیت، وەک ناوەندێک دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد کار دەکات، ڕات لەسەر کارو چالاکیەکانی ئەم ناوەندە چیە، بە ڕای بەڕێزتان کارو چالاکیەکانی لە ئاستی پێویستدان؟

**وەلام**: دەستتان خۆش بێ، کارەکانتان دیار و بە نرخن. ئەوەی کە بۆ من جێی داخ بوو، ئەو گرفتە نێوخۆییە بوو کە ئێوەش وەک ئێمەی حیزبەکانی ڕۆژهەلات تووش بووین. ئەوە دەردێکە کە دەبێتە لەمپەری سەر ڕێگای تێکۆشانتان. ئەو کارەی کە ناوەندی چاک دەیکا هاندەرێکیشە بۆ حکوومەتی هەرێم کە لە ئاستی بەرزی نێو نەتەوەیی دا بەدوای دۆسیەی حەلەبچە و ئەنفالەوە بێ.

ناوەندی هەڵەبجە

دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد ـ چاک

chak.org@gmail.com www.chak.info

١١ی دێسەمبەری ٢٠٠٨

## لە "قەوم"ەوە بەرەو بەنەتەوەبوون. گەڕان بە شوێن ناسنامەی نەتەوەییدا.

### ڕێبازی نەتەوەیی

ڕێبازی نەتەوەیی، هەر وەک خودی تێگەهی نەتەوە، پڕمانایەو ڕاو بۆچوونی جیاوازی لە سەرە. لە نەتەوەپەرستیی دوورخەرەوەوە بگرە تا نیشتیمانپەروەریی هەمەلاگر، تێگەهی ڕێبازی نەتەوەیی بە شێوەی جیاواز شی دەکرێتەوە. مانایەک کە بە هاودەنگی فرەترەوە لە زانستی سیاسیدا بەکار دێ، ڕێبازی نەتەوەیی بەریزە ڕەوتێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەزانێ کە دەتوانێ هەم تێکۆشانی نەتەوەکان بۆ ڕزگاری نەتەوەیی بگرێتەوەو هەم لە شکڵی بەرتەسکی خۆیدا بەرەو لێکدانەوەیەکی توندئاژۆو چڕی ئایدیۆلۆژی بڕواو لە شکڵی بزووتنەوەکانی هاوتەریب لەگەڵ فاشیزمو نازیسمدا خۆی بنوێنێ. واتا ڕێبازی نەتەوەیی دەتوانێ لە سەر دوو هێڵی ڕزگاریدەرو داپڵۆسێنەر بچێتە پێشو لە هەر دوو حاڵێشدا پشت بە هەمان کۆمەڵە پرەنسیپو بنەمای هاوبەش ببەستێ.

لەم ڕووەوە، شێوەکانی ڕێبازی نەتەوەیی لە یەکتر جیا دەکرێنەوەو مۆدێلی ڕزگاریدەری.(٢) دەبێ بە هۆی ڕزگاری لە ژێر دەستیو کۆلۆنیالیزم، مۆدێلی تەقلیکەر یا تێکەڵکەرەوەی دەبێتە هۆی تواندنەوە لە نێو لایەنی سەردەست لە چوارچێوە یا کۆمەڵگای هاوبەشداو مۆدێلی تاکپارێزی، کەسایەتیو ناسنامەی تاکو کۆمەڵ دەپارێزێ. بە پێی لێکدانەوەی ئەرنێست گێلنێر(٣)، مەبەست لە ڕێبازی نەتەوەیی وەڕێخستنی بزووتنەوەیەکە کە مەبەستی دوایی دروستکردنی سیوانێکی سیاسیو تەنیا یەک سیوان بۆ هەر کولتوورێکە. بە کورتی واتای ڕێبازی نەتەوەیی بە بۆچوونی ئەو کەسانەوە بەندە کە لە سەر ئەو بابەتە دەدوێنو تێگەهی ڕێبازی نەتەوەیی بە مەبەستی سیاسی بە کار دێنن.

ڕێبازی نەتەوەیی وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی بە زۆر مەبەستو بابەتەوە گرێ دەدری، بەڵام بۆ هەر نەتەوەیەک بە پێی وەزعی سیاسیو چارەنووسی نەتەوە، کارکردی جیاوازی هەیە. بۆ نەتەوەیەکی بێدەوڵەتی وەک نەتەوەی کورد، تێگەهی ڕێبازی نەتەوەیی بە هیچ شێوەیەک ئەو کاریگەریو مانا نهێنیو داپڵۆسێنەرەی بە نیسبەت کەسانی دیکەوە نیە کە لە ئورووپاداو لە نێو نەتەوە خاوەن سەروەرییە نەتەوەییەکاندا هەیە. بۆیە جیاوازییەکی بنچینەیی لە نێوان ڕێبازی نەتەوەیی یا ناسیۆنالیزم، لە لای خەڵکو کۆمەڵە سیاسییەکانی وڵاتە سەربەخۆکان لە لایەکو بزووتنەوە نەتەوەییەکانی ئەو نەتەوانەی کە بۆ ئازادیی خۆیان تێ دەکۆشن لە لایەکی دیکەوە، هەیە.



سەرچاوە
Serchawe

لە پێوەندیی لەگەڵ بەشی یەکەمدا، ڕێبازی نەتەوەیی لە قاڵبی شۆڤینیزمو ڕێبازی توندئاژۆی نەتەوەییدا خۆی دەنوێنێو کاریگەریی داپڵۆسێنەرو سەرکوتکەرانەی هەیە، لە لای نەتەوە بێدەوڵەتەکان ئەو ڕێبازە کۆکەرەوەیەو ئەنجامی ڕزگاریدەری هەیە.

لەو باسەدا، تێگەیشتنێکی هاوشێوە لەگەڵ بۆچوونی گیبەرناو(٤) بۆ تێگەهی ڕێبازی نەتەوەیی بەکار هاتووە کە "ڕێبازی نەتەوەیی بە تێگەیشتنی هاوبەشی ئەندامانی کۆمەڵگایەک لە سەر ناسنامەی خۆی دەزانێ کە تێگەیشتنە لە سەمبۆلی هاوبەش، بۆچوونی هاوبەش، دابونەریتو ئامانجی هاوبەش بۆ بەدەستەوەگرتنی چارەنووسی سیاسییاندا خۆی دەنوێنێ. لە ئەنجامی ئەو ڕەوتە سیاسییەی کە لە ژێر کاریگەریی چالاکبوونی ڕێبازی نەتەوەییدا وەڕێ دەکەوێ، نەتەوە یا ئەو کۆمەڵە خەڵکەی کە خۆیان لە یەک چوارچێوەی ناسنامەییدا دەبینن، وشیار دەبێتەوە، ئەفسانە کۆنەکانو سەمبۆلەکانی دەژێنێتەوەو مێژووو دابونەریتەکانی دەدرەوشێنێتەوە تا جیاوازیی خۆیو ئەوی دیکە نیشان بدا. نیشانەی هەرە بەرچاوی ئەو شێوەیە لە ڕێبازی نەتەوەیی، خۆنواندنی ئەو کۆمەڵە خەڵکە لە چوارچێوەی بزووتنەوەیەکی سیاسی دایە کە بە پرۆژەی ڕاگەیەندراوی ڕزگاریی نەتەوەیی دێ بۆ گۆڕەپانی سیاسی. ئەو بزووتنەوەیە لە سەر دوو هێڵ کار دەکا، ڕوویەکی لە نێوخۆو ڕوویەکیشی بەرەو دەرەوەیە:

١) لە بواری نێوخۆیی‌یەوە مەبەستی ڕوونکردنەوە، هاندانو وەجووڵەخستنی ئەندامەکانیەتیو بە وشیارکردنەوەی ئەندامانی نەتەوەی خۆی، بۆیان ڕوون دەکاتەوە کە چ لایەنێکی هاوبەشیان هەیەو بۆ دەبێ خاوەنی ناسنامەی نەتەوەیی تایبەت بە خۆیان بن،

٢) لە پێوەندی لەگەڵ ئەوی دیدا، ئامانجی ئەو بزووتنەوەیە تێکۆشانو بەربەرەکانێ لەگەڵ پێشەنگەکانی لایەنی سەردەستەو داوای وەدەستهێنانی مافە سیاسیو کولتوورییەکانی نەتەوەی خۆیو دانپێدانان بە ناسنامەی جیاوازی دەکا.

## نەتەوە سازی

نەتەوەسازی، پتر نیشانەیەکی تێگەهی‌یە کە بۆ ئەو ڕەوتە کۆمەڵایەتییە بە کار دێ کە لەودا، سەرەتا لە لای کۆمەڵێک لە ئەندامانی کۆمەڵگاوە وشیاریی نەتەوەیی دروست دەبێ، پاشان ئەو وشیارییە دەخرێتە گەڕ، شکڵی سیاسیی پێ دەدرێو لە چوارچێوەی قەوارەیەکی دامەزراو یا بە سازیکراوی کۆمەڵایەتی‌دا خۆی دەنوێنێ. بە بۆچوونی کارل دویچ (٥)، هەرکات ئەو بزووتنەوە سیاسییە گشتگرە داوای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لە کۆمەڵگای خۆیدا کرد، دەتوانین باسی وەڕێکەوتنی ڕەوتی نەتەوەسازی بکەین. لە ڕەوتی نەتەوەسازیدا یا لایەنی نوێی هاوبەشی نەتەوەیی دروست دەکرێن، یا

ناسنامە کۆنە قەومییەکان زیندوو دەکرێنەوەو ڕەنگی ناسنامەی نوێی نەتەوەیی دەگرن. لەو ڕەوتەدا دەبێ پێشتر نەتەوە لە سەر بنەمای نرخە هاوبەشەکان کە یا دروست دەکرێن یا دەبووژێندرێنەوە، پۆلیتیزە بکرێ یا ڕێبازی سیاسیی پێ بدرێ، پاشان وەجووڵە بخرێتەوەو سەرئەنجام بخرێتە نێو ڕێکخراوەوە.

وشیاریی نەتەوەیی بەشێکی جیانەکراوەی ڕەوتی نەتەوەسازییە. ئەو شێوە وشیاری یا وەخۆهاتنەوەیە لەسەر بنەمای تێگەیشتنێکی سیاسی لە سەر نرخە هاوبەشەکان، بیرەوەرییە هاوبەشە مێژووییەکانو پلانێکی هاوچەرخی هاوبەش بۆ ڕاگرتن، بەرەوپێشبردنو گەشەپێدانی ئەو نرخانە دروست دەبێو زیاتر لە قاڵبی زمانو کولتووردا خۆی دەنوێنێ. بە شێوەی ئاسایی ڕەوتی نەتەوەسازی بەو شێوەیە دەست پێ دەکا کە سەرەتا کۆمەڵێک پێشەنگی نەتەوەیی لە ڕێگای بووژاندنەوەو زەقکردنەوەی کولتووری نەتەوەیی، مێژووو زمانەوە، دەست دەکەن بە وشیارکردنەوەی جەماوەر. لەم بوارەوە ئەرنێست ڕێنان(٦) گرینگییەکی زۆر دەدا بە پرۆژەی هاوبەشی نەتەوەییو پێی وایە کە "داخوازیی پێکەوەژیان گرینگترین کەرەستەی دروستکردنی هاوبەشییەکی نوێی نەتەوەییە".

لە سەردەمی نوێدا، ئەو شێوە هاوبەشیانەی کە ڕێنان باسی دەکا لە سێ قۆناغی جیاوازو لە ئەنجامی سێ شۆڕشی کۆمەڵایەتیدا شکڵیان گرتوە، کە بە بۆچوونی ئانتۆنی سمیت(٧) شۆڕشی یەکەم، شۆڕشی دابەشکردنی کار بوو کە لە ئەنجامی گەشەکردنی پیشەسازیی نوێدا هاتە گۆڕێ، شۆڕشی دووهەم، کۆنترۆڵی دەزگاکانی بەڕێوەبەریی نوێ بە سیستمی ماڵیاتیو باج کۆکردنەوەی کۆنترۆلکراو بووو سێهەم شۆڕش، لە بواری کولتووریدا هاتە گۆڕێ کە بە سیستمی نوێی پەروەردەو دامەزراندنی کۆدی هاوئاهەنگکراو لە بواری کولتوورو پەروەردەدا شکڵی گرت.

کاتێک کە وشیاریی نەتەوەیی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا جێی گرتو پشتیوانیی هەمەلایەنە لەو داخوازە سیاسییانەی کە لە لایەن پێشەنگانی بزووتنەوەی نەتەوەییەوە هاتوونەتە گۆڕێ دروست بوو، ئیدی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی دەکەوێتە قۆناغی بە گەلیبوونیدا. لەو کاتەوە ئەو بزووتنەوەیە دەتوانێ بە پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵک دامودەزگای نەتەوەیی دامەزرێنێ تا ڕەوتی نەتەوەسازیی نوێ بە ئەنجام بگەیەنێو نەتەوەی نوێ بکا بە خاوەن ناسنامەی سەربەخۆ. زۆرجار دانانی دەوڵەتی سەربەخۆ ئامانجی دوایی ئەو بزووتنەوەیە، بەڵام ڕەوتی نەتەوەسازی لە لای نەتەوە بێدەوڵەتەکان دەتوانێ بەرەو داخوازیی دانپێنان بە ناسنامەی کولتووری یا نەتەوەیی لە چوارچێوەی دەوڵەتە هەنووکەییەکانیشدا بڕوا. ئەو شێوە نەتەوەسازییە لە قۆناغی یەکەمدا، گەشەپێدانی کولتووری هاوبەشی سیاسیو دامەزراندنی دەزگا سیاسیو کۆمەڵایەتییە نەتەوەییەکانی لێ دەکەوێتەوە. هەروەها پاراستنی دیمۆکراسیو مافە گشتییەکانیش دەتوانێ دەرەنجامێکی دیکەی خەباتی ئەو بزووتنەوەیە بێ کە بە مەبەستی ئامادەکردنی زەمینە بۆ دانپێدانان بە ناسنامەی نەتەوەییو لە کۆتاییدا بە ئەنجام گەیاندنی ڕەوتی نەتەوەسازیی نوێ تێ دەکۆشێ.



سەرچاوە
Serchawe

## پێوەندیی نێوان نەتەوەو ڕێبازی نەتەوەیی

نەتەوەکان کەنگێ دروست بوونو دەبێ چ پێوەندییەک لە نێوان ڕێبازی نەتەوەییو نەتەوەدا هەبێ؟ لێرەشدا تیئۆریزانەکان بۆچوونی جیاوازیان هەیە. سمیت(٨) بۆچوونەکانی سەر پێوەندیی نێوان نەتەوەو ڕێبازی نەتەوەیی دەکاتە سێ بەشو پێی وایە کە هەر تیئۆریزانێک لە ڕوانگەی مەکتەبە فیکرییەکەی خۆیەوە بە شێوەیەک ئەو پێوەندییەی شی کردۆتەوە: پێش مێژووگەرەکان(٩) کە پێیان وایە نەتەوە کۆنو دیاردەیەکی سروشتی مێژووییە، مۆدێرنیستەکان کە نەتەوە بە دیاردەیەکی نوێ دەزانن‌و پاش مۆدێرنیستەکان کە نەتەوە بە دروستکراو لە قەڵەم دەدەن. لە سەر ئەو شیکردنەوەیەڕا، خودی سمیت تێڕوانینێکی چوارەم دێنێتە گۆڕێ کە بە بۆچۆنێکی قەومگەرا یا ئێتنیسیتی دەناسێ.

پێش مێژووگەرەکانو لە نێویاندا مێژوونووسە نەتەوەیی‌یەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم، هەوڵیان دەدا وا بنوێنن کە نەتەوە زۆر کۆنەو لە قۆناغێکی زۆر زووی مێژوودا، بەر لەوەی کە بزووتنەوەی نەتەوەیی سەر هەڵ بدا، هەبووەو بە بێ بزووتنەوەی نەتەوەییش هەر دەبێ. ئەوان بە نووسینی مێژووی نوێی نەتەوە، هەوڵیان دا بسەلمێنن کە نەتەوە دیاردەیەکی کەڤنارەیە. بە بۆچوونی ئەو پێش مێژووگەرانە، ئەرکی بزووتنەوەی نەتەوەیی تەنیا دۆزینەوە یا گەشاندنەوەی سەردەمی گەورەیی مێژوویی نەتەوەکانە. لەو ڕوانگەیەوە، نەتەوەکان دەتوانن لاواز بن، سەردەمی زێڕینی مێژوویی خۆیان هەبێ، بشکێن‌و تووشی نەهامەتی‌و هەرەسهێنان بن، بەڵام ناسنامەی نەتەوەیی هەیەو دەبێ، نە لە نێو دەچێ، نە دەگۆڕدرێ، نە ون دەبێ‌و نە دروستیش دەکرێ. بە بۆچوونی ئەوان، ئەو ناسنامە کۆنەی کە سمیت پێی دەڵێ "ناسنامەی بەر لە سەردەمی نوێ(١٠)" هەمان ناسنامەی نەتەوەیی‌یەو پێیان وایە کە نەتەوەکان زۆر بەر لە دروستبوونی هزری نوێ، سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نەتەوەیی‌و تەنانەت شکڵگرتنی دەوڵەتەکانیش هەبوونو لە ئێستاو بەدواوەش هەر دەمێنن، بە بێ ئەوەی نەتەوەی دیکەیان لێ زیاد بکرێ یا خود ناسنامەکەی گۆڕانی بە سەردا بێ.

لە بەشی داهاتوودا: بەردەوامیی "پێوەندیی نێوان نەتەوەو ڕێبازی نەتەوەیی"، کۆمەڵگای فەرزی یا دروستکراوو... باس دەکەین.

**پەراوێزەکان:**

١- ناسیۆنالیزم لەو باسە دا بە ڕێبازی نەتەوەیی مانا کراوە.

٢- ئۆیڤیند ئۆستێرۆ

Østerud, Øyvind (1994): Hva er nasjonalisme. 2.opplag 1997, Universitetdforlaget, Oslo.

٣- ئەرنێست گێلنێر

Gellner, Ernest, (1983): Nations and Nationalism. New Perspectives on the Past. First Edition 1983, reprinted in 1984,86, 88 (Twice), 1990, 1992, 1993 (twice 1994, 1996, 1997, Blackwell Publishers, UK .

4 -Guibernau, Montserrat, (1996): Nationalisms. The Nation-State and Nationalism in the Twentieth Century. Cambridge, and Oxford, UK & Cambridge, USA.

5 -Deutsch, Karl W. (1966): Nationalism and Social Communication. 2.end. (MIT Press: Cambridge, Mass., 1966), 96-8, 101, 104-5, i Hutchinson, John & Smith, D Anthony (1994): Nationalism. Oxford Readers, New York

6 -Renan, Ernest (1996): What Is a Nation, i Eley, Geoff og Suny, Grigor Ronald (1996): Becoming National. Oxford University Press, inc, New York 1996 ss.42-56.

7 -Smith, D Anthony. (1986): The Ethnic Origins of Nations. Reprinted in 1989, 1991, 1993 (twice), 1994, 1995, 1996, 1998, Oxford, UK & Maldsen & Massachusetts, USA.

8 -Smith, D Anthony. (1986): The Ethnic Origins of Nations. Reprinted in 1989, 1991, 1993 (twice), 1994, 1995, 1996, 1998, Oxford, UK & Maldsen & Massachusetts, USA.

9 -Primordialist

10 -Pre- Modern Identity

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٦ی مارچی ٢٠٠٩



سەرچاوە
Serchawe

## حیزبی دێمۆکرات تووشی جیابوونەوە بووە، بەڵام نەبووە بە دوو حیزب.

### کەمپێنی یەکبوون

بە ئینسافی نازانم کە لە دووبەرەکیی نێوخۆیی و بە تایبەت لە جیابوونەوەی حیزبدا، هەڵوێستەکانی حیزب بە "مەنفی" دابندرێن.

بەرێز کاک عەبدوڵا حیجاب، پێشەکی پێم خۆش بوو پر بەدڵ سپاست بکەم کە کاتی خۆت بۆ ئێمە تەرخان دەکەی! جەنابت مرۆڤێکی کە زەحمەتێکی یەکجار زۆرت لە ژێر سیاسەتی حیزبی دێمۆکراتدا بۆ رەزگاری نەتەوەکەمان و خاکی پیرۆزی کوردستان کێشاوە وئەرکی نیشتمانی خۆت وەک کادرێکی هەڵسووڕ لە رادیو دەنگی کوردستان بە زاراوەی کرمانجی ژوروو و زمانی فارسی لە رۆژە سەختەکانی پێشمەرگایەتیدا بەجێ گەیاندوە.

خۆت دەزانی دوای لەت بوونی حیزبەکەمان جەمعێکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزب وەک رەخنە گرتن لەو بەش بەش بوونە بێ لایەن لە کاری تەشکیلاتی دانیشتن وهەریەکەی بە شێوەیەک دەستی کرد بە فەعالیەت, بۆ وەسەر یەکخستنەوەی ناو ماڵی حیزبەکەمان، و هەروەها جەمعێکیش کەمپێنیەکیان پێک هێنا بە ناوی "کەمپێنی یەکبوون" کە خەڵکێکی زۆر هەم لە ناو رێزەکانی هەردووک بەشی حیزبدا هەم لە لایەن دڵسۆزانی نەتەوەکەمان پشتیوانێکی زۆریان لێکرد، ئەو کەمپێنە لەو ماوەیەدا تێکۆشانی خۆی بۆ دۆزینەوەی رێگا چارەیەک بە پێ توانا درێژە داوە وتا ئەو جێگایە بەرپرسی کەمپین لە گەڵ سکرتێری هەردووک بەشی حیزب ئەو مەوزوعەی هێناوەتە بەرباس، هەروەها سایتی "ناوەندی ئاشتی و کەمپێنی یەکبوون" وەک ماڵپەری ئەو کەمپینە تێکۆشان وبۆچوونەکانی خۆی بۆ ئاشتی وبەتایبەتی لە بەینی ئەو دوو حیزبە دا دەخاتە بەر دیدی خوێنەران.

بەرێز کاک عەبدوڵا بەر لە هەموو شتێک دەبێ ئەوە بڵێن ئەو سەردەمەی کە ئێستا ئێمە تێیداین، لەگەڵ ئەو سەردەمی کە پێشمەرگە بووین، فەرقی یەکجار زۆرە.

ئێمە شاهیدین زۆربەی جەوانەکان بۆچوونێکی توندتر و ناسیۆنالیستی زیاتریان لە ئێمەی بە تەمەنتر بەرانبەر بە داگیرکەرانی کوردستان هەیە، پێتان وایە کە دروشمی حیزبەکان دەبێ گۆڕانی قوڵی تێدا پێکبێ.

**پرسیار**: حیزب وەک ئاوێنە وایە کاتێک مرۆڤ خۆی تێدا نەدیتەوە وبەرژەوەندی نەتەوەیی تێدا بەدی نەکرد پێت وایە دەبێ ئاڵوو گۆڕێکی سیاسی لەو حیزبەدا پێکدێ؟

**وەڵام**: منیش سوپاستان دەکەم بۆ ئەو دەرفەتە و هیوام وایە کە بە هەوڵ و هیمەتی جیددی هەموو لایەک ڕیزەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بە زووترین کات پتەوتر بن و برینەکانی بزووتنەوە سارێژ ببنەوە.

من ڕێکخراوی سیاسی وەک ئامرازێک دەبینم کە لە سەر بنەمای کۆمەڵە نرخێک دروست بووە، کراوە بە پەیمانێکی چەند لایەنە لە نێوان ئەندامەکانیدا و بۆ بەڕێوەبردنی پرۆگرامێکی سیاسی بە کار دێ. ئەندامەتی لە حیزبێک دا، پشتیوانی لە پەیمانێکی چەند لایەنەیە و تا کاتێک بەردەوام دەبێ کە تاکەکانی پێکهێنەری بڕوایان بە چوارچێوەی گشتی هەیە. واتا دەکرێ لە ئاستی خوارەوەی چوارچێوەی گشتی دا زۆر جیاوازی لە شێوەی کار و بیرکردنەوە دا هەبێ، بەڵام لە چوارچێوەی گشتی و لە سەر خاڵە سەرەکیەکانی سیاسی هاوبەندییەک پێویستە. ئەو کۆمەڵە نرخانەی کە ئەو ئامرازە پێک دێنن، نرخ و بایەخێکی جیاواز بەو ئامرازە دەدەن و دەبنە بنەمای ژیانی بەردەوامی سیاسی و پێکەوە گرێدانی ئەندامانی هەر حیزبێک.

ئەگەر کەسێک گەیشتە ئەو بڕوایە کە حیزبەکەی بەرژەوەندیی نەتەوەیی ناپارێزێ، پێویست ناکا هەوڵ بۆ گۆڕینی بدا، بەڵکوو دەبێ ئەو چوارچێوەیە بە جێ بهێلێ و چوارچێوەیەکی دیکەی بە تەواوی جیاواز دروست بکا.

بەڵام هەر چوارچێوەیەکی سیاسی دەبێ بە پێی ئاڵوگۆڕەکانی سەردەم و دەورووبەری خۆی، بەردەوام لە هەوڵی خۆگونجاندن، خۆنوێ کردنەوە و چاکسازی دا بێ. جاری واشە پێویست دەبێ کە ئاڵوگۆڕەکان بنچینەیی بن و تەنانەت بنەماکان و قەوارەی حیزبیش بگرێتەوە.

**کەمپێنی یەکبوون" لەماوەی سی ساڵی رابردوودابۆچوون و سیاسەتەکانی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان ئاڵوگۆڕێکی بەرچاویان تێدا بەدی نەکراوە، ئەگەر لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی بکرێ پێتوایە حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان ئەو چاوەروانیەی خەڵکی کورد لێیان هەیە بتوانن وەدی بێنن؟**

**وەڵام**: بەشێکی ئەو وەزعە سیاسیەی کە بە سەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا زاڵە، دەگەڕێتەوە بۆ سەر فاکتۆرە دەرەکیەکان و بەرۆکی هەموو لایەنەکانی گرتوە. بۆیە تەنانەت ئەگەر حیزبەکان ڕۆژانەش خۆیان بگۆڕن و بە تەواوی



سەرچاوە Serchawe

ئالوگۆڕ بە سەر شکڵ، قەوارە و تەنانەت ناوەڕۆکی خۆشیاندا بێنن، ناتوانن وەزعەکە بگۆڕن. بۆ وێنە دەرفەتی بەشداری کردن لە سیاسەتی یاسایی، هەڵبژاردن، پێشکەش کردنی بەرنامەی کار بۆ خەباتی سیاسیان لە چوارچێوەی کۆمەڵگادا و هتد. بەڵام بەشێکی دەگەڕێتەوە سەر خۆیان و پلان و بەرنامەیان بۆ داڕشتنی ستراتێژییەکی هاوبەشی نەتەوەیی. لەم چوارچێوەیەدا لایەنەکان کورتی دێننەوە. هۆکارەکەش دەگەڕێتەوە بۆ سەر نەبوونی کولتووری دێمۆکراسی و یەکتر تەحەممول کردن لە لایەکەوە و دەرکی ناڕاستبینانە لە کێش و قورسایی خۆیان لە لایەکی دیکەوە.

کێشەیەکی بنچینەیی لە لای ئێمەی ڕۆژهەڵاتی بە گشتی ئەوەیە کە گۆڕان لە تێکدان دا دەبینین. ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە. لە ناوەندەکانی دێمۆکراسیی جیهان، گەورەترین دەستکەوت لە گۆڕەپانی دێمۆکراسی و مافی یەکساندا لە ڕێگای پێکەوە کارکردن و ڕیفۆرمەوە وەدەست هاتوون. ئەگەر ئێمەش بڕوامان بە چوارچێوەی گشتی و نرخە هاوبەشەکان هەبێ، دەبێ هەر بەو شێوەیە بچینە پێش.

لە پێوەندی لە گەڵ شیانی حیزبەکان بۆ وەڵامدانەوە بە داخواز و هیواکانی هەنووکەیی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەبێ زیاتر ڕاستیەکان ببینین و هێزی ئێستای خۆمان لە بەر چاو بگرین. وا نیە کە ئەگەر ئالوگۆڕی نێوخۆیی هەبوو و حیزبەکان یەکیان گرتەوە یا برینە نێوخۆییەکان سارێژ کرانەوە ئیدی دەتوانین بە یەک و دوویەک کورد ڕزگار بکەین. ئەوەی کە ئێستا دەبینین چاوەڕوانیی خەڵکی کوردستان یەکیەتیی نەتەوەییە و هێزەکانمان دەبێ هەموو هێز و تواناییان لەم بوارەدا وەگەڕ بخەن. لەو گۆڕەپانەدا وەزعی زاڵ بە دڵی من نیە. بەڵام بە هەموو شێوەیەک بۆ بردنە پێشی هیواکانم، چ لە چوارچێوەی حیزبەکەم دا و چ لەو دەرفەتانەی کە لە دەرەوەی حیزبدا هەمە، وەکوو کۆڕو کۆمەڵە ڕووناکبیری و زانستیەکان، سازی و ناوەندە نەتەوەییە سەربەخۆکانی وەکوو ناوەندی پەنی کورد (ناوەندی نووسەرانی کورد کە ئەندامی پەنی نێونەتەوەیی Internatinal PEN ە)، کۆمەڵەکانی پارێزەری مافەکانی مرۆڤ و هتد کەڵک وەردەگرم.

**پرسیار**: لەو ماوە دوورو درێژەدا بە داخەوە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەیانتوانی بەرەیەکی پتەو یەکگرتوو پێک بێنن، نەک بەرەیان پێکنەهێنا بەڵکوو چەند حیزبی دیکەشیان بە ئینشیعاب پێوە زیاد بوە، ئە وەزعە چۆن دەبینی؟

**وەڵام**: وەکوو پێشتریش باسم کرد بیرکردنەوەی جیاوازم پێ دروستە و تەنانەت بۆ گەشە کردن و هاندان بۆ نوێکاری بە پێویستیشی دەزانم، بەڵام هەر چی دەکەم ناتوانم تەنانەت یەک هۆکاریش بۆ مەشرووعیەت دان یا تێگەیشتنی جیابوونەوەکانی نێو حیزبە کوردییەکان، بە حیزبی خۆشمانەوە ببینم. بێگومان لایەنە جیابوونەوەکان، هۆکاری تایبەت بە خۆیان بۆ ئەو هەڵوێستانەیان هەیە و وەکوو کەسێکی لایەنگری دێمۆکراسیی لیبەرال، من ناتوانم سەداسەدی تاوانەکان



سەرچاوە
Serchawe

بخەمە ئەستۆی جیابوونەوەکان و سەداسەدی ڕاستی و چاکەکانیش بۆ خۆمان و هاوبیرەکانم دابنێم. قسەی من ئەوەیە بۆ چی دەبێ ئێمەی کورد کە جارێ لە قۆناخی خەبات بۆ ڕزگاریی نەتەوەییداین، بە دەیان کۆسپی گەورەمان لە سەر ڕێیە، دوژمنەکانمان هەموومان هەر بە یەک چاوەوە سەیر دەکەن و لە نێوخۆی لایەنە کوردییەکان دا بە سەدان لایەنی هاوبەشمان هەیە، لە سەر جیاوازیی بۆچوون یا کەچە کورسییەک کە بەردەام نیە، وا پشت لە یەکتر بکەین کە هەموو لایەنە هاوبەشەکانمان لە بیر بکەین و شیر و تیر لە یەکتر بکێشین.

من هیچ ناکۆکیەکی بنچینەیی نە تەنیا لە نێوان حیزبە دایکەکان و لایەنە جیابوونەوەکانیاندا نابینم، تەنانەت لە نێوان حیزبە جیاوازەکانیش دا لەو قۆناخەدا ئەوەندە جیاوازی بە دی ناکەم کە ئاوا تیر بە سێبەری یەکترەوە دەنێن. هەموو هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە گەڵ نەمانی ئەو ڕێژیمەن، هەموویان سیستەمێکی دێمۆکراتیکیان دەوێ کە هەموو کۆنڤانسیۆنەکانی مافەکانی مرۆڤ قبوڵ بکا،، بەشی هەرە زۆریان سیستێمێکی فێدرالیان بۆ ئێرانی داهاتوو دەوێ، زۆربەیان عیلمانی بیر دەکەنەوە، بەشی زۆریان خۆیان بە سۆسیال دێمۆکرات دەزانن ووو. ئەو چەند خاڵانە بەشی بەرە یا یەکیەتیەک دەکەن کە تا ڕزگاریی کوردستان بەردەوام بێ.

**پرسیار**: دوای لەت بوونی حیزبی دێمۆکرات نائومێدی لە ناو کوردی ڕۆژهەڵات دروست بوە، ئەگەر بێتوو ئەو دوو حیزبە جوابی" بەڵێ" بە داوای ئەندامانی حیزب وخەڵکی کوردستان بۆ لێک نزیک بوونەوە نەدەنەوە، پێتوایە چ وەزعێک دێتە پێش؟

**وەڵام**: لە ڕوانگەی منەوە حیزبی دێمۆکرات تووشی جیابوونەوە بووە، بەڵام نەبووە بە دوو حیزب. ئەوەی کە من دەبینم ئەوەیە کە ئەندامانی حیزب، تەنانەت ئەوانەی کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانیان بە جێ هێشتوە، لایەنگری دوو حیزبی جیاواز نین و هەموویان خۆیان وەفادار بە یەک ڕێبازی هاوبەش دەزانن. ئەوە خاڵێکی جێگای هیوایە و دەبێ بکرێتە بنەما بۆ کاری داهاتوو بۆ یەک خستنەوەی نێوماڵی کورد.

من ڕەخنەم لەو ئەدەبیات و فەرهەنگە سیاسیە هەیە کە ئەو شێوە قەیرانانە دەخوڵقێنن کە جیابوونەوەیان بە دواوە بێ. ئێستا جیابوونەوە بووە، بەڵام من نیشانەیەک لە دیاریکردنی ڕێبازی جیاواز نابینم. ئێمە لە ساڵی ٢٠١١ و لە جیهانێک دا دەژین کە بێجگە لەخۆمان، زۆر کەسی دیکەش دەزانێ کە هەم ٢ جار ٢ دەبێ بە ٤ و هەم ٢ و ٢. بۆیە قسەی من ئەوەیە کە ئەگەر قەرارە دوو حیزب بین با ببینە ٢ی بە تەواوی لە یەکتر جیاواز، ئەگەر یەک ڕێباز و بڕوامان هەیە، کە من ئەوە بە هێزتر دەبینم، ئەوە بەرد و ئەوەش تەرازوو با بێین و لە میکانیزمێک بگەڕێین کە کۆتایی بەو وەزعە بێنێ. ئێستا تەپ و تۆزی تووڕەیی جاران نیشتۆتەوە و دەکرێ باسی یەکخستنەوەی ماڵی کورد بخرێتە ڕۆژەڤی سیاسیەوە. ئەوەی کە



سەرچاوە
Serchawe

دەبێ پێشی پێ بگرین کەڵک وەرگرتن لە هەست و دڵسۆزیی ئەندامان و ڕێبەرانی سیاسی وەکوو ئامرازی گەیشتن بە سیاسەتێکە کە بە قازانجی گەلەکەمان نیە.

ئەگەر لە داهاتووی نێزیک دا نێماڵی کورد وێک نەخرێتەوە، تۆفانی نوێی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست وەڵاتی ئێمەش دەگرێتەوە و ئێمە وەبەر دەدا بە بێ ئەوەی توانایی خۆپاراستنمان بێ.

**پرسیار**: بە نەزەری تۆ حیزبی دێمۆکرات دەبێ چی بکا تا بتوانێ نەسلی تازەی پێ گەیشتوو، بە تایبەت چینی روناکبیر بێنیتە نێو ریزەکانی تەشکیلاتی خۆی؟

**وەڵام**: بەشێکی ڕێبەرایەتی حیزب جیلی تازەن و زۆر ڕدێن سپی تازەبیریشمان تێدایە. رووناکبیری تەنیا خوێندەواریی کلاسیک و خوێندنی زانکۆ نیە، بەڵکوو هەست بە بەرپرسایەتی کردن لە بەرامبەر چارەنووسی نەتەوەکەی گەورەترین نیشانەی وشیاریی نەتەوەیی و رووناکبیریە. ئەوەی کە ئێمە پێویستیمان پێ هەیە کرانەوەیەکی سیاسی و ڕێکخراوەییە کە شیاوی ڕێکخراوێکی سۆسیال دێمۆکراتی ئەو سەردەمە بێ. بۆ ئەو مەبەستەش پێویستیمان بە زمانی تێکەڵکەرەوە، زمانی دیالۆگ و مێتۆدی هاندانی ئەرێنی هەیە. زمانی تانە و تەشەر و ڕێبازی شکاندنی کەسایەتی گەورەترین کۆسپن.

**پرسیار**: ماوەیەک لەمەو بەر کۆنگرەی ١٥ی حیزبی دێموکراتی کوردستان، تەواو بوو، لە ڕێگای مێدیاکانەوە ئاگاداری بۆچوونەکانیشیانی لە بارەی پتەوکردنی ناو ماڵی کورد، بە پێی پەیرەو پرۆگرام کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش نزیک بۆتەوە، کۆنگرەی هەردووک بەشی حیزبی دێموکرات بۆ هاوکاری یان لێک نزیک بوونەوە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

**وەڵام**: ئاگادارییەکانی پێوەندیدار بە کۆنگرەی داهاتووی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، لە ڕێگای دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕێکخراوەکانی حیزبەوە بڵاو دەکرێنەوە و لە کاتی خۆی دا هەموو لایەک لێی ئاگادار دەکرێتەوە. بێگومان کۆنگرەی داهاتوو بۆ داڕشتنی بەرنامەی کار بۆ قۆناخی داهاتوو گرینگ دەبێ و میکانیزمێک بۆ کار لە چوارچێوەی نەتەوەییدا دەدۆزێتەوە.

من هەر هەوڵ و سیاسەتێک کە هەنگاوێک ڕێزەکانی بزووتنەوەی کورد لە یەکتر نزیک بکاتەوە بە قازانج دەزانم و پشتیوانیی لێ دەکەم. با دووبارەی کەمەوە، دەبێ بە هەموومانەوە پێش بە کەڵک وەرگرتنی ئامرازناسایی لە دروشم و هەڵوێستی خەڵک پەسند بگرین و لە چارەسەرییەکی جەوهەری بۆ ئەو کێشەیە بگەڕێین.

بە کورتی بۆچوونی من ئەوەیە کە دەبێ بە شێوەیەکی ژیرانە کار بکەین و هەوڵی یەکخستنەوە تا سەر بپارێزین، بەڵام ئەگەر ئەوەندە جیاوازین کە نەکرا ببینەوە بە یەک، با ببین بە دووی بە تەواوی لێک جیاواز. ئەوەش تەنیا بە دیالۆگ دەکرێ.

**پرسیار**: کەمپینی یەکبوون زۆر جار هەوڵی داوە بۆ دروست کردنی دیالۆگ یان دۆزینەوەی ڕێگایەکی موسبەت لە بەینی هەردووک بەشی حیزبی دێموکرات، بەڵام هەموو جارێک هەڵوێستی حدکا مەنفی بووە، بۆ وایە؟

**وەڵام**: بەشێکی دەگەڕێتەوە سەر ئەزموونەکانی ڕابردوو. لێم ببوورن کە ئەو قسەیە دەکەم. ڕێزم هەیە بۆ ئەو گۆڕانکارییەی کە کراوە و هەڵوێستی دروست و دڵسۆزانەی هەموو ئەندامانی ئێستا و پێشووی حیزب بە تایبەت لایەنگرانی یەکخستنەوەی ڕیزەکانی حیزب. بۆچوونی شەخسیی من ئەوەیە کە لانی کەم بەشێکی هاوڕێیانی پێکهێنەری کەمپێنی یەکبوون یا ئەو کەسانەی کە لە دەرەوەی کەمپێین و لە کاناڵەکانی جیاوازەوە بۆ یەکگرتنەوە هەوڵ دەدەن، ئەندامانی زۆر چالاکی کەمپێنی لێکترازاندن و جیاکردنەوەی حیزب بوون. بە خراپی لێک مەدەنەوە، مەبەستم ئەوە نیە کە ئەگەر کەسێک جارێک هەڵوێستێکی بوو کە لە جێ دا نەبێ دەبێ هەتا هەتایە داری ئەو هەڵوێستە بخوا. ئەوە بۆچوونێکی بە تەواوی هەڵەیە و من ناپیارێزم. بەڵام بۆ ئەوەی کە داخوازی کەمپێین ببێتە جێی متمانەی حدکا، پێشنیار دەکەم کە کەمپێین لە گرفتی نێوخۆیی بزووتنەوەدا، هەڵوێستەکانی حدکا بە نەینی یا مەنفی چاو لێ نەکا.

بۆ ئەوەی کە لایەنێک یا کەمپێنێک سەر بکەوێ دەبێ بەر لە هەموو شتێک بە یەک چاوەوە سەیری لایەنەکان بکا، تەنانەت ئەگەر لایەنێک هەڵوێستی خراپیشی بێ، دەبێ کەمپێنی چاکەخواز خاڵە سپیەکانی ئەو هەڵوێستەی کە لە ڕوانگەی ئەوەوە خراپن زەق بکاتەوە. کەمپێن دەتوانێ بە شێوەی جیاواز ڕەخنە لە سیاسەت و بۆچوونەکانی حیزب بگرێ، بەڵام کە هاتە سەر هەوڵدان بۆ لێک نزیککردنەوە، نابێ چاوەڕوانی وەڵامی ئەرێنی لە لایەنێک بێ کە هەمیشە دەیکوتێ. بۆچوونەکانی من سەبارەت بە دیالۆگ و لێک نزیکبوونەوە بۆ هەموو هاوڕێکانم ئاشنان و با بە ئینسافیشەوە بڵێم زۆر قسە و هەڵوێستم لێ قبووڵ دەکرێن کە ڕەنگە هێندێک کەس پێیان خۆش نەبێ. من بە دەنگی بەرز گوتوومە و دووبارەی دەکەمەوە کە پێوەندیی دۆستانەم لە گەڵ هەموو کەسایەتی و ئەو ڕێبەرە سیاسیانە هەیە کە لە کانیاوی حدکا ئاویان خواردۆتەوە. لە گەڵ زۆر کەسایەتی و هێز و لایەنی سیاسی لە ڕۆژهەڵات و هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستان پێوەندی دۆستانەم هەیە. لایەنگری یەکخستنەوەی ماڵی کورد و دژی جیابوونەوەکان، بە تایبەت بەردەوامیی جیابوونەوەی حیزبم. بەڵام بە ئینسافی نازانم کە لە دووبەرەکیی نێوخۆیی و بە تایبەت لە جیابوونەوەی حیزبدا، هەڵوێستەکانی حیزب بە "مەنفی" داببندرێن.

**پرسیار**: دوای پێک هێنانی کەمپینی یەکبوون, لە لایەن حدکانەوە بە رەسمی چەند کادرێک لە ریزی تەشکیلاتی حدکا دەرکران، تۆ پێت وایە کەسانێک کە بانگی ئاشتی ویەکبوون دەکەن دەبێ دەربکرێن؟

**وەڵام**: نا، دەنگی ئاشتی و تەبایی نە کپ دەکرێ و نە دەردەکرێ. هەر حیزبێک میکانیزمی کار و شێوەی ڕێکخراوەیی خۆی هەیە کە ئەندامەکانی دەبێ پێبەندی بن. دەکرێ و دەبێ هەر تاکێک خاوەن بیر و بۆچوونی تایبەت بە خۆی بێ و لە سەریان ڕاوەستێ، بەڵام نابێ ڕێگا بدرێ کە ئەو بۆچوونە بۆ زەربە لێدان لە حیزبەکەی کەڵکی خراپی لێ وەربگیرێ. وەکوو عەرزم کردن، لە حدکا من لە ڕێگای هەموو کاناڵە حیزبییەکانەوە و تەنانەت لەو سێمینار و کۆڕ و کۆبوونەوانەی کە تێیاندا بەشدار دەبم بۆچوونەکانی خۆم لە سەر یەکریزیی نێومالّی کورد باس دەکەم و ئەندامی ڕێبەرایەتیی حیزبیشم. کە وابوو شێوەی دەربڕین زۆر گرینگە.

**پرسیار**: هەوڵ وتێکۆشانی کەمپێنی یەکبوون ودڵسۆزانی نەتەوەکەمان ،بۆ لێک نزیک کردنەوەی دوو بەشی حیزبی دێمۆکرات هەروەها دروست کردنی دیالۆگ لە نێوانیاندا چۆن دەبینی؟

**وەڵام**: هەر هەوڵێک کە بۆ ئاشتی و یەکگرتنەوەی نێو ڕیزەکانی کورد بێ بە پیرۆزی دەزانم. پێشنیار دەکەم کە چەند پیوان و پرەنسیپ لە کارەکانتاندا ڕەچاو بکەن. یەکەمیان بێ لایەنیە، دوهەمیان زمانی دیالۆگە و سێهەمیان بەشداریکردن و زەفکردنەوەی لایەنە هاوبەشەکانە.
با هەموومان پێکەوە قسە بکەین و بۆچوون و بیروڕاکانمان ڕوون بکەینەوە. دیالۆگ دەستپێکی لێک تێگەیشتن و چارەسەرییە. ئەوەی کە من جار و بار وەکوو نەخۆشییەک دەبینم لێکدانەوەی هەڵەیە لە بۆچوون و هەڵوێستەکان. با پێش بەو شێوە لێکدانەوانە بگرین و لەوە دڵنیا بین کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەموو کەس پتر خێر و سەرکەوتنی خۆی دەوێ و لە خەمی پتەوکردنی یەکریزیی خۆی دایە. ئەگەر هەمووشمان ئەو یەکریزییەمان دەوێ، با حیسابە شەخسی و دڵئێشانە تایبەتیەکان وەلا بنێین و ڕێگا خۆش بکەین تا لە قۆناخی یەکەم دا ئەو دووبەرەکیە نەمێنێ و پاشان پێکەوە بەرەو کۆنگرەیەک بڕۆین کە هەموو ئەو کەسانەی کە خۆیان بە وەفادار بە ڕێبازی حیزبی دێمۆکرات دەزانن خۆیانی تێدا ببیننەوە.

بە سپاسەوە بەڕێوەبەری ماڵپەری کەمپینی یەکبوون سەید عەلی هاشمی

منیش سپاستان دەکەم و بە هیوای سەرکەوتن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەمپەین - ٢٦ی دێسەمبەری ٢٠١١

# ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوان ئەمڕۆ و دوێنێ دا

(وتووێژ)

**پرسیار**: سەرەتای پرسیارەکەم لە بەرێزتان بە پرسیارێکی گشتگیر دەست پێدەکەم، زۆرێک لە کارناسانی سیاسی پێیان وایە کە کێشەی کورد بۆ سیستەم ومودیرییەتی سیاسی دەسەلاتانی زاڵ بەسەر کوردستان دا دەگەڕێتەوە، ئایا بزووتنەوەیسیاسی و کۆمەلایەتی کورد، بە مەبەستی دابین کردنی مافە سیاسی و کۆمەلایەتییەکانیهەڵقولاوی چ باروودۆخێک بوو؟ بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا؟

**عەبدوڵا حیجاب**: با لانیکەم ئێمەی کورد پرسی نەتەوەیی خۆمان بە "کێشە" نەناسێنین. ئێمە کێشەمان نیە، دۆزێکی قووڵی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئابووریمان هەیە کە ڕیشەی لە شێوەی هەڵسوکەوتی دەسەڵاتداران لە گەڵ ماف و ناسنامەی نەتەوەیی ئێمەی کورد دا هەیە.

لە پێوەندی لە گەڵ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا دەتوانین باسی سێ تێڕوانینی جیاواز بکەین: تێڕوانینەک کە زیاتر لە تێئۆری مودێرنیتەوە نزیکە ڕاپەرینە نەتەوەییەکانی کورد بەو دژکردەوانەوە دەلکێنێتەوە کە پێشەنگە نەتەوەییەکانی کورد لە بەرامبەر سیاسەتی نەتەوەسازیی دەولەتە تازە دامەزراوەکانی دەسەڵاتدار بە سەر کوردستانەوە نیشانیان دا و مەبەستیان ئەوە بوو کە جێگایەک بۆخۆیان لە دەسەلاتی سیاسی دا وەدەست بێنن. لەو ڕوانگەیەوە یەکەم ڕاپەرینی نەتەوەیی کوردستان بە ڕاپەرینی شێخ سەعیدی پیران و لە درێژایی ئەویشدا سەرهەڵدانی ئاگری لە دژی کۆماری نوێدامەزراوی تورکیە دەناسێنن. بە پێی ئەو تێئۆرییە یەکەم ڕاپەرینی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەو بزووتنەوە نەتەوەییە بوو کەدامەزرانی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ی لێ کەوتەوە و لە باشووریش بزووتنەوەی بارزانی بە یەکەم سەرهەڵدانی نەتەوەیی کورد دەژمێرن.

ڕوانگەیەکی دیکە کە زیاتر خزمایەتی لە گەل ئەو تێئۆرییە سیاسیەوە هەیە کە بە تێڕوانینی ئێتنیسیستی دەناسرێ، ڕیشەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان دەگەڕێنێتەوە سەر دەسەڵاتی سوننەتیی میرنشینە کوردەکان و ویستی ئەوان بۆ سەروەری لە هەرێمێکی بەرفراوانتردا. لایەنگرانی ئەو تێڕوانینە، یەکەم تێئۆریسیەنی ئەو بیرە بە حەزرەتی ئەحمەدی خانی دەزانن کە لە کۆتایی سەدەی ١٧ی زایینی دا باسی پێویستی یەکیەتی کورد بە مەبەستی دامەزراندنی سەروەریی

نەتەوەیی دەکا.

تێڕوانینی سێهەم کە لە ڕوانگەی منەوە باشتر لە گەڵ ڕاستیەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان دەگونجێ، سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بەو ئاڵوگۆڕە ئابووری، پیشەسازی و کۆمەڵایەتیانەوە گرێ دەدا کە لە کۆتایی سەدەی بیستەم لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ڕوویان دا. بێگومان بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد ناتوانێ بە شێوەی بە تەواوی سەربەخۆ لەو ڕەوتە سیاسی و کۆمەڵایەتیانەوە شکڵ بگرێ کە لە کۆمەڵگا جیرانەکاندا لە گۆڕێ دا بوون، بە تایبەت ئەو ڕەوتە سیاسی و کۆمەڵایەتیانەی کە لە کۆمەڵگاکانی ئەرمەنی، تورک و فارس و دواتریش لە کۆمەڵگای عەرەب دا ڕوویان دا. بەڵام ناکرێ سەرەتای شکڵ گرتنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد تەنیا بەو دژکردەوانەوە پێوەند بدرێ کە لە بەرامبەر دەسەڵاتە ناوەندییەکاندا ڕوویان داوە.

بەشێک لە پێشەنگەکانی کۆمەڵگای کوردستان هەم لە بزووتنەوەی تەنزیمات لە نێوەڕاستی سەدەی ١٩ و لە سەردەمی عۆسمانیەکاندا و هەم لەو ئاڵوگۆڕانەی کە بزووتنەوەی پاشایەتی دەستووری لە سەردەمی قاجار دا لێی کەوتەوە بە شێوەی چالاکانە بەشدار بوون. هەمووی ئەوان بە ناو و ناسنامەی کوردی خۆیانەوە ئەو دەم چالاکی‌یان دەنواند. تەنانەت سوارانی عەشایریی حەمیدییە کە لە خزمەتی سولتان حەمیدی عۆسمانی دا بوون ناسنامەیەکی کوردییان هەبوو. هەر چەند ئەو ناسنامانە ئەو دەم لە شکڵی ئێتنیکدا بوون و ناکرێ بە ناسنامەی نەتەوەییان بە حیساب بێنین، بەڵام پلە و پایەی کۆمەڵایەتی و سیاسی‌یان هەر لەو ئاستەدا بوو کە ناسنامەی تورک و عەرەب و فارس لەو سەردەمەدا بووی.

سەرەتای جیاکردنەوەی ناسنامەکان لە نێوان کۆمەڵگا قەومیەکانی ئەو کات کە بە سەرەتای شکڵ گرتنی بیرۆکەی نەتەوەیی لە لای پێشەنگە نەتەوەییەکانی کوردیش دەژمێردرێ دامەزرانی جەمعیەتی ئیتیحاد و تەرەقی لە ئیستانبۆل لە ساڵی ١٨٨٩دا بوو کە وەک بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی تورک دەژمێردرێ، بەڵام بەشێکی دامەزرێنەران، ئەندامان و بەڕێوەبەرانی کورد و عەرەبیش بوون. دواتر کوردەکان لە ساڵی ١٩١٠دا لەو کۆمەڵە جیابوونەوە و جەمعیەتی تعاون و ترقی کوردستانیان دامەزراند و دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی گۆڤاری تایبەت بەو جەمعیەتە تا لەو ڕێگایەوە بیری نەتەوەیی خۆیان بڵاو بکەنەوە. بەر لە دامەزرانی ئەو کۆمەڵەیە، لە ساڵی ١٨٩٨دا گۆڤار یا ڕۆژنامەی دوو حەوتوانەی کوردستان دەستی بە وەشان کردبوو. لە مەیدانی خەباتی بە کردەوە بۆ ئازادیی کوردستاندا ڕاپەرینی چەکدارانە سەری هەڵدابوو و بە گشتی کوردستان لە ڕەوتی وشیاری نەتەوەییدا بوو. بۆیەش بە جێیە کە ریشەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان بگەڕێندرێتەوە سەر ڕاپەرینی شێخی شەمزینان، سەیدا شێخ عوبەیدوللا شەمزینی لە ساڵەکانی ٨٠ی سەدەی نۆزدەی زایینی دا. هۆکاری ئەو سەرهەڵدانەش دەگەڕێتەوە سەر هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو دەم و هەوڵدانی هەر کام لە کۆمەڵە قەومیەکانی ئەو سەردەمە بۆ گەیشتن بە سەروەریی نەتەوەیی لە ناوچەی خۆیاندا. بۆ شێخ عوبەیدوللا

دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی کە بتوانێ ببێ بە هاوپەیمانی عۆسمانی لە کێشەی دژی ڕووسەکان، ئەرمەنیەکان و دەوڵەتی شیعەی قاجاردا هەم لە ڕووی نەتەوەییەوە و هەم لە رووی دینیەوە واجبێکی سەر شان بوو. بە دوای ئەو ڕاپەرینە، هەر دوو ڕاپەرینەکانی شێخ مەحموودی حەفید و سمایل ئاغای شکاک یا سمکۆ هەر بەو مەبەستە دەستیان پێکرد.

با ئەوەش لە بیر نەکەین کە جیاوازییەکی مەزن لە نێوان قۆناغی سەرهەڵدان و قۆناغی بە جەماوەریبوونی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستاندا هەیە. ئەوانەی من باسم کردن بە قۆناغی سەرهەڵدانی بزووتنەوە و شکڵ گرتنی بیری نەتەوەیی لە لای کۆمەڵێکی پێشەنگی کۆمەڵگاوە دەژمێردرێ. بۆیەش دوای هەر سەرهەڵدانێک، بە لە نێو چوونی سەرکردە یا سەرکردەکانی ڕاپەرینەکان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، خەباتی نەتەوەییش بێدەنگ دەبوو. قۆناغیی بە جەماوەریبوونی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان زۆر نوێیە.

**پرسیار**: سەدەی بیستەم بە سەدەی گۆڕانکارییە مەزنەکان لە ئاستیجیهانیدا ناوزەد دەکرێ، بەڵام کورد بە پێی هەڵکەوتوویی لە ناوچەی قەیراناوییرۆژهەڵاتی ناوین، بەردەوام بەرەو شکست رووبەڕوو بووەوە، بەگشتی سەدەیبیستەم بۆ کورد و بەتایبەتی رۆژهەڵاتی کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**عەبدوڵا حیجاب**: سەدەی بیستەم نە تەنیا بۆ کورد، بەڵکوو بۆ هەموو گەلانی دانیشتووی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست سەردەمێکی پڕ لە ڕووداو و قەیران بوو. لەو سەدەیەدا خەریتەی سیاسی هەرێم شکڵی گرت، وەڵاتانی نوێ دامەزران و کوردستان کرا بە کۆلۆنیەکی نێو دەوڵەتی. هەر لەو کاتەشدا ڕووداوە سیاسیەکانی سەدەی ڕابردوو ئەو دەرفەتەیان بۆ خەڵکی کوردستان پێک هێنا کە هەبوونی خۆیان وەک نەتەوە بسەلمێنن و لە سەر ئەو بنەمایە داوای مافی بەشداربوون لە دەسەڵاتی سیاسی دا بکەن.

هەموو شکستەکانی کورد لە سەدەی ڕابردوودا هەستانەوەیەکی بە هێزتریان بە دواوە بووە. کە وابوو شکستەکان کاتی و تەنیا لەمپەرێک بوون لە سەر ڕێگای خەباتی نەتەوەیی بۆ گەیشتن بە یەکسانی و ئازادی. ئەگینا خەباتی نەتەوەیی کورد زیاتر گەشاوەتەوە و لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا گەیشتە ئاستی هەرە بەرزی خۆی. لە باشووری کوردستان دەسەڵاتێکی نەتەوەیی دروست بوو، لە باکوور خەباتێکی بەرینی جەماوەری دەستی پێکرد و لە ڕۆژهەڵات گەشەکردنی بیری نەتەوەیی گەیشتە قۆناغێکی بەرز کە تەنانەت زەخت و زۆریی دیکتاتۆریی حاکمیش ناتوانێ بە تەواوی پێش بە خۆنواندنی بگرێ.

لە ڕوانگەی منەوە بەرهەمی خەباتی نەتەوەیی کورد لە سەدەی بیستەمدا لە ماوەیەکی کورتی داهاتوودا بە نرخێکی زۆر کەمتر لەوەی کە کورد تا ئێستا داویەتی بە ئەنجام دەگا.



سەرچاوە
Serchawe

**پرسیار**: ئەگەر قۆناخی بەهێزی کورد لەسەدەی بیستەمدا دەسنیشان بکەین، کام قۆناخ و ساڵان بۆ کورد وەک خاڵی وەرچەرخاندەسنیشان دەکەن؟

**عەبدوڵا حیجاب**: دامەزرانی جەمعیەتی تعاون و ترقی لە ساڵی ١٩١٠، هەوڵە دیپلۆماتیکەکانی شەریف پاشا و سەرکردەکانی کورد بۆ دەستەبەرکردنی مافی نەتەوەیی بۆ کورد پاش شەری جیهانیی یەکەم کە چەند خاڵێکی پەیمانی سیڤری لێ کەوتەوە، ڕاپەرینی شێخ سەعیدی پیران، سەرهەڵدانی ئاگری و دامەزراندنی دەوڵەتی کاتیی کورد لە بناری کێوی ئاگری، ڕاپەرینەکانی سمکۆ لە کۆتایی شەری جیهانی یەکەمەوە تا کۆتایی ساڵەکانی ٢٠ی سەدەی بیستەم، ڕاپەرینی شێخ مەحموودی حەفید، دامەزرانی کۆمەڵەی خۆیبوون لە ساڵی ١٩٢٧دا، کۆمەڵەی هیوا لە ساڵەکانی شەری دووهەمی جیهانی، کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد لە ساڵ ١٩٤٢ و پاشان گۆڕانی بە حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٤٥ دا،دامەزرانی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ دا، ڕاپەرینی بارزانی، ڕاپەرینی چەکدارانە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٩ ەوە، سەرهەڵدانی چەکدارانە لە باکووری کوردستان لە ساڵی ١٩٨٤ەوە، دامەزرانی بزووتنەوەی یاسایی کورد لە تورکیە لە ساڵەکانی ٩٠ەوە، دامەزرانی حکوومەتی هەرێم کوردستان لە ساڵەکانی ٩٠ەوە هەموویان بە دەستکەوتی گەورەی کورد دەژمێردرێن. بەڵام وەکوو قۆناغەکانی وەرچەرخان دەبێ پەیمانی سیڤر، ڕاپەرینی شێخ سەعید، دامەزرانی کۆماری کوردستان، دامەزرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە جەماوەریبوونی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە باکووری کوردستان لە ساڵەکانی ٩٠ەوە و شۆڕشی میدیای کوردی بە دامەزرانی تەلەڤیزیۆنی ساتێلیتی ناو بەرین.

**پرسیار**: ئەگەر بە پێی ڕووداوەکان و شوێندانەرییان درێژە بە پرسیارەکانبدەم، لە ناوەراستی سەدەی بیستەم دا ئایدۆلۆژی کۆمۆنیزم باڵی بەسەر فەزایسیاسی و ڕێکخراوەیی کوردستان کێشا. زۆر لە حزب و ڕێکخراوەکان بە بیرۆکەی چەپەوەباشاری جەریانی ناسیونالیستی کورد بوونەوە، کێشەی کوردیان لە بیاڤی سیستمی کۆمەڵایەتی چینی سەرمایەدار دا وێنا دەکرد، ڕەوتی مارکسیستی کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێننو کوردستان کێشەی کوردی بەرەو چ ئاقارێک برد؟

**عەبدوڵا حیجاب**: با بەر لە هەموو شتێک هەڵەیەک لە بواری تێگەهی (مفهوم) تیئۆریکەوە کە بە داخەوە لە لای زۆر ڕووناکبیر و سیاسەتمەداری کوردیش بووە بە باو، بەڵام هەڵەیە، زیانهێنەرە و لە دژی مەبەستی خۆی کار دەکا ڕاست کەمەوە. تێگەهی ناسیۆنالیزم لە تیئۆری سیاسیدا و لە کردەوەی سیاسیش دا لە بزووتنەوەی ناسیۆنال یا بزووتنەوەی نەتەوەیی جیاوازە. بزووتنەوەی کوردستان بزووتنەوەیەکی نەتەوەییە کە لە تێئۆری سیاسی دا پێ دەڵێن National Movement و کوردییەکەی دەبێ بە بزووتنەوەی نەتەوەیی. بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی Nationalistic Movement ە کە بە کوردی دەبێتە بزووتنەوەی نەتەوەپەرست، ئایدیۆلۆژییەکی سیاسیە کە هزری نەتەوەیی دەکا بە ئامرازێک بۆ چەوساندنەوە و لە نێوبردنی ئەو کەس و لایەنانەی کە دەکەونە دەرەوەی چوارچێوەیی خۆیانەوە. ئەوەی

یەکەمیان عەداڵەتخواز و ڕزگاریدەرە، ئەوەی دووهەمیان هێڕشکار و چەوسێنەوە. جەوهەری بزووتنەوەی کوردی لە گەڵ ناسیۆنالیزم نامۆیە و ناکرێ بە بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی بناسێندرێ. ئەوە غەدرێکە لە خەباتی ڕزگاری نەتەوەیی کورد کە خەبات بۆ ئازادی نەتەوەیی لە گەڵ ئایدیۆلۆژییەکی درِ کە لە سەر بنەمای هەڵاوەردن و هێڕشکاری دامەزراوە تێکەڵ بکرێتەوە.

ئێستا با بێمە سەر وەڵامی پرسیارەکەت. کەم تا کورتێک هەموو ڕاپەرینەکانی کورد پاش شەری جیهانی دووهەم ڕەنگێکی سووریان پێوە دیار بووە. بە گشتی سوننەتی حیزبایەتی لە کوردستان ڕیشەی لە بزووتنەوە کۆمۆنیستیەکاندا هەیە، بەڵام زۆربەی هێزەکان لە قۆناغێک دا خۆیان لە ئایدیۆلۆژیی چەپی کلاسیک ڕزگار کردوە و بە شێوەیەک لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی دوور کەوتوونەتەوە. ئێستا ئەو هێزانەی کە دەعیەی کۆمۆنیستبوون دەکەن، زیاتر ئۆگری لایەنی عەداڵەتخوازیی بزووتنەوەی چەپن تا لایەنی ئادیدیۆلۆژی کلاسیکی ئەو بزووتنەوەیە. هەر چەند تاک یا کۆمەڵی بچووکی توندڕەویش هەن کە ئایدیۆلۆژیی چەپ وەکوو دینێکی نوێ چاو لێ دەکەن و بوون بە سۆفیی تەریقەتی کۆمۆنیستی. بەڵام ئەوانە هیچ کات نە هێزێکی جیددی بوون و نەش تەنانەت بارێکی سەر شانی هەژارانی کوردیان سووک کردۆتەوە ..

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئایدیۆلۆژیی چەپ دەوری دووبەرەکی نانەوە و چەواشەکاریی لە مێژووی خەباتی نەتەوایەتی کورددا گێڕاوە. ئەوا بە مانای کەم کردنەوەی دەوری شۆڕشگێرانەی ئەو بە هەزاران تێکۆشەرە چەپە نیە کە لە ڕیزی ڕێکخراوە مارکسیستیەکاندا بۆ ئازادیی کوردستان تێدەکۆشان، ئۆگری ئازادی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی بوون و ئێستاش هەر لە مەیدانی تێکۆشان دا ماون. قسەی من لە سەر ئایدیۆلۆژیی چەپ یا مارکسیستیە کە لە سەر بنەمای کێشە نانەوە یا کۆنفلیکت دامەزراوە و بە توندی لە دژی پێکەوە ژیان یا ژیانی هارمۆنیک لە هەموو کۆمەڵگایەک ڕادەوەستێ. دوبارە با ڕوونی کەمە تا ئەو قسەیە بە چەواشە لێک نەدرێتەوە: حیکایەتی ئەوەی کە هێزەکانی چەپی کورد ئانتی تێزی بیری نەتەوەیی لە کوردستانن و سەنتێزی بەربەرەکانیی ئەوان لە گەڵ بورژوازیی کورد ئەو کۆمەڵگا خەیاڵیە دەبێ کە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە خەیاڵی دامەزراندنی دایە، ڤایرۆسێکی فیکرییە کە تەنیا زەربە لە خەباتی عەداڵەتخوازانەی گەلی کورد بۆ ئازادی، دێمۆکراسی و دابین کردنی مافەکانی مرۆڤ دەدا.

ئێستا تەنیا لایەنی جیددی سیاسی لە کوردستان کە لە سەر بنەمای سوننەتی سیاسی چەپ کار دەکا و جارێ سۆسیالیسمی وەلا نەناوە، پارتی کرێکارانی کوردستان بە لق و پۆپەکانیەوەیە. بەڵام پکک ڕێبازێکی سەربەخۆی دامەزراندوە و خۆی بە چەپی کلاسیک نازانێ، هەر چەند کە لە بواری تئێۆری سیاسیەوە ئایدیۆلۆژیی ئەو ڕێکخراوە دەکەوێتە خانەی بیری توندڕەوی چەپەوە و کولتووری سیاسی ئەو ڕێکخراوەش لە گەڵ کولتووری دێمۆکراسی لیبەرال جیاوازە. باقی هێزە جیددییە سیاسیەکانی کورد، هەر نەبێ بە قسە لایەنگری کولتووری دێمۆکراسی لیبەراڵن کە ڕێگا بە شکڵ گرتنی سیستەمێکی

فرەچەشن یا پلۆرال دەدا. لە ڕاستیدا خەباتی بە کردەوەی پکک ش لە قۆناغی ئێستاداهەر خزمەت بەو فەرهەنگە سیاسیە دەکا، بەڵام ئەگەر لایەنی زێهنی ئەو ئایدیۆلۆژییە دەرفەتی گەشەکردن پەیدا بکا و ببێ بە فەرهەنگی سیاسیی زاڵ، ئەو دەم بزووتنەوەی دێمۆکراتیکی کوردستان لە گەڵ لەمپەر یا چالشی جیددی ڕووبەڕوو دەبێ.

**پرسیار**: پاش سەرهەڵدانی شۆڕشی ٥٧، سیستمێکی دێموکراتیک لە ئێراندا جێگیر نەبووو کێشەی کورد بێ چارەسەری مایەوە و بگرە ویستەکانی کورد رادیکاڵتر هاتنەگۆرێتا رادەیەک کە ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵات و بزووتنەوەی سیاسیی کورد هەڵگیرسانی شەر لە کوردستاندا بوو، زەمینەکانیپێکنەهاتن و دوورکەوتنەوەی کورد لە دەسەڵاتی ناوەندی چ بوون؟

**عەبدوڵا حیجاب**: کورد پاش ساڵی ١٩٧٩ یا ٥٧ی زاینی لە دەسەڵاتی ناوەندی دوور نەکەوتەوە، دەسەڵاتی ناوەندی لە هیچ قۆناغێک دا کوردی لە بازنەی دەسەڵات نزیک نەکردەوە. لە ڕوانگەی منەوە سەرەکیترین هۆکاری سەرهەڵدانی شەڕ لە نێوان بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردستان و دەوڵەتی ئێراندا دەگەڕێتەوە سەر زێهنیەتی فراوانخوازی دەسەڵاتداران کە پاش شۆڕشی ٥٧ ئاڵوگۆری بە سەردا نەهات.

گەلی کورد ئەو دەرفەتەی کە ساڵی ١٣٥٧ پێک هاتبوو بۆ هێنانە گۆڕێ داوانەتەوەییەکانی خۆی بە کار هێنا و دەوڵەتی نوێش هەر بە تێڕوانینی سەردەمی پاشایەتیەوە دەیەویست مامەلە لە گەڵ داخوازەکانی گەلی کورد بکا. کاتێک نەتەوەی کورد هەوڵی دا کە پێش بە سیاسەتی داپلۆساندن و بێدەنگکردنی خەڵکی کوردستان بگرێ، شەڕ دەستی پێکرد و ئاسایی بوو کە مەودای نێوان گەلی کورد و دەسەڵاتدارانی ئێران زیاتر بێ.

**پرسیار**: بەگشتی شەڕ لە کوردستان چئاسەوارێکی لە دوای خۆی بەجێ هێشت؟

**عەبدوڵا حیجاب**: شەر هیچ کات چاککەرەوە نیە و ئاسەواری باشی نابێ. بەڵام شەڕ ئەو نرخەیە کە گەل ئامادەیە بۆ ئازادیی خۆی تەحەممولی بکا. شەری کوردستانیش لەو ڕاستیە بە دوور نیە. ئاسەوارەکانی ئەو شەرەی کە کۆماری ئیسلامی بە دژی گەلی کورد بەرێوەی بردوە و ئێستاش سەرەڕای واز هێنانی هێزە سیاسیەکانی کورد لە شەری چەکداری هەر بە یەکجاری کۆتایی پێ نەهاتوە، وێڕای لە دەستدانی سەرمایەیەکی گەورەی مرۆڤی و ئابووری، نەبوونی ئاسایش و ئەولەکاریی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە هەموو ناوچەکانی کوردستانە. بە هەزاران پێشمەرگەی کوردستان گیانیان لە دەست داوە و لە دەستدانی هەر مرۆڤێک خۆی لە خۆی دا خەسارێکی قەرەبووونەکراوەیە و هەر یەک لەو پێشمەرگانە دەیانتوانی لە ئاوەدانکردنەوە و گەشە پێدانی کۆمەڵگای خۆیان دا دەوری گرینگ بگێڕن. بە دەیان هەزار کەسی بێ تاوان بوون بە قوربانیی شەرخوازیی ڕێژیم و بە دوای خۆیان دا بە هەزاران بنەماڵەی داغدار و بە نیازیان بە جێ هێشتوە. بە هەزاران

کورد بوون بە قوربانیی سیاسەتی دژی مرۆڤانەی کۆماری ئیسلامی. ئەوانە هەموویان بنەماڵە و کەسوکاریان هەیە و هەر چەند بەشێکیان لە بەرەی دژی گەلی خۆیان دا بوون، بەڵام ئەگەر ئێستا دەرفەتی ژیانیان بوایە ڕەنگە ڕێبازێکی دیکەیان هەڵبژاردبایە.

شەڕ هەروەها کولتووری توندوتیژی دەخوڵقێنێ کە ڕێگا لە تەحەموول کردنی یەکتر، دێمۆکراسی و گەشەکردنی مافەکانی مرۆڤ دەگرێ و ئەوەش خەسارێکی گەورەیە. لە ماوەی ٣٢ ساڵی ڕابردوودا بە دەیان هەزار کەس لە دەرفەتی ژیانی ئاسایی بێ بەش کراون، لە بنەماڵە و چوارچێوەی ژیانیان دوور خراونەوە و بناغەی ژیانێکی ئاساییان لە دەست داوە. هەمووی ئەوانە گرفتی کۆمەڵایەتی دروست دەکەن. ئاسەوارەکانی دەروونی شەر، دژمنایەتی و توندوتیژی، زۆری پێ دەچێ تا قەرەبوو دەکرێتەوە. هەروەها لە بوارەکانی ئابووری و گەشەسەندنیشەوە کوردستان لە ئاستێکی هەرە خوارەدا ڕاگیراوە و ئەوەش کێشە دەخوڵقێنێ .

**پرسیار**: وڵاتی ئێران و کوردستان بەتایبەتی بەدوای شۆڕشی ٥٧ و دەیەی شەست،بە سەختترین بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا تێپەڕی پاش ئەو فەزایە، ڕەوتیرێفۆرم کە بە ٢ی جۆزەردان ناوبانگی دەرکرد سەری هەڵدا، بەستێنە سیاسی وکۆمەڵایەتییەکانی سەرهەڵدانی ڕەوتی ڕێفۆرم لە ئێراندا بوارێکی بۆ مشارکەتیسیاسی کورد لە ئاستی پارلماندا هێنایە گۆڕێ، جەنابتان ئەم فەزایە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**عەبدوڵا حیجاب**: ئەو دەرفەتەی کە پاش ڕەوتی ٢ی جۆزەردان هاتە پێش، بەر لەوەی کە دەرفەتێکی سیاسی بۆ خۆنواندنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان بێ، تەقینەوەیەکی جەماوەری بە مەبەستی خۆدەرباز کردن لەو قەیرانە بوو کە دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران پێکی هێنابوو. بزووتنەوەی سیاسی کوردستان لە خوڵقاندن و بەرەو پێش بردنی ئەو دەرفەتەدا دەورێکی نەبوو، بەڵام بە شێوەی ناڕاستەوخۆ تێیدا بەشداری کرد. من پێم وایە کە ئەگەر هەر لە سەرتاوە بە لێکدانەوەیەکی کراوەترەوە سەیری ئەو دەرفەتەمان کردبا، ڕەنگە کۆمەڵێکی زیاتری خەڵکمان لە دەوری بەرنامەی سیاسی بزووتنەوە کۆکردبایە. بەڵام دڵنیا نیم کە دەستکەوتێکی زیاترمان وەدەست دەهێنا. پرۆسەی سیاسی ئەو کات لە ژێر سێبەر و لە چوارچیوەی سیستێمێکدا بەڕێوە دەچوو کە لە کوللیەتی خۆی دا لە دژی داخوازەکانی گەلی کورد بوو.

بەڵام سەرەڕای سنووورداربوونی دەرفەتەکان، لەو سەردەمە دا کۆمەڵێک چالاکڤانی کوردی دانیشتووی دەرەوەی وڵات هەوڵیان دا کە لە گەڵ بزووتنەوەی نێوخۆ پێوەندیی فیکری دابمەزرێنن. لە نێوخۆش دا هەوڵێکی وا هەبوو. من دواتر لە کوردستان چاوم بە هێندێک گۆڤار و ڕۆژنامەی نێوخۆی وەڵات کەوت کە تەنانەت نووسراوە و بابەتەکانی منیان بڵاو کردبووەوە، بە بێ ئەوەی کە خۆم ئاگادار بم. واتە هەوڵ دان بۆ سوود وەرگرتن لەو سەرمایە نەتەوەییەی کە لە چوارچێوەی بزووتنەوەی



سەرچاوە
Serchawe

نەتەوەیی کوردستان و بەشێکیشی لە دەرەوەی وەڵات شکڵی گرتبوو و بزووتنەوەی نێوخۆیی پێویستی پێ هەبوو بە جیددی لە گۆڕێ دا بوو.

هەر چەند ئەو ڕەوتەی کە لە سەردەمی سەرۆک کۆماریی خاتەمی دا هاتە گۆڕێ، بە ئاکام نەگەیشت و لە بنەڕەت ڕا ئەوانەی کە لە دەوری خاتەمی بوون بڕوایان بە گۆڕانی ڕەفتاری ڕێژیم نەبوو، بەڵام خەڵک لەو سەردەمەدا توانی تا ڕادەیەک ویست و داخوازەکانی بێنێتە گۆڕێ. سەرەڕای ئەمەش، بەرەیەکی دیکە لە ڕووناکبیرانی تازە پێگەیشتووی کورد هاتنە گۆڕەپانی خەباتی سیاسیەوە و توانیان لە قۆناغی نوێی خەباتی نەتەوەایەتی دا دەور بگێڕن. بەشێکی کادرە لاوەکانی بزووتنەوەی کورد بەرهەمی ئەو خەباتەن.

**پرسیار**: ئەگەر لە چەند خاڵدا دەسنیشان بکەین، جیاوازییەکانی پرسی سیاسی و کۆمەڵایەتی کورد و ریفۆرمخوازی دەوڵەتی و بزووتنەوەی سەوز کە لەم دواییانەدا سەری هەڵدا، لە چیدان؟

**عەبدوڵا حیجاب**: **یەکەم خاڵ** تێڕوانینی لایەنەکان لە سەر قەوارە یا ستروکتووری دەسەڵاتە. ڕێفۆرمخوازەکانی ئەو دەم و ئێستاش بە شێوەی گشتی دەیانەوێ لە چوارچێوەی سیستەمی ویلایەتی فەقیهی دا، ڕواڵەتێکی نەرم لە کۆماری ئیسلامی نیشان بدەن. گەلی کورد و هێزە سیاسیەکانی کۆماری ئیسلامیان لە بنەڕەت ڕا ناوێ. واتا جیاوازیی یەکەم لەوە دایە کە داخوا ڕێفۆرم بە مەبەستی ڕاگرتنی ڕێژیمە یا خود کاناڵێکە بۆ تێپەڕبوون لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی. گۆڕانخوازانی نێوخۆیی دەیانەوێ یاسای گشتی کۆماری ئیسلامی بەڕێوە بەرن، بزووتنەوەی کوردی ئەو یاسایە بە سەرچاوەی هەموو گرفتەکان و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ دەزانێ.

**دووهەم خاڵ**، تێڕوانینی لایەنەکان لە سەر چۆنیەتی دابەش کردنی دەسەڵاتە. چارەسەریی پرسی کورد لە بە ڕەسمیەت ناسینی ناسنامەی نەتەوەیی و بەشداریکردنی کورد لە دەسەڵاتی سیاسی دوورەپەرێز لە ناوەندگەرایی دایە. بزووتنەوەی سەوز ئێرانێکی دەوێ کە خاوەنی دەسەڵاتێکی بە هێزی ناوەندی بێ. کە وابوو بابەتی دووهەمی جێگای ناکۆکی شێوەی دەسەڵاتداری پاش ویلایەتی موتڵەقەی فەقیهە. کورد ناتوانێ لە گەڵ ڕەوتێکدا بێ کە هەبوونی ناسنامە جیاوازەکان ئینکار دەکا و ئامادە نیە لە گەڵ هەرێمەکان دەسەڵاتی سیاسی دابەش بکا.

**سێهەم خاڵی جیاواز**، ڕۆڵی ئایین و ئێتنیسیتە یا قەومیەت لە شکڵ پێدانی ناسنامە و یاسای نوێی وەڵات دایە. لە سەردەمی پاشایەتی دەستوورییەوە تا ئێستا نرخە کولتووری، مێژوویی، زمانەوانی و کۆمەڵایەتیەکانی نەتەوە یا قەومیەتی فارس و ئایینی شیعەی دوازدە ئیمامی دوو بنەمای سەرەکی بۆ پێناسە کردنی ناسنامەی ئێرانی بوون. یاسایەکی نوێی

دێمۆکراتیک، وێڕای ڕێزگرتن لە هەمووی ئەو نرخانە، دەبێ ڕێزی یەکسان بۆ هەموو نرخەکانی باقی نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێران دابنێ و لە جیاتی نرخە جیاکەرەوەکان، پێداگری لە سەر نرخە کۆکەرەوەکانی وەکوو دێمۆکراسی، مافی مرۆڤ و یەکسانی بکا. بزووتنەوەی گۆڕانخوازی ئێران جارێ خۆی لە سەر ئەو بابەتە گرینگە ساخ نەکردۆتەوە.

**چوارەم خاڵ**، پێوەندی نێونەتەوەییە. بزووتنەوەی کوردستان پێویستی بە پێوەندییەکی قووڵی کولتووری، کۆمەڵایەتی، ئابووری، زمانەوانی و پەروەردەیی لە گەڵ وەڵاتانی جیران کە کوردیان تێدا دەژی هەیە. بۆ ئازەربایجانیەکان، بەلووچەکان، تورکمەن و عەرەبەکانیش هەر ڕەوشێکی ئاوا لە گۆڕێ دایە. بۆیەش بۆ بزووتنەوەی کوردستان گرینگە کە هاوکاریی هەرێمی، لە چوارچێوەی هەڵگرتنی لەمپەرەکانی هاتوچوو، بازرگانی، خزمەتگوزاری، دامەزران و سەرمایەگوزاری پتر گەشە بکا و مودێلێکی نوێی سیاسی لە ناوچەدا گەشە بسێنێ. ئەو بیرۆکەیە بۆ سەرانی بزووتنەوەی سەوز نامۆیە. کە چی بۆ پاراستنی سەربەخۆیی ئێران لە داهاتوودا تەنیا مودێلی کاریگەر دەبێ.

ئەگەر بچینە نێو وردەکارییەکانەوە دەتوانین جیاوازی دیکەش ڕیز بکەین. بەڵام هەمووی ئەو خاڵانە لە چوارچێوەی یاسایەکی گشتیی نوێ دا کە لە سەر بنەمای دێمۆکراسی و پیوانەکانی مافی مرۆڤ شکڵی گرتبێ چارەسەر دەکرێن. کەوابوو بە دێمۆکراتیزە کردنی ئێران لە ڕێگای دەستوورێکی نوێیەوە گرفتێک لە سەر ڕێگای پێکەوە کارکردن نامێنێ. نموونەی ئەو ڕەوتە لە ئەورووپا دەبینین. ئێستا ڕەنگە مودێلی یەکیەتیی ئەورووپا سبەینێ لە گەڵ گرفتی جیددی ڕووبەڕوو بێ و تەنانەت سەریش نەکەوێ، بەڵام مودێلی هاوکاری لە سەر بنەمای یەکسانی و بەرژەوەندیی دوولایەن باشترین جێگرە بۆ ڕەوشی ئێستا.

**پرسیار**: پرسی نێوان دەوڵەت و سیستمە سیاسییەکانی کورد (حیزبەکان) چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**عەبدوڵا حیجاب**: هێزەکانی کورد بۆ دابەش کردنی دەسەڵات و بەشداری لە ڕەوتی بڕیاردانەدا تێدەکۆشن. دەسەڵاتداران ئەو داوایە ڕەد دەکەنەوە. تەنانەت لە باشووری کوردستان و عێراق کە کورد یەکێک لە پایەسەرکیەکانی دەسەڵاتە، ئەو گرفتە بە یەکجاری چارەسەر نەکراوە. من پێێم وایە بە بڵاوبوونەوەی بیری نەتەوەیی و پشتیوانیی بەرینی خەڵک لە داخوازەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، دەوڵەتەکان سەرئەنجام ناچار دەبن کە تێروانینیان بە نیسبەت هێزەکانی کوردستان بگۆڕن. بەڵام بۆ ئەوەی هێزەکانی کوردیش بین بەو فاکتۆرە کاریگەرەی کە هەموو لایەک حیسابیان لە سەر بکەن، دەبێ پرۆژەیەکی هاوبەشی نەتەوەیی، هەر نەبێ لە چوارچێوەی ئەو وەڵاتانەی خەباتیان تێدا دەکەین پێشکەش بکەین. هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستیان بەوە هەیە کە هەر چی زووە خۆیان لەو پچڕ پچڕی و ناکۆکیانەی کە هەیانە ڕزگار بکەن.

**پرسیار**: ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و قەیرانە یەک لەدوای یەکەکانی هەمیشەراستەوخۆ و ناراستەوخۆ شوێندانەری هەبووە لەسەر کێشەی کورد و بەتایبەتیکوردستانی ئێران، بەهاری عەرەبی و رووخانی دیکتاتۆرەکان چ کاریگەرییەکی لەسەرکورد لە کوردستانی ئێران هەیە؟ ئایا کۆپی وەها بزووتنەوەیەک لە کوردستانیئێراندا مەحاڵ دەبێت؟

**عەبدوڵا حیجاب**: بزووتنەوەی کوردستان لە کۆپی کردنی مودێلی سیاسی یا مودێلی خەبات دەستکەوتێکی نەبووە. لە ڕاستیدا کۆمەڵگای کوردستان تەنیا دەرفەتی پێشکەوتن و گەشە سەندنی بەو مودێل و شێوەکارانە داوە کە لە گەڵ پێشینەی کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتووری گەلی کورد دەگونجێ. بۆیەش هەموو بزووتنەوە سیاسیە خۆماڵیەکان توانیویانە سەرنجی خەڵک بۆ لای خۆیان ڕابکێشن و بزووتنەوە نامۆکان لە مەیدان دەرکراون. نموونەکەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیە کە بە ڕاستی لە کوردستاندا هێز نیە، بەڵام هەر دوو ڕەوتی نەتەوەیی و بزووتنەوەی سۆسیال دێموکراتی عەداڵەتخواز جێگە و پێگەیەکی شیاویان لە کوردستان پەیدا کردوە.

لە بواری فێربوون لە ئەزموونەکانی ئەو بزووتنەوە سیاسیەی کە بەهاری عەرەبی لێی کەوتەوە، سروشتیە کە هەر ئەزموونێکی سەرکەوتوو لایەنی وای هەبێ کە تێکۆشەرانی کورد دەرسی لێ وەربگرن. من کە ڕابردووی تێکۆشانی نەتەوەی کورد لە گەڵ ڕاپەرینی وەڵاتانی عەرەبی هەڵدەسەنگێنم، دەبینم کە ڕاپەرینەکانی کوردستان ڕابردوویەکی پڕ ئەزموونتریان هەیە و ماوەی خۆڕاگرییان درێژخایەنتر بووە. بەڵام کورد نە پشتیوانی دەرەکیی جێگای متمانەی هەیە و نە ئەو یەکگرتوویەی کە بتوانێ سەرکەوتنمان مسۆگەر بکا. کە وابوو یەکەم دەرس و گرینگترینیان کە دەکرێ لەو بزووتنەوەیە وەربگیرێ، یەکریزیە.

خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی لە کوردستان یەکێک لە درێژخایەنترین بزووتنەوە نەتەوەییەکان بووە کە تا ئێستا لە گۆڕێ دایە. بە پێچەوانەی زۆربەی بزووتنەوە ئازادیخوازەکان کە پێشتر بە شێوەی نایەکگرتوو، لێرە و لەوێ و لە کۆمەڵی بچووکەوە دەست پی دەکەن و دواتر هەم دەبن بە خەباتی سەرانسەریی جەماوەری و هەم پلاتفۆرمی هاوبەشی خەبات دروست دەکەن، ئێمەی کورد بە شێوەی یەکگرتوانە دەست پێ دەکەین و دوایە بەردەبینە گیانی یەکتر. لە ماوەی ۳۰ ساڵی ڕابردودا هێزە سیاسیەکانی کوردی ڕۆژهەڵات زۆر شانازی گەورەیان وەدەست هێناوە، بەڵام لە هەمان کاتیش دا هۆکاری سەرەکیی سەرهەڵدانی دیاردەی مەحکوومی شەری براکوژی بوون. ئەو زێهنیەتەی کە ئەو تاوانەی لێ کەوتەوە، ئێستاش بە هێزە و ئەگەر دەرفەتی بێ، دوور نیە ئەو ڕابردووە نەخوازراوە دووبارە بکاتەوە.

کە وابوو بزووتنەوەی کورد پێویستی بە کۆپی کردنی مودێلی خەباتی شوێنەکانی دیکە نیە، پێویستی بە سارێژکردنەوەی برینەکانی خۆی هەیە. پێویستی بەوەیە کە زێهنیەتی دوورخەرەوە، دووبەرەکی ساز، کێشەخوڵقێن و دڵساردکەرەوە وە لا

بنێ و بە ڕووحی یەکگرتووی نەتەوەییەوە بۆ پێشەڕۆژ بەرنامە دابڕێژێ. من لە دروشمدان و بە پێچەوانەکارکردنی سیاسەتمەدارانی کورد ماندوو بووم و دڵنیام کە بە گۆڕینی فەرهەنگی سیاسی زاڵ دەکری ڕەوشی سیاسی بزووتنەوەی کوردستان ئاڵوگۆڕی چەندی و چۆنی بە سەر دابێ.

**پرسیار**: **ئەگەر بمانەوێ لە چەند خاڵدا خەسارناسی یان پاتۆلۆژی بزووتنەوەیسیاسی بکەین، ئەو خاڵانە کامانەن و زۆرتر چ بەستێنیک دەگریتەوە کەبزووتنەوەی کوردی لاواز یان بەهێز بووە؟**

**عەبدوڵا حیجاب**: بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەر چەند بزووتنەوەیەکی یەکدەنگ و خاوەنی یەک بەرنامەی هاوبەش نیە، بەڵام بە شێوەی هاوتەریب زۆر قۆناغی دژواری خەباتی تێپەڕ کردوە و سەرەڕای کۆسپ و تەگەرەکانی سەر ڕێگای ئێستاش لە تێکۆشانی سیاسی بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی نەتەوەی کورد بەردەوامە. ئەو بەردەوامیە خاڵی هەرە بە هێزی ڕێکخراوەکانی سیاسی کوردە. کۆڵنەدان لە تێکۆشانی بەردەوام لە دژی دیکتاتۆریی ویلایەتی فەقیهی، ڕەوابوونی داخوازەنەتەوەییەکانی گەلی کورد و نامەشرووعبوونی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە کۆمەڵگای کوردستاندا نیشان داوە و جیهانیشی هێناوەتە سەر ئەو بڕوایە کە کۆماری ئیسلامی نوێنەری گەلانی ئێران نیە. ئەو بزووتنەوەیە هەر وەها زۆر نرخی بەرزی نەتەوەیی خوڵقاندوە کە لە ڕەوتی نەتەوەسازیدا دەکرێنە هەوێنی شکڵ گرتنی قەوارەی نەتەوەی کورد.

**گرینگترینی ئەو کۆسپ یا چالشانەی کە بزووتنەوەی کورد ناچارە ڕێگاچارەیان بۆ ببینێتەوە ئەوانەن:**

- دووبەرەکی و پرش و بڵاوەیی نێوخۆیی کە زۆر جیابوونەوە و لێکترازانی لێ کەوتۆتەوە.
- گۆڕینی تاکتیکی خەبات و بەشداریکردن لە سیاسەتدا لە سەر بنەمای پێشبرکێی سیاسی لە جیاتی دژمنایەتی و هەوڵ دان بۆ بەدناوکردن یا لە مەیدان بەدەرکردنی ڕەقیبەکان.
- تێپەڕبوون لە خۆ بە ناوەند دانان و هاوکاریکردن لە سەر بنەمای پیوانەکانی دێمۆکراسیی لیبەراڵ.
- دانی پلەیەکی پیرۆز بە کادری حیزبی و بە ڕێکخراوی حیزبی و هەر بەم ڕادەیەش دابەزاندنی نرخی باقی بەشەکانی خەباتی دەرەوەی ڕێکخراوە حیزبییەکان.
- داڕشتنی بەرنامەی هاوبەشی خەبات و شکڵ پێدانی پلاتفۆرمێکی نەتەوەیی.
- داڕشتنی بەرنامەی بەرفراوانی نەتەوەیی کە هەموو بەشەکانی کۆمەڵگای کوردەواری لە سەر بنەمای نرخە هاوبەشە نەتەوەییەکان کۆبکاتەوە و زمانێکی هاوبەشی نەتەوەیی بخوڵقێنێ کە پارسەنگی نێوان جیاوازییەکان لە بوارەکانی ئایینی، ناوچەیی و زاراوەییەوە بە شێوەیەک بپارێزێ کە هەموویان خۆیان بە خاوەنی هاوبەشی یەک پرۆژەی نەتەوەیی بزانن.

- ئێمەی کورد بۆ داڕشتنی بەرنامەی کار بۆ داهاتوو پێویستیمان بە دوکترینێکی نوێی سیاسی هەیە. ڕابردوو دەتوانێ چرای ڕێگای خەباتی داهاتوو بێ، بەڵام ڕێئالیزمی سیاسی ناچارت دەکا کە تەنیا بە پشتبەستن بە ڕابردوو کار نەکەی. ئالوگۆڕەکانی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ئەوەمان پێ دەسەلمێنن کە بۆ گۆڕین و پێشکەوتن، بەرنامەڕێژی بۆ داهاتوو لە خولانەوە لە بازنەی کۆن دا کاریگەرتر دەبێ. کەم تا کورتێک لە هەموو ئەو ناوچانەی کە ئاڵوگۆڕیان بە خۆیەوە بینیوە، بزووتنەوەی نوێ لە سەر بنەمای خەباتی ڕابردوو شکڵی نەگرتوە و زیاتر ڕووی لە داهاتوو بووە.

**بەرنامەی داهاتووی کار دەتوانێ لە سەر چەند بنەما دابمەزرێ:**

- کۆدەنگی لە سەر گۆڕینی قەوارەی دەسەڵات لە ئێران دا لە سیستەمی ناوەندییەوە بۆ سیستەمێکی دابەشکراو بە سەر هەرێمە خۆبەڕێوەبەرەکاندا کە لە چوارچێوەیەکی فێدراڵ دا پێکەوە کۆ دەبنەوە.
- کۆدەنگی لە سەر یاسایەکی گشتی دامەزراو لە سەر بنەمای دێمۆکراسی لیبەراڵ، ڕێزگرتن لە مافی تاک و بە کۆمەڵ کە لە چوارچێوەی کۆنوانسیۆنە ناسراوەکانی نێونەتەوەییدا بە پێی بەڵگەنامەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان و ڕێکخراوەکانی نێونەتەوەیی پارێزەری مافی مرۆڤ گونجاون، دوورەپەرێز لە بناژۆیی، دەمارگرژی و خوێندنەوەی زێهنی یا سابژەکتیو لە مێژوو و ناسنامە.
- کۆدەنگی لە سەر پێویستی گەلی کورد بە سیاسەتێکی نێونەتەوەیی داڕێژراو لە سەر بنەمای هاوکاریی لەودیو سنوور لە گەڵ ئەو وەڵاتانەی کە کوردیان تێدا دەژی لە بوارەکانی کولتووری، کۆمەڵایەتی، پەروەردە، زمانەوانی و ئابوورییەوە .
- کۆدەنگی لە سەر هاوچارەنووسبوونی گەلی کورد و دامەزراندنی میکانیزمێک بۆ سەرەڕاستکردنی پێوەندییەکانی نێوخۆیی هێزە کوردستانیەکان بە بێ خوڵقاندنی کێشە و گرفت بۆ یەکتر.
- داڕشتنی بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ خەباتی داهاتوو کە تێیدا جێگای هەموو هێز و لایەنە کوردستانیەکان ببێتەوە.
- دامەزراندنی ئۆرگانێکی خاوەن سەڵاحیەت بۆ پێڕاگەیشتن بە ناکۆکیی نێوان هێزە کوردییەکان و داڕشتنی ستراتیژیی هاوبەشی نەتەوەیی.
- گرینگیدان بە شێوازەکانی دیکەی خەبات و ڕێگەدان بە دەستپێشخەرییە جەماوەری، پیشەیی و کۆمەڵایەتیەکان بۆ بردنە پێشی ئامانجی هاوبەشی سیاسی.
- شەرمەزار و حەرام کردنی بیرکردنەوە لە شەڕ، زمانی کێشە خوڵقێن و دووبەرەکی نانەوە بۆ چارەسەریی کێشە نێوخۆییەکان.

## کورتەیەک لە بیوگرافی بەرێز عەبدوڵڵا حیجاب:

**عەبدوللا حیجاب: گوندیم، کوردێکی زۆر ئاساییم. بنەوانم لە هەرێمی سەرئەلباکی سەر بە ئەیالەتی وان لە باکووری کوردستانن، خۆم و خووشک و براکانم خەڵکی ورمێین، منداڵەکانم لە باشووری کوردستان لە دایک بوون. ناسنامەی سەرەکیم کوردستانیە و بۆ ناسنامە لاوەکیەکانیش دەتوانم ئێرانی بم، عێراقی بم، تورکیەیی بم یا خەڵکی هیچکام لەو وەڵاتانەش نەبم. پێشمەرگە بووم، پەنابەر بووم، خوێندکار بووم، کارمەند بووم، بێ دەسەڵات بووم، بە دەسەڵات بووم و ئێستاش هەر لە گەڵ ئەو هەڵکێش داکێشە ڕووبەڕووم. هێندێک لەم لا و لەو لا گەراوم، زۆر پارلەمان و کۆشک و تەلارم بینیوە، بەڵام هەر ئەویندارى گوندە تەپ و تۆزاوییەکەی خۆم لە دەڤەری سۆمای ورمێم.**

**١٦ی جانێوێری ٢٠١٢**

## جووڵانەوەیەکی زیندوو بە مێژوویەکی شاراوەوە

ڕاپەڕینی چەکدارانەی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە ساڵی ١٣٤٦ی هەتاوی یا ١٩٦٧ی زایینی کە لە سەر یەک ١٨ مانگی خایاند، سەرهەڵدانی یەکەم ڕاپەڕینی چەکدارانەی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە مەبەستێکی پێشتر داڕێژراوی سیاسی بوو. بەڵام سەرەڕای زیندوویی ئەو بزووتنەوەیە لە بیرەوەری زۆربەی خەباتگێڕانی سیاسی، بە تایبەتی ئەندامە بە تەمەنەکانی حیزبی دێمۆکراتدا، زۆربەی لایەنەکانی ئەو بزووتنەوەیە ئێستاش شاراوە ماون یا کەمتر ڕوون کراونەوە. مەخابن لە شەهیدەکانی ئەو بزووتنەوەیە، بە ڕادەی پێویست بەڵگەنامە یا نووسراوەی جێی متمانە لە بەر دەست دا نیە، ئارشیوە تایبەتیەکانی کەسانی بەشدار لەو بزووتنەوەیەدا لە بەر دەست لێکۆڵێنەراندا نین، بەڵگەنامەکانی شاردراوەی دەسەڵاتدارانیش شاردراوە ڕاگیراون، بۆیە دەرفەت نەلواوە کە لە ڕێگای ئەوانەوە، وێنەیەکی تا ڕادەیەک ڕوون لە وەزعیەتی ئەو سەردەمە و چەندی و چۆنیی بزووتنەوەی ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دەست بخرێ. ئەوەی دیار بێ، ڕۆژ و شوێنی شەهیدبوونی بەشێک لەو شۆڕشگێڕانە و تا ڕادەیەکیش سەرپێهاتەی ئەو بەشە لە ئەندامانی حیزبە کە لە باشووری کوردستان یا لە ناوەندی عێراقدا مابوون. کە چی ئەو سەرپێهات ورووداوانەش لە چوارچێوەیەکی پێکەوە گرێدراودا نەنووسراون.

لە نووسراوە کانی پێوەندیدار بەو ڕاپەڕینەدا، کە ئەوانەی من دیومن لە لایەن تێکۆشەرانی وەکوو نەمر دوکتۆر قاسملۆی شەهید، خوالێخۆشبووان کاک کەریم حیسامی، مامۆستا هەژار و کاک سەننار مامەدی، ڕێزداران مامۆستا عەبدوللای حەسەنزادە، کاک جەلیلی گادانی و کاک ئەمیری قازیەوە نووسراون، لە هەر کامیاندا بە شێوەیەک و تەنیا بەشێک لە خەباتی حیزبی دێموکرات و ڕاپەڕینی ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ نووسراوە. هەروەها کاک هاشم کەریمی، کاک سەعید کوێستانی، کاک میزا خدر مەڕەسەنە و هێندێک لە دێمۆکراتە بە تەمەنەکان لە میانەی باس و بابەت یا کتێب و نووسراوەکانیاندا چەندین لایەنی ئەو بزووتنەوەیان هێناوەتە بەر باس. بە داخەوە هیچ کامیان وێنەیەکی گشتگیر یا ڕوونکەرەوەیان لەو بزووتنەوەیە، ڕەهەندە سەرەکیەکانی، بەربڵاوی و پێگە جەماوەرییەکەی، لێکدانەوەی لە بارودۆخی جیهانی، پرۆژەی نەتەوەیی لەو سەردەمەدا، پێوەندی و هەڵوێستی ڕاستەقینەی ئەو ڕاپەرینە بەرامبەر بە خەباتی نەتەوەیی کورد لە باشووری کوردستان، کێشە نێوخۆییەکانی بەڕێوەبەران و بەشدارانی ئەو بزووتنەوەیە، دەوری هەر کام لە کەسایەتیەکانی پێکهێنەری لە شکڵ گرتنی ئەو خەباتەدا و هتد نەداوەتە دەست. تەنانەت سەبارەت بە ڕادە و نێوی دەستپێشخەران و پێکهێنەرانی کۆمیتەی شۆڕشگیری حیزبی دێموکراتیش کە ڕێکخەر و بەڕێوەبەری ئەو ڕاپەرینە بوو،

یەکدەنگی نیە. بەشێکی نووسەرانی ئێستا، وردەکارییەکانی کار و چالاکیەکانی ئەو سەردەمیان لە بیر نیە و هێندێکیشیان تەنیا ئەو بەشەیان لە بیرە کە بە کاری پرۆژەی سەردەمی خۆیان دێ.

لە ڕاستی دا بەشێکی مێژووی حیزبی دێمۆکرات، پاش هەڵوەشانی کۆماری کوردستان تا چالاک کردنەوەی ڕێکخراوەکانی حیزب و هاتنە مەیدانی دوکتوور قاسملۆی نەمر، وەک میعماری قەوارەی نوێی حیزبی، لە تاریکی دا هێڵراوەتەوە. بڕگەیەکی سەرەکی لە خەباتی حیزبی دێمۆکرات و کوردی ڕۆژهەڵات پاش هەڵوەشانی کۆماری کوردستان تا سەرەتای ساڵەکانی ٥٠ی هەتاوی یا ٧٠ی زایینی بە پچڕ پچڕی، لێرە و لەوێ و بە باس لە ڕووداوێک کە جاری وایە هەر ١٠ ساڵ جارێک ڕووی داوە، باس کراوە. ئەو باس کردنەش لە دەوری خاوەن بیرەوەرییەکە لە ڕووداوی دیاریکراودا کۆ کراوەتەوە. تەنانەت ئەو نووسەرانەی کە خۆیان لە زۆربەی مێژووی حیزبی دێمۆکرات دا لە ئاستی سەرەوەی بڕیاردان دا بوون، هەوڵی ئەوەیان نەداوە تا ئەو پەردە لێڵە لە سەر مێژووی حیزبی دێمۆکرات لا بدەن تا چالاکڤانانی ئێستا بزانن لەو سەردەمەی مێژووی حیزبی دێمۆکرات دا کە لە ڕاستی دا مێژووی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە چ قەوماوە.

سەرەڕای ئەو دەستکورتیە لە سەرچاوە و بەڵگەی مێژووییدا، زۆر نیشانە هەن کە ئەو گریمانەیە بە هێزتر دەکەن کە پێکهاتنی کۆمیتەی شۆڕشگێر و پاشانیش ڕاپەڕینی چەکدارانەی ساڵی ٤٦ و بەردەوامیی ئەو خەباتە لە ساڵی ١٣٤٧دا ئاکامی ململانێی نێوخۆیی حیزبی دێمۆکرات بوو. ئەو دووبەرەکیە هەر پێش کۆنگرەی دووهەمی حیزب کە بە قسان دەبێ لە سەرماوەزی ساڵی ١٣٤٣ دا گیرابێ سەری هەڵداوە و پاش کۆنگرە بە تایبەت بە پێک هێنانی کۆمیتەی شۆڕشگێر کە دەبێ لە ساڵی ١٣٤٦ دا شکڵی گرتبێ، بە هێزتربوو تا سەرئەنجام یەکەم لێکترازانی بەربڵاو لە ڕیزەکانی ئەو حیزبەی لێ کەوتەوە. بە هۆی ئەو وەزعەوە کۆمیتەی شۆڕشگێر ناچار بوو، بەر لەوەی ئامادەکاریی پێویستی بۆ ڕاپەڕینی چەکدارانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کردبێ، بکەوێتە شەڕی خۆپاراستنەوە. ، کە ئاکامەکەش شەهید کرانی زۆربەی نزیک بە تەواوی کادرە پێشەنگ و چالاکەکانی ئەو بزووتنەوەیە لە نێوخۆی وەڵات دا بوو.

بە ئاوڕدانەوەیەک لە کۆی ئەو نووسراوە و باسە زارەکیانەی کە لە پێوەندی لە گەڵ ڕاپەڕینی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ دا بڵاو کراونەوە و ئێستا لە بەر دەستدان، ڕەنگە بکرێ لێکدانەوەیەکی تا ڕادەیەک سەربەخۆی دوور لە لایەنگریی حیزبی یا کوتلەیەکی تایبەت لە چوارچێوەی حیزب دا لەو بزووتنەوەیە بکرێ. بەڵام مەترسی ئەوەش کە بەشێکی ئەو مێژووە هەتا هەتایە بە ناڕوونی بمێنێتەوە هەر لە گۆڕێ دایە. بۆیە پێویستە لێکۆڵینەوەیەکی بەرفراوانی مەیدانی بە بەکار هێنانی مێتۆدی زانستیی لێکۆڵینەوەی مێژوویی و زانستی سیاسی بە بێ تێکەڵ کردنی تەعەسسوبی ڕێکخراوەیی دەست پێ بکرێ، و ئەوەش ئەرکێکە کە دەکەوێتە سەر شانی ڕووناکبیرانی کوردەوە.



سەرچاوە
Serchawe

ئەوەی کە لە تاوتوێی لێکدانەوەیەکی سنووردار لەو ڕاپەرینەدا دەگونجێ ئەوەیە کە ڕیشەی ڕەهەندە سەرەکیەکانی ئەو بزووتنەوەیە دەگەڕێتەوە سەر دوو بۆچوونی ناکۆک سەبارەت بە پێکەوە گرێدراوەیی چارەنووسی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا یا خود جیاوازی چارەنووسی کورد لە هەر کام لە بەشەکاندا. لە نێوەڕاستی دەساڵەی شەشی سەدەی ڕابردووی زایینی، واتا ساڵەکانی ٠٤ی هەتاویدا، چالاکڤانانی کوردی ڕۆژهەڵات لە باشووری کوردستان گیرسابوونەوە و ناوەندی چالاکیی کوردایەتی باشووری کوردستان بوو. حیزبی دێمۆکرات لەو کاتەدا لە ژێر کاریگەریی دوو ڕەهەندی هزری دا بوو کە ئەو ڕەهەندانە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لە بواری بەرژەوەندییەوە لە یەکتر دوور دەکەوتنەوە. یەکێک لەو ڕەهەندە فیکریانە، بیری نەتەوەیی کوردستانی بوو کە بە شێوەی بەربڵاو چارەنووسی خۆی بە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بە پێشەنگایەتی مەلا مستەفا بارزانی سپاردبوو کە ناوەندی چالاکیەکانی باشووری کوردستان بوو و ڕۆژ بە ڕۆژ پێوەندیی لە گەڵ ئێران بە هێزتر دەکرد. زۆرایەتی حیزبی دێمۆکرات و سکرتێری گشتیی ئەو کات، کاک عەبدوللا ئیسحاقی لە سەر ئەو ڕەوتە دەڕۆیشتن.

پێداگریی ئەوان لە سەر لابردنی پاشکۆی ئێران لە ناوی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان کە لە کۆنفرانسی دووهەمدا پێوە زیاد کرابوو، و سەرکەوتنیان لە لابردنی ئەو پاشکۆیە لە کۆنگرەی دووهەم دا نیشانەیەکی ڕوونی ئەو ئیدیعایەیە. ڕێبازی دووهەم، ڕێبازی چەپی ئێرانی بوو کە چارەسەریی پرسی نەتەوەیی کوردی ئێرانیی لە ڕێگای شۆڕشێکی سۆسیالیستیەوە لە ئێران دا دەبینی، و هێندێک لە پێشەنگەکانی ئەو ڕەوتە فیکرییە پێیان وابوو کە دەبێ حیزبی توودەی ئێران سەرۆکایەتی ئەو شۆڕشە بکا و بزووتنەوەی کوردیش لە چوارچێوەی پێوەندیی ستراتێژیک لە گەل بزووتنەوەی سۆسیالیستی لە ئێران دا لەچارەسەریی پرسی نەتەوەیی خۆی بگەڕێ. بەڵام ئەو ڕەوتە سەبارەت بە دەوری پێشەنگایەتیی حیزبی توودە یەکدەنگ نەبوو. کادرە چەپەکانی وەکوو شەهید سمایلی شەریفزادە زیاتر لایەنگری شەری شۆڕشگێڕانەی گوندییەکان، هاوشێوەی ئەو خەباتە بوون کە مائۆ تسە دۆنگ لە چین بەڕێوەی بردبوو و تێیدا سەرکەوتبوو. کادرە کۆمەڵایەتیەکانی وەکوو شەهیدان مەلا ئاوارە، نەحۆ پاشایی و سولەیمان موعینیش خوازیاری ڕاپەرینی چەکدارانەی هاوشێوەی ئەو بیرە بوون کە کاک سمایل لە سەری دەڕۆیشت بەڵام ئەوان زیاتر لە بەر هەستی کوردانەیان و ئەو دڵئێشیەی کە لە شێوەی دانوستانی بزووتنەوەی باشوور لە گەڵیان لە دڵیاندا پەنگی خواردبوو ئەو ڕێبازەیان دەپاراست. پێشەنگانی فراکسیۆنی چەپەکان لە دەرەوەی وەڵات و چەپە هاوبیرەکانیان لە نێوخۆی وەڵاتدا بە شێوەی ئاشکرا لە بەرامبەر ئەو ڕەوتە فیکرییەی کە خوازیاری دەستپێکردنی شەری چەکدارانە بوو هەڵوێستیان نەگرتوە، بەڵام بە شێوەی چالاکیش لە ڕاپەرینی چەکدارانەی ئەو ساڵانەدا دەوریان نەگێراوە .

فراکسیۆنی چەپی حیزبی دێمۆکرات لە لایەکەوە لە بەر پێوەندیی ڕێکخراوەیی و وەرگرتنی پۆستی بەرزی حیزبی لە لایەن هێندێک لە ئەندامە سەرەکیەکانەوە لە حیزبی توودەدا و لە لای دیکەشەوە لە بەر ئەوەی کە بنکەی سەرەکیی ژیانی

هێندێک لە کادرە سەرەکییەکان بۆ دەرەوەی وەڵات ڕاگوێزرا، خوازیاری دوورکەوتنەوە لە بزووتنەوەی بارزانی و ڕاکێشانی حیزبی دێمۆکرات بۆ لای بیری سۆسیالیستی و چەپ بوو، بەڵام هەر لەو کاتەش دا نەیدەتوانی لە ڕاپەرینی چەکدارانە دا دەوری چالاک بگێڕێ و بە کردەوە

نەیدەتوانی لەو سەردەمەدا لایەنگری وەرێخستنی ڕاپەرینی چەکدارانە بێ. بەڵام دواتر ئەو ڕەوتە خاوەنداریێتی لە بزووتنەوەی چەکداری کرد و بە هەموو شێوەیەک ئەو هەڵوێستەی پاراست و بە شێوەیەک شانازییەکەی کرد بە هی خۆی .

ڕاپەرینی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ بە هەر هۆیەک و لە چ چوارچێوەیەکدا بووبێ، ئەنجامەکانی هەر چی بێ و ئەو نرخەی کە لە پێناویدا درا هەر چەندە قورس بووبێ، بەڵام برگەیەکی گەشی مێژووی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە ڕابردوو و ئێستای بزووتنەوەی کورد پێکەوە گرێ دەدا. بۆیە دەبێ ڕێز گرتن و خاوەنداریێتی لەو بزووتنەوەیە تەنیا لە چوارچێوەی یەک حیزب و یەک ڕێکخراودا ڕانەگیری و هەمووی کورد بە هی خۆی بزانێ.

ئەم بابەتە لە داوای من بو نامیلکەی جوولانەوەی ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ نووسراوە.

ڕێکەوتی: ٢٠ی ئەپریلی ٢٠١٣



سەرچاوە Serchawe

## دیمانە لە سەر ڕێکخراوی گەل و نەتەوە بێ نوێنەرەکان (UNPO)

**ڕێکخراوی نەتەوە و گەلانی بێ نوێنەر (Organization UNPO Unrepresented Nations and Peoples) ڕێکخراوی ئەو گەل و نەتەوانەیە کە لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا نوێنەریان نیە و بە فەرمی دان بە هەبوونیان وەک نەتەوە دانەنراوە.**

ڕێکخراوی UNPO لە ساڵی ١٩٩١ دامەزراوە و٤١ گەل و نەتەوەی بێ دەوڵەت ئەندامی ئەو ڕێکخراوەن، بەڵام هەموویان وەک یەک چالاک نین.بارەگای سەرەکیی UNPO لە شاری لاهە (Den Haag) لە وەلاتی هولەندایە و مەکتەبێکی پیوەندییەکانیشی لە شاری برۆکسەل هەیە. بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوی UNPO پێک هاتووە لە سەرۆک، جێگیری سەرۆک و نوو(٩) کەسایەتی دیکە وەک دەستەی سەرۆکایەتی. کۆبوونەوەی گشتی ڕێکخراو هەر ١٨ مانگ جارێک دەگیرێ و ئەرکی پێداچوونەوە بە پرۆگرامی ڕێکخراو و دانانی پلانی کار بۆ خەباتی پێشەڕۆژ بە جێ دەگەیەنێ. لە ماوەی نێوان کۆبوونەوەکانی گشتی دا، دەستەی سەرۆکایەتی کارەکانی ڕادەپەڕێنێ. بێجگە لە کۆبوونەوە فەرمیەکان، UNPO ساڵانە لەو شوێنانەی کە دەرفەتی بۆ بڕەخسێ کۆبوونەوە پێک دێنێ، بۆ ئەندامەکانی دەورەی کۆڕی پەروەردە و فێربوون پێک دێنێ وە بەبەردەوامی لە گەڵ کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان کار دەکا تا ئەوەی ڕێگایەک بۆ گەیاندنی دەنگی گەلانی بێ دەوڵەت بە خەڵکی جیهان بدۆزێتەوە. بەشی ڕاگەیاندن: چەند حیزبی کوردی تێدا ئەندامن؟ عەبدوڵڵا حیجاب: لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە تەنیا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەندامی ئەو ڕێکخراوەیە. لە ئاستی کوردستان بە گشتیدا هەر دوو پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتی نشتیمانی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە لە ساڵی ١٩٩١ ئەندامی UNPO ن، کە چی لەم ساڵەنی دواییدا کە من بەشداری کۆبوونەوەکانی دەبم، بە داخەوە دەبینم پارتی و یەکیەتی کە هەر دوکیانیش ئەندامن، بەشداری کۆبوونەوەکان نابن. پارتی و یەکیەتی لە دامەزرێنەرانی ئەو ڕێکخراوەن و دەتوانن دەوری چالاکتر لەو ڕێکخراوەدا بگێڕن. من لەوە دڵخۆشم کە بە خۆشیەوە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دەنگی هاوبەشی کوردی باشوور ئێستا زۆر کاناڵی نێونەتەوەیی بۆ بردنە پێشی داخوازی و سیاسەتەکانی مسۆگەر کردوە، بەڵام ئەو دەرفەتانە، بەو مانایە نیە کە ئیدی پیویستیمان بە کاناڵ و ناوەندی دیکە نیە. وەڵاتێکی سەربەخۆی وەکوو تایوان، هەر لە بەر ئەوەی کە ناتوانێ ببێ بە ئەندامی نەتەوە یەکگرتوەکان، بە بەردەوامی لە کار و کۆبوونەوەکانی UNPO دا بەشدار دەبێ و ئەندامی ئەو ڕێکخراوەیە. هەرێمی ئابخازیا لە نێوان گورجستان و ڕووسیادا بە شێوەی سەربەخۆ کار دەکا و لە لایەن ٥ وەڵاتیشەوە دان بە سەربەخۆییەکەی دانراوە، کە چی جێگیری وەزیری دەرەوەی تازە بووە بە ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتیی ڕێکخراوەکەمان. وەڵاتی سۆمالی لاند، و بە دەیان گەلی بێ دەوڵەت لە ئاسیا، ئەفریقا و ئامریکای لاتین



سەرچاوە
Serchawe

ئەندامی ئەو ڕێکخراوەن. وەڵاتانی سەربەخۆی ئەرمەنستان، لیتوانیا، لاتڤیا، ستۆنیا، گورجیستان و تیمووری خۆرهەڵات تا ئەو کاتەی کە سەربەخۆییان بە فەرمی ناسرا و بوون بە ئەندامی نەتەوە یەکگرتوەکان لە UNPO دا ئەندام بوون. کە وابوو، دەسەڵاتی نەتەوەیی لە باشووری کوردستانیش دەتوانێ ئەو دەرفەتە بە باشی بە کار بێنێ.

**بەشی ڕاگەیاندن**: ڕۆڵی جەنابت و پلان و بەرنامەتان لە ناو ڕێکخراوەکەدا چییە؟

**عەبدوڵڵا حیجاب**: من لە لایەن حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانەوە لەو ڕێکخراوەدا کار دەکەم و چوارچێوەی کارەکانم بە پێی بەرنامەی حیزب هێنانە بەرباسی دۆزی کورد بە گشتی و ڕەوشی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. بەڵام چارەنووسی کورد پێکەوە گرێدراوە و ئەگەر بۆخۆشمان یەکدەنگ و یەکگرتوو نەبین، خەڵکانی دەرەوە بە یەک چاوەوە سەیرمان دەکەن، بۆیە تەنانەت ئەگەر تەنیا لە ڕوانگەی حیزبییەوە و تەنیا بۆ بەرەو پێش بردنی سیاسەتی حیزبەکەشم کار بکەم، ناتوانم لە بەرامبەر ڕووداوەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستاندا بێدەنگ ببمەوە و هەر دەبێ باسی کورد بە گشتی بکەم. هەموو هەوڵ و خەباتم بۆ ئەوە دەبێ کە لە ڕێگای ئەو ڕێکخراوەوە دەنگی نەتەوەکەمان بەرز بکەمەوە. گەلی کورد ئەزموونێکی درێژی تێکۆشان بۆ ئازادی و دێمۆکراسیی هەیە. جیهان ئەو تێکۆشانە دەناسێ، بەڵام بۆ پاراستن و بەرەوپێش بردنی داخوازەکانمان و وەدیهێنانی پشتیوانیی جیهانی بۆ داخوازەکانمان دەبێ لە هەموو دەرگایەک بدەین. من بڕوایەکی قووڵم بە دەرەتانی یەکسان بۆ تاک و کۆمەڵگاکان، یەکسانی، ئازادیی ژن، دێمۆکراسی و بنەماکانی مافی جیهانیی مرۆڤ هەیە و بۆ وەدیهاتنی ئەو ئامانجانە کار دەکەم. هەوڵ دەدەم کە کار و ئەندامەتیم لە نێو دەزگای بەڕێوەبەریی UNPO دا شیاوی ناو و داخوازەکانی گەلەکەمان بێ. هەر یەک لە ئەندامانی ڕێکخراو، بە تایبەت ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری دەتوانن پلان و بەرنامەکانی خۆیان بخەنە ڕۆژەڤی کاری ڕێکخراوەوە. لە ماوەی ئەو ٥ مانگەدا کە بووم بە ئەندامی سەرکردایەتیی ئەو ڕێکخراوە ٤ کار کە دیار کراون بریتین لە ئامادەکردنی پێشنیار بڕیارێک سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە لایەن UNPO وە پەسند کرا و وەکوو بڕیاری کۆنگرەی ساڵانە بڵاو کرایەوە، هەڵوێست گرتن سەبارەت بە ئاڵۆزیی نێوان بەڕێوەبەریی باشووری کوردستان و بەغدا، گرتنی کۆنفەرانسی بە ژێنۆساید ناسینی کارەساتی هەڵەبجە لە لاهەی هۆڵاند و ئامادەکاری بۆ کۆنفرانسێکی سیاسی سەبارەت بە داهاتووی ئێران و جێگە و پێگەی نەتەوەکانی دەرەوەی بازنەی دەسەڵات لە پێشەڕۆژی ئێران دا کە هەوڵ دەدەین لە ناوەندی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ژنێو بەڕێوەی بەرین. بێگومان کار کردن لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی ئاوادا کاتێک دەتوانێ سەرکەوتوو بێ و دەستکەوتی هەبێ کە ئیمکانات و کەرەسەی بۆ تەرخان بکرێ و یارمەتی بدرێ.

**بەشی ڕاگەیاندن**: بیروڕای بەڕێزتان لە سەر ئەندام بوونی حیزب لەو ڕێکخراوەدا چییە و پێتان وایە ئەو ئەندام بوونە دەسکەوتێکی باشە بۆ حیزب و نەتەوەی کورد؟



سەرچاوە Serchawe

**عەبدوڵڵا حیجاب**: ئەندامبوون لە هەر ڕێکخراوێکی نێونەتەوەییدا دەتوانێ هێندێک دەرفەت بڕەخسێنێ و هێندێک کاناڵی پێوەندیگرتن بکاتەوە کە بۆ ناساندنی دۆزی نەتەوەیی کورد سوودیان دەبێ. بۆ حیزبی دێمۆکرات و بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەندامبوون لەو ڕێکخراوەیەدا دەستکەوتێکی بە نرخە. هیوام ئەوەیە کە ئەو دەستکەوتە بکرێ بە بنەمایەک بۆ کاری سیستەماتیک بۆ وەدەستهێنانی پشتیوانی نێونەتەوەیی بۆ داهاتوویەکی باشتر بۆ کوردی ڕۆژهەڵات. ئەو دەرفەتەش کاتێک دەتوانێ وەدەست بێ کە دەنگێکی یەکگرتوانەمان بێ، دەنا لەو وەزعەی کە هێزەکانی کوردی ڕۆژهەڵات تێیدان، بەو هەموو دووبەرەکی و جیابوونەوانەوە، بەشێکی توانامان سەرفی ئەوە دەکرێ کە وەزعی خۆمان پێنە و پەڕۆ بکەین. بە کورتی ئەگەر حیزبی دێمۆکرات بە یەکگرتووی و یەکدەنگیەوە لەو پلاتفۆرمەدا بەشدار بێ و بتوانێ هاوئاهەنگیەک لە گەڵ باقی ڕێکخراوەکانی مەیدانی تێکۆشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێک بێنێ، نە تەنیا لە UNPO بەڵکوو لە زۆر ناوەندی دیکەش دەتوانین دەنگ بەرز بکەینەوە.

سەرچاوە: کۆمیتەی نۆروێژی حدکا - ڕێکەوتی: ٥ مارچی ٢٠١٤

## خۆشمان بێ تاوان نین

کۆنسوولخانەی کۆماری ئیسلامی لە سلێمانی کورتە نووسراوەیەکی بڵاو کردۆتەوە کە پڕە لە بێ حورمەتی کردن بە ماف و کەرامەتی نەتەوەی کورد. پاش ئاشکرابوونی ئەو نووسراوەیە بەشێک لە هێزە کوردەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و چەند تاکێکی خاوەن هەڵوێست لە باشووری کوردستان کاردانەوەی توندیان لە دژی ئەو سیاسەتەی کۆماری ئیسلامی نیشان دا،

و ئەوە چەند ڕۆژە ئەو بابەتە بووە بە مژاری باسی هێندێک لە مێدیاکانی کوردی و مێدیا کۆمەڵایەتیەکان. بەڵام هەڵوێست گرتن لە دژی ئەو دوژمنکارییە تا ئێستا تەنیا لە چوارچێوەی هەڵوێستی ئەو کەس و لایەنانەدا کۆ بۆتەوە کە بە شێوەی فەرمی لایەنی بەرامبەری ئەو بێحورمەتی پێکردنەی کۆماری ئیسلامی نین. وتەبێژی حکوومەتی هەرێم واوێ دەچێ کە جارێ ئەو هەڵوێستەی کۆماری ئیسلامیی گوێ لێ نەبووبێ، بۆیە لە بەرامبەری دا بێدەنگ ماوە. هێزە سیاسیەکانی نێو گۆڕەپانی سیاسەتی باشووری کوردستان، لە بەر ڕکابەرایەتیی نێوخۆیی، خەونی دروستکردنی هێژمۆنیی حیزبی لەم لاو لەو لا، خەندەق و بەر پیی یەکتر هەڵقەندن ویڕا نەگەیشتوون، یا بۆیان گرینگ نەبووە یا پێیان خۆش نەبووە کە هەڵوێستێک لە سەر ئەو زماندرێژییەی نوێنەرایەتیی فەرمیی ئێران لە سلێمانی دەرببڕن. هێزەکانی کورد لە ڕۆژئاوا، بەدواداچوونیان بە نیسبەت سیاسەتی دژبە کورد لە بەشەکانی دیکەدا نیە و لەو بوارەوە بی هەڵوێستن. کۆلێکسیۆنی هاوبیرانی KCK کە بۆ هەر چی بوونەوەر و سروشتە لە جەمسەری باکوورەوە بگرە تا جەمسەری باشوور ڕەچەتەی چارەسەرییان پێیە، تا ئێستاش ئەو زەحمەتەی بە خۆی نەداوە کە لێدوانێک لە سەر ئەم هەڵوێستە بڵاو بکەنەوە. بەو حاڵەش گلەیی لەوە دەکرێ کە چۆنە نوێنەرایەتیی فەرمیی وڵاتێک ڕێ و شوێن و ڕێبازی سیاسی بۆ وڵات یا هەرێمێکی جیران دیاری دەکا، بە بێ ئەوەی بیر لە کاریگەریی ئەو هەڵوێستەی خۆی لە سەر پیوەندیی دوو لایەنە بکاتەوە.

لە پێوەنیی دیپلۆماتیک دا زۆر ئاساییە کە نوێنەرانی فەرمیی وڵاتێک لە وڵاتانی دیکەدا، ڕاپۆرت و هەڵسەنگاندنی تایبەتیان لە سەر وەزعی وڵاتی خانەخوێ هەبێ و ئەو ڕاپۆرتانە بۆ وڵاتی خۆیان بنێرن. زۆریش ئاساییە کە لەو ڕاپۆرتانەدا هێڵە هاوبەشەکان، هێڵە نزیک کەرەوەکان، هێڵە دوورخەرەوەکان و هێڵە ناکۆکەکان روون بکرێنەوە و لێکدانەوەیان لە سەر بکرێ. ئەو بەشە لە ئەرکی کۆرپسی دیپلۆماتیکی وڵاتان ئەوەندە ناسراوە کە پێویست ناکا لەو بەڵگانەدا کە لە ڕێگای ویکی لیکسەوە ئاشکرا دەکرێن وەدوای ئاسەواری ئەو شێوە کارە بکەوین.

هەڵوێستی کۆماری ئیسلامیش لە سەر پرسی کورد، مافی نەتەوەیی گەلی کورد، ناسنامە، مێژوو، زمان و بە گشتی هەبوونی

نەتەوەی کورد ئەوەندە شاراوە نیە کە ئێمەی کورد لێی تێ نەگەین و بە هەڵوێستی ئێستای نوێنەرایەتیی ئێران لە سلێمانی شۆک ببین. بە پێچەوانەوە، ئەوەی نوێنەرایەتیی کۆماری ئیسلامی ئێستا بە ڕاشکاوی باسی کردوە، تەنیا دڵۆپێک لە دەریایەکە کە ٣٤ ساڵە کوردەکانی ڕۆژهەڵات لە نێو گێژاوەکانی دا بەملاوبەولا دا دەدرێن و ژانی ژەهرەکەی دەچێژن. بۆیە بۆ من زۆر نائاساییە کە چاوەڕوانی هەڵوێستێکی جیاوازتر لە نوێنەرایەتیی ئێران بم، و لە بەرامبەر هەڵوێست و لێکدانەوەی ئەوان دا ناسنامە، زمان یا هەبوونی نەتەوەیی کورد بپارێزم. بۆ ئەو، کورد، ناسنامە، نرخە نەتەوەیی و مافی سیاسیەکانی هێڵی سوورن و ئەو هەڵوێستەش بە ڕاگەیاندنی جیهادی خومەینی لە دژی گەلی کورد پتر لە ٣٠ ساڵە کەوتۆتە بواری جێ بە جێ کردنەوە و تەنانەت بۆتە یەکێک لە ئەرکە ئاینیەکانی خێڵی دەسەڵاتدار لە ئێران دا.

هەڵوێستی نوێنەرایەتیی کۆماری ئیسلامی لە سلێمانی لە چوارچێوەی ئەو سیاسەتە دایە و هیچ شتێکی نوێی تێدا نیە کە ئێستا زیاتر لە جاران عاجزمان بکا. بەڵام ئەوەی کە کاری نوێنەرایەتیی ئێران لە سلێمانی لە شێوەکاری ئاسایی دیپلۆماتیک جیا دەکاتەوە، کاناڵ و شێوەی دەربڕینی ئەو هەڵوێستەیە. ئەوان لە جیاتی ئەوەی کە شرۆڤەیان لە سەر پێشکەوتنەکانی باشووری کوردستان لە ڕێگای کاناڵە دیپلۆماتیکەکانەوە بۆ وزارەتی دەرەوەی خۆیان بنێرن، ڕاست هاتوون و ئەو تێڕوانینە فەرمیەیان لە ماڵپەری نوێنەرایەتیان لە سلێمانی بڵاو کردۆتەوە تا باڵادەستیی خۆیان لە هەرێمی کوردستان و کاریگەرییان لە سەر هێزەکانی بەشدار لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان دا نیشان بدەن.

بێدەنگیی لایەنە فەرمیەکانی باشوور لە بەرامبەر ئەو هەڵوێستەدا، کە لە لاوازیی سیستەمی بەڕێوەبەری خۆماڵی، نەبوونی خوێندنەوەی سیاسی لە هەڵوێستی دوژمنکارانەی ئێران و زاڵ نەبوونی ڕووحی هاوبەندیی نەتەوەییەوە سەرچاوە دەگرێ بە داخەوە پارسەنگی هێز بە لای کۆماری ئیسلامی و نوێنەرایەتیەکەی دا دەشکێنێتەوە. مەخابن ئەو شێوە لاوازی نواندنە ڕێگا بە ئێران و باقی دوژمنانی کورد دەدا تا لە لایەکەوە سیاسەتی خۆیان لە دژی گەلی کورد بە بێ لەمپەر بەڕێوە ببەن، لە لای دیکەشەوە ڕۆژەڤی سیاسی کوردستان بە باس و ئجێندایەکەوە پڕ بکەنەوە کە هی گەلی کورد نیە. لەوەش مەترسیدارتر ئەوەیە کە بزووتنەوەی نەتەوەیی چالاکی کوردستان بە تایبەت دەسەڵاتی باشوور، بە ئۆپۆزیسیۆنی خاوەن هێزیشەوە تا ئێستا نیشانی نەداوە کە بەرژەوەندییە باڵا نەتەوەییەکانی ئەوەندە بە لاوە گرینگە کە دەتوانێ بەرژەوەندییە حیزبیەکانی بخاتە ژێر کۆنترۆلی میکانیزمێکی سیاسیی هاوبەشەوە کە خاوەنی ئیرادەی بڕیاردان و هەڵوێست گرتن لە بەرامبەر دوژمنە ستراتێژیکەکانی گەلی کورد دا بێ. ئەوەش دەبێتە هۆکاری ئەوە کە ئێران زۆر بە ئاسانی کایە بە شعوور و کەسایەتیی نەتەوەییمان بکا، بە بێ ئەوەی کە ڕێبەرانمان بە تایبەت لە باشوور ڕێگا بە خۆیان بدەن یا بیری لێ بکەنەوە تا سنوورێک بۆ ئەو بێ حورمەتیە دابنێن. نموونەی هەرە بەرچاو و تەنانەت خراپتر لە دوایین نیشانەی بێ حورمەتی کردنی کۆماری ئیسلامی بە نرخە نەتەوەییەکانمان، پێشوازیی کاربەدەستانی هەرێم لە سەحراڕوودی، بکوژی ڕێبەری شەهیدی کورد د.عەبدولڕەحمان قاسملوویە کە لەو ٢٠ ساڵەی دوایی دا وەک یەکێک لە ئاڵقە سەرەکیەکانی پێوەندیی نێوان ئێران و

هەرێمی باشووری کوردستان کاری کردوە.

نامەوێ بچمە نێو باسێکەوە کە هیچ یارمەتیمان ناکا تا لەمەوە بە دواوە بە شێوەیەکی دیکە بجووڵێینەوە و لە بازنەی هەڵەکانی ڕابردوو بێینە دەرەوە. ئەوەی ئێستا دەبینین و بۆ هەموو کورد گرینگە ئەوەیە کە لە ڕەوشی سیاسیی ئێستای کوردستان دا ئەجێندای سیاسی بە کێشە نێوخۆییەکان، دووبەرەکی، شەڕی ڕاگەیاندن، شەڕ لە سەر زاڵ کردنی هێژێمۆنیی حیزبی لە نێو خۆی کوردستان بە سەر لایەنەکانی دیکەی کوردی دا و هەوڵدان بۆ لاوازکردن یا لە نێوبردنی لایەنەکانی دیکە ئەوەندە زۆرە کە بەشی زۆری پوتانسیەلی خەباتی هێزەکوردیەکانی بە خۆیەوە خەریک کردوە. بۆیەش بۆ چاوەدێرێک کە لە دەرەوە ڕا بڕوانێتە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان، هەڵوێست و تێڕوانینی دوژمنانی کورد تەنیا وەک یەکێک لە لەمپەرەکانی سەر ڕێگای گەلەکەمان دەبینیدرێ. باقی تاوانە دەکەوێتە سەر شانی خۆمان و نەبوونی ڕوانگە، پرۆژە، ستراتیژی، هاوبەندی و یەکیەتی نەتەوەییمان.

هەڵوێستی ڕاگەیەندراوی نوێنەرایەتیی ئێران لە سلێمانی چ لە سەر ماڵپەڕەکەیان بمێنێ، چ لا بچێ، یا تەنانەت ئەگەر بە ئاشکرایی باسیش نەکرابا، هیچ شتێک لەو ڕاستیە ناگۆڕێ کە کۆماری ئیسلامی چەندە دوژمنی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، هەر ئەوەندەش دوژمنی گەلی کورد و مافەکانی لە باشوور، باکوور و ڕۆژئاوایە. بۆیە ئەگەر ئێستا لە دژی کانتۆنەکانی ڕۆژئاوا شەڕ ناکا، بزووتنەوەی کورد لە باکووری کوردستان ناخاتە ژێر گوشارەوە، یا ڕەوشی باشوور لەوەی کە هەیە زیاتر تێک نادا، تەنیا لە بەر ئەوەیە کە پلانە تاکتیکیەکانی بۆ خزمەت بە پرۆژەی ستراتێژیکی لە ناوچە دا بە کار دێنێ. لەو چوارچێوەیەشدا ئێستا بزووتنەوەی کورد لە باشوور، باکوور و ڕۆژئاوا بۆ پلانە درێژخایەنەکانی بە مەترسی نازانێ، تەنانەت ئەگەر هێندێک وردە قوربانیشی لە پێناودا بدا. بەڵام ئەگەر هات و بزووتنەوەی کوردستان لە هەر کام لەو بەشانەدا بە ڕادەیەک بە هێز بوو کە بە هێز و ئیرادەی خۆی بکەوێتە نێو کایەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە، بێگومان کۆماری ئیسلامی بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە بەرامبەری دا ڕادەوەستێ. هەڵوێستی کۆنسوولخانەی ئێران لە سلێمانی دەبێ لەو چوارچێوەدا لێک بدرێتەوە.

بە بێ ئەوەی بمەوێ ڕۆڵی دوژمنکارانەی باقی نەیارانی کورد لە دژایەتی کردنی ماف و داخوازییەکانی نەتەوەکەماندا کەمڕەنگ بکەمەوە، پێم وایە هەڵوێست گرتن لە بەرامبەر پلانەکانی کۆماری ئیسلامیدا گەورەترین پێوانەیە بۆ ئەوەی نیشان بدا کە هەر تاک و لایەنێکی بەشدار لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستاندا چەندە بڕوای بە هاوچارەنووسبوونی کورد، یەکیەتی نەتەوەیی، گۆڕانکاریی بنچینەیی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا، دامەزراندنی سیستەمی دێمۆکراتیک و سەردەست کردنی پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ هەیە. هەر کام لەو تێگەهانە نرخێکن کە لە گەڵ سیاسەت و هەڵوێستەکانی کۆماری ئیسلامی و سیاسەتەکانی لە ناوچە دا ناگونجن.



سەرچاوە
Serchawe

بۆیە ئێمەی کورد لە جیاتی ئەوەی لە بەرامبەر ئەو چەشنە هەڵوێستانەی کۆماری ئیسلامی دا دژکردەوەی کاتی و خۆڕسکی نیشان بدەین، دەبێ بیر لە ستراتیژییەکی هاوبەشی نەتەوەیی بکەینەوە. دەبێ بە ناکۆکیی نێوخۆیی، بە دووبەرەکی، جیابوونەوەکان، پەراوێزخستنەکان و ڕکابەرایەتیی بێ بنەما بڵێین نا ئیدی بەسە و سەد جار نا و ئیدی بەسە. دەبێ لە جیاتی دروشمی دوورخەرەوە، داتاشینی مۆدێلی ئوتۆپیک، بایکۆت و ڕوو لە یەکتر هەڵگەڕاندن، تێکەڵاو کردنی سنووری دۆست و دوژمن، شەڕە دندووکەی نێوخۆیی، بە فیڕۆدانی پوتانسیەلی خەباتی نەتەوەیی، سەفەربەرکردنی هێز و تواناییەکانمان لە دژی یەکتر و ... پێکەوە بکەوینە دیالۆگێکی ئەرێنییەوە و دەستی یەکتر بگرین تا هەموومان لە دەوری ئیرادەیەکی هاوبەش کۆ دەبینەوە. بزووتنەوەی کوردستان بە هەموو ڕەنگ و تواناییەکانیەوە دەتوانێ ببێ بە هێز و پێش بە هەڕەشە و سیاسەتەکانی دوژمنان بگرێ. لە غەیری ئەو حاڵە دا دووبەندی، دووجەمسەری، ناکۆکی و لە کۆتایی دا شکستێکی دیکەمان لە پێشە کە ئەو جار ئەگەر بە سەرمان بێ، تەنیا خۆمان لێی بە بەرپرسین و تاوانبارەکەشی هەر خۆمانین، بە هەموو تاک و لایەن و هێز و دەسەڵاتدارەکانمانەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ١٦ی مای ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe

# کۆچێکی زوو

### بۆ یادی ٥ساڵەی نەمر تەها عەتیقی

ژیان لە گەڵ هەموو دەرفەت و گرفتارییەکانیەوە، بە ئیمکانات و کەند و کۆسپەکانیەوە، بە خۆشی و ناخۆشی، ئاڵۆزی و ئارامی، دەرەتان و سنوورەکانیەوە، ئەگەر ڕووی لێ وەرگێڕای، زۆر بی ڕوحم دەبێ. چارەنووس ئەگەر لێت تووڕە بوو، سنوور ناناسی. پێشەڕۆژ ئەگەر کەوتە نێو هەورە ئاڵۆز و تاریکەکانی بەختەوە، تاریک دەبێ و نەفەس ئەگەر تووشی بەردەڕەقەی سەر سنووری کۆتایی هات، ئیدی بە نەخوازراوی لە لێدان دەکەوێ. ئیدی با هەر پلان بێ و چاوەڕوانی جێ بە جێ کردن، با هەر خۆزگە بێ و چاوەڕوانی وەدی هاتن، با هەر حەز بێ و چاوەڕوانی حەزین، با هەر ئاوات بێ و چاوەڕوانی جێ بە جێ بوون و با هەر چاوەڕوانی بێ و بەندەواری نەهاتن. ژیانی فیزیکی تەنیا ئەو کات و ساتەیە کە تێیدا دەژی و ئەوەی بە دوای خۆت دا بە جێ دەمێنێ تەنیا بەرهەمی دەست و مێشک و هزری خۆتە و بەس. نە دەوڵەمەندی، نە کەس و کار و نەش دەسەڵات دەتوانن شتێکت بۆ بەجێ بهێڵن یا یارمەتیدەرت بن کە چارەنووست لە بواری جەوهەرییەوە بەرەوە ئەم یا ئەو لا بگۆڕی.

کاک تەها بە وەها تێڕوانینێکەوە ژیا و تەنیا بە پێبەندبوون بە هێزی هزر و بەرهەمی بیری‌یەوە، بە گژ هەبوونی مادی، دەسەڵات و دامەزراوە خۆپەرێزە خۆسەپێنەکانەوە دەچوو. لە ناخی دا هەمیشە سەرهەڵدانێک هەبوو کە هانی ئەو ئارامیە ڕواڵەتییەی دەدا تا دەروونی سەرهەڵدێری لە بیر نەکا. ڕواڵەتی مەندی گرکانی نائارامی دەروونی داپۆشیبوو، بەڵام نەیدەتوانی هاواری سەرهەڵدانە دەروونییەکەی کپ بکا. ئەو دەنگی دەروونی زۆر کەس بوو.

یەکەم جار کە کاک تەهام ناسی، لە هەڵس و کەوت و شێوەی تێڕوانینی دا بۆ ژیان، دیار بوو کە بیر لە هیچ کام لەو سێ هەبوونانەی کە ڕەنگی ڕواڵەتی و ڕووکەش بە ژیان دەبەخشن ناکاتەوە. بە ڕاشکاوی هەستت بە سەربزێوییەک دەکرد کە هانی دەدا لە شەری ژیان پاشگەز نەبێتەوە. ئەو هیوای بۆ پێشەڕۆژ هەبوو، بەڵام لە کات و ساتی خۆی دا دەژیا، حەزی لە ژیانی خۆش بوو، بەڵام خۆشیی خۆی لە پێناو ژیانێکی باشتردا بۆ گەلەکەی دەکردە قوربانی، ئەوینداری ژیانێکی ئازاد بوو، کە چی لە چوارچێوەی قەفەسێکی سنووردارردا دەخولایەوە و هەوڵی دەدا کە لەو ڕاوەستگا سنووردارکراوەڕا بیری ئازادی بڵاو بکاتەوە.

بەڵام ئەوەی کە کاک تەهای زیاتر لە زۆر کەسی دەوروبەری جیا دەکردەوە، تێڕوانینی ئەو بۆ پلە و پایە و مەقام و دەسەڵات بوو. ئەو دەسەڵاتی پێ بچووک بوو و ئەو دەسەڵاتدارانەی کە بە هەر شێوەیەک بە کورسی دەسەڵاتەوە دەنووسن پێ بچووکتر بوو. ئەگەر لە ناخی دەروونی ئەو تێ نەگەیشتبای، ڕەنگە لە یەکەم دیدار دا هەستت بە تووڕەیی و نەفرەتێک کردبا کە بە نیسبەت بەرپرسایەتی و دەسەڵات دا هەیبوو. کە زیاترت دەناسی و دەتدواندەوە، دەتزانی کە ئەوە دژ کردەوەیەکی لە ڕووی نەفرەتەوە نیە، بەڵکوو تێڕوانینێکی سەرهەڵێنانە و بێ چاوەڕوانیە بۆ شێوەی بەڕێوەبەری.

مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٣ بوو کە لە گوندی گەورەدێی باشووری کوردستان بە هۆی ئەرکی کاریم لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران دا بۆ یەکەم جار کاک تەهام ناسی. لە یەکەم ڕۆژەکانی دان و ستان لە گەڵ هاوکار، هاوبیر و هاوحیزبییەکانم لە ڕادیۆ و کاک تەها، کە پاش شەهیدی سەرکردە دوکتور سەعیدی نەمر و هێژا کاک دوکتۆر خەلیقی بە تەمەنترین و بە ئەزموونتریان بوو هەستم بە نامۆیی و مەودایەک کرد کە زوو بە زوو بەرۆکی بەرنەدەدام. بەڵام ئەو نامۆیی و مەودا دیارە، نە ئەو دەم و نەش ئێستا کە زیاتر لە ٣٠ ساڵ لەو کاتە تێپەڕیوە، لە ڕێز و حورمەتی بێ سنووری من بۆ کاک تەها کەم نەکردەوە.

کاتێک بۆ یەکەم جار پێم نایە "دیوی ئینتشارات" کە شوێنی ژیانی کاک تەها و هاوکارە نزیکەکانی، و شوێنی هاوبەشی کاری هەموو ڕادیۆ و چاپەمەنیی حیزب بوو، چاوم بە کابرایەکی بە خۆوە، سمێڵ ڕەش و سەر نیوە تاس کەوت. ئەو بە ژێرکراسێکی سپی و پانتۆڵێکی سەوزی پڕ ڕەنگەوە لە نێوەڕاستی هۆدەکە دانیشتبوو، کلاسۆرێکی قاوەیی لە ژێر بەستە کاغەزێکدا لە سەر ڕانی دانابوو و بە خێرایی دەینووسی. کاک مەکۆی نەمر کە ڕێنوێن و ڕێپێشاندەرم بوو، پێی کوت کاک تەها ئەوە لەو ژوورە گەرمەدا ناپیشێی؟ ئەو بە پێکەنینەوە گوتی تەڵاقم کەوتبێ ئەوە دەسووتێم، بەڵام خوو دەرەوە لە جەهەننەم گەرمترە. ئیسکانە چایەکەی بەتاڵ بوو. مەکۆ پێی کوت ئەوە چایەک بۆ خۆمان دێنم، ئیسکانەکەی تۆش پڕ کەمەوە؟ کاک تەها وەڵامی داوە و کوتی خەجاڵەت خۆم، من بە عەرزەوە نووساوم و ناتوانم هەستمەوە سەر پێ، بە حەزرەتی خەوس چای ئەو دەست و پلە ناسک و نارنجیانەی تۆ دەبێ لە چای دەستی ئایشە و فاتمان خۆشتر بێ. دوای چاک و چوونی، نووسراوەکەی بەر دەستی تەواو کرد و هەستاوە سەر پێ و کووتی با بچینە دەرەوە. لە کاتی هەستانەوەدا، چاوی لە من کرد و کوتی "پێت خۆش بوو ئێستا دەستێکت نەبوایە و سمێڵێکی ئاوات بوایە!

یەکەم جار بوو کە قەلافەتی پشت ئەو دەنگانەم دەبینی کە پێشتر لە ڕادیۆدا گوێم لێیان ببوو. لە لای خۆم کێوێکی جیاوازتر لەو مرۆڤانەم دەبینی کە چاوم پێیان دەکەوت. لە مێژ بوو گوێم لەو شێوە قسانە نەبوو و نەمدەزانی بڵێم چی، بەڵام هەستم کرد کە ئەو کەسە تایبەتمەندیی خۆی هەیە. وردە وردە کە کاک تەهام پتر ناسی، دڵنیا بووم کە ئەو، چەمکە باوەکانی ژیانی ئاسایی نێو کۆمەڵگا بۆ سووک کردنەوەی باری قورسی سەر شانی خۆی و هاوڕییانی بە کار دێنێ و

بەو شێوەیە، چێژ و تامێکی خۆش بە ژیانی دژواری پێشمەرگایەتی دەبەخشێ.

کاراکتێری سەرهەڵدێری کاک تەها زۆر قەید و بەندی تێپەڕاندبوو. بێجگە لە کاک سەعید، کە کاک تەها ڕێزێکی بێ سنووری بۆی هەبوو، هیچ بەرپرس و بەڕێوەبەری حیزبی نەبوو کە لە ڕوانگەی وردبین و ڕەخنەگرانەی کاک تەها پارێزراو بێ. ئەو بێ باکانە هاواری دەکرد و زۆر زوو دەتوانی کاراکتێرە شاراوەکانی پشت قەڵای پاقژی پێشمەرگایەتیەوە لە قاو بدا. لە هەمان کاتیش دا، زۆر کەسێکی بە مشوور و بە تەحەممول بوو. بۆ من ئاشکراترین نیشانەی بە تەحەممولبوونی کاک تەها، پێداچوونەوەکانی کاک سەعید بە سەر ئەو وتار و نووسراوانەدا بوو کە کاک تەها دەینووسین. ئەو کات، لە ٦ ڕۆژی حەوتوودا کاک تەها هەواڵەکانی ڕادیۆی دەنووسی، دوو ڕۆژی حەوتوو پاش هەواڵەکان، ژیاننامەی شەهیدانی دەنووسی و بۆ ڕۆژانی هەینیش، بەرنامەی ئێمە و گوێگرەکانی هەبوو کە بۆ خۆی دەینووسی و لە گەڵ ژنە تێکۆشەرەکەی نێو ڕیزەکانی حیزب خەجیج خان بەڕێوەی دەبردن. کاک ئەحمەد شێربەگی، هاواری بوێری پێشمەرگە و یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکیەکانی ڕاگەیاندنی حیزبیش یارمەتیی کاک تەها دەدا، بەڵام ئەو دەم قورسایی کار هەر لە سەر شانی کاک تەها بوو. لە سەر یەک، لە ڕۆژدا شتێک لە نێوان ٦ تا ١٠ لاپەرە لە بەرهەمەکانی کاک تەها لە دەنگی کوردستانەوە بڵاو دەکرانەوە، کە ئەوە ڕێکۆردی کاری حیزبی بوو. کاک سەعید بە سەر هەمووی ئەو نووسراوانە دا دەچووە و کەمتر دێڕێک هەبوو کە گۆڕانیان بە سەردا نەیەنێ. جاری وابوو سی جار ڕستەیەکی دەگۆڕی و دواتر ڕستە ئەسڵییەکەی کاک تەهای دایدەناوە. لەو چوار ساڵ و چەند مانگەدا کە من لە نزیکەوە لە گەڵی کارم دەکرد، تەنانەت جارێکیش گوێم لێ نەبوو کە دژکردەوە لە بەرامبەر ئەو کارەدا نیشان بدا یا وا بنوێنێ کە ئەو هەموو دەستکاریانەی پێ ناخۆشە.

کاک تەها سیاسەتەکانی حیزبی بەڕێوەدەبرد و بەشێکی سیاسەتی ڕاگەیاندنی حیزبیشی دادەڕشت. بۆیە زۆر کەس زمانی ڕادیۆی حیزب بە بەرهەمی کاری کاک تەها لە قەڵەم دەدا. بەشی زۆری ئەو قسانە ڕاستن. کاک تەها بە سەرکەوتنی پێشمەرگە و بە گەشەکردنی خەباتی نەتەوەیی دەگەشایەوە و هێزی دەگرت. ئەو هێز و گەشانەوەیە هەموو دەبوو بە وشەی پاڵپێوەنەر بۆ بەخشینی هێزی زیاتر بۆ پێشمەرگە و گەل. بەم پێیە، ئاساییە کە کاک تەها بە داڕێژەری زمانی توندی حیزبی دێمۆکرات بەرامبەر بە ڕەخنەگران و جیابیرەکانیشی بناسرێ. بەڵام وەک شاهیدی کاری کاک تەها دڵنیا نیم کە ئەو زمانە زبرەی کە لە کاتە قەیرانیەکان دا باڵی بە سەر زمانی ڕاگەیاندنی حیزب دا دەکێشاوە، بەرهەمی بیری کاک تەها بێ. لە گەرمەی شەڕی نارەوای حیزب و کۆمەڵەدا، کاتێک هەر دوو لایەن بە شێوەی نارەوا و زۆر زبر پێک هەڵدەپڕژان و بە کردەوەش خەریکی ڕشتنی خوێنی پێشمەرگەکانی یەکتر بوون، بە جاران کاک تەهام بینیوە کە لە کاتی نووسینی هەواڵی شەڕەکاندا، فرمێسکی بە چاوان دا هاتوونەتە خوارێ. ئەو نارازی بوو لە یەکتر کوشتن، دەریشی دەبڕی، بەڵام لە کار و ئەرکە حیزبیەکانی پاشگەز نەدەبووەوە. وەک هاوکاری کاک تەها، شاگرد و کەسێک کە ڕێزی لە کاک تەها دەگرت، پاش کۆنگرەی ٨ی حیزب و بە دوای جیابوونەوەی داخهێنەر، شاڵاوی ڕژدی تەبلیغاتی توندی لایەنی بە هێزتری دێمۆکرات



سەرچاوە
Serchawe

بۆ سەر لایەنی جیابووەوە دەستی پێکرد و ناڕەواترین وشەکان لە دەنگی کوردستانەوە بە دژی خەباتگێرانی دیمۆکرات بڵاو دەکرانەوە، زۆر جار لە بەرەی بەرامبەر بە کاک تەها و هاوڕییانی هاوبیر بەڵام لێک داپچراوم ڕا، بە دڵێکی پڕ لە ئێش و ئازارەوە دەگریام و دەکەوتمە بیری ئەو فرمێسکانەی کە کاک تەها لە کاتی داڕشتنی هەواڵی شەڕەکانی حیزب و کۆمەڵە دەیڕشتن. ئەو کات دڵنیا بووم کە کاک تەهاش وەک من ئازار دەچێژێ.

ئەو سەردەمە تاڵە بە هەموو ئەنجامە نەینیەکانیەوە بە سەر چوو، بەڵام بە داخەوە بۆ من هەر نەلوا کە دوبارە کاک تەها ببینمەوە و پێکەوە باسی ئازارە هاوبەشەکانمان بکەین. کاک تەها، زوو بە جێی هێشتین و ئەو دەرفەتەی بۆ نەهاتە پێش کە وشە شاراوەکانی پشت ئەو هەست و هەڵوێستانەی بنووسێتەوە. بەڵام ئەمەگ و ماندووبوونی کاک تەها لە وشەبەخشین بەو تێکۆشان و فیداکارییانەی کە شەهید و پێشمەرگەکانی حیزبی دیمۆکرات دەیانخوڵقاندەوە هەر زیندوو دەمێنێتەوە.

**کاک تەها نامرێ و لە نێو دڵی تێکۆشەرانی ئازادی و پێشمەرگە هاوسەنگەرەکانی دا هەتا هەتایە هەر دەژی.**

**تێبینی: ئەو بابەتە لەسەر داوای من بۆ نامیلکەی یادی پێنج ساڵەی ماڵئاوایی نەمر و تێکۆشەر کاک تەها ئامادە کراوە.**

**دێسەمبەری ٢٠١٤**

## هەر هێزێکی ڕۆژهەڵات بەجۆرێک تێکەڵاوی بە باقی هێزەکانی کوردستانەوە هەیە

**ڕۆژهەڵات تایمز: چەند ساڵێکە ڕەوتی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەو کزی دەرواو حیزبە سیاسییەکانیش دوابەدوای گۆرینی شێوەی خەباتیان لە چەکدارییەوە بۆ کاری ڕێکخستنو پشتیوانیی لە ئێعترازییە جەماوەرییەکان، نەیانتوانیوە بەو جۆرەی پێویستە شوێندانەربن. بە گەشە کردنی خەباتو چالاکیی باکوورو ڕۆژئاوای کوردستان، جەماوەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆرتر سەرنجیان داوەتە ئاڵوگۆری پارچەکانی دیکەو لای بەشێکی زۆر لە چالاکانی سیاسیو مەدەنی کێشەو داخوازییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەمرەنگ بۆتەوە.**

**بۆ تاووتوی ئەم باسە ڕۆژهەڵات تایمز لە زنجیرە وتووێژێکدا هەوڵ دەدا باسێک بەناوی "ڕۆژهەڵات مێحوەری" لەگەڵ کۆمەڵێک کەسایەتیی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێنێتەبەر باس.**

**عەبدوڵڵا حیجاب ئەندامێ پێشووی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بیروبۆچوونی خۆی سەبارەت بە تەوەری دیمانەکە دەخاتەروو.**

**پرسیار**: چەند ساڵێکە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تووشی جۆرێک گۆشەگیری لە کاری سیاسی بووەو خەباتی حیزبە سیاسییەکان لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتەوە کەمرەنگ بووەو لە نێوخۆش خەباتی جەماوەری زۆر کزە، هۆکاری ئەم دۆخە بە رای ئێوە بۆچی دەگەڕێتەوە؟

**وەڵام**: سەرەکیترین فاکتۆر بۆ کەمڕەنگبوونی چالاکیی سیاسی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، توندوتیژیو سەرکوتی لە ڕادەبەدەری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە. لە هەموو هەڵسەنگاندنەکاندا دەبێ ئەو فاکتۆرەمان لەبیر بێ. ڕێژیمێک کە ڕوحم بە مۆرە سەرەکییەکانی خۆی ناکا، نزیکترین خزمەتگوزارانی خۆی دەستبەسەر دەکاو پێش بە چالاکی جەماوەری لە چوارچێوەی یاساکانی خۆشیدا دەگرێ، بێگومان ڕێگا نادا کە بزووتنەوەی یەکسانیخوازیی کورد نەفەس بکێشێ. بێجگە لە کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی، تێڕوانینی ڕێژیمیش گەورەترین لەمپەڕی سەر ڕێی خۆنواندنو دیاربوونی بزووتنەوەی کوردستان، تەنانەت لە چوارچێوەی وردە چالاکییەکی جەماوەریشدایە.

تیشک خستنە سەر لەمپەری سەرەکی، بە مانای خۆدزینەوە لە قبووڵی ڕاستییەکان نیە. خۆشمان لە بەرەی کوردیدا گرفتو نقوستانیمان زۆرە. ئەگەر جارێ لە چوارچێوەی چالاکیی جەماوەریدا بمێنینەوە، نەبوونی ئەزموونی بەشدار بوون لە

سیاسەت، دەسەڵاتداریو کاری مەدەنیدا وای لێکردووین کە تەنانەت دێمۆکراتترین هێزە سیاسییەکانیشمان تێڕوانینی زۆر تەسکیان لەسەر ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی هەبێ. بۆ هێندێک لە هێزە سیاسییەکان کە دەوری سەرەکیشیان لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستاندا هەیە، تەنیا ئەو ڕێکخراوە جەماوەرییانە مەشرووعیەتیان هەیە کە سەداسەد بەپێی ویستو ئیرادە، تەنانەت بە پێی بەرنامەی ئەوان بجووڵێنەوە. ئەگەر کەسایەتییەکی چالاک لە بوارێکدا لە ناوخۆ یا تەنانەت لە دەرەوەی وڵاتیش کارێک بکا، دەستبەجێ مۆرکێکی بۆ دروست دەکریو هتد. پرشو بڵاویی هێزەکان سەر لە خەڵک دەشێوێنێ، چونکە ڕوو لە هەر لایەک بکەنو بە هەر شێوەیەک بجووڵێنەوە، لایەنێکی دیکە هەر لێیان دڵگرانو ناڕازی دەبێو دڵی هەموو لایەکیش بە کەس ڕاناگیرێ. بەم شێوەیە دەیان سنوورو لەمپەر لەبەر پێی هەوڵدان بۆ وەڕێخستنی چالاکیی جەماوەری دروست دەکرێن.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان، گرفتی زێهنیەتی لە ڕابردوودا، ژیان گەورەترین کۆسپی سەر ڕێگای چالاکتربوونی بزووتنەوەیە. بێجگە لەمەش خولانەوە لەنێو بازنەی سووبژەکتیوی من منۆکێی حیزبیدا، کە هەر لایەنێک تەنیا خۆی دەبینێو لە دەرەوی بازنەی خۆیدا هەموو چالاکییەک بە دەستکردو دژ بەخۆ دەزانێ، گرفتێکی دیکەی سەر ڕێگای چالاکتر بوونمانە. با خۆمان فریو نەدەین، بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئێستاش لە چوارچێوەی دوکترینی سیاسیی ساڵەکانی ٧٠و ٨٠ی زایینی، واتا ٥٠ و ٦٠ی هەتاوی دا دەژی. واتا لە بواری سیاسییەوە، خۆی نوێ نەکردۆتەوەو ڕێگاش بە گفتگۆیەکی چاککەرەوە بۆ دەربازبوون لەو وەزعە نادا. چونکە هەر کە زمانت بۆ باسکردن لەسەر ئەو بابەتە کردەوە، دەستبەجێ دەخرێتەوە خانەی ئەهریمەنەکانەوەو بە کێشەخوڵقێن، ناڕازی، ڕەخنەگر، ئۆپۆزیسیۆنو... دەناسێندرێی، لە حاڵێکدا کە دەرگای دیالۆگی سیاسی کراوە نیە تا لەسەر هەر کام لەو چەمکانە ساخ بینەوە.

با بە هەڵە لێک نەدرێتەوە، مەبەستی من ئەوە نیە کە من نوسخە یا ڕەچەتەی تێپەڕبوونی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانم لە وەزعی شێواوی ئێستادا پێیە. نا، کارو بەرنامەی سیاسی بە هەوڵی هاوبەشو بە بەشداریی چالاکانە لە ڕەوتە سیاسییەکاندا سەر دەگرێ، بەڵام ئەوانەی دەسەڵاتدارن دەبێ باوەشیان بۆ ئەو بەشدارییە کراوە بێ. ئەوەی من دەبینم، زۆربەی باوەشەکان بۆ چەپڵە لێدان کراوەن، نەک بۆ لێکدانەوەو هەڵسەنگاندن.

بێجگە لەو کەماسیانەی باسم کرد، چەند فاکتۆری نێوخۆیی دیکە کە لەسەر پەراوێز خستنی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاریگەری زۆریان هەیە، نەبوونی پلاتفۆرمێکی هاوبەشی نەتەوەیی، جیابوونەوەو دڵساردییەکان، لێک تۆڕانو پاڵپێوەنان لەنێو ڕیزی هێزە سیاسییەکاندا، لەت لەتبوونەکانو جیددی نەبوونی لایەنەکان بۆ کۆتایی هێنان بەو پرشو بڵاوییە. بە کردەوە، جیابوونەوەکان بە چاولێکنانێک سەر دەگرن، بەڵام نزیکبوونەوەکان دەبێ لە حەوت خانی ڕۆستەم تێپەڕن. ئێستا دوو حیزبی دێمۆکرات بە دوو ڕێکخراو و دوو هێزی چەکدارەوە، کۆمەڵە بە سێ- چوار لقو پۆپەوە



سەرچاوە Serchawe

کە هەر کامەی هێزی چەکدارو ڕێکخراوی خۆی هەیە، خەبات، پارتی ئازادی بە هێزی سەربازییانەوەو هەموو ڕێکخراوەکانی دیکە لە لایەکو پەژاکو سیستەمەکانی سەر بەو لە لایەکی دیکەوە، بەر لەوەی کە ڕوویان لە دوژمنی هاوبەش بێ، خەریکی دژایەتی کردنی یەکترن. ئەو ڕەوشە، بە دەستی خودی کورد دروست کراوەو زۆر نارەوایە. ئەگەر هەمووشیان ئێستا نەتوانن پێکەوە کار بکەن، خۆ دوو دێمۆکرات هیچ جیاوازییەکیان نیە، بۆ یەکتر ناگرنەوەو هێزەکانیان تێکەڵ ناکەنەوە تا هیوایەک بەو خەڵکە ببەخشن کە دڵسۆزی دێمۆکراتن؟

ئەگەر ڕۆژنامەوانێکی کوردی کرمانج لە باکوور یا ڕۆژئاواوە، جارێک پرسیارێک لە سەرکردەیەکی کوردی ڕۆژهەڵات دەکا، لە وەڵامەکان ڕا زۆر بە ڕاشکاوی دەردەکەوی کە لە پرسیارەکان حاڵی نەبووە. کەوابوو ئاساییە کە لە ڕەوشی سیاسیی بەشی زۆری کوردستانیش بێخەبەر بێ، یا خود بەشێوەی ناڕاستەوخۆو لە کاناڵێکەوە کە زۆر جێی متمانە نیە هەواڵەکانی وەربگرێ.

هەم جیابوونەوەکانو هەمیش مەنتیقی زاڵ بەسەر ڕەوتی دیالۆگی نێوان هێزە کوردییەکاندا لەگەڵ هیچکام لە پیوانەکانی زانستی سیاسی یا تەنانەت پراتیکی سیاسی لە چوارچێوەیەکی دێمۆکراتیکدا یەکناگرنەوە. جارو بار کە باسی دیالۆگی نێوخۆیی دەکرێ، لایەنەکان دەڵێن پێویستیمان بەکات هەیە تا لە یەکتر تێدەگەین، لە نیاتی یەکتر حاڵی دەبینو زەمینەی یەکگرتنەوە یا لە یەکتر نزیکبوونەوە ئامادە دەکەین. لە دەرەی جڤاکی کوردی، ئەگەر ئەو شێوە کارە دەخرێتە بەر باس، پێمان دەڵێن باشە کاتێک کۆمەڵێک کە ٣٠ ساڵ پێکەوە کاریان کردوە، لەو ٣٠ ساڵەدا لە یەکتر تێنەگەیشتوون، گەلۆ بۆ خۆیان دەزانن وەدوای چی کەوتوون؟ بۆیە بایەخمان دادەبەزێو ناتوانیین وەکوو ئەکتەری سیاسی لە ئاستی جیهانی یا ناوچەیی دا دەور بگێڕین.

**پرسیار**: گەشەکردنی خەباتی پارچەکانی دیکەی کوردستان، تا ڕادەیەکی زۆر بۆتە هۆی داپۆشینی چالاکیو خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێتوایە دۆخی سیاسیی ئەو پارچانەی کوردستان چ کاریگەرییەکی پۆزەتیڤو نیگەتیڤی لەسەر خەباتی ڕۆژهەڵات داناوە؟

**وەڵام**: من لە گەڵ ئەو ئیدیعایەدا نیم. بە پێچەوانەوە، گەشەکردنی بزووتنەوەی کوردستان لە بەشەکانی دیکەدا باشترین دەرفەت بۆ کوردی ڕۆژهەڵات دەخولقێنێ کە دەنگی مافخوازیی خۆی بەرز بکاتەوە، بەڵام چونکە بۆخۆمان ناتەباو ناکۆکین، هەم دوژمنەکانمان زیاتر سەردەست دەبنو هەم هێندێک هێزی کوردی لە خۆمان بە دەسەڵاتترو بە ئیمکاناتتر لەو وەزعە کەڵکی خراپ وەردەگرنو مەودای نێوانمان پترو کاریگەریمان لەسەر ڕەوتی ڕووداوە سیاسییەکانی کوردستان کەمتر دەکەن.
ئەگەر بە لایەنی ئەرێنی گەشەکردنی بزووتنەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەدا دەست پێبکەین، دەسەڵاتی خۆماڵی لە

باشوور، لەگەڵ هەموو ئەو کەموکووڕیو لاوازییانەی کە هەیەو سەرەرای هەموو رەخنەیەک کە پێویستە لێی بگیرێ، بەڵام هەر هەبوونی بووە بە نرخو دەستکەوتێک بۆ هەموو کورد. ڕاستە کە جارو بار تووڕەمان دەکەن، لێیان تووڕە دەبین، ڕێگامان پێدەگرنو بێڕێزی بە چالاکانمان دەکەن، بەڵام لێیان ناترسێین، بە سەریاندا دەقیژێنینو هەڵەکانیان زەق دەکەینەوە. هەر کوردێکی ڕۆژهەڵات کە ڕوو لە باشوور دەکا، لە کاتی گەڕانەوەدا هێندێک بەروبۆنی ئەو ئازادیو سەروەرییە خۆماڵییەی کە لە باشووردا هەیە، لەگەڵ خۆیان دەگوێزنەوە بۆ ڕۆژهەڵات. ئەوە سەرچاوەی هێزە بۆ بە هێزکردنی هەستی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. کاریگەریی بزووتنەوەی کورد لە باکوور، لە قەڵای ماکۆوە بگرە تا ئیلام، بە سەر هەموو ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دیارە. با لێشیان تووڕە بینو هەموو کارەکانیان بە دڵمان نەبێ، بەڵام چالاکڤانانی کورد لە باکوور هەر برابەشو پشتیوانمانو لێمان جیا ناکرێنەوە.

بۆ هێندێک لە هێزە سیاسییەکان کە دەوری سەرەکیشیان لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستاندا هەیە، تەنیا ئەو ڕێکخراوە جەماوەرییانە مەشرووعیەتیان هەیە کە سەداسەد بەپێی ویستو ئیرادە، تەنانەت بە پێی بەرنامەی ئەوان بجووڵێنەوە.

بەڵام لەبەر نەبوونی هاوبەندیی نەتەوەیی لە ئاستی سەرانسەریدا وامان لێهاتووە کە نەتوانین ئەو گەشە کردنە بە قازانجی ستراتیژیی نەتەوەیی بقۆزینەوە. ئێستاش هەر حیزبێک لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا زۆر جار تەنیا بیر لە بەرژەوەندییە کاتییەکانی خۆی دەکا. ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە جاروبار پێوەندییە ناوچەییو نێونەتەوەییەکانی هێزێک بەدژی هێزێکی دیکە بەرەو پێش بچێ. بۆ وێنە، بەشێکی بەرچاوی پێوەندییەکانی زۆربەی هێزە کوردییەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە زیانی کوردەکانی ڕۆژهەڵات تەواو دەبن. هەر نەبێ لێدوانو قسەی بەرپرسانی سیاسیی بەشەکانی دیکەی کورد لە پێوەندی لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا هەستی نەتەوەیی کوردەکانی ڕۆژهەڵات خەوشدار دەکا. ئەوە جێگای ڕەخنەی جیددییە کە بۆچی دەبێ دەسەڵاتدارانی کورد ئێستاش ئەوە فێر نەبووبن کە پێوەندیی باشی دیپلۆماتیک بە مانای تاریفو پێهەڵکوتن بە پاسدارێکی مرۆڤکوژ، بکوژی ڕێبەرێکی کورد یا ڕێبەری سیستەمێک نیە کە لە پێنج پێنجی عەمامەی سەریەوە قینو نەفرەت لە بەرامبەر مرۆڤایەتی و نەتەوەی کورد دەبارێ.

بەو پاشخانە دەوڵەمەندەی تێکۆشانەوە کە هەمانە دەتوانین چالاکانەتر کار بکەینو ئەزموونی بەشەکانی دیکەی کوردستان بۆخۆمان بکەینە دەستمایەی چالاکیی بە هێزتر بەو مەرجەی پێکەوە بین.

**پرسیار**: ئەوەی هەندێک جار باسی لێوە دەکرێت گەڕانەوەیە بۆ تێزی خەباتی ڕۆژهەڵات مێحوەری بەو مانایە کە کورد لە ڕۆژهەڵات هەموو هێزو تواناو جیاوازییەکانی خۆی کۆ بکاتەوەو خەباتێکی گشتگیر دەست پێبکات، بە جۆرێک دوور

**بکەوێتەوە لە وابەستەبوونی بە پارچەکانی دیکەی کوردستان‌و ئێرانیش. ئێوە ئەم تێزە چۆن دەبینن؟**

**وەڵام**: من تێزێکی فۆرمۆلە کراوی بەم چەشنەم نەبینیوە. ئەگەر بشبینم، ئامادەم کە بۆ دەوڵەمەندتر کردنی کار بکەم. گومان لەوە دانیە کە کۆکردنەوەی هێزو پوتانسیەلی خەباتی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ژێر سیوانێکی هاوبەشداو لە دژی کۆماری ئیسلامی کاریگەرترین ڕێ بۆ هەستانەوەیەکی دووبارەیە. بەڵام بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نە دەتوانێ لە بزووتنەوەی سەرانسەریی کوردستان بپچڕێ‌و نە دەتوانێش بەجیا لە ئوپۆزیسیۆنی سیاسیی ئێران‌و بەبێ هاوپەیمانیی لەگەڵ گەلانی ئێران لە دژی سیستەمی سیاسیی ئەمڕۆی ئێران دەستکەوتێک بەدەست بێنێ. پچڕانێکی بەو شێوەیە پێویستیش ناکا، بەڵام ئەوە بە مانای خۆبەخشین لەپێناو هیچ کەس‌و لایەنێکدا یا لە ڕێی هیچ ئایدیۆلۆژی‌و هاوبەندییەکی سیاسی‌دا نیە.

من پێم وایە کە گرینگترین ئەرکی ئێستا، پێداچوونەوە بەو وەزعە دایە کە بزووتنەوە تێدا دەژی. بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستیی بە خۆ نوێکردنەوە، چاکسازیی بنەڕەتی‌و تێپەڕین لە زێهنیەتی لە ڕابردوودا ژیان هەیە. دەوڵەمەندیی بزووتنەوەی کورد لەوە دایە کە هەموو هێزەکان، بە پاراستنی ناسنامەی خۆیانەوە بکەونە نێو یەک هاوبەندیی سیاسییەوە. نابێ هیچ هێزێک خۆی بە ئالتەرناتیڤی هێزی دیکە بزانێ، یا سەرهەڵدانی هێزێکی دیکە بە مەترسییەک لەسەر ڕێی خەباتی خۆی لە قەڵەم بدا. بەپێچەوانەوە، هێزەکانی کورد لە ئێستاوە دەتوانن پێش مۆدێل یا پرۆتۆتیپی دەسەڵاتی سیاسی سبەڕۆژیان بە یەک ناوەندی بڕیاردانی سیاسییەوە، یەک هێزی چەکدارەوە، یەک دەسەڵاتی یاسادانەوەو... دابمەزرێنن. با لەو مودێلەدا هەر لایەک جێ‌و دەوری خۆی هەبێ. ئەگەر بەو شێوەیە نەبێ، هیچ دەستەبەرێک نیە کە لە داهاتووشدا هێزو شیانی بزووتنەوەی کورد لەدژی یەکتر بە کار نەبرێ.

هەر هێزێکی ڕۆژهەڵات بە شێوەیەک تێکەڵاوی، یا باشترە بڵێین بەستراوەیی بە باقی هێزەکانی کوردستانییەوە هەیە. هێندێکیان لە بواری هاوبەندیی نەتەوەییەوە، هێندێکیان لە بواری فیکری‌و ئایدیۆلۆژییەوە، هێندێکیان بۆ ژیانی ڕۆژانەو ئیمکاناتی دارایی‌و هتد بە شێوەیەک لەگەڵ هێزە هاوپەیمان، دەستەخوشک یا هاوستراتێژییەکانیان تێکەڵاون. کەوابوو خەباتێکی هاوئاهەنگ نەکراو لەگەڵ یەکترو لە گەڵ بزووتنەوەی سەرانسەریی کوردستان، بێجگە لە قووڵتر کردنەوە ناکۆکیەکان، دەستکەوتێکی ئەوتۆی نابێ. هێزەکانی سیاسی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش دەبێ بزانن کە باهۆزی سیاسی هەمیشە هەر لە یەک لاوە هەڵ ناکا، بۆیە دەبێ ئەوانیش بیر لە ستراتێژیی نەتەوەیی بکەنەوەو بەرژەوەندی، داخوازی‌و هەستی سیاسیی کوردەکانی ڕۆژهەڵات نەکەنە قوربانیی بەرژەوەندیی خۆیان.

**پرسیار: کوردەکانی ڕۆژهەڵات لە خەباتی کوردستانی بوون لە هەر چوارپارچەو بە خەباتی ئێرانیگەری لەسەر ئاستی ئێران**



سەرچاوە
Serchawe

**پێتوایە چ پێگەیەکیان هەیە؟ ئەوان چۆن سەیری بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵات دەکەن؟**

**وەڵام**: بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵات لە بواری خۆڕاگریی لە دژی دیکتاتۆریو دەستنیشانکردنی دوژمنانی کورددا زۆر دەوری کاریگەرو پێشەنگی هەبووە. هەروەها لە بواری پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی جیرانو پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان لەو پێوەندییانەدا زۆر سەر بڵیندە. بەڵام لە بواری دروستکردنی ناسنامەی سەربەخۆی نەتەوەییدا من پێموایە کەموکوورِیمان زۆرەو تا ئێستا لەو بوارەوە پێشڕەو نەبووین. تێڕوانینی دەسەڵاتدار بە سەر بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، ناسنامەی داسەپاوی دەسەڵاتی سیاسی لەگەڵ ناسنامەی نەتەوەیی تێکەڵ کردوەو ئەوەش بووە بە هۆکاری شێواندنی چەمکی ناسنامەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. زۆر جار کە ئەو باسە لە بواری کۆمەڵناسی سیاسییەوە دێتە گۆڕێ، هێندێک لە سەرکردەکانمان هەڵدەبەزنەوەو دەستبەجێ دەرگای دیالۆگت بە سەردا دادەخەن، بەبێ ئەوەی کە لە قووڵایی ئەو باسە تێبگەن. ناسنامەی ئێرانی بۆ کورد ناسنامەی سەرەکی نیەو ناسنامەی دەستکردی دەسەڵاتە کە ئەگەر ناچار بە قبووڵیشی بی، دەبێ ناسنامەی لاوەکیی کورد بێ نە ناسنامەی نەتەوەیی. کوردی ئێرانی ناسنامە نیە. کوردی ئێرانی چەمکێکی سیاسییە کە بە هۆی لایەنی دەسەڵاتدارەوە بەسەر کورددا سەپێندراوەو ناتوانێ پێناسەیەکی گشتگر بێ کە کۆمەڵگای کوردی دادەپۆشێ.

لە بواری نەتەوەییەوە ئێستا پێشکەوتنێک لەنێو کۆمەڵگای کوردی ڕۆژهەڵاتدا هەیە کە تا ڕادەیەک هێزە سیاسییەکانیشی ناچار کردوە هەوڵ بدەن لە شەپۆلی زاڵ بەسەر کۆمەڵگادا وەدوا نەکەون، بەڵام لەبەر ئەوەی کە هاوبەندیی نەتەوەیی بە شێوەی ڕاستەوخۆ بە سیاسەتی حیزبەکان بەنیسبەت یەکترەوە دەبەستنەوە، شێوەیەک خاویی سیاسی لە هەڵوێستەکانیاندا دەبیندرێ. بۆ وێنە ئەگەر ڕۆژنامەوانێکی کوردی کرمانج لە باکوور یا ڕۆژئاواوە، جارێک پرسیارێک لە سەرکردەیەکی کوردی ڕۆژهەڵات دەکا، لە وەڵامەکان ڕا زۆر بە ڕاشکاوی دەردەکەوی کە لە پرسیارەکان حاڵی نەبووە. کەوابوو ئاساییە کە لە ڕەوشی سیاسیی بەشی زۆری کوردستانیش بێخەبەر بێ، یا خود بەشێوەی ناڕاستەوخۆو لە کاناڵێکەوە کە زۆر جێی متمانە نیە هەواڵەکانی وەربگرێ. ئەو لاوازییە دەبێتە هۆی ئەوەی کە هاوبەندیی نەتەوەیی بکەوێتە ژێر سێبەری پێوەندیی حیزبەکانەوە کە ئەویش جاری وایە باشەو جاری واشە دەکەوێتە مەترسییەوە.

پێوەندیی نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردی ڕۆژهەڵاتو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیش هەر دەکەوێتە ژێر سێبەری ڕەوشی گشتی سیاسییەوە. هەر هێزێک پێوەندیی خۆی هەیە. بێجگە لە هێزەکانی سەر بە نەتەوەکانی دەرەوەی بازنەی دەسەڵات کە بەشێوەی گشتی خۆیان بە ئێرانی نازانن، گەلی کورد لەنێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا زۆر دۆستی نیە. هەڵوێستی دەسەڵاتیش کە لەبەر چاومانە. بۆیە من پێموایە ڕێگایەکی زۆر دوورو درێژمان لە پێشە بۆ ئەوەی هەبوونی سیاسیمان لە داهاتووی ئێراندا بسەپێنین.

ئەوە بە مانای ڕەشبینی تەواو نیە کە وا لێک بدرێتەوە من لەسەر ئەو بڕوایە بم کە هێزەکانی کوردی ئێران نە خورمایان وەبەر کەوتوە نە خودا. نە، مەبەستم ئەوەیە کە لە هەر دوو ئاستدا پێویستمان بە کارێکی جیدیو گۆڕانکاریی بەرچاو هەیە تا وەزعەکە بە قازانجی خۆمان بگۆڕین. ئاستەنگەکانی سەر ڕێگای خەباتی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەندە زۆرن کە بۆ زاڵبوون بە سەریاندا دەبێ هەموو هێزە کوردییەکان دەست بدەنە دەستی یەکترو بە یەکدەنگی خەباتی نەتەوەیی بەهێز بکەن. بەتایبەت لە قۆناغی یەکەمدا یەکگرتنەوەی باڵەکانی حیزبی دیمۆکراتو باڵەکانی ڕێکخراوی کۆمەڵە زۆر گرینگە. پاشان، یا هاوتەریب لەگەڵ ئەوە دیالۆگی نێوان ئەو هێزانە لەگەڵ پەژاکو هەموو ڕێکخراوەکانی دیکەی مەیدانی سیاسەتی کوردی ڕۆژهەڵات دەتوانێ زۆر شت بە قازانجی کوردی ڕۆژهەڵات بگۆڕێ.

**پرسیار**: لە دواجار پێشنیاری ئێوە چیە بۆ ئەم پرسەو کورد لە ئێران دەبێت چ بکات؟

**وەڵام**: لە سیستەمی کراوەی نۆرویژداو بەو ئیمکانانەی کە لەبەر دەستماندایە دەکرێ هەر ڕۆژێ بەرنامەیەک بنووسینو پێشنیارێک بخەینە بەردەست خەڵکەوە، بەڵام کاری سیاسی بەو شێوەیە ناکرێ. من ٣٠ ساڵ پترە ڕدێنی پاسدارم نەبینیوەو ترسی زیندانم لەسەر نەبووە، بۆیە ناتوانم لێرەوە داوا لە خەڵک بکەم کە چی بکەنو چی نەکەن، بەڵام لە دەرەوەی وڵات زۆر کار دەکرێ، لە نێوان هێزە سیاسییەکاندا زۆر کار دەکرێ. ئەگەر خەباتی دەرەوەی وڵات هاوئاهەنگ بکرێ، زۆر کارئاسانی دەکا بۆ کارەکانی نێوخۆ. لەو ڕەوشەدا دوو شت گرینگە: یەکەمیان دووره پەرێزی لە توندوتیژی لە وتەو کردەوەدا تا نەبێتە بیانوو بۆ سەرکوت کردنی خەڵک، دووهەمیان هەڵبژاردنی مێتۆدی گونجاو لەگەڵ وەزعی ژیانی ئێستای خەڵک بە لەبەر چاو گرتنی ئەو مەترسیو هەڕەشانە کە لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانەوە لە گۆڕێ دان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ٣ی جوونی ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## دوکتۆر قاسملوو سەرکردەیەکی خاوەن پرۆژە و ڕێبەرێکی بە ئیرادە

کۆماری ئیسلامی، پێی وابوو کە بە تیرۆری دوکتۆر قاسملوو یەکێک لە بەتواناترین دژبەرانی دەسەڵاتی ڕەش و بنئاژۆی دینی لە ئێران دا لە نێودەبا و دەتوانێ بەو شێوەیە بە سەر ئیرادەی ئازادیخوازانەی نەتەوەی کورد دا زاڵ بێ. بەڵام خاوەنداریێتی گەلی کورد لە دوکتۆر قاسملوو و ئەو تێکۆشانە نەتەوەییەی کە ئەو تا کاتی شەهیدبوونی سەرکردایەتیی دەکرد، خەونی کۆماری ئیسلامیی کرد بە مۆتەکەیەک کە تا کاتی مەرگی بەرۆکی بەرنادا.

دوکتۆر قاسملوو سەرکردەیەکی خاوەن پرۆژە و ڕێبەرێکی بە ئیرادە بوو کە بوێرانە بە پیر تەنگ و چەڵەمەکانی سەر ڕێگای تێکۆشانەوە دەچوو و دەیتوانی لە دژوارترین قۆناغەکانی خەباتی سیاسی دا بەرنامەکانی خۆی بەرەو پێش ببا. ئەو توانی حیزبی دێمۆکرات لە سەر بنەمایەکی مودێرنی سیاسی ڕێک بخاتەوە، خەباتێکی بێ وچانی سیاسی پەرە پێ بدا و خۆڕاگریی بێ وێنەی نەتەوەی کورد لە دژی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی سەرکردایەتی بکا. لەو ڕێگا ئاستەمەدا، زۆر جار سەرکەوتوانە، و جار و باریش بە ئاریشە و دژواری، هێندێک جار بە پشتیوانیی یەکدەنگی هاوسەنگەر و هاوبیرانی، جاری واشە بە دژکردەوەی سەرسەختانەی دۆست و هاوسەنگەرانی درێژەی بە ڕێگای پڕ لە ئاستەنگی خەباتی سیاسی دا و سەرئەنجام لە پێناو ئازادیی نەتەوەی کورد دا سەری نایەوە.

دوکتۆر قاسملوو، لە مێژووی سیاسی کوردستان دا وەکوو ڕەمزی بزووتنەوەی نەتەوەیی و سەرکردەیەکی وشیاری سیاسی، ٢٦ ساڵ پاش شەهیدکرانیشی هەر وەک ساڵانی ژیان و تێکۆشانی سیاسی خاوەنی جێگە و پێگەیەکی بەرزە. ناو و یادی ئەو، سنووری حیزبی و ناوچەیی تێپەڕاندوە و ئێستا بووە بە ڕەمزێکی پیرۆزی نیشتیمانی کە لە لایەن هەموو کوردێکەوە بە زیندووی ڕادەگیرێ.

هاندەری دوکتۆر قاسملوو بۆ دانیشتن لە گەڵ چەند تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی بە بێ لە بەر چاو گرتنی لایەنی ئەولەکاری، لە کاتێک دا کە خۆی ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەیەکی بە هێزی سیاسی دەکرد کە لە گەڵ ڕێژیم لە حاڵی شەڕی چەکدارانەدا بوو هەر چی بێ، هیچ لە تاوانی دەسەڵاتدارانی ئێران لە تیرۆردا و ساتوسەودای دوور لە ئەخلاقی دەوڵەتی ئوتریش لە سەربەستکردنی تیرۆریستەکاندا کەم ناکاتەوە.

ئێستا یادی ٢٦ ساڵەی شەهیدکرانی سەرکردەی ناوداری کورد، دوکتۆر قاسملوو لە کاتێک دا دەکرێتەوە کە نەتەوەکەی لە

قۆناغێکی هەستیاری خەباتی سیاسی خۆی دا پتر لە هەموو کاتێک پێویستی بە یەکڕیزی و یەکدەنگی هەیە.

لەم ڕووەوە، خاوەنداری کردن و وەفاداری بە ناو، ڕێباز و ئامانجەکانی دوکتۆر قاسملوو لە گرەوی خەباتێکی چڕ و پڕ بۆ یەکریزی و یەکدەنگی نەتەوەیی دایە. یەکڕیزی و یەکدەنگیەک کە ئەوانەی ئیددیعای بەردەوامیدان بە ڕێبازی دەکەن زیاتر لە هەر لایەنێک لێی دوورن. ئەو ئەرکە نیشتیمانیە بەر لە هەموو کەس دەکەوێتە سەر شانی ئەندامانی هەر دوو بەشی حیزبی دێمۆکرات کە بەر لە هەموو شتێک، حیزبی دوکتۆر قاسملوو لە چوارچێوەی دوو ڕێکخراو بە دوو قەوارەی حیزبی و دوو ڕێبەرایەتیەوە ڕزگار بکەن و بیکەنەوە بە حیزبێک کە شیاوی ناو و پرۆژەی سیاسی دوکتۆر قاسملوو و هیوا و ئامانجەکانی نەتەوەی کورد بێ.

**نامرن ئەوانەی وا لە دڵی میللەتا ئەژین**

سەرچاوە: فیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٣ی جوولای ٢٠١٥



سەرچاوە Serchawe

## چەند ڕەوتێکی تورکە ناسیۆنالیستە توندئاژۆەکان بە پشتیوانی دام و دەزگا

**هەڤپەیڤین: "کوردستان"**

**سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم کار لە سەر لە پەراوێزخستنی کورد لە ورمێ دەکەن**

لەم دەورەیە لە هەڵبژاردنەکانی پارلمانیی لە ئێران، کێبرکێ بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی شاری ورمێ تایبەتمەندیی خۆی هەبوو. لە گەڵ ئەوەیکە کوردەکانی ئەم شارە هەوڵێکی زۆریان دا کە کاندیدە کوردەکان بە دەنگێکی باشەوە هەڵبژێردرێن، بەڵام لە کۆتاییدا هەر سێ نوێنەری هەڵبژێردراو لە کاندیدە تورکەکان بوون!!

لە جەریانی هەڵبژاردنەکان دا حیزبی دێموکراتی کوردستان بە پشتیوانی لە بانگەوازی چالاکانی کوردی شاری ورمێ و خوێندنەوەی تایبەتی خۆی بۆ هەستیاربوونی شاری ورمێ، پێی باش بوو کە کوردەکانی شاری ورمێ بەشداری لە هەڵبژاردنەکان دا بکەن و دەنگ بە کاندیدا کوردەکان بدەن. لە بەرانبەریشدا هەبوون لە هێزەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات کە بانگەشەی بایکۆتی هەڵبژاردنەکانیان دەکرد.

بۆ قسەکردن لەسەر هەڵبژاردنەکانی ورمێ و تایبەتمەندیی ئەم شارە لە رووی ئێتنیکیی‌یەوە "کوردستان" وتوێژێکی لە گەڵ بەڕێز عەبدوڵڵا حیجاب، چاودێری سیاسی کردوە.

**کوردستان**: بەڕێز کاک عەبدوڵڵا! پێشەکی سپاس بۆ ئەوەی کاتت بۆ تەرخان کردین.

**عەبدوڵڵا حیجاب**: زۆر سوپاس بۆ ڕەخساندنی ئەو دەرفەتە. لە کار و تێکۆشانی ماندوویی نەناسانەتاندا داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەم و دەستخۆشیتان پێ دەڵێم.

**کوردستان**: بۆ دەبێ کورد لە هەڵبژاردن دا بەشداریی کردبا؟

**عەبدوڵڵا حیجاب**: مەسەلەی بەشداری کردن یا بایکۆتی ئەو هەڵبژاردنانەی کە لە ژێر سێبەری کۆماری ئیسلامی دا بەڕێوە دەچن پرسێکی سیاسییە کە جاری وایە بە شێوەیەکی چەواشەکارانە لێک دەدرێتەوە و لە جیاتی ئەوەی بەرخوردی سیاسیی لە گەڵ بکرێ، دەبێتەوە هەوێنی قووڵکردنەوەی دژایەتیی نێوخۆیی بزووتنەوەی کورد یا چالاکڤانانی سیاسی. کۆماری

ئیسلامی بەو دۆسیە ڕەش و دژ بە کوردەی کە لە ساڵانی ژیانی دا تۆمار کردوە، نە جێی متمانەی گەلی کوردە و نە هەڵبژاردنەکانیشی شتێک دەگۆڕن. ئەو ڕوانگەیە بە شێوەی گشتی لە نێو بزووتنەوەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دا جێی گرتوە و تێڕوانینێکی دروستیشە. بەڵام خاڵێکی گرینگ کە دیارە هەموو لایەنەکان لە سەری یەک هەڵوێست نین، ئەوەیە کە چۆن ڕەوتی هەڵبژاردنەکان تەنانەت لە ژێر سێبەری دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامیش دا بکەی بە گۆڕەپانێک بۆ زەق کردنەوەی هەبوون و داخوازییەکانی خۆت. لەو خاڵەی دواییدا، من پێم وایە بزووتنەوەی سیاسیی کورد تا ئێستا هەموو زەرفیەتەکانی کۆمەڵگای بە کار نەهێناوە، تەنانەت هێندێک جار ڕێگریش کراوە کە زەرفییەتەکانی کۆمەڵگا بۆ بەرەوپێش بردنی ئامانجی سیاسی بە کار بهێندرێن.

سەرەڕای ئەوە، لە دەرەوەی بازنەی هێزە سیاسییەکان، ئێمە کۆمەڵگایەکمان هەیە کە لە ژێر سێبەری دیکتاتۆڕیدا دەژی. ئەو کۆمەڵگایە بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری ژیانی ئاسایی خۆی ناچارە لە گەڵ دام و دەزگاکانی ڕێژیم پێوەندیی هەبێ. لێشمان ڕوونە کە خەڵک دەرفەتی دەربڕینی ناڕەزایەتی یا نافەرمانیی مەدەنیی نیە. پاش دەیان ساڵ بەربەرەکانی لە دژی ڕێژیمی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی، دەشزانین کە ڕێژیم میکانیزمێکی بە هێزی بۆ کۆنترۆڵ کردنی کۆمەڵگا و بەدەستەوە گرتنی هەموو سەرەبەنەکانی ڕەوتە سیاسییەکانی نێوخۆیی دروست کردوە کە ڕێگا نادا لە دەرەوەی چوارچێوەی خۆیدا هیچ شتێک لە ئێران ڕوو بدا. ئەوەش ئاشکرایە کە هەڵبژاردن لە ئێران دا ئازاد نیە، بە تایبەت لە کوردستاندا، نەبوونی مۆری بەشداریکردن لە هەڵبژاردن لە پێناسەی خەڵک دا دەتوانێ بۆ زۆر کەس کێشە بخوڵقێنێ و دەرفەتەکانی کار و ژیانیان بۆ سنووردار بکا. کە وابوو بەشێکی خەڵک چ بە ناچاری بێ و چ لە ترسان ناچارن لە هەڵبژاردنەکانی ڕێژیم دا بەشداری بکەن. ئەوە بە مانای مەشرووعییەت دان بە ڕێژیمێکی دیکتاتۆر نیە. بەڵام ئەگەر هێزێکی سیاسیی یا ڕێکخراوێکی کورد بچێ و بۆ خۆی لە ژێر سێبەری ڕێژیم دا بەشداری هەڵبژاردنەکان بێ، دەبێتە هەنگاوێکی هەڵە و واتای مەشرووعیەت دان بە ڕێژیم دەگەیەنێ.

بەشداریکردنی کورد وەک نەتەوە یا لایەنی سیاسی نە لەو هەڵبژاردنە و نە لە باقی شانۆگەرییەکانی کۆماری ئیسلامی دا هیچ کات لە ڕۆژەڤ دا نەبووە. بەڵام گرینگە کە بزووتنەوەی سیاسیی کورد کاریگەریی خۆی لە سەر هەموو ڕەوتەکان، بە پێی دەرفەت و ئیمکان نیشان بدا. لەو ڕوانگەیەوە گرینگ بوو ئەو دەنگدەرە کوردانەی کە بە هەر هۆکارێک خۆیان ناچار دەبینی لەو هەڵبژاردنەی ڕێژیمدا دەنگ بدەن، لە ڕێگای دەنگەکانیانەوە پەیامێک زەق بکەنەوە کە دۆست و دوژمن لە داخوازەکەیان تێ بگا.

**کوردستان**: هەڵبژاردن لە ورمێ بە ئاقارێکی دیکە دا ڕۆیشت. لە ورمێ چ ڕووی دا؟

**عەبدوڵڵا حیجاب**: ڕووداوەکانی بەر لە هەڵبژاردنی مەجلیسی دەهەمی ڕێژیم و دوای هەڵبژاردن نیشانەی گەمەیەکی زۆر

مەترسیدار لە سەر ورمێ و لە دژی گەلی کورد لەو شارەن. لە بەرامبەر کاندیدە کوردەکاندا، هەموو لایەنەکانی دژبەر، بە مۆرەکانی ڕێژیم و بە ڕواڵەت دژبەرانی ڕێژیمەوە یەکیان گرت و شانۆگەریی ڕێژیمیان کرد بە مەیدانی ململانێ لە گەڵ هەبوون و ناسنامەی کوردی. ئەو گەمەیە لە لایەن چوار جەرەیانی بە ڕواڵەت جیاواز، بەڵام سەر بە یەک مەکتەبی فیکرییەوە سەرکردایەتی دەکرا کە بریتی بوون لە:

١- پاسدار و بەسیجییەکانی سەر بە باندی مەلا حەسەنی لە نێو دەسەڵاتی دژی کوردی کۆماری ئیسلامی دا کە لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ڕێژیمەوە تەنیا و تەنیا دژایەتی گەلی کورد و مافەکانی دەکەن. ئەو باندە، تێڕوانینێکی زێدە دژ بە کوردیان هەیە و لە سەر بنەمای ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگی تورکیی تێکەڵاو بە شیعەگەری، هەموو ئیمکاناتی دەوڵەتیان بە دەستەوە گرتوە و لە دژی گەلی کورد بە کاری دێنن. ئەوان کورد بە کافر دەزانن و لە دژایەتیی گەلی کورددا، دە قات لە سیاسەتی دژە کوردی دەوڵەتی ناوەندی توندڕەوانەتر دوژمنایەتیی کورد دەکەن.

٢- جەرەیانی پان تورکیستی سەر بە بزووتنەوەی زێدە ڕەگەزپەرستی گورگە بۆرەکان کە لە لایەن مەحموود چێهرەگانیەوە سەرۆکایەتی دەکرێ و بە ناوی بزووتنەوەی وشیاریی نەتەوەیی ئازەربایجان "جامۆ"وە کار دەکا. ئەو بزووتنەوە ڕەگەزپەرستە پێشتر کەمتر دژایەتیی کوردی وەک نەتەوە دەکرد، بەڵام دوای ئەوەی بوون بە ئەندامی **UNPO** و هەستیان بەوە کرد کە دەنگیان بە جێگایەک ڕادەگا، لە گەڵ باقی گرووپە تورکەکانی ئەندام لەو ڕێکخراوەیەدا، بە تایبەت تورکمەنەکانی عێراق فراکسیۆنی دژی کوردیان پێکهێنا و هەموو هێز و ئینێرژیان خستە کاناڵی دژایەتی کردنی داخوازییەکانی نەتەوەی کوردەوە. جامۆ، کورد لە ورمێ بە میوان دەزانێ و لایەنگرانی خۆی هان دەدا کە کۆمەڵگای تورک بۆ وەدەرنانی ئەو میوانە هان بدا. لە پڕۆپاگەندەی ئەو ڕێکخراوەیە دا نە تەنیا ورمێ و هەموو ناوچە کوردستانیەکانی باکووری ڕۆژهەلات، تەنانەت مهاباد و سەردەشتیش بەشێکی جیانەکراوەی خاکی ئازەربایجان دەژمێردرێن کە دەبێ لە کورد پاک بکرێنەوە. ئەو ڕێکخراوەیە بە بێ ئەوەی پڕۆپاگەندەی ئاشکرا بۆ شێوەی کاری خۆی بکا، بە قسەی چێهرەگانی لە ڕێگای پێک هێنانی کۆمیتەکانی خەڵکی لە نێو ڕیزەکانی بەسیج و سوپای پاسداراندا خۆی بۆ دواڕۆژ ئامادە دەکا.

٣- کۆمەڵێک قاچاخچی نێونەتەوەیی کە بنکەی سەرەکیان لە کانادا و ئامریکایە و لە ڕێگای تەلەڤیزیۆنی گووناز تی ڤی (**GUNAZ TV**) یەوە تۆیی دژایەتی لە گەڵ نەتەوەی کورد دەپرژێنن. ئەو جەرەیانە بەو ئیمکاناتە تەبلیغاتییەی کە بە دەستیەوەیەتی زۆر ڕاشکاوانە دژایەتیی گەلی کورد دەکا و نەتەوەی کورد وەک نەتەوە بە تێرۆریست و دوژمنی خۆی لە قەڵەم دەدا. بەشی هەرە زۆری چالاکیە تەبلیغاتیەکانی ئەو باندە لە دەوری دژایەتی کردنی بزووتنەوەی کوردستاندا دەخولێنەوە.

٤- کۆنگرەی جیهانیی تورکانی ئێران بە سەرۆکایەتیی مۆرەی نێوزڕاوی پان تورکیست، علیرەزا نەزمی ئەفشار کە بە چەکی

شیعەگەری و پان تورکیسمەوە شەڕی کورد و هەبوونی نەتەوەیی گەلی کورد دەکا. نەزمی ئەفشار بۆ دژایەتی کردنی نەتەوەی کورد، لەم دواییانەدا چرا سەوز بۆ خامنەیی و باڵی بنئاژۆ لە کۆماری ئیسلامی دا هەڵ دەکا و بە نامە و پەیامەکانی نیشان دەدا کە ئامانجی سەرەکیی چالاکیەکانی ئەو، دژایەتی مافەکانی نەتەوەی کوردە تا وەدەست هێنانی مافی نەتەوەی ئازەری. کۆنگرەی جیهانیی تورکەکان، خاوەنی تۆڕی چالاکی دیپلۆماتیکە کە لە کۆنگرێسی ئامریکا، پارلمانی کانادا و دام و دەزگاکانی یەکیەتی ئەورووپادا کار دەکەن. دەزگای دیپلۆماسیی تورکیەش زۆر بە نهێنی کارئاسانیان بۆ دەکا و هەلیان بۆ دەڕەخسێنێ. نامەی نەزمی ئەفشار بۆ نوێنەرانی هەڵبژێردراوی ڕێژیم لە ورمێ کە لە ماڵپەرە کۆمەڵایەتیەکانی خودی نەزمی ئەفشاریش دا بڵاو کراوەتەوە، ئەو ڕاستییە جوانتر دەردەخا.

خاڵی هاوبەشی هەر چوار لەو جەرەیانانە ئەوەیە کە سەرەڕای ناکۆکیی نێوخۆیی و جیاوازیی ڕاوبۆچوونیان، لە سەر دوژمنایەتی لە گەڵ هەبوون و مافی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان دا یەکگرتوون و لە سەر بنەمای دوژمنایەتی کردن لە گەڵ کورد، ئامادەن بە کردەوە پێکەوە کار بکەن. هەمووی ئەو جەرەیانانە هەڵوێست و بۆ چوونەکانیان بە ڕاشکاوانە لە ماڵپەڕە کۆمەڵایەتیەکان و کاناڵەکانی ڕاگەیاندنیاندا باس دەکەن و ڕاوبۆچوونیان لە دژی کورد ئاشکرایە.

ئاکامی ئەو یەکگرتنەوەی ناسیۆنالیستە توندئاژۆەکان و پشتیوانی دام و دەزگا سەرکوتکەرەکان ڕێژیم ئەوە بوو کە کوردەکانی ورمێ بە یەکجاری لە پەراوێز خران و ڕێگایان پێ نەدرا تەنانەت لە چوارچێوەی یاساکانی خودی ڕێژیمش دا بتوانن بە دەنگی خۆیان، کەسێک بنێرن بۆ تاران.

**کوردستان**: ئاکامی ئەو هەڵبژاردنە چ پەیامێک دەگەیەنێ؟

**عەبدوڵڵا حیجاب**: زۆر بە ڕوونی پێمان دەڵێ کە داهاتووی ئەو ناوچانە پڕە لە مەترسی و دەتوانێ کارەساتی چاوەڕواننەکراوی بە دواوە بێ. من هیچ بە دوور نازانم کە درێژەکێشانی ئەو ڕەوتە مەترسیدارەی کە لە مێژە دەستی پێکردوە و ئێستا بە ئاستێکی مەترسیدار گەیشتوە، بتوانێ لە قۆناغێکی ئیحتیمالیی گۆڕان دا نەتەوەی کورد لەو هەرێمەدا لە گەڵ دژوارترین و پڕ کارەساتترین ساتەکانی مێژووی خۆی ڕووبەڕوو بکا. چونکە کەم نین ئەو لایەنانەی کە دەیانەوێ کارەساتەکانی هاوشێوەی نەکبەتییەکانی سەرەتای سەدەی ١٧ و گۆڕینی دێمۆگرافیای ئەو هەرێمە، دوای ساڵی ١٨٨٣، سەردەمی شەری جیهانیی یەکەم و... دووبارە بکەنەوە.

ئەو ڕەوشە پێویستی بە هەڵسەنگاندنێکی بەرپرسانە هەیە کە هەموو هێزەکانی کوردستانی پێویستە لێی قووڵ ببنەوە. ئەوە بە مانای ڕەش بینی و شینی بەر لە کارەسات نیە، بەڵکوو تەنیا وشیارکردنەوە لە بەرامبەر ئاسۆیەکی تەم و مژاویدایە کە ڕەنگە تۆفانێکی پر لە کارەساتی بە دواوە بێ. تەنیا ئامادەکاریی جێی متمانەش بۆ بەرەنگاربوونەوەی کارەساتێکی ئیحتیمالی، یەکگرتنەوەی هێزە سیاسیەکانی کورد و وەخەبەرهاتنەوەیانە.



سەرچاوە
Serchawe

**کوردستان**: هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی کوردەکان و خەمسارییان بەرامبەر بە پرسێکی ئاوا کامانەن؟

**عەبدوڵڵا حیجاب**: پێم وانیە مەسەلە خەمساری بێ. وەک باسم کرد، لە ورمێ و بە گشتی لە هەموو پارێزگاکەدا کە بە پارێزگای ورمێ دەناسرێ دەسەڵاتی کۆنەپەرست و بیری توندڕەوی پان تورکی بە ئیمکانات و پشتیوانیی ڕێژیم، لە بەرامبەر داخوازەکانی بەربژێرە کوردەکاندا کە بە گشتی پێکەوە ژیانێکی ئارام و دابەش کردنی ئیمکاناتی ریفاهی بۆ هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگا لە چوارچێوەی سیستەمی دەسەڵاتدار دا بوو، یەکیان گرتەوە. ئەوەشمان لە بیر بێ کە ڕەوتی بەر لە هەڵبژاردن لە خودی ئاکامی هەڵبژاردن گرینگتر بوو. لەو ڕەوتەدا کوردەکان توانیان زۆر بە ڕاشکاوانە بەشێکی ئەو زوڵم و بێ عەدالەتییەی کە لە کوردستاندا بە شێوی چەند قات بەڕێوە دەچێ بێننە بەر باس و زەقی بکەنەوە. بە شێوەیەک کە بەربژێرە کوردەکان سەلماندیان نە دەسەڵاتی سەرەڕۆ، نە توندئاژۆیی ڕەگەزپەرستانە دەتوانێ پێش بە نواندنی ڕەنگ و دەنگی نەتەوەییان بگرێ، هەر چەند ڕێگاشیان پێ نەدرێ کە لە کاروباری سیاسی و بەڕێوەبەریی وەڵات دا، تەنانەت لە چوارچێوەی ڕێژیمدا بەشداری بکەن. بە بێ هەڵسەنگاندنی بەربژێرە کوردەکان، من پێم وایە کۆمەڵگای کورد لەو ناوچەیەدا سەلماندی کە لە قۆناغی تەسلیم بوون بە جەوی زاڵ و دابەش بوون بە سەر پێکهاتەی جیاواز کە نەتوانێ لە دەوری ویستی هاوبەشی نەتەوەیی کۆببێتەوە تێپەڕیوە. ئەوەش ڕووداوێکی ئەرێنی بوو.

**کوردستان**: بۆ داهاتوو دەبێ چ بکرێ؟

**عەبدوڵڵا حیجاب**: پرش و بڵاویی بزووتنەوەی کورد خاڵی لاوازی تێکۆشانی نەتەوەییمانە و لە هەموو کات و دەرفەت دا زەربەمان لێ دەدا. کاتێک هەموو لایەنەکانی کورد باسی دێمۆکراسی، پاراستنی مافی مرۆڤ و دەسەڵاتێکی بە دوور لە بنئاژۆیی، توندئاژۆیی و ڕەگەزپەرستی دەکەن، دەبێ بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەک کە ئەو نرخانەی تێیدا بەدی بکرێن، بە کردەوە هەنگاوێک بۆ لێکنزیکبوونەوە هەڵبگرن. هاوتەریب لە گەڵ ئەوە، دەبێ دیالۆگێکی نەتەوەیی دوور لە بەرچاوتەنگی حیزبیمان هەبێ کە دەرفەتمان بۆ بڕەخسێنێ، هەل و مەرجی هەر هەرێم و دەڤەرێکی نیشتیمانمان بە شێوەی ڕاستبینانە هەڵبسەنگێنین و بۆ هەر ڕەوت یا ڕووداوێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی یا ئیداری بەرنامەی گونجاو بۆ ئەو هەرێمە دابنێین. ئەوە بە مانای واز هێنان لە پرەنسیپ نیە. بەڵام پێوان و پرەنسیپی دێمۆکراتیک ئەو دەرفەتە دەرەخسێنێ کە هەل و مەرجی هەر ناوچەیەک وەک خۆی بە جیا لە بەر چاو بگیرێ و لە چوارچێوەی پرەنسیپە گشتییەکان دا دەرفەتی مانۆڤری سیاسی بە پێی هەل و مەرج لە هەر ناوچەیەک دا پێک بهێندرێ.

لە ژمارە ٦٧٩ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی مای ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## نەبوونی هاوەدەنگی لە ڕۆژهەڵات و هۆکارەکانی

### تا یەکگرتوو نەبین سەرناکەوین.

پێشەکی سوپاستان دەکەم بۆهاڕووژاندنی ئەو باسە گرینگە. پرسی هاودەنگی، یەک گوتاری و پێکەوە کارکردنی هێزەکانی بەشدار لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا، بنەمای هەموو ئەو پرسە سیاسیانەیە کە لە ڕۆژەڤی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانداندان. ئێستا هەر چەند ڕۆژەڤی سیاسی بە ڕۆژ دەگۆڕدرێ، بەڵام پاش شەهیدبوونی پۆلێک پێشمەرگەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بە دەستی ڕێژیمی مرۆڤکوژی کۆماری ئیسلامی، ئەو بابەتە حەسساستر، و ئەو پرسە زیاتر لە هەموو کاتێک گرینگ بووە.

من کات و شێوەی ئەو لێدوان و باس و خواسانەی کە لەم ڕۆژانەی دواییدا لە پێوەندی لە گەڵ دیالۆگ وەک ڕێگای چارەسەری داخوازی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا هاتوونەتە گۆڕێ لە جێ دا نابینم. ئێستا نە کۆماری جینایەتکاری ئیسلامی ئێران ئاڵوگۆڕێکی بە سەر سیاسەت و ڕوانگەکانی بە نیسبەت داخوازە سەرەکیەکانی نەتەوەی کورد دا پێک هێناوە، نە بزووتنەوەی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی نیشتیمان باس یا دیالۆگێکی نەتەوەیی بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ بە سەر ستراتێژیی خەباتیدا دەست پێکردووە. بۆیەش هێنانەگۆڕێی وەها وتارێک، بە بێ گفتوگۆیەکی تێر و تەسەل لە نێوان هێزەسیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا، دەکرێ زۆر بە سانایی کەڵکی خراپی لێ وەربگیرێ و ببێتە مایەی گرژی لە وتاری زاڵ بە سەر بزووتنەوەدا. بەڵام وەک پرەنسیپ، ناڕەوا نیە کە باس لە دیالۆگ، وەک ڕێگاچارە بۆ پرسی کورد بکرێ.

کە باسی لە جێدا نەبوونی ئەو پرسە دەکرێ، بەو مانایە نییە کە ئەو باسە هۆکاری قووڵتربوونەوەی جیاوازیی نێوان دێمۆکراتەکان یا پرش و بڵاویی هێزەسیاسییەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. نا، بە هیچ شێوەیەک. من ئەو باسە بە هۆکاری دوورترکەوتنەوەی دوو بەشی دێمۆکرات لە یەکتر نازانم، بەڵام ئەگەر لایەنەکان بیانوو بە یەکتر بگرن، جاری وایە بە کۆخین و پێکەنینی یەکتریش قەڵس دەبن. وەک پرەنسیپ، هیچ هێزێکی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە یەکجاری پرسی وتووێژ ڕەت ناکاتەوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا هیچ لایەنێک پێی وا نییە کە کۆماری ئیسلامی لە ماهییەتیدا بێ ئێستا پرسی کورد بە دیالۆگ چارەسەر بکا. من ئەو باسەی کاک خالیدیش هەر لەو چوارچێوەیەدا هەڵدەسەنگێنم، هەر چەند ڕەخنەی جیددیم هەیە لە شێوە و کاتی هێنانە بەرباسی.

سەبارەت بەو پرسە کە بۆ چی حیزبەکان ناتوانن بەرەیەکی یەکگرتووی کوردستانی پێک بێنن و بۆ چی یەکگرتوویان نییە، تا ئێستا زۆر شت لە لایەن زۆر کەسەوە گوتراوە و بە پێچەوانەکەی هەڵس و کەوت کراوە. تەنانەت ئەکتەرە سەرەکییەکانیش کە هێزە سیاسیەکان بن، لە زۆربەی کات و دەرفەتەکان دا باس لە پێویستیی یەک وتاری و هەبوونی هاودەنگیی نێوخۆیی دەکەن بە بێ ئەوەی بە کردەوە دەستکەوتێکیان بێ. دیارە ئەو دیاردەیە بە بێ هۆکار نییە و بەرپرسایەتییەکەشی، ئەگەر بە شێوەی یەکسان بە سەر هەموو لایەنێک دا دابەش نەبێ، لانیکەم هەر لایەنەی بەشێکی بە ئەستۆوەیە.

لە ڕوانگەی منەوە، هەلومەرجی خەبات لە هەمووی کوردستان و بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هۆکاری سەرەکییە. نەبوونی ئەزموون و دەرفەت بۆ تاقیکردنەوەی دێمۆکراسی، نەبوونی سازی و دەزگای سەربەخۆ کە کار لە سەر دێمۆکراسی بکەن و تێپەڕنەبوون لە پارادایمیی سەردەمی سیستەمی تەک حیزبی بەشێک لە هۆکارەکانن. ڕوانگەی حیزبەکان بۆ هێز و پێگەی خۆیان، هەبوونی چەندین یەکەی هێزی پێشمەرگە بە بێ ناوەندێکی هاوبەشی بڕیاردان، تێڕوانینی زەینی (سووبژەکتیو) بۆ دیاردە نوێیە سیاسییەکان و لە هەموویشی گرینگتر هەوڵدان بۆ گەڕانەوە بۆ ئەو سەردەمە کە بە قۆناغی زێڕینی مێژووی خەبات لە قەڵەم دەدرێ، دەبێتە ڕێگر بۆ هەوڵ دان بۆ داڕشتنی پلانێکی سیاسی کە ڕووی لە داهاتوو بێ.

بە داخەوە جاری وایە ڕووداوی تراژیک، لە ڕووی هەست و سۆزەوە جەوێک دەخوڵقێنێ کە بۆ ماوەیەکی کاتی ڕۆژەڤی سیاسی دەگۆڕێ. بەڵام ئەوەی کە لەو سی و چەند ساڵەدا دیومانە، ئەوەیە کە هێزەکانمان بە دەستپێشخەریی خۆیان، بەر لە قەومان، بە شێوەی بەرەوکردەوە (پرووئاکتیڤ) و بە دوور لە هەست و سۆز نەهاتوون بۆ داهاتوو بەرنامەیەکی هاوبەش دابڕێژن. پێوەندییە نێوخۆییەکان زیاتر دژکردەوەییبوون تا کردەوەیی و ئەوش خاڵێکی لاوازە. تەنیا ڕێگای دەربازبوون لەو لاوازییە ئەوەیە کە بە بێ مەرج، دیالۆگێکی هەمەلایەنە و فرە ڕەهەندی لە نێو هێزە کوردستانیەکان دا دەست پێ بکرێ. هەڵاواردنی یەک یا چەند لایەن، بە هەر بیانووەک بێ ناتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ لێک نزیکبوونەوە. بە کورتی و کرمانجی تا یەکگرتوو نەبین سەرناکەوین و تا ڕوانگەی زاڵ بە سەر وتاری ئێستای سیاسیمان نەگۆڕین ناتوانین یەکگرتوو بین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی جوونی ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## دیمانە سەبارەت بە بەرەی کوردستانی

### دۆسیەی تایبەتی ڕۆژی کورد سەبارەت بە بەرەی کوردستانی

**بۆچی لە پاش ٣٧ ساڵ دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی ئێران، پارت و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەوڵ نادەن هێز و توانای سیاسی و نیزامی خۆیان لە چوارچێوەی بەرەیەکی سیاسی یەکگرتوودا بەکار بێنن؟ لەمپەرەکانی بەردەم پێکنەهاتنی ئەو بەرە یان هاودەنگییە سیاسییە چییە؟ چۆن دەکرێ لایەنە سیاسییەکان لە دەوری یەک پلاتفۆرمی هاوبەش کۆ ببنەوە و خەباتێکی هاوبەشی سیاسی و نیزامی لەدژی کۆماری ئیسلامی بکەن؟**

**ماڵپەڕی ڕۆژی کورد لە پێناو لێک نزیککردنەوەی هێز و لایەنەکان و لێک تێگەیشتنیان لەسەر پرس و بابەتی پەیوەندیدار بە پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستان ئەم دۆسیەی کردۆتەوە و ڕای ئەندامانی ڕێبەریی حیزبەکان و هەروەها کەسایەتییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات و شرۆڤەکارانی سیاسی وەرگرتووە.**

**بەرێز عەبدوڵڵا حیجاب، سیاسەتمەدار وەڵامی پرسیارەکانی ڕۆژی کورد دەداتەوە.**

**عەبدوڵڵا حیجاب: لایەنەکان مەرج بۆ یەکتر دامەنێن و دیالۆگێکی هەمەلاگر و بەرفراوان دەست پێ بکەن**

**ڕۆژی کورد: گرینگیی پێک هێنانی بەرەی کوردستانی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چی دایە و زەروورەتەکانی پێکهێنانی ئەو بەرەیە چن؟**

**حیجاب**: باسکردن لە پێویستیی پێکهێنانی بەرە یا پلاتفۆرمێکی نەتەوەیی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەندە دووبارە کراوەتەوە کە ئیدی بووە بە کلیشەیەکی ئاسایی و چی دیکە سەرنجی خەڵک ڕاناکێشێ. هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ سەر نەبوونی کولتووری دێمۆکراسی و هەوڵ نەدان بۆ جێگیر کردنی پلۆڕالیزمی سیاسی لە جۆگرافیای سیاسیی کوردستان دا. من بۆ ئەو پرسیارەی دۆستان و پشتیوانانی نێونەتەوەیی کوردستان کە بۆ چی هێزەکانی کورد بە شێوەی هاوئاهەنگ و وێکڕا کار ناکەن، هیچ وەڵامێکم نیە. ناشتوانم بیانووی بێ بنەمای هیچ لایەنێک بۆ پاساودانی ئەو کەم کارییە دوبارە بکەمەوە.

هەل و مەرجی سیاسی کوردستان گۆڕانی بنچینەیی بە سەردا هاتوە، پێکهاتەی کۆمەڵگا گۆڕداوە، پارسەنگی هێز گۆڕانی بە سەردا هاتوە، هێزی نوێ هاتوونەتەوە گۆڕەپانی سیاسیەوە، شەپۆلی نوێ لە کۆمەڵگادا وەڕێ کەوتوون کە بە شێوەیەکی

جیاواز کاری سیاسی دەکەن، کە چی هێزە دیارەکانی بەشدار لە بزووتنەوەی کوردستان دا هێشتاش بە پێی هەل و مەرجی سی چل ساڵ لەمەوبەر سیاسەت دەکەن. زۆر جار لە خۆم دەپرسم کە ئەگەر بێ و گۆڕانکارییەکی جیدیتر لە ناوچەی ئێمەدا بێتە پێش، ئەو هەموو هێزە چەکدارە لێک دابڕاو و پچڕ پچڕە چۆن دەتوانن هەبوونی یەکتر قبووڵ بکەن! لە کۆمەڵگایەکی مەدەنی و دێمۆکراتیک دا کە هێزەکانی کورد ئیدیعای پێکهێنانی دەکەن، پلۆڕالیزمی سیاسی و کۆکردنەوەی ناوەندەکانی بڕیاردان و هێز لە چوارچێوەی سازی یا دەزگای هاوبەشی نەتەوەیی دا مەرجی سەرەکین. جا ئەگەر لە قۆناغی تێکۆشان بۆ ئازادی دا، هێزەکانی پێکەوە کار نەکەن و ناوەندێکی هاوبەشیان نەبێ، لە داهاتووی کوردستان دا چ روو دەدا!! پێکهێنانی بەرە دەتوانێ وەڵامێک بێ بۆ ئەو پرسیارانە.

**ڕۆژی کورد**: بەرەی کوردستانی بە چ میکانیزم و شێوەیەک پێک بێ کە هەموو لایەنەکان خۆیان تێدا ببیننەوە؟

**حیجاب**: دەکرێ لە بواری تێئۆریکەوە میکانیزمی پێکهێنانی پلاتفۆرمی سیاسی گەڵاڵە بکرێ و بخرێتە بەر چاوی خەڵک، بەڵام ئەو کارە کاتێک کەڵکی هەیە کە کۆمەڵێک کەس یا لایەن خوازیاری بن و بە جیدیی بگرن. لە وەزعی ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا پێشکەش کردنی گەڵاڵە و ڕیز کردنی میکانیزمی پێکهێنانی بەرە ناتوانێ بە کردەوە لە گۆڕەپانی سیاسی دا هیچ کاریگەرییەکی بێ. سەرەڕای ئەوەش، ڕای جیاواز لە سەر ئەو پرسە دەتوانێ داخوازیی پێک هێنانی بەرە زەقتر بخاتە ڕۆژەڤەوە.

یەکەم مەرج ئەوەیە کە خوێندنەوەیەکی ئەوڕۆییمان لە وەزعی جیهان و ڕەوشی ئێستای کوردستان هەبێ. ناکرێ هیچ هێز یا لایەنێک خۆی بە مەرجەع یا لێوەگەر دابنێ و پیی وابێ کە دەبێ هێزێکی دیکە بۆ خەباتی سیاسی ئیزن لەو وەربگرێ یا لە لایەن ئەوەوە دانی پێ دابندرێ تا ئەوەی بتوانێ لە پێکهاتەی نوێی سیاسی دا بەشداری بکا. ئەو هێزانەی کە یەک بنەمای فیکری و یەک پاشخانی سیاسی و ڕێکخراوەییان هەیە و ئێستاش بە ناوی هاوشێوە، بەڵام لێکدابڕاو درێژە بە چالاکی دەدەن، دەتوانن پێداچوونەوەیەکی جیدییان بە سەر وەزعی خۆیان دا هەبێ و هەوڵ بدەن بە یەکگرتووییەوە بەرەو پێک هێنانی پلاتفۆرمێکی هەمەلاگر و هاوبەش هەنگاو هەڵێننەوە. پاشان، پوتانسیەلێکی بەرچاو لە لای ئەو چالاکوانە سیاسیانە هەیە کە وازیان لە خەباتی بە ڕێکخراو یا تەشکیلاتی هێناوە، بەڵام دڵسۆزی حیزبەکان و بزووتنەوەن. ناکرێ ئەو هێزە وەپشت گوێ بخرێ.

**ڕۆژی کورد**: پێشنیارتان بۆ خێرایی بەخشین بە دروستبوونی بەرەیەکی یەکگرتوو چیە و چ ڕێکارگەلێک دەتوانن ببنە ڕێخۆشکەر بۆ پێکهێنانی بەرە؟



سەرچاوە
Serchawe

**حیجاب**: بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نابێ چاوەڕوانی قەزا و قەدەر بێ و بە هیوای گۆڕانکاریی بە دەر لە ئیرادەی خۆی لە دەرفەت بگەڕێ. هەرێمی ئێمە دەتوانێ هەر کات و سات تووشی گۆڕانکاریی چاوەروان نەکراو بێ. لە گۆڕانکاریی چاوەڕوان نەکراویش دا، ڕووداوی چاوەڕوان نەکراو، ئەکتەری سیاسیی چاوەڕوان نەکراو و داهاتووی چاوەڕوان نەکراو دەتوانێ دەور بگێڕێ. ئەگەر تۆ ئامادە نەبی، لە دوورەوە چەندە بڵێی "حەمەدم و ماڵم لە قۆیتەڵێ" یە، پووشێک ناکا. بەو وەزعەی کە بە چاوی خۆمان دەبینین، هیچ ئامادەکارییەک بۆ بە دەستەوەگرتنی جڵەوی ڕووداوە سیاسەکان یا سیاسەتێکی پرووئاکتیڤ بەدی ناکرێ، و ئەوەش گەورەترین لاوازیی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

با واز لە ڕیزکردنی کۆمەڵە وشەیەکی جوان بەڵام بێ کاریگەری بێنین. نە تەنیا سبەینێ، بەڵکوو ئەمڕۆش دەرەنگە. هێزەکان دەتوانن بە شێوەیەکی ڕوون و بە بێ دارشتنی پلان بۆ لاوازکردنی یەکتر، چەند خالێک بۆ تێگەیشتن لە یەکتر و وەک بنەمای گفتوگۆ بۆ پێکهێنانی بەرە ڕابگەیەنن، مەرج بۆ یەکتر دامەنێن و دیالۆگێکی هەمەلاگر و بەرفراوان دەست پێ بکەن.

تاکەکان و لایەنگرانی حیزبەکانیش کە بەشێکیان لە دەرەوەی وەڵاتن، دەستڕۆیشتوون و لە ماڵپەرە کۆمەڵایەتیەکان دا چالاکن، دەتوانن و پێویستە واز لە قووڵترکردنەوەی ناکۆکیەکان، بەکارهێنانی زمانی گرژ و ئاڵۆزی خولقێن بێنن و ببن بە پێشەنگی فەرهەنگی دیالۆگ و پێکەوە سازان. کاتێک بەرەو بەهێزکردنی ئەو فەرهەنگە ڕۆیشتین، زەمینەی دروستبوونی بەرە ئامادە دەبێ.

سەرچاوە: ماڵپەری ڕۆژی کورد - ڕێکەوتی ٢٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## تورکیە و کورد: هەنگاوێک بۆ پێشەوە دوو هەنگاوبەرەو دواوە

دانپێنانی رەسمیی رەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری ئێستا و سەرۆک وەزیرای ئەوکاتی تورکیە بە هەبوونی وتوویژ لەگەڵ عەبدوڵلا ئۆجالان سەرۆکی بەندکراوی PKK لە پەیامی سەرساڵی ٢٠١٣دا و پاشان پەیامی ئاشتیی عەبدوڵلا ئۆجالان لە نەورۆزی ساڵی ٢٠١٣دا، هیوای چارەسەریی ئاشتیانەی پرسی کوردی لە باکووری کوردستان هێنایە رۆژەڤی کوردستان و جیهانەوە. وێڕای هێزە سیاسییەکانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان، یەکیەتیی ئورووپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش بە راشکاوی دڵخۆشی و پشتیوانیی خۆیان لە رەوتی ئاشتی لە تورکیە و باکووری کوردستان دەربڕی و داوایان لە هەر دوو لایەن کرد کە ئەو هەلە بە باشی بۆ پێکهێنانی ئاشتی و چارەسەر کردنی پرسی کورد لە باکووری کوردستان و تورکیە بە کار بێنن. راگەیاندنی ئاگر بەس لە لایەن PKK ەوە و دەست راگرتنی ئەرتەشی تورک لە هێرش بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی PKK و هێزەکانی گریلا لە نێوخۆی باکووری کوردستان و لە بنکەکانیان لە ناوچە سنوورییەکان، ئەو هیوایەی بەهێزتر کردبوو کە رەوتی ئاشتی لە باکووری کوردستان بە ئەنجامی ئەرێنی بگا.

PKK وێڕای راگەیاندنی پێبەندیی خۆی بە پەیامی سەرۆکە بەندکراوەکەی و دەربڕینی ئامادەیی بۆ وازهێنان لە خەباتی چەکدارانە، بەو مەرجەی کە زەمینە بۆ چارەسەری سیاسیی پرسی کورد لە باکووری کوردستان برەخسێندرێ، هەر لە سەرەتاوە بە گومانەوە سەیری نییەتی ئەردۆغانی بۆ دانوستان دەکرد. ئەزموونی شکستخواردووی رەوتی ئاشتی لە نێوان بزووتنەوەی تامیل و دەوڵەتی سریلانکا و سەرئەنجامی تراژیکی بزووتنەوەی تامیل، بۆ PKK وەکوو زەنگێکی مەترسی وابوو کە وێڕای ئامادەبوون بۆ دەستپێکردنی رەوتی ئاشتی، هەموو هێلکەکانی نەخاتە یەک سەوەتەوە و متمانە بە گفتە بێ پشتیوانەکانی لایەنی بەرامبەر نەکا. بۆیە ئەو پارتیە پرسی دەستهەڵگرتن لە چەک و وازهێنان لە خەباتی چەکدارانەی بە ئەنجامی رەوتی وتوویژەوە بەستەوە و ئامادە نەبوو کە پرسی چەکدانان بخاتە بەر لە وەدەستهێنانی یەکەم دەستکەوتی سیاسییەوە.

ئەردۆغان هەر لە سەرەتای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لە ئاستی جۆراوجۆری سیاسەتی تورکیەدا، دوورەدیمەنی سیاسەتی تورکیەی بۆ ساڵی ٢٠٢٣، واتا سەد ساڵەی دامەزراندنی کۆماری هێنایە بەر باس. مەبەستی روون، بەڵام رانەگەیەندراوی ئەردۆغان ئەوە بوو کە لە سەد ساڵەی دامەزرانی کۆماری تورکیەدا، دەورێکی گرینگتر لە دەوری دامەزرێنەری کۆمار، مستەفا کەماڵ کایە بکا و ببێ بە پیاوی سەدساڵەی داهاتوو لە مێژووی تورکیەدا. پراگماتیزمی سیاسی و هەڵبەز دابەزی پۆپۆلیستیی ئەردۆغان لە سیاسەتی دەرەوە و نێوخۆی وەڵاتدا، دەریدەخست کە ئەو ئامادەیە بۆ وەدیهێنانی خەونی

سەدساڵەی خۆی لە هیچ شتێک خۆی نەپارێزێ. لە ماوەیەکی زۆر کورتی پاش بە دەستەوەگرتنی جڵەوی سیاسەت لە تورکیەدا، ئەردۆغان وای دەنواند کە کێشە قووڵەکانی لەگەڵ یوونان، سوریە و ئەرمەنستان چارەسەر دەکا. ئەو بە کردەوەش لەگەڵ ڕێبەرانی هەر سێ وڵات دانیشتنی بوو و ڕەوتێکی نوێی سیاسیی لە بەرامبەر ئەو وەڵاتانەدا دەست پێکرد. لە نێوخۆی تورکیەشدا ئەردۆغان بۆ بنەبڕکردنی نفووزی تاقمی ئەرگەنەکۆنی پێکهاتوو لە مۆرە بە دەسەڵاتەکانی ئەرتەش و میت کە دەوڵەتێکی سێبەریان لە نێوخۆی دەوڵەتدا پێک هێنابوو، هەوڵێکی جیددی دا. سەرەڕای ئەوەش کۆمەڵە ڕیفۆرمی بەڕێوەبەرایەتی، ڕێگادان بە وەشانی کوردی لە کاناڵە میدیاییەکانی دەوڵەتیدا و دەست پێکردنی ڕەوتی ئاشتی لەگەڵ PKK، نیشانەی راشکاو لە ڕێبازێکی نوێ لە سیاسەتی تورکیە و ئەردۆغاندا بوو. بەڵام هەر چۆن پێشاژۆی ئاشتی لەگەڵ سوریە بە هیچ ئەنجامێک نەگەیشت و کێشەکانی نێودەوڵەتی لەگەڵ یوونان و ئەرمەنستان بە چارەسەرنەکراوی مانەوە، ڕەوتە نێوخۆییەکان و پێشاژۆی ئاشتیش هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ لێگەر یا چالشی جیددی بەرەوڕوو بوو.

ئەردۆغان کاتێک لەوە دڵنیا بوو کە لە ڕێگای ڕەوتی ئاشتیەوە ناتوانێ لە باکووری کوردستان بە هەموو ئامانجە ئاشکرا و ڕانەگەیەندراوەکانی بگا، هەر بەو شێوەیەی کە لە پێوەندی لەگەڵ سوریە، یوونان و ئەرمەنستاندا لە بەرنامەکانی پێشووی پاشگەز ببوو، لە بەرامبەر ڕەوتی ئاشتی و داخوازییەکانی گەلی کورد لە باکووری کوردستانیشدا بایداوە سەر سیاسەتی کۆنی دەسەڵاتدارانی تورکیەوە.

بۆ PKK ش، وازهێنان لە چەک بەبێ ئەوەی کە دەستکەوتێکی سیاسی و حیزبی بێ، دەهاتە مانای واز هێنان لە داخواز و هیواکانی چەندین دەساڵەی کە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ بەرنامە و سیاسەتەکانی نەدەگونجا. ڕێبەرانی PKK بەو ناسینەی کە لە سیاسەتی شاردراوە و راشکاوی دەسەڵاتدارانی تورکیەیان هەبوو، لەوە دڵنیا بوون کە جێبەجێ کردنی داخوازی تورکیە و تا ڕادەیەکیش ئەمریکا و یەکیەتیی ئورووپا بۆ چەکدانان، بەر لەوەی کە پارلەمانی تورکیە چوارچێوەی یاسایی بۆ ئەو ڕەوتە پەسند بکا، دەهاتە واتای تەسلیم بوون، داخوازییەک کە لەگەڵ فەرهەنگی سیاسیی PKK و هیچ ڕێکخراوێکی چەکداری خاوەن رابڕدووی سیاسی ناگونجێ. پێداگریی ئەردۆغان و دەوڵەتی تورکیە لەسەر چەکدانانی PKK وەک پێشمەرجی گەڵاڵەبڕیاری چارەسەریی پرسی کورد لە مەجلیسی تورکیە، گومانی PKKی لە نیەت پاکیی ئەردۆغان زیاتر دەکرد. سەرەڕای ئەوەش، ڕێبەرانی PKK بە پێداگرییەوە ڕایاندەگەیاند کە پێبەندی بڕیاری ئۆجالان بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕی چەکداری و خۆش کردنی زەمینە بۆ ئاشتییەکی هەمیشەیی لە باکووری کوردستانن.

هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی تورکیە لە ١٠ی مانگی ئووتی ساڵی ٢٠١٤دا، ئەزموونێکی نوێ بوو بۆ سیاسەتی لێگاڵی کورد لە باکووری کوردستان. لە سەروبەندی ئامادەکارییەکانی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماریدا، ئوجالان لە ڕێگای شاندی HDP ەوە کە سەردانی ئیمرالیی دەکرد، داوای لە دەمیرتاش کرد کە وەک کاندیدای سەربەخۆ لە هەڵبژاردنی سەرۆککۆماریدا بەشداری بکا. لێکدانەوەی ئۆجالان ئەوە بوو کە ئەگەر دەمیرتاش و HDP کۆمەڵە پیوانێک ڕەچاو بکەن و لەگەڵ بەشێک لە هێزە

دیمۆکراتەکانی تورکیە بکەونە هاوپەیمانییەوە، دەتوانن ڕێژەی دەنگەکانیان بگەیێننە سنووری ١٠%. ئەنجامی هەڵبژاردن دەریخست کە HDP پوتانسیەلی بە دەستهێنانی ١٠% دەنگی لە سەرانسەری تورکیەدا هەیە، چونکە دەمیرتاش ٧٦،٩% دەنگەکانی دەنگدەرانی بە دەست هێنا. ئەو گەشەکردنەی HDP لە سیاسەتدا، هاندەرێکی باش بوو کە PKK زیاتر گرینگی بە خەباتی سیاسی بدا و دەستی HDP لە داڕشتن و بەڕێوەبردنی سیاسەتی لێگاڵدا ئاواڵەتر بکاتەوە.

ڕۆژی ٢٨ی مانگی فێورییەی ساڵی ٢٠١٥، ڕەوتی ئاشتی لە باکووری کوردستان کەوتە قۆناغێکی مێژووییەوە کاتێک شاندی HDP لە دیدارێکی فەرمیدا لە کۆشکی دۆلمە باخچە لەگەڵ جێگیری سەرۆک کۆماری تورکیە یالچین ئاکدۆغان ڕێککەوتننامەیەکی دە مادەییان خوێندەوە کە شاندی دەوڵەت لەگەڵ ئۆجالان لەسەری ڕێک کەوتبوون. بەڵام لە یەکەم حەوتووی پاش ڕاگەیاندنی ئەو ڕێککەوتننامەیەدا، ئەردۆغان دژبەری خۆی لەگەڵ ئەو ڕەوتە دەربڕی. هەڵوێستی ئەردۆغان دەریدەخست کە لە نێو دەزگای دەوڵەت و تەنانەت سەرکردایەتیی AKP دا، ناکۆکی لەسەر شێوەی دانوستان لەگەڵ پرسی کورد و مەسەلەی ئاشتی لەگەڵ PKK دا زۆرە. ڕووداوەکانی دواتر و پاکانە حیسابی ئەردۆغان لەگەڵ بەشێک لە سەرکردە دیارەکانی AKP وەکوو عەبدوڵڵا گولی سەرۆککۆماری پێشوو، جەمیل چیچەکی سەرۆکی پارلەمان، بولەنت ئارینچی جێگیری سەرۆک وەزیر و لە کۆتاییشدا ئەحمەد داودئۆغلۆی سەرۆک وەزیر و... نموونەی ڕاشکاوی ئەو ناکۆکییە بوون کە کاریگەرییان لەسەر ڕەوتی ئاشتی و دووبارە سەرهەڵدانەوەی شەڕی چەکدارانە لە باکووری کوردستان و تورکیە دا هەبوو.

هەڵبژاردنی پارلەمان لە مانگی ژوئەنی ٢٠١٥ کە تێیدا، HDP پتر لە ١٣% دەنگی هێناوە و ٨٠ پارلەمانتەری بۆ مەجلیسی تورکیە نارد، بۆ ئەردۆغان زەنگی مەترسی بوو. سیاسەتمەداری پراگماتیستی تورک هەستی دەکرد کە ئیدی جڵەوی سیاسەتی لە باکووری کوردستاندا لە دەست داوە و لە باقی بەشەکانی تورکیەش، بە هۆی نواندنی نەرمی لە بەرامبەر داخوازییەکانی گەلی کورد و بزووتنەوەی کوردیدا خەریکە متمانەی بەشی پارێزڤان و ناسیۆنالیستی کۆمەڵگەی تورک لە دەست دەدا. دژکردەوەی ئەردۆغان لە بەرامبەر دەستکەوتی HDP لە هەڵبژاردندا ئەوە بوو کە با ئەو لایەنەی دەنگەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی وەدەست هێناوە، بە تەنیایی ئاشتی بێنێتە ئەو دەڤەرە. واتای قسەی ئەردۆغان ئەوە بوو کە کلیدی چارەسەری تەنیا و تەنیا لە دەستی ئەو دایە و بۆ ئەوەی کە ئەویش ئەو کلیدە بە باشی بە کار بێنێ، دەبوایە بزووتنەوەی کوردستان باجی پێ بدا. بۆیە ئەردۆغان زۆری پێ خۆش بوو کە پارلەمانی هەڵبژێردراو لە مانگی ژوئەندا نەیتوانی بە سەر قەیرانی سیاسیی وەڵاتدا زاڵ بێ و حکوومەتی نوێ پێک بێنێ.

لە سەروبەندی ئامادەکاری بۆ خولی نوێی هەڵبژاردن کە بڕیار بوو لە مانگی نوامبردا بەڕێوە بچێ، چەتەکانی داعش هێرشێکی خوێناوییان کردە سەر میتینگێکی HDP لە شارۆچکەی سورووج کە بوو بە هۆی گیان لە دەستدانی ٣٢ کەس لە ئەندام و لایەنگرانی HDP. زۆری پێ نەچوو کە PKK بە بیانووی ئەوەی کە دوو پۆلیسی تورک بۆ ئەنجام دانی ئەو

هێرشە یارمەتیی داعشیان داوە، ئەو دوو پۆلیسەی کوشت. هەر بە دوای ئەو هێرشەدا، هێزەکانی سەربازیی تورک هێرشێکی بەربڵاویان بۆ سەر هێزەکانی پاراستنی گەل دەست پێکرد و هێزی ئاسمانیی تورکیەش بە شێوەی بەربڵاو هێرشی کردە سەر بارەگاکانی PKK لە ناوچە سنوورییەکان و بنکەکانی ئەو حیزبە لە قەندیل. ئیدی مەترسیی شەڕێکی خوێناوی و بەرین هەر دەهات و زیاتر دەبوو. سیاسەتی تورکیە لە دژی بزووتنەوەی تازە شکڵ گرتووی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان، یارمەتی ئاشکرای تورکیە بە داعش و هێزە توندڕەوەکانی سەر بە ئەلقاعیدە و هتد لە دژی یەکینەکانی پاراستنی گەل، باڵی سەربازیی PYD لە ڕۆژئاوای کوردستان کە لەسەر هەمان بنەما فیکرییەکانی PKK دامەزراوە و بە هاوبیری PKK دەناسرێ، ڕەوشەکەی ئاڵۆزتر دەکرد و بە کردەوە مەودای نێوان بزووتنەوەی کورد لە باکووری کوردستان و تورکیەی زیاتر دەکرد.

دژکردەوەی PKK لە بەرامبەر هێرشی هەمەلایەنەی تورکیەدا، هەوڵدان بۆ دەستپێکردنی تاکتیکێکی نوێی شەڕ بوو کە تێیدا لایەنگران و پشتیوانانی ئەو پارتیە، بەبێ دەست تێوەردانی هێزی چەکداری گەریلا، کۆنترۆڵی شار و گەڕەکەکانیان بە دەستەوە بگرن و بە کردەوە تورکیە ناچار بکەن کە شێوەیەکی نوێی بەڕێوەبەری کە بە خۆبەڕێوەبەری یا خۆسەریی دیمۆکراتیک ناودێر کرابوو قبووڵ بکا. تا کاتی هەڵبژاردنەکانی مانگی نوامبری ٢٠١٥ ئەو تاکتیکەی PKK لە چەند شارۆچکە و گەڕەکی شارەگەورەکان بەڕێوەبرا و کۆنترۆلی ئەو ناوچانە کەوتە دەستی خەڵکەوە. لە هەڵبژاردنی پارلەمان لە مانگی نوامبری ٢٠١٥دا HDP لە ژێر زەختی دەوڵەت و بە هۆی کەم کردنەوە چالاکییەکانی هەڵبژاردن بۆ پاراستنی خەڵک لە بەرامبەر هێرشە خۆکوژییەکانی داعشدا، بە زۆر توانی بەربەندی ١٠% تێپەڕ بکا و بە هۆی دابەزینی ڕێژەی دەنگەکانیەوە نزیکەی ٣٠ کورسیی پارلەمانی کە لە خولی پێشوودا وەدەستی هێنابوو لە دەست دا. لە بەرامبەردا AKP توانی ڕێژەیەکی بەرچاو لە دەنگی توێژە پارێزڤان و ناسیۆنالیستەکانی تورک وەدەست بێنێ و ڕێژەی دەنگەکانی ئەوەندە بەرێتە سەرێ کە بۆ دامەزراندنی دەوڵەت پێویستی بە هاوپەیمانی لەگەڵ هیچ لایەنی دیکە نەبێ.

AKP ئیدی خۆی لە ڕەوشێکی بەهێزتر دا دەدیت و دڵنیا بوو کە هەموو توندڕەوەکانی دژ بە کورد لە شەڕی دژ بە بزووتنەوەی کورددا پشتیوانیی لێ دەکەن. بۆیە قورساییەکی زیاتری دا بە ڕێبازی توندئاژۆیانە و شەری هەمەلایەنە لە دژی PKK و هەموو بزووتنەوەی کورد لە باکووری کوردستان. لە سەرەتادا هێزەکانی لایەنگری PKK کە کۆنترۆلی چەند شارۆچکە و گەڕەکی هێندێک شاری گەورەی وەک ئامەدیان بەدەستەوە گرتبوو کەوتنە بەر هێرشی هەمەلایەنە. لە هێندێک شاری وەک وان، بەرنامەی PKK بۆ تێپەڕین بۆ قۆناغی شەڕی نێو شار، بەرلەوەی بکەوێتە ژیانەوە زەربەی خوارد و تووشی شکست بوو. لێکدانەوەی PKK سەبارەت بەوەی کە دەوڵەتی تورک لە بەر پاراستنی گیانی خەڵکی مەدەنی ڕەنگە سیاسەتی کاول کردنی شار و گەڕەکە خۆبەڕێوەبەرەکان ڕەچاو نەکا، بە هەڵە دەرچوو. تورکیەی ئەردۆغان لە کاتی بەربەرەکانی لەگەڵ خەڵکی مەدەنی، لایەنگرانی بزووتنەوەی کورد و شانە چەکدارەکانی PKK کە تێکەڵ بە شەڕڤانانی نێو شارەکان ببوون، هەمان سیاسەتی سەددام و ئەسەدی بە کار هێنا و بە کاوڵ کردنی دەیان گەڕەک و شارۆچکە، بە

سەدان کەس لە خەڵکی مەدەنی و زیاتر لە ٧٠٠ ئەندامی چالاکی PKK ی لە نێو شارەکاندا شەهید کرد. بە دەیان گەڕەکی شارەکانی باکووری کوردستان بە یەکجاری خاپوور کران و ٣٠٠ هەزار کەس تووشی ماڵوێرانی بوون و هەمووشتێکیان لە دەست دا و ناچار بە کۆچبەری کران. لە شاخەکانی کوردستانیش شەڕێکی قورس لە نێوان دەوڵەت و PKK دا دەستی پێکرد کە لە ماوەیەکی کورتدا گەیشتە خوێناویترین ئاستی چەند ساڵەی شەڕی چەکدارانەی نێوان دوو لایەندا.

کوودتای سەرنەگرتووی مانگی ژوولای ٢٠١٦ لە تورکیە، دەرفەتێکی دیکەی دا بە دەست ئەردۆغانەوە کە جومگەکانی دەسەڵاتی خۆی بە هێزتر بکا و بە شێوەیەکی بەربڵاوتر بە گژ هەموو ئەو ئاستەنگانەدا بچێتەوە کە لەسەر ڕێگای ئەو بۆ تورکیەی ٢٠٢٣ دەبوون بە لەمپەر. مۆدێلی خۆبەڕێوەبەری و داخوازیی سیاسی بزووتنەوەی کورد لە باکووری کوردستان بۆ خەیاڵەکانی ئەردۆغان وەکوو مۆتەکە وان. بۆیە ئەو بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدا کە پێش بە گەشەکردن و خەباتی سیاسیی بزووتنەوەی کورد بگرێ وئێستاش لە ڕێگای سوپا، پۆلیس، میدیا و بەڕێوەبەرایەتیی سیاسی‌یەوە کە ئێستا ئیدی بە یەکجاری لە دەست AKP و شەخسی ئەودان خەریکی جێ بە جێ کردنی ئەو سیاسەتەیە.

داخستنی پتر لە دە کاناڵی تەلەڤیزیۆنی کوردی، بە دەیان کاناڵی رادیۆ و چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار کە هاوتەریب لەگەڵ سیاسەتی بزووتنەوەی کورد لە باکووری کوردستان کاریان دەکرد لە ڕاستی دا ئامادەکردنی زەمینە بۆ شەپۆلکی نوێی سەرکوتکردنی بزووتنەوەی کورد بە هەر دوو باڵی سیاسی و چەکداری‌یەوە بوو. هەر پاش کپ کردنی دەنگی میدیای ئازاد، دەوڵەتی تورک لە ٢٦ شار و شارۆچکەی باکووری کوردستان هاوشارەدارەکانی سەر بە HDPی لە ئەرکی خۆیان دوور خستەوە و لە جیاتی ئەوان ٢٦ قەیومی دانا تا بە پێی سیاسەتی AKP و دەوڵەتی تورک بجووڵێنەوە. لە درێژەی ئەو سیاسەتەدا لەم حەوتووەی دوایی‌دا هاوشارەدارەکانی باژاری مەزنی ئامەد گولتەن کشاناک و فرات ئانلی لەگەڵ بەشێک لە بەڕێوەبەرانی HDP دەست بە سەر کران و پاشانیش گیران.

ئێستا پاکانە حیسابی ئەردۆغان لەگەڵ بزووتنەوەی کورد گەیشتۆتە پڕ مەترسیترین قۆناغی خۆیەوە و سنووری توندوتیژی‌یەکانی هەموو دەسەڵاتدارانی چەندین دەیەی رابردووی تورکیەی لە دژی گەلی کورد تێپەڕاندوە. تا کەنگێ تورکیە و ئەردۆغان ئەو سیاسەتە توندەی پشتبەستوو بە ڕق و تۆڵەئەستاندنەوەی کوێرانە لە دژی گەل، سیاسەتی مەدەنی و بزووتنەوە کورد لە باکووری کوردستان بەڕێوە دەبەن، بەشێکی بەستراوەتەوە بە دژکردەوەی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لە بەرامبەر تورکیەدا. بەڵام دووریش نیە کە چارەنووسی شەڕی مووسڵ و پاشانیش ڕەققە لە عێراق و سوریە، وەرچەرخانێکی نوێی سیاسی لە ناوچەدا دروست بکا کە کاریگەری لەسەر پارسەنگی هێز دابنێ و دووبارە ئەردۆغان ناچار بکا ڕوو لە پراگماتیزمی سیاسی بکا و دەرگایەکی نوێ بۆ چارەسەریی سیاسی پرسی کورد لە باکووری کوردستان بگرێتە بەر.

لە ژمارە ٦٩١ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦

## وتوویژی گۆڤاری ڕێگا

### ئایا ڕاستە (قاسملوو) ئێرانی مەحکوم کردووە لەبەرامبەر کیمیابارانی هەڵەبجەدا؟

**ڕاپۆرتی: سۆران عومەر**

**ڕۆژنامەکانی بەعس: سکرتێری حزبی دیموکرات، ئێران بە بەرپرسی هێرش بۆ سەر هەڵەبجە دەزانێت!**
**دیداری: ستارە عارف**

**وتوویژێک لەگەڵ "عەبدوڵا حیجاب" نوسەرو لێکۆڵەرو چالاکی بواری سیاسی لەرۆژهەڵاتی کوردستاندا دەربارەی کوردو ئێران.**

**ڕێگا مەگەزین**: ڕەوشی ئەمڕۆی ئێران چۆن دەبینیت؟

**عەبدوڵا حیجاب**: بارودۆخی ئێستەی ئێران ئاڵۆزترە لەهەموو سەردەمێک، بەڵام با زۆریش خۆشبین نەبین‌و تەنیا ڕوواڵەتی مەسەلەکان لەبەرچاو نەگرین، ئاڵۆزی بەمانای ئامادەبوونی زەمینە بۆ تێکچوونی خێرای ڕژێم نیە. ئێران ئاوسانی ڕووداوە چاوەروان نەکراوەکانەو هەر هەژانێکی سیاسی، عەسکەری کۆمەڵایەتی دەتوانێ شەپۆلێکی بەهێزی لێبکەوێتەوە کەئەنجامەکانی لەکۆنترۆل بەدەربێ. بۆیەش هەموو هەوڵی ڕژێم لەوەدایە کە پێش بەوەها هەژاندنێک بگرێ.

ئەوەی دیارە، ئەو بەشە لەلایەنگران‌و پارێزەرانی ڕژێم کەپێیان وابوو ئەحمەدی نەژاد دەتوانێ دروشمەکانی بەکردەوە بەڕێوەبباو دەرفەتی زیاتر بۆ ئەوان بڕەخسێنێ، هیوابڕاو بوون، نرخی نەوت بەرێژەیەکی چاوەروان نەکراو دابەزیوەو خەزێنەی دەوڵەت وەک جاران پڕ نییە کارتێلەئابووریەکانی سەر بەبنیاتە جۆراوجۆرەکانی دەزگای بەڕێوەبەری ئێران کە ئەحمەدی نەژاد بەڵێنی دابوو لەنفووزو دەسەڵاتیان کەمبکاتەوە لەجاران بەدەسەڵاتترن و، نەیتوانی بەسەریاندا زاڵبێ بەشی توندڕەوتری دەسەڵات کەخۆی بە"ئسولگەرا" یا بنەما پارێز دەناسێنێ هاوئاهەنگ کارناکاو لەنێوان مەجلیس‌و حکومەتدا ناکۆکی ئاشکرا هەیە. بەهێزکردنی دەسەڵاتی بەسیج یان میلیشیای دەرەوەی قەوارەی سوپای پاسداران زۆر بەدڵی ئارتەش‌و تەنانەت بەشێکی سوپای پاسدارانیش نیە. کۆمەڵگا تاکو ملی لەگەندەڵیی کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌و تەنانەت

ئەخلاقی نوقمە. بێکاری لەڕێژەی ٢٠%تێپەڕیوە، بەملیۆن خەڵک تووشی بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان بوون، نەخۆشی ئایدز لەهەمووی وڵاتدا بڵاوبۆتەوەو گرانی شتومەک خەڵکی تەواو بێزارو هەراسان کردووە.

**ڕێگا مەگەزین**: نەبوونی سەرکردە یان نەبوونو کزی هێڵی ئایدۆلۆژی تاچەند کاریگەرن لەمێژووی بزوتنەوە کوردیەکانی ڕۆژهەڵاتدا؟

**عەبدوڵا حیجاب**: بزوتنەوەی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان کولتورێکی جیاوازی سیاسیی دروستکردووە کە لەجیاتی زەفکردنەوەی دەوری تاک، تەنانەت ئەگەر سەرکردەش بێ، پتر گرنگی دەدا بەبریاری بەکۆمەڵ، لایەنی باشی ئەو کولتوورە سیاسییە بەهێزکردنی بنەماکانی دیموکراسیو جێگیرکردنی پێوانەی دیموکراسی لەنێو بزوتنەوەدایە، بەڵام لایەنی خراپیشی ئەوەیە کەئەوانەی ئیدیعای سەرۆکایەتی دەکەن زۆر دەبنو شەڕی سەرۆکەکان پرشوبڵاوی دروست دەکات.

بەرێوەبەرانی بزوتنەوەی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان نە لەڕابردوودا و نە لەئێستا لەجەماوەری رێکخراوەکانیان بەجیا نەژیاون هەر بۆیەش هەمیشە لەمەترسی لەنێوبردندا بوون.

تیرۆرکردنی کەسایەتیەکی وەک عەبدولرەحمان قاسملوو یا جێگرەکەی سادق شەرەفکەندی خەسارێکی گەورە بوو کە نەتەنیا لەحزبی دیموکرات، بەڵکو هەموو بزوتنەوەی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان کەوت. دوکتور قاسملوو وەک بەرێوەبەرو پێشەنگی بزوتنەوەی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان ڕاوێژکارێکی جێی متمانە بۆ بەشێکی بزوتنەوەی کورد لەباشوریش بوو کە یەکێتی نشتیمانی بەرێوەی دەبرد. کەوابوو بزوتنەوەی کورد لەرۆژهەڵات پوتانسیەلی دروستکردنی سەرکردەی ئەفسانەیی بووەو ئێستاش دەتوانێ هەیبێ، بەڵام ئەو فەرهەنگە دروست نییە، دیموکراسیو بەرابەری ناهێنێو پێم نادروستە کە بۆ دروست کردنی وەها سەرۆکێک هەوڵ بدەین. باسەرۆکەکان بێنو برۆن بەڵام بزوتنەوەیەکی پێشکەوتنخوازی دیموکراسیمان بە بەردەوامی هەبێت.

لەبواری هێڵی ئایدۆلۆژییەوە، با پێشتر ئەوە رونکەمەوە کە هەر حزبو ڕێکخراوێکی سیاسی لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیایەک دادەمەزرێ. دەنا چۆنو چ بەرنامەیەکی دەبێ بۆ بەرێوەبردنی کۆمەڵگا، چ رێبازێک هەڵدەبژێرێ بۆ گەیشتن بەو ئامانجە؟ رێکخراوە چەپەکانی کورد وەک لقو پۆپەکانی کۆمەلەلەسەر بنەمای ئایدۆلۆژی مارکسیستی دامەزراون، خەباتەکان تێکەڵاوێکیان لەڕوانگەی ئاینیو نەتەوەیی خۆیان هەیە، حزبی دیموکرات بە بەشە جیابووەکەیەوە لەکۆنگرەی (٦)ەوە ڕویان لەسۆسیال- دیموکراسی کردوەو PKK ش لەسەر بنەمای خوێندنەوەی تایبەت بەخۆی لەمارکسیزم حەرەکەتی پژاکی لەرۆژهەڵاتی کوردستان وەڕێخستوەو خۆی بەهێزێکی چەپ دەناسێنێ.

**ڕێگا مەگەزین**: بزوتنەوەی هیواو ژێکافو خۆراگری پێشەوا چی شوێنەوارێکیان لەسەر خەڵک بەجیهێشتووەو کامیان کاریگەرترن تا ئەمڕۆ؟

**عەبدوڵا حیجاب**: هەر یەک لەڕووداوەکانو ناوی پێشەوا بە شێوەیەکو لەشوێنی خۆیدا کاریگەرییان بووە. ناوو هزری هیوا زیاتر لەلای ئەو ڕووناکبیرانەی کە ئاگایان لەمێژوو هەیە دەناسرێ، بەڵام کۆمەڵەی ژێکاف زیاتر ناسراوەو وەک هێلانەی هزری نوێی نەتەوەیی لەو بەشەدا چاوی لێدەکرێ، ناوی پێشەوا قازی محەمەد بۆ هەموو کوردێک بەرزەو بووە بە ڕەمزی نەتەوەیی. پاراستنی مافی نەتەوەی کورد لەلایەن پێشەواوەو پێداگرتنی لەسەر هاوچارەنوسبونی کورد ئێستا وەک هێمایەکی بەرز لەهەموو کوردستاندا چاوی لێ دەکرێ.

**ڕێگا مەگەزین**: حزبی توودە بە بەرنامەیەکی تازەوە خۆی دەکاتە هێزی ئەلتەرناتیف، هۆی چیبوو کەنەیتوانی ببێتە هێزو زوو لەناو چوو؟

**عەبدوڵا حیجاب**: دوای مردوان، ڕەحمەت باشە. هێزی چەپی کلاسیک لەڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا لەجیاتی هێزێکی دینامیک بۆ چاکسازیو گۆڕان، وەک ئاینێکی نوێ هاتە مەیدانەوە، بەڵام ئاینێک کە نەبنەمایەکی بەهێزی فیکری هەبوو نەئەو تەقەدوسەی کە بتوانێ کۆمەڵانی خەڵک بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. ئەو چەمکە سیاسیانەی کە ئەو هێزە هێنایە ڕۆژڤەوە کۆپی ئەو چەمکە توندڕەوانە بوون کە هێندێک لەڕێبەرانی بناغەئاژۆی ئاینی لەقۆناغە جیاوازەکانی مێژوودا هێنابوویان، تەنیا ناوەکان گۆڕدران، کۆمەڵی باوەڕمەند بوو بەهێزی کرێکاری، عەداڵەتی دینی بوو بە کۆمۆنیزم، کافرەکان ناوی بۆرژوایان پێ براوە، جیهاد بوو بە تێکۆشانی بێوچان هەتا سەرکەوتن بەسەر بورژوازیدا، مەکتەبە ئاینیەکان بوون بە مەدرەسە حزبیەکان، خوشکو برا بوون بە هەڤاڵو فەقێ بوون بە کادرو خەلیفەکان بوون بەڕێبەر.

**ڕێگا مەگەزین**: ئێران بەرامبەر بەمەسەلەی کورد لەهەر پارچەیەک بێت جۆرە مامەڵەیەکی هەیە، بۆنمونە بەرامبەر پەژاک هاوپەیمانی لەگەڵ تورکیادا هەیەو لەلایەکی تریشەوە لەگەڵ هەرێمی کوردستان دۆستایەتی دەکاتو دژی حزبەکانی ڕۆژهەڵاتە؟

**عەبدوڵا حیجاب**: کۆماری ئیسلامی هەمیشە باشووری کوردستان وەک بنکەیەکی عەمەلیاتی بۆ بەرەوپێش بردنی سیاسەتەکانی لەناوچەدا چاو لێ دەکاو پەیوەندیی لەگەڵ هێزە کوردیەکان لەو ڕوانگەوەیە. بەرهەمی ئەو پەیوەندییانە، بێجگە لەچاندنی تۆیی دووبەرەکی، بڵاوکردنەوەی مادەهۆشبەرەکان، پەرەپێدانی توندئاژۆیی و بەهێزکردنی تیرۆریزم چی دیکەبووە؟ بەشێکی زۆری پەیوەندییەکان لەڕێگای قەرارگاکانی ڕەمەزانو حەمزەو سوپای قودسەوە بوون، دیارە وەها

پەیوەندییەک چی لێ دەکەوێتەوە.

**ڕێگا مەگەزین**: پەیوەندی ئێران لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا لەسەر ئاستی حزبە یان حکومەت؟ لەکاتێکدا هەندێک لەحزبەکانی باشور ئێران بەدۆستی ستراتیژی دادەنێن، تاچەند ئەم پەیوەندییە زیان بەدۆزی کورد بەگشتیو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت دەگەیەنێت؟

**عەبدوڵا حیجاب**: ئێران پەیوەندی کۆنی لەگەڵ حزبەکان هەیەو زەحمەتە کە لەگەڵ هەرێمی کوردستان وەک قەوارەیەکی سیاسی خۆبەڕێوەبەر پەیوەندی دروستی دۆستانە دامەزرێنێ. ئەوانەی کەباسی پەیوەندیی ستراتیژی دەکەن، دەبێ ڕوونی بکەنەوە کەداخۆ کوردو کۆماری ئیسلامی بێجگە لەشەڕی هاوبەشیان لەگەل ڕژێمی سەدام چی دیکەیان هاوبەش بووەو دەتوانێ هاوبەش بێ؟ ئایدۆلۆژییان، تێڕوانینیان لەسەر مەسەلەجیهانیەکان، زمانیان، کولتووریان، هاوپەیمانێتییە جیهانیەکانیان، ئابوورییان، تەنانەت جل وبەرگو شێوەی هەڵسوکەوتیان؟

پەیوەندی ستراتێژی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی واتا دژایەتی کردن لەگەڵ ئەو ڕەوتەی کە لەباشوری کوردستان دەستی پێکردووەو بۆ کورد بووە بەهیوا، ئەو قسەیەش کەکراوە لەسەر حیسابی هەڵەی گوتن دایبنێین، دەنا کوردو کۆماری ئیسلامیو هاوپەیمانێتی ستراتێژیی؟!

ئێران بەهۆی ناکۆکی لەگەڵ ئێراقدا بزاڤی کوردی باشوری لەشاخدا بەرامبەر بەئێراق بەکارهێناوەو یارمەتی داون، ئێستاش هەمان سیاسەتی کورد بەرامبەر بەکورد بەکاردێنێت.

**ڕێگا مەگەزین**: لەکاتی کیمیابارانی شاری هەڵەبجەدا قاسملوو نکۆڵی لەوە کردبوو کەئێراق کیمیابارانی کردبێتو ڕایگەیاندبوو کەئێران بەم کارە هەستاوە هۆکەی چی بوو؟

**عەبدوڵا حیجاب**: هەر چەند ئەو پرسیارە پەیوەندی بەبابەتی دیمانەکە یا سیاسەتی هەنوکەییەوە نیە، بەڵام مادام پرسیارە، وەڵامی دەدەمەوە. دوکتور قاسملوو سیاسەتوانێکی بەتواناو خاوەن هەڵوێست بوو لەچوارچێوەی ڕێئالیزمی بزوتنەوەی کوردیدا کە بۆ بەردەوامیی خەباتی چەکدارانە پەیوەندی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە دادەمەزرێنێ کە هاوکات لەگەڵ کوردی "خۆی" بەشێوەیەکی نامرۆڤانە شەڕ دەکا، ڕەنگە پتر لەزۆربەی لایەنەکانی دیکەی کورد حورمەتی نرخو بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانی پاراستبێ. سەبارەت بەهەڵوێستی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو دوکتور قاسملوو وەک سکرتێری حزب لەپەیوەندی لەگەڵ کارەساتی هەڵەبجەدا بەڵگەی مێژووی هەنو دەبێ بۆ وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارە پشت بەو بەڵگانەوە

ببەستین. وا نیە کە قاسملوو نکۆلی لەکیمیابارانی هەلەبجە لەلایەن عێراقەوە کردبێ. بە پێچەوانەوە، دوکتور قاسملوو بەخۆبواردن لەدانەوەی وەڵامێکی راستەوخۆ بەم پرسیارە ئەو بڕوایەی بەهێزتر کرد کەعێراق ئەو کارەی کردبێ. ئەو دەم قاسملوو لەدیمانەیەکیدا لەگەڵ رادیۆی (BBC) گوتی "... ئێرانیش لەشەڕەکانی دا لەدژی ئێمە گازی کیمیاوی بەکار هێناوەو وێ دەچێ کە لەم هێرشەی دواییشدا ئەو گازەی بەکار هێنابێ... ئێمە وەک حدکا هەر چەشنە هێرشێک بۆ سەر خەڵکی مەدەنی لەلایەن هەر کەسێکەوەو بەهەر شێوەیەک کە کرابێ مەحکووم دەکەین".

ئەگەر مەبەستی قاسملوو ئەوە نەبا کەعێراق مەحکوم بکا، لەو چوارچێوەیەدا هەر ناوی ئێرانی نەهێناوە، کەوابوو هەڵوێستی ئەو زۆر ڕوون بووەو ئەوەش بووە هۆی ئەوە کە ڕژێمی عێراق زۆر تووڕەببێ‌و لەکاتی گەڕانەوەی لەڕێگای بەغداوە بۆ کوردستان تەگەرەی بۆ بێنێتە پێش.

دوکتور قاسملووش کە بەدەگمەن لەگەڵ ڕاگەیاندنە گشتییەکانی عێراق دیمانەی دەکرد، ئەو دەم چەندین وتوێژی لەگەڵ ڕۆژنامەکانی بەغدا پێکهێناو لەهەموویاندا هەر هێرشی کردۆتە سەر هۆکاری بەردەوامبونی شەڕ کەڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران بووە، دووبارە خۆی لەوەڵامدانەوەی ڕاستەوخۆی ئەو پرسیارانەی کەپەیوەندیان بەکیمیابارانی هەڵەبجەوە بوو پاراست، دواتر ڕۆژنامەکانی عێراق بە سەردێری گەورە نووسیان "سکرتێری حزبی دیموکرات، ئێران بە بەرپرسی هێرش بۆ سەر هەڵەبجە دەزانێ".

## پرۆفایل

**ساڵی ١٩٨٤ بووە بەپێشمەرگەی حزبی دیموکراتی کوردستان‌و بێژەری دەنگی کوردستانی ئێران بوە تا ساڵی ١٩٩٠، لەساڵی ١٩٩١وە لەنەرویج دەژی‌و ماستەری لەزانستی سیاسی زانکۆی ئۆسلۆ هەیە، چالاکی سیاسی‌و کاری نوسین‌و لێکۆڵینەوە دەکات.**



سەرچاوە
Serchawe

## کاک فەتاح چووە ڕیزی کاروانی نەمرانەوە

کاک فەتاح کاویان، کەسایەتیی دڵمەزن و قسەخۆش کە ڕەنگ و ڕوویەکی مرۆڤانە و گەرمی بە سیاسەت دەبەخشی بە جێی هێشتین. ئەو گەنجینەیەکی ڕەنگینی زانیاری و ئاگایی بوو کە هەموو تواناییەکانی خستبوە خزمەتی بەرەوپێش بردنی ئامانجە سیاسیەکانی حیزبەکەی. بۆ کاک فەتاح، ناو، پلە و پایە یا بەرژەوەندیی تایبەتی بێ بایەخ بوون. هەر کات پێویست بوایە شانی دەدایە بەر بەرپرسایەتی بەرز و لە هەر جێگایەکیش هەستی کردبا کە دەتوانێ باشتر خزمەتی گەلەکەی بکا، قۆڵی لێ هەڵدەماڵی بە بێ ئەوەی چاوی لە کورسی بێ.

بۆ کاک فەتاح سیاسەت قاڵبێکی وشکی پێک هاتوو لە کۆمەڵە بڕیارێکی بێ ڕووح نەبوو. ئەو سیاسەتی بە پیوانە مرۆڤدۆستانەکانەوە بە پڕ بایەخ دەزانی؛ کۆمەڵە پیوانێک کە ڕێز لە کەرامەتی مرۆڤ وەک تاک دەگرن، بۆیە ڕێزێکی زۆری لە پێوەندیی مرۆڤانە دەگرت. کەم کەس نین کە دەتوانن شاهیدی بدەن چۆن کاک فەتاح پارووی زاری خۆی لە گەڵ ئەو پێشمەرگە و بنەماڵەی پێشمەرگەکانە بەش دەکرد کە یارمەتیی مانگانەی حیزب بەشی خۆراکی ماڵ و منداڵەکانیانی نەدەکرد.

لە ماوەی ٧ ساڵ کاری ڕاگەیاندن لە بەشی ڕاگەیاندنی حیزبی دێمۆکرات دا، هەمیشە شانازیی ئەوەم پێ بەخشرابوو کە لە خزمەت مامۆستای ڕۆشنبیر، پڕکار و خۆنەویست کاک فەتاح کاویاندا بم. جاری وابوو من یا هاوڕێیەکی دیکە لە گەڵی هاوڕا نەبووین، یا لە بەرامبەر ڕوانگەی ئەو دا ڕادەوەستاین و سەربزێویمان دەکرد، بەڵام قەت نەمبینی کە ئەو پیاوە دڵپاک و دڵسۆزە ڕای جیاواز بکا بە بنەما بۆ هەڵاوەردن یا دوورخستنەوە. بە پێچەوانەوە بەو تواناییە بەرزەی کە لە ڕاگرتن و گەشەپێدانی پێوەندییە مرۆڤدۆستانە و کۆمەڵایەتیەکاندا بووی، زۆر پسپۆرانە ڕێچارەی بۆ جیاوازییەکانی دەدۆزییەوە و دووبارە گەرمی، بڕوا بە خۆبوون و متمانەی دەگەڕاندەوە کۆڕ و کۆبوونەوەکانمانەوە.

بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک فەتاحەوە، سەرەخۆشی لە هەموو هاوڕێیان و هاوبیران بە تایبەت هاوڕێی هەرە نزیکی، برای بەڕێزم کاک حەسەن ڕەستگار و بنەماڵەی بەڕێزی دەکەم و خۆم بە شەریکی خەمیان دەزانم.

کاک فەتاح بە کار و ناو و بەرهەمەکانیەوە هەر بە زیندوویی دەمێنێتەوە. چ شانازییەکی گەورەیە کە هەر کاتێک ناوی کاک فەتاح دێ، بزەی خۆشی و ئارامیشی لە گەڵە. یاد، ناو، ڕێباز و بیرەوەرییەکانی کاک فەتاح تا بمێنین لە دڵمان دا دەژی.

سەرچاوە: فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٩ی جانێویری ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

# ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ پرس، ڕاڤە، ڕێگا "

## پیوان و مەرجەکانی پێکەوەکارکردن.

کاریگەریی خەباتی هێزە سیاسیەکانی کورد لە سەر ئاڵوگۆڕ و ڕووداوە سیاسیەکانی ئەمڕۆ و داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران، پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە شیانی پێکەوە کارکردن و دارشتنی پلانێکی دیار و کارا بۆ کاری هاوبەشی نێوانیانەوە هەیە. هەبوونی کۆمەڵێک حیزب و ڕێکخراو بە پلان و بەرنامەی جیاوازەوە، لە کاتێکدا کە دەتوانێ نیشانەی گەشەی سیاسیی کۆمەڵگا بێ، هەر لەو کاتەشدا ئەگەر بێت و هێزەکان پێبەندی کۆمەڵە پیوانێک بۆ پێکەوە کارکردن و دیاریکردنی چۆنیەتی هەڵس و کەوتی دوو لایەنەوە نەبن، دەتوانێ ببێ بە هۆی ئاڵۆزی و بەردی بناغەی تراژێدییەکی نوێ لە داهاتووی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا. بە تایبەت هەبوونی چەندین هێزی چەکداری سەر بە ناوەندە جیاواز و هێندێک جاریش ناکۆک و ناتەبەکانی بڕیاردانەوە، مەترسیی سەرهەڵدانی ئاڵۆزی و بگرە شەری چەکدارانەی نێوخۆییش هەمیشە لە ڕۆژەڤی ڕێکخراوەکانی بەشدار لە بزووتنەوەدا دەهێڵێتەوە. ئەزموونی تاڵی شەڕە نێوخۆییەکان، لێکترازانەکان، ناکۆکیەکانی نێو و نێوان باڵە جیاوازەکانی حیزب و ڕێکخراوەکان، پاڵپێوەنانی تاک و بە کۆمەڵ، هەروەها ڕەشکردن یا نێوخراپکردنی سنوورنەناسانەی یەکتر، بە هێزبوونی زێهنیەتی کارشکێنی لە بەرامبەر یەکتر و قووڵکردنەوەی ئاڵۆزییەکان لە کاتی سەرهەڵدانی ڕای جیاوازدا، بە گشتی ئەو گومانانە بەهێز دەکەن کە نەبوونی توانایی پێکەوە کارکردن یەکێک لە گەورەترین کۆسپەکانی سەر ڕێگای گەشەکردن و بەرەوپێش چوونی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. بە تایبەت کاتێک دەبینین کە بیرۆکەی زاڵ بە سەر ڕەوشی ئێستای ئەو بزووتنەوەیەدا جیاوازییەکی ئەوتۆی لە گەڵ چۆنیەتی بیرکردنەوە و بڕیاردان لەو سەردەمانەدا نیە کە هەوری بێ باوەری و مۆتەکەی شوومی شەری نێوخۆیی قورسایی هێز و تواناکانی بزووتنەوەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گرفتە نێوخۆییەکانەوە خەریک کردبوو.

هەبوونی ئەو مەترسییە لە لایەکەوە و لە لایەکی دیکەشەوە ئاڵوگۆڕە خێراکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، کە لە هەر کات و ساتێکدا دەتوانێ دەرفەتی گەشەکردن یا مەترسیی شکستی گەورە بهێنێتە پێشەوە، حوکممان پێ دەکا کە هەموو هێز و تواناکانمان بخەینە گەڕەوە تا بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو ڕەوشەی کە ئێستا تێدایە، تێپەڕ ببێ. وروژاندنی ئەم باسە نە بە مانای سەرهەڵدان لە بەرامبەر ئەو تێگەهە (CONCEPT) سیاسی یا ڕێکخراوەییە کە بە سەر بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا زاڵە، و نەش گەڕانێکی سەربزێوانەیە بە شوێن جێگرەوەی هێزەکانی بەشدار یا چالاک لە گۆڕەپانی خەباتی سیاسیی ئەمڕۆدا. ئەو هەنگاوە تەنیا هەوڵدانێکە بۆ گۆڕینی گوتاری نێوخۆیی و

دەستنیشان کردن، پێداچووونەوە و پێشنیاری چارەسەری بۆ ئەو گیروگرفت و ئاریشانەی کە بەرۆکی بزووتنەوەیان گرتووە و وەک لەمپەری سەر ڕێگای گەشەکردنی هەر چی پتری خەباتی نەتەوەیی یا خەبات بۆ دابین کردنی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی لە وەڵاتەکەماندا خۆیان دەنوێنن. لە تاوتوێی ئەم باسە دا هەوڵ دەدرێ کە مژاری سەرەکی لە چوارچێوەیەکدا بمێنێتەوە کە ئەو خاڵانە لە خۆی دەگرێ: شکڵ گرتن و چۆنیەتیی خەباتی حیزبی و کاریگەریی ئەو خەباتە لە سەر سایکۆلۆژیی ڕێکخراوەیی بزووتنەوەی کورد، گۆڕانکاری لە سیستەمی حیزبی و کاریگەریی لە سەر دیمەنی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گۆڕانی گۆڕەکە (VARIABLE) کاریگەرەکان لە سەر دیمەنی سیاسی(POLITICAL) (LANDSCAPE) گەشەکردنی پارادایمی (PARADIGM) نوێ، پێویستی پێکەوە کارکردنی هەموو لایەنەکانی بەشدار لە بزووتنەوەی کوردستان و مەرج و میکانیزمی پێکەوە کارکردن.

بەر لەوەی بکەوینەوە نێو خودی باسەکەوە، با ئەوەش ڕوون بکرێتەوە کە لە چوارچێوەی ئەو باسەدا لە هەر جێگایەک باسی دەسەڵاتی تاکەحیزب کراوە، مەبەست هەبوون و مۆنۆپۆلی تاکە حیزبە لە گۆڕەپانی خەباتی بە کردەوە لە دژی دەسەڵاتدارانی زاڵ بە سەر ئێراندا، نەک دەسەڵاتی ڕەهای حیزب لە بەڕێوەبردنی وەڵاتدا. چونکە هیچ کام لە هێزە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نە لە ڕابردوودا دەرەتانیان بووە (دەرفەتێکی کورتی لێ دەرچێ) و نەش لە ڕەوشی هەنوکەیی دا ئەو دەرەتانەیان هەیە تا دەسەڵاتی بەڕێوەبەری بە دەستەوە بگرن یا بە شێوەی یاسایی و ئاسایی لە ڕەوتی گەیشتن بە دەسەڵات دا بەشداری بکەن.

## شکڵ گرتن و چۆنیەتیی خەباتی حیزبی

کۆبەندی پێوەندییە بە ڕێکخراوکراوەکانی نێو کۆمەڵگا کە بە مەبەستی گەیشتن بە کۆمەڵە ئامانجێکی سیاسی لە یەک یا چەند چوارچێوەی هاوبەشدا کۆکرابنەوە، سیستەمی حیزبی پێک دێنن. ڕاچاندنی ڕایەڵکەی حیزبی بە شێوەی ئەمڕۆیی لە کۆمەڵگادا پێوەندیی ڕاستەوخۆی بەو ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتیانەوە هەیە کە کاریگەرییان لە سەر چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی وەڵات، پەرەپێدانی بیرۆکەی دێمۆکراسی، مافی تاک لە بەشداریکردنی بڕیارە سیاسیەکاندا و ئەرکی تاک لە بەرامبەر خۆی و کۆمەڵگادا هەیە. بیرۆکە و پاشانیش شێوەی بەڕێوەبەری یا دەسەڵاتداری بە پێی پیوانە هاوچەرخە دێمۆکراتیەکەکان، ڕێزگرتن لە مافی تاک و کۆمەڵگا بۆ بڕیاردان وسیستەمی فرەچەشنی حیزبی لە چوارچێوەی دامەزراوکراودا بە شێوەی ڕاستەوخۆ پێکەوە گرێدراون. لە هەر جێگایەک کە ئەو چەمکانە ناوەرۆکیان پێ دراوە و گەشەیان ئەستاندوە، سیستەمی پلووراڵ یا چەند حیزبی لە سەر بنەمای دێمۆکراتیک شکڵی گرتوە. بە پێچەوانەش لە هەر شوێنێک کە جارێ بیرۆکەی پاوانخوازی (DICTATORSHIP)، هەرشتخوازی (TOTALITARIANISM) و ئەزناوەندی(EGOCENTRISME) زاڵ بێ، سیستەمی حیزبی یا شکڵی نەگرتوە و یا تەنیا شکڵی ڕوالەتی هەیە و حیزب کراوە بە ڕایەڵکە و ئامرازێک بۆ بە



سەرچاوە
Serchawe

هێزکردنی دەسەڵاتی پاوانخوازی زاڵ. لەو شوێنانە، هەر کاتێک کۆمەڵگا پێی نابێتە قۆناخی خەباتی ڕێکخراوەییەوە، دەسەڵاتداران یا سیستەمی تاکەحیزبیی داخراوی هەرشتخواز (TOTLITER) یان زاڵ کردوە یا فرەحیزبییەکی ڕواڵەتیان شکڵ پێ داوە کە پتر بەو "تاکەوە" گرێدراوە کە دەسەڵاتی تەواوی وەڵاتی بە دەستەوەیە.

ئەگەر دامەزراندنی پارتی "تۆری" لە ساڵی ١٦٧٨ لە شانشینی ئینگلیس وەک سەرەتای کاری حیزبایەتی بە حیساب نەهێنین، مێژووی کۆنترین پارتە سیاسیەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دامەزراندنی پارتی دێمۆکراتی ئامریکا کە لە ساڵی ١٨٢٨ و پارتی پارێزگاران یا کۆنسەرڤاتیوی بریتانیا کە لە ساڵی ١٨٣٤ دا دامەزران. لە ئێران بزووتنەوەی ئیجتماعیون عامیون کە لە سەرەتای دەستپێکردنی بزووتنەوەی پاشایەتی دەستووری دا کاری دەکرد بە سەرەتای دامەزرانی ڕێکخراوی سیاسی بە حیساب دێ، بەڵام یەکەم حیزبی خاوەنی بەرنامە و قەوارەی سیاسی هەر حیزبی توودەیە کە لە ساڵی ١٩٢٠دا دامەزرا. لە تورکیە یەکەم حیزب، پارتی کۆماریی گەل بوو کە لە سێپتەمبری ١٩١٩دا دامەزرا و عێراق بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٣٤ دا و کاتێک کە حیزبی کۆمۆنیست دامەزرا، بوو بە خاوەنی یەکەم حیزبی سیاسی. کوردستان، مێژوویەکی گەنجتری خەباتی حیزبایەتی هەیە. ئەگەر هەوڵدانەکانی "جەمعیەتی تەعالی کوردستان" لە ساڵی ١٩١٤ و دواترەوە لێ دەرکەین، بزووتنەوەی خۆیبوون کە لە ساڵی ١٩٢٧دا دامەزرا، یەکەم بزووتنەوەی سیاسی بوو کە هەوڵی دەدا بە شێوەی حیزب کارەکانی ڕاپەڕێنێ. پاشان حیزبەکانی هیوا و ئازادی مان هەن کە ناویان لە مێژوودا مابێ، بەڵام هیچ کام لەو پارتیانە نەبوون بە پارتی گشتگیری خاوەن کاریگەری کە شوێنەواریان لە مێژووی سیاسی کوردستان دا بە جێ هێشتبێ. هەرچەند باس لەوە دەکرێ کە پێشەنگ و چالاکڤانانی پارتی هیوا لە دامەزراندنی حیزبی دێمۆکرات دا دەوریان بووە.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سیستەمی هاوچەرخی حیزبایەتیی خۆماڵی یا خۆ بەڕێکخستن کردن لە چوارچێوەی حیزبدا بۆ بەرزکردنەوەی داخوازی سیاسی، ساڵی ١٩٤٥ و بە دامەزرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دەستی پێکرد. حیزبی دێمۆکرات، تەنیا ١١ مانگ لە سەرەتای دامەزراندنیەوە و لە فەترەیەکی زۆر کورتی دوای ڕووخانی ڕێژیمی شای ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ (١٣٥٧) دا دەرفەتی ئەوەی بوو تا بۆ جێ بە جێ کردنی بەرنامەی سیاسی خۆی بە سەربەستی کار بکا. بێجگە لەو دوو فەترە سنووردارانە، لە باقی سەردەمەکانی ژیانی سیاسی خۆیدا حیزبی دێمۆکرات هەمیشە سەرقاڵی بە ڕێکخستن کردن و بەڕێوەبردنی شەڕی داسەپاوی دەسەڵاتداران بە سەر گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا بووە. ئەو شێوە خەباتە، هەبوون و چالاکیەکانی حیزبی دێمۆکراتی بە شێوەی ڕاستەوخۆ بە خەباتی چەکدارانەوە گرێداوە، بە شێوەیەک کە گەشەکردنی خەباتی چەکدارانە بە مانای هەبوون و بە هێزبوونی حیزبی دێمۆکرات لێکدراوەتەوە و ڕاوەستان یا لاوازبوونی خەباتی چەکداریش مانای ڕاوەستان و لاوازیی حیزبی لێ کەوتۆتەوە. لە ئاکامی ئەو ڕەوشەدا چالاکیی حیزبایەتی و خەباتی چەکدرانە بە شێوەیەک ئاوێتەی یەکتر کراون کە سایکۆلۆژیی ڕێکخراوەیی حیزب بە شێوەی ڕاستەوخۆ کەوتۆتە ژێر سێبەری بەرنامە و تێڕوانینی شەڕی چەکدارانە، بە میکانیزی خۆپاراستن یا هێرش کردنەوە.

حیزبی دێمۆکرات لە سەرەتای دامەزرانیەوە لە ساڵی ١٣٢٤ - ١٩٤٥ دا، وەک تاقانە حیزب بە مافی بێ ئەم لا و ئەولای نوێنەرایەتی کردنی داخوازیە نەتەوایەتیەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێی نایە گۆڕەپانی خەباتەوە و لەو سەردەمەدا بوو بە خاوەن نفووزترین و سەرەکیترین هێزی کوردی. ئەو پێگە کۆمەڵایەتیە، هێژێۆنیەکی بێ ڕکابەری بە حیزب بەخشی و تێڕوانینێکی لە لای ئەندام و ڕێبەرانی حیزب و کۆمەڵگای کوردستانیش دروست کرد کە حیزبایەتی، چەک، شەر بۆ ئازادی و ناسنامەی نەتەوەیی کورد بە شێوەی ڕاستەوخۆ پێکەوە و بە هەبوونی حیزبی دێمۆکراتەوە گرێدراون. لەو سەردەمە ولە دیمەنی سیاسیی کوردستاندا کوردایەتی و حیزبایەتی بە شێوەی گشتی ببوون بە هاوواتای یەکتر و لێک جیا نەدەکرانەوە. ئەو تێڕوانینە پارامێترێکی دیکەی سایکۆلۆژیی ڕێکخراوەیی حیزبی پێک دەهێنا کە ئەو مافەی بە حیزب دەدا خۆی بە تەنیا نوێنەر و ڕێبەری تاقانەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێناسە بکا و تا ڕادەیەکی زۆریش هەر بەو شێوەیە بناسرێ.

### لێگەڕی نوێ لە دیمەنی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا

سەردەمی بەشداریکردنی تاکە حیزب لە گۆڕەپانی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کە لە ساڵی ١٩٤٥ - ١٣٢٤دا بە دامەزرانی حدک دەستی پێکردبوو تا ساڵی ١٩٧٩ - ١٣٥٧ بەردەوام بوو. لەو قۆناغەدا حیزبی دێمۆکرات، وەک تاکە حیزبی چالاک لە سیاسەتی کوردەواریدا، بە هەموو تواناکانیەوە لە بەرامبەر دەسەڵاتی دەوڵەتی ئێران دا ڕاوەستا و بوو بە تەنیا ئاڵاهەڵگری بزووتنەوەی نەتەوایەتی. هەر بۆیەش حیزبی دێمۆکرات تەنیا بژارەی هەموو ئەو کەسانە بوو کە دەیانەویست لە خەباتی نەتەوەییدا بەشداری بکەن. لەو ماوەیە دا، بێجگە لە هێندێک کۆمەڵەی ڕۆشنبیری سنووردار کە جاروبار هەوڵیان دەدا خۆیان لە چوارچێوەیەکی جیاواز لە حیزبی دێمۆکراتدا ڕێک بخەن، هیچ حیزبێکی سیاسی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا شکڵی نەگرت. حیزبی دێمۆکراتیش وەک تەنیا هێزی بەشدار لە گۆڕەپانی سیاسەتی کوردیدا، پێویستی بەوە نەبوو کە لە بەرەی نێوخۆییدا هەست بە نیگەرانیی سەرهەڵدانی ڕەقیب یا ڕکابەر بکا. تەنیا لێگەر یا چەلنجێک کە جار و بار بەرۆکی حیزبی دەگرتەوە، گرفتە نێوخۆییەکانی بوو کە هێندێک لێک دابڕان و سەرەنجام یەکەم جیابوونەوەی حیزبی لە دەیەی ٦٠دا لێکەوتەوە. کۆمیتەی شۆڕشگێر کە لە ساڵەکانی ١٩٦٧ تا ٦٨ (١٣٤٦ تا ٤٧) خەباتی چەکدارانەی حیزبی دێمۆکراتی لە دژی ڕێژیمی شای ئێران بەڕێوەبرد، دواتر بوو بە بنەمایەک بۆ سەرهەڵدانی باڵێک لە ئەندامانی حیزب کە لە بەرامبەر سکرتێری ئەو سەردەمە کاک عەبدوڵلای ئیسحاقی دا هەڵوێستیان گرت. ئەو ناکۆکیانە گەیشتە قۆناغێک کە ئەو ئەندامانەی حیزب لە ساڵی ١٩٧١دا بە بێ بەشداریی سکرتێر، کۆنفرانسی سێهەم بگرن، ناوی خۆیان بکەن بە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و بە شێوەی سەربەخۆ لە حیزبی دایک درێژە بە تێکۆشانیان بدەن. کاک ئەحمەد تۆفیق، ئەو بەشەی حیزبی بە "لادەر" لە ڕێبازی حیزبی دایک ناساند و هەر بە ناوی حدکەوە بە پشتیوانیی پارتی دێمۆکرات بە ڕێبەرایەتی نەمر مەلا مستەفا ماوەیەک درێژەی بە ژیانی سیاسیی خۆی و ئەو باڵە دا. ئەحمەد تۆفیق دوایە بە شێوەیەکی

گوماناوی و تراژیک لە نێو برا و بە نەمانی ئەو شوێنەوارێکیش لە حدک نەما. پاشان ئیدی حدکا بوو بە میراتگری حیزبی دایک و دووبارە بووە بە تەنیا حیزبی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

دیمەنی حیزبی پاش گۆڕینی دەسەڵات لە ئێران کە ساڵی ١٩٧٩ بە ڕووخانی ڕێژیم شا هاتە ئاراوە، بە دامەزران و چالاکبوونی کۆمەڵە، وەک یەکەم ڕەقیبی خۆماڵیی حیزبی دێمۆکرات لە گۆڕەپانی سیاسەتی کوردستاندا، گۆڕدرا و حیزبی لە گەڵ یەکەم لێگەڕ یا چالش لە دیمەنی سیاسیی کوردستاندا بەرەوڕوو کرد. ڕووخانی ڕێژیمی شا کە ئەو دەرفەتەی بۆ ڕێبەرایەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران ڕەخساندبوو تا لە باشووری کوردستان و عێراقەوە بگەڕێنەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێمۆکرات ببووژێننەوە، هەمان دەرەتانی بۆ شکڵ گرتنی ڕێکخراوی دیکەش ڕەخساندبوو. هەر بەو شێوەیەی کە حیزبی دێمۆکرات لە ماوەیەکی کورت دا توانی ڕایەڵکەیەکی بەرفراوانی ڕێکخراوەیی دابمەزرێنێ و هێزێکی زۆری جەماوەری لە ڕیزەکانی پێشمەرگایەتیدا چەکدار بکا، ڕکابەرەکەشی وەخۆ کەوت و توانی هێزێکی سەربەخۆی پێشمەرگە دابمەزرێنێ. ڕێبەرایەتی حیزب بە هۆی لاوازیی پێوەندییەکانیەوە لە گەڵ بەشێک لە بەرەی تازەپێگەیشتووی ڕووناکبیر، نەیتوانی وەڵامدەرەی داخوازی سیاسیی هەموو کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ و بە کردەوە بەشی هەرە زۆری سنووری تێکۆشانی لە چوارچێوەی ئەو هەرێمانەدا بەرتەسک مایەوە کە پێشتر لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستان دا بوون و لە ژێر کاریگەریی نۆستالژیای کۆماردا دەژیان.

لە دەڤەر و شارەکانی باشووری ڕۆژهەڵات، حیزبی دێمۆکرات نەیتوانی ئەو خۆشەویستی و نفووزەی کە لە ناوەند و باکووری ڕۆژهەڵات هەیبوو وەدەست بێنێ. لە هەمان کات دا، ڕێکخراوێکی دیکە، بە دروشمی ڕادیکاڵتر بەڵام بە کردەوە بە هەمان پیوان و مێتۆدی خەباتی حیزبی دێمۆکراتەوە پێی نابووە گۆڕەپانی سیاسیەوە. کۆمەڵە، لە ماوەیەکی کەمتر لە چەند مانگ دا، لە زۆر شوێن توانی ڕێژەی ئەندام و پێشمەرگەکانی لە ڕێژەی ئەندام و پێشمەرگەکانی حیزبی دێمۆکرات زیاتر بکا و لە شارێکی گەورەی وەک سنە ببێ بە هێزی یەکەم. هاوکات، بەشێک لە ڕووناکبیرانی کوردیش، لە دەوری ڕێکخراوە ئێرانیەکان کۆبوونەوە و بە ناوی کۆمیتە یا لقی کوردستانی ئەو ڕێکخراوانەوە دەستیان بە چالاکیی سیاسی کرد. شارێکی گرینگ و گەورەی وەک کرماشان نەکەوتە نێو بازنەی خەباتی حدکا و تەنانەت کۆمەڵەشەوە. ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتیش، لە دەڤەری سەلماسەوە بگرە تا سنووری ناخچیڤان بێجگە لە چەند مانگی یەکەمی ڕاپەڕینی ٥٧، تا ساڵەکانی ٨٠ (کۆتاییەکانی نەوەدی زایینی) باوەشی بۆ هیچ هێزێکی کوردی نەکردەوە.

بە دامەزرانی کۆمەڵە (١٩٦٩ یا ١٩٦٧) و دەستپێکردنی چالاکیەکانی لە ساڵی ١٩٧٩ (١٣٥٧)ەوە، سەردەمی هێژێموونی حیزبی تاکانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە کردەوە بە سەر چوو و هێزێکی نوێی ڕکابەر پێی نایە گۆڕەپانی سیاسەتەوە. هاوکات، کۆمەڵێک ڕێکخراو و بزووتنەوەی جەماوەریی هەرێمیش دەستیان بە تێکۆشان کرد کە هێندێکیان وەک ڕێکخراوی

خەبات دواتر خۆیان خستە چوارچێوەی ڕێکخراوی سیاسیەوە. لە ساڵانی دواتردا یەکیەتی شۆڕشگێڕان و بەردەوامیەکەی کە پارتی ئازادی یا "پاک"ە و لە دەیەی ڕابردووشدا پەژاک دەستیان بە تێکۆشان کرد. هەمووی ئەو هێزانە، بە هێندێک جیاوازیی بچووکەوە، مۆدێلی حیزبایەتی حیزبی دێمۆکرات کە کۆپیی مۆدێلی لێنینیستیی ڕێکخراو بە سانترالیزمێکی چڕەوەیە، و شێوەی خەباتی چەکدارانەیان بۆ سالماندنی هەبوونی خۆیان گرتە بەر. چ لە بەر ڕەوشی زاڵ بە سەر بزووتنەوەدا بێ، یا لە ژێر سێبەری ئەو مەکتەبە سیاسی و هزرییانەی کە کاریگەریان لە سەر دامەزران و خەباتی حیزبی هەیە، هیچ کام لەو ڕێکخراوانە سایکۆلۆژییەکی ڕێکخراوەیی جیاواز لە سایکۆلۆژیی ڕێکخراوەیی حیزبی دێمۆکراتیان ڕەچاو نەکرد؛ سایکۆلۆژییەک کە لە سەر دوو بنەمای هاوواتا بوونی هەبوونی حیزب و چالاکیی چەکدارانە و بیرۆکەی بوون بە هێزی پێشەنگ، ڕێبەر یا تاقانە شکڵی گرتووە. بە زمانێکی خەڵکیتر، هەموویان هەر بە ڕبە و پیوانی پێشووی حیزبی دێمۆکراتەوە هاتنە مەیدانەوە، لە کاتێکدا کە سەردەمی چالاکیی تاکە حیزب لە مێژبوو بە سەرچووبوو و دیمەنی سیاسی گۆڕانی بە سەردا هاتبوو. هێزی بێ چەکی وەکوو پارتی سەربەخۆیی و پارتی سەربەستیش کە دواتر، پتر لە لایەن چالاکڤانانی کوردی دانیشتووی دەرەوەی وەڵاتەوە دامەزران نەیانتوانی کاریگەرییەکیان لە سەر پارسەنگی هێز هەبێ.

## دیمەنی نوێی سیاسی و لێگەرە مەترسیدارەکان

لە کاتی دامەزران یا بە واتای دروستتر دەستپێکردنی چالاکیەکانی کۆمەڵە دا، حیزبی دێمۆکرات پتر لە ٣ دەیە ئەزموونی خەباتی لە پشت بوو و بە پشت ئەستووری بەو ئەزموونەوە، وەک کۆنترین حیزبی خاوەن پێگەی جەماوەری بیری لەوە نەدەکردەوە کە ڕۆژێک کۆمەڵە بتوانێ ببێ بە هێزێکی ڕکەبەر لە بەرامبەریدا. بەشێک لە ڕێبەران و دامەزرێنەرانی کۆمەڵە حیزبی دێمۆکراتیان دەناسی و هەرچەند جیاوازیی فیکری و سیاسیان لە گەڵ حیزب بوو، بەڵام بەرنامەیەکی سیاسیان بڵاو کردەوە کە بێجگە لە جیاوازیی ڕواڵەتی لە وشە و ڕستەکانیدا، بە شێوەی جەوهەری هەموو ئەو داخوازە نەتەوەییانەی لە خۆ دەگرتەوە کە حدکا خەباتی بۆ دەکرد. لە بواری قەوارەی ڕێکخراوەییەوە مۆدێلی حیزبەکەیان زۆر لە مۆدێلی ڕێکخراوەیی حدکا نزیک بوو، تەنانەت بۆ ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگەش کۆمەڵە مۆدێلی حدکای کۆپی کردبوو. هەر ئەوەش بوو بە هۆی ئەوە کە حدکا، سەرهەڵدانی کۆمەڵە بە دیاردەیەکی کاتی بە حیساب بێنێ و وەکوو ڕەوتێکی تێپەڕ هەڵس و کەوتی لە گەڵ بکا. بە لێکدانەوەی حیزب، هەموو داخوازییەکانی کۆمەڵە لە بەرنامە و سیاسەتی حیزبدا بەدی دەکران، دروشم و هەڵس وکەوتەکانی کۆمەڵە لە گەڵ کولتوور و داب و نەریتی کۆمەڵگای کوردستان یەکیان نەدەگرتەوە، توێژی ڕووناکبیری چالاک لە ڕیزەکانی کۆمەڵەدا نەیدەتوانی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە بەرامبەر کەند و کۆسپەکانی خەباتی دژواری چەکدارانەدا خۆڕاگری بکا و سەرئەنجام بە تێپەڕبوونی کورتەدەمێک، کۆمەڵە گۆڕەپان بۆ حدکا چۆڵ دەکا.

سەرەڕای ئەوەی کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران کۆمەڵەی نە وەک ڕکابەر و نەش وەک هاوپەیمان بە

جیدی وەردەگرت، بەڵام بە هۆی نزیکبوونی کەسایەتیەکی خاوەن نفووزی وەک مامۆستا شێخ عیزەددین حوسەینی لە کۆمەڵە، لە سەرەتادا حیزب ئامادە بوو بە شێوەی سنووردار و لە چوارچێوەی بەرنامەی وتووێژ لە گەڵ ڕێژیمی نوێدا لە گەڵ کۆمەڵە بکەوێتە بەرەیەکی ڕانەگەیندراوەوە. بە تایبەت پاش ئەوەی شاندی دەوڵەتی نوێ داوای کرد کە لە گەڵ شاندێکی هاوبەشی کوردستان دانوستان بکا، کۆمەڵە و حیزبی دێمۆکرات، وێرای هێزە چەپەکان و هێندێک کەسایەتیی سیاسی لە چەند مانگی سەرەتای ساڵی ١٩٨٠ دا لە سەر کۆمەڵێک گەڵاڵەی هاوبەش بۆ ماوەیەک هاوکاری یەکتریان کرد و داخوازییەکی هاوبەشیان دا بە شاندی دەوڵەت. بەڵام زۆر زوو هەر لایەن و ڕێکخراوێک بەرەو ئاقارێک بایداوە و بە کردەوە وازیان لە پێکەوە کارکردن و پێداگری لە سەر گەڵاڵی هاوبەش هێنا .

حیزبی دێمۆکرات، بە لە بەرچاو گرتنی ڕابردووی تێکۆشانی سیاسی، ڕادەی هێزی چەکدار و سنووری بەربڵاوتری چالاکیە سیاسیەکانیەوە، هەوڵی دەدا ڕۆڵی برا گەورە بە مافی بڕیاردانەوە کایە بکا کە هەموو لایەنەکانی دیکە هەم ڕێزی لێ بگرن و هەم بە قسەی بکەن. کۆمەڵە، بۆ سەلماندنی هەبوونی خۆی و بە نیشانەی ئیرادەی پتەوی بۆ ڕکابەرایەتی لە گەڵ حیزبی دێمۆکرات، بە هەر نرخێک بێ تەنانەت بە شەڕ، نە ئامادە بوو مل کەچی براگەورەیی حدکا بێ و نەش هەڵوێست و کردەوەکانی لە بەرامبەر دوژمنی هاوبەش دا لە گەڵ حدکا هاوتەریب بکا. هەڵسەنگاندنی حدکا لە سەر کۆمەڵە هەر چی بێ، بە کردەوە حیزب لەو سەردەمەدا کۆمەڵەی پێ بە ڕکابەرێکی شیاوی ڕکابەرایەتی نەبوو. ئەو تێڕوانینە ئەوەندەی دیکە ڕێبەرانی کۆمەڵەی لە حدکا توورە دەکرد، بە شێوەیەک کە ئەوان لە قۆناغێک دا ڕکابەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتیان پێ لە خەبات لە دژی دوژمنی هاوبەش گرینگتر بوو. لەوکاتەدا ڕێکخراوی خەبات، بە بەشە چالاکیەکانی خۆی لە دەوروبەری شاری بانە ڕازی بوو. ئەو نە چاوی لە هەرێمی نفووزی حدکا یا کۆمەڵە بوو ونە دەیتوانی لە ئاریشەی نێوان ئەو دوو لایەنەدا دەورێکی کاریگەر بگێڕێ یا بۆ هیچ یەک لە لایەنەکان ببێ بە هاوپەیمان یا دژبەر .

هێرشی بەربڵاوی ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو بۆ سەر کوردستان و کەوتنی هێزە سیاسیەکان بۆ نێو حاڵەتی بەرگرییەوە، هەموو هێزە سیاسیەکانی بە مەسەلەی خۆپاراستنەوە سەرقاڵ کردەوە. دوو هێزی سەرەکیی بزووتنەوە واتا حیزبی دێمۆکرات و ڕکابەرە تازە لە دایک بووەکەی واتا کۆمەڵە، لە جیاتی هاوئاهەنگ کردنی کار و چالاکیەکانیان لە دژی ڕێژیم کەوتنە دژایەتیکردنی چالاکانەی یەکترەوە. حیزبی دێمۆکرات، وەک حیزبی دایک هەستی دەکرد کە منداڵە تازە لە دایک بووەکەی سەرەڕۆیی دەکا و ئاریشەی بۆ پێک دێنێ. لە ڕوانگەی حیزبەوە کۆمەڵە تەنیا بۆ ئەوە ساز "کرا" بوو تا سەرئێشە بۆ حیزب دروست بکا و "ئاژاوە" بنێتەوە. کۆمەڵەش، حیزبی دێمۆکراتی تەنانەت بە زڕدایکیش قبووڵ نەبوو و سیاسەت و بگرە هەبوونیشی وەکوو لەمپەر لە سەر ڕێگای گەشەکردنی خەباتی خۆی لە قەڵەم دەدا.

دژ کردەوەی حدکا لە بەرامبەر هەڵوێستی کۆمەڵەدا ئەوە بوو کە بە هەر نرخێک بێ بە کۆمەڵە بسەلمێنێ بۆ هەبوونی خۆی

دەبێ ڕێز لە برامەزنیی حدکا بگرێ. هاوپەیمانێتی و دوایەش یەکگرتنەوەی کۆمەڵە لە گەڵ گرووپی زێدە توندڕەوی سەهەند، ڕکابەرایەتیی کۆمەڵەی لە گەڵ حدکا خستە قۆناغی دوژمنایەتی ئایدیۆلۆژییەوە وپێوەندی ساردی دوولایەنەی بەرەو پێکهەڵپڕژانی ڕاستەوخۆ برد. چۆنیەتیی هەڵس و کەوتی حیزب لە گەڵ کۆمەڵە ئەو دوژمنایەتییەی قووڵتر کردەوە و بەرەو ئاقارێکی پڕ کارەساتی ڕاکێشا. یەکەم ئەنجامەکانی ئەو دژکردەوانە گرژی و ئاڵۆزیی پڕش و بڵاوی کاتی و سنووردار لە نێوان دوو لایەندا بوو. بەڵام ئەو گرژییە، زۆری نەخایاند و سەرئەنجام بوو بە هۆی هەڵگیرسانی شەڕێکی هەمەلایەنەی نێو خۆیی. هەر دوو لایەن لە گەرمایی شەڕ لە دژی کۆماری ئیسلامیدا، لوولەی چەکەکانیان بەرەو ڕووی یەکتر وەرسووڕاند و بەم شێوەیە تووشی شەڕێکی خوێناوی بوون. نزیک بە ٥ ساڵ شەری نێوخۆیی بوو بە هۆی لە دەستدانی گیانی سەدان ڕۆڵەی کورد، برینداربوونی سەدان پێشمەرگەی دیکە و لەدەستدانی لانی کەم نیوەی پوتانسیەلی تێکۆشانی بزووتنەوە.

لە کاتێک دا کە شەڕی نێوان حیزب و کۆمەڵە، توانایی و کاریگەریی بزووتنەوەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوەیەکی دیار سنووردار کردبوو، لە ساڵی ١٣٦٧دا حیزبی دێمۆکرات تووشی لێکترازانێکی گەورە هات. دوبارە ناکۆکی، شەڕێکی نوێی نێوخۆیی و کارەساتێکی خەمبارتر سەری هەڵداوە. دوای ماوەیەک هەر دوو بەشی حیزبی دێمۆکرات لە گەڵ کۆمەڵە ئاگربەسیان ڕاگەیاند، بەڵام ئەو جار تواناییەکانیان لە دژی یەکتر خستەوە گەڕ. شەهیدبوونی دوو ڕێبەری کاریزماتیکی حدکا؛ دوکتور قاسملوو و دوکتۆر شەرەفکەندی، کۆتایی هاتنی شەڕی ئێران و عێراق، ڕووداوەکانی عێراق و شکڵ گرتنی بەڕێوبەریی خۆماڵی لە باشووری کوردستان، یەکگرتنەوەی دووبارەی دوو بەشی حیزبی دێمۆکرات، نیشتەجێ بوونی یەکجاریی هێزەکانی کوردی ڕۆژهەڵات لە باشووری کوردستان و هتد، زنجیرە ڕووداوێک بوون کە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لە سەر بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دانا و دوبارە دیمەنی سیاسیان گۆڕی.

پاش ڕاوەستانی بە کردەوەی شەری چەکدارانەی حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکە لە دژی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی لە نێوەڕاستەکانی دەیەی ٩٠دا، هێڵی خەباتی چەکداری ڕاوەستانی بە خۆیەوە بینی لە کاتێک دا کە هێڵی تێکۆشانی سیاسی بۆ هێزەکانی بەشدار لە خەباتی چەکدارانەدا دەرفەتی گەشەکردنی پێ نەدرا. بەم شێوەیە تێکۆشانی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە کردەوە کەوتە ژێر سێبەری بزووتنەوەی چالاکتری کورد لە باشوور و دواتریش لە باکووری کوردستاندا. نزیکەی دوو دەیە ڕاگرتنی شەری چەکدارانە، بە بێ ئەوەی دەرفەتی خەباتی سیاسی لە نێوخۆی وەڵات دا بخولقێ، دوو حیزبی سەرەکیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ حیزبی دێمۆکرات و کۆمەڵەی لە گەڵ کۆمەڵە گرفتێکی نوێی نێوخۆیی ڕووبەڕوو کرد کە دوبارە چەندین لێکترازانی لێ کەوتەوە. لە لایەکی دیکەشەوە ڕکابەرێکی نوێ، ئەوجارە لە ژێر کاریگەریی خەباتی کورد لە باکووری کوردستان پێی نایە گۆڕەپانی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕکابەرێک کە هاوبەندی و پشتیوانیی ڕاستەوخۆی پارتی کرێکارانی کوردستانی لە گەڵ بوو و تەحەممولی بۆ حیزبی دێمۆکرات و کۆمەڵە

بە هەموو لق و باڵەکانیانەوە سەخت بوو.

## گرفتی پێکەوە کارکردن وێڕای گۆڕانی پارادایم

ئێستاش سایکۆلۆژیی ڕێکخراوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کە لە لایەکەوە کاری سیاسی و حیزبی بە چڕی بە خەباتی چەکدارانە یا بیرۆکەی خەباتی چەکدارانەوە گرێ دەدا، و لە لای دیکەشەوە کارێکی کردووە کە هەر حیزبێک خۆی بە "تەنیا" نوێنەر و ڕێکخەری "ڕاستەقینەی" داخوازە سیاسی و نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە قەڵەم بدا و ئامادە نەبێ ئەو "متمانەیە" لە گەڵ هیچ لایەنی دیکە بەش بکا. واتا حیزبایەتی و خەباتی چەکدارانە یا بیرۆکەی ئەو خەباتە بە شێوەی ڕاستەوخۆ پێکەوە گرێدراون و هزری یەکەم بوون، تەنیا لایەنی پاک و دڵسۆزبوون و نوێنەرایەتی و ڕێبەرایەتیکردن بە تەواوی بالی بە سەر گوتاری زاڵ بە سەر پێوەندیی ڕێکخراوەکانی بەشدار لە بزووتنەوەدا کێشاوە. ئەگەر بەشێکی ئەو بیرۆکە و گوتارە پێوەندیی بە ڕەوشی زاڵ بە سەر کوردستانەوە هەبێ، بەشەکەی دیکە وەک لێگەر یا چالشی نێوخۆیی بزووتنەوەی کورد بە حیساب دێ.

کاتێک چەک و ڕادەی هێزی چەکدار یەکەم و تەنیا قسەی بە بڕەو لە مەیدانی سیاسەتی کوردەواری بکا و هیچ لایەنی خاوەن چەک ئامادە نەبێ متمانە بە لایەنێکی دیکە کە لە هەمان دیمەنی سیاسی دا چالاکە بکا، ئاساییە کە داسەپاندنی هێژێمۆنی یا سەردەستکردنی ڕوانگەی تاکە حیزب باڵ بە سەر هەوو جووڵانەوەدا بکێشێ. واتا لە هەل و مەرجێکدا کە چەک و ڕادەی توانایی سەربازی کاریگەرترین و تەنانەت ڕەنگە تەنیا گۆڕەک(VARIABLE) ی بڕیاردەر لە سیاسەتی نێوخۆیی کوردیدا بن، ئاساییە کە پێکەوەکارکردن و بڕیاری هاوبەشیش لە دەوری ئەو گۆڕەکەدا بخولێتەوە و باسکردن لە هەموو فاکتۆرەکانی دیکەی پێکەوە کارکردن تەنیا لە چوارچێوەی قسەدا بمێنێ. بۆیە ئێستا دەبینین کە بە کردەوە دیارترین و ڕەنگە تەنیا پێوانە بۆ بەشداری کردن، هاوکاری و هاوهەڵوێستبوون لە گەڵ بزووتنەوەی کوردستان، بە ڕادەی دووری کردن، خۆپەرێزی یا نزیکبوونەوە بەو هێزانەوە گرێ دراوە کە زیاترین و کاریگەرترین هێزی چەکداریان لە مەیدانی تێکۆشان لە دژی دەسەڵاتی زاڵ بە سەر وەڵاتدا هەیە.

ڕەوشی زاڵ بە سەر پێوەندیی نێوان حیزبە کوردستانیەکان دا، ئەوەمان بۆ دەردەخا کە تەنانەت لەو چوارچێوە سنووردارانەش دا کە دەرفەتی هاوکاری و هاوتەریبکردنی سیاسەتی کوردی دەڕەخسێ، پێکەوەکردن و فرەچەشنی یا پلۆرالیزمی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا ئەزموونێکی زۆر لاواز، لەرزۆک و خۆنەگرە. وێڕای دەیان ساڵ ئەزموونی جیاوازی حیزبایەتی، تێکۆشانێکی سیاسی دوور و درێژ بەو نرخە گرانەوە کە تا ئێستا لە خەبات بە دژی دەسەڵاتی بیانیی زاڵ بە سەر کوردستاندا دراوە، جارێ بیرۆکەی پێکەوە کارکردن، وتوویژ لە سەر ڕەوتە سیاسیەکان، گەیشتن بە بڕیاری

هاوبەش و هتد لە نێوان حیزبە کوردستانیەکاندا یا نامۆیە یـا بە مومکین نـازانرێ تـا کـاری لـە سەر بکرێ. تەنـانەت لە چوارچێوەی خودی ڕێکخراوە حیزبیەکانیش دا بڕیـاری بە کۆمەڵ زۆر جـار هەر ڕەنگی ڕووکەش و ڕواڵـەتـی هەیە و لە بـواری جەوهەریـیەوە نەکەوتـۆتە چوارچێـوەی سیسـتـێمێکی دامەزراو و بە سـازی کـراوەوە .(INSTITUTIONALIZED) بە کردەوە، پێوەنـدیی نێوان حیزبەکـان یـا سنووردارە، یـا ڕووکەش و بێ بنەمـا. تەنـانـەت ڕێکەوتننامەکـان، هاوپەیمـانی یـا هاوکارییەکان، سەرلێدان و میوانداری و هەڵوێست لە گەڵ یا لە بەرامبەر یەکتریشدا کاتی، لەرزۆک و لێڵن.

ئـەمڕۆ دوو هێـزی سـەرەکیی بزووتـنـەوەی کـورد لـە ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان؛ حیزبـی دێمـۆکرات و کۆمەڵـە لـەت لـەت کـراو و لێکترازاون. هەر کام لە باڵە جیابووەکانی ئەو دوو هێزە، خۆی و تەنیا خۆی بە لایەنی بەرهەق دەزانێ و لایەنی دیکە بـە تاوانباری پێکهێنانی ڕەوشی ئێستا لە قەڵـەم دەدا. هـەر دوو هێـز هێشتـاش بـە پیـوان و مەرجەکانی خـەبـاتی چەکدارانـەی سـاڵەکانی هەشـتـا سیاسـەت دەکـەن و ئێستاشـی لـە گـەڵ بـێ، ویسـتێکی ئـەوتـۆیان بـۆ گۆڕانکـاری لـە سیسـتـەمی حیزبـی و پیوانەکانی پێکەوەکارکردن لـە خۆیـان نیشـان نـەداوە. پـەژاک لـە دوئـالیزمێکی سیاسـی (POLITICAL DUALISM) و هزریدا دەژی و لە نێوان گوتـاری نەتەوەیی و ئـایـدیۆلۆژیی ڕەخنـەگر لـە پیوانە نەتەوەییەکانـدا دەخولێتەوە؛ لە لایەکەوە بـاس لـە یەکیـەتی نەتـەوەیی و پێویسـتی پێکـەوە کـارکردن دەکـا و لـە لای دیکەشـەوە هـەموو هـەوڵ و تەقـەلاکانی بـۆ جێگیرکردنی هێژمۆونی ڕێکخراوەیی و زاڵ کردنی ئایدیۆلۆژیی خۆی وەکوو تاکە ئایدیۆلۆژیی "ڕزگاریدەر" خستۆتە گەڕ.

تـاکی کـورد، ڕوونـاکبیران، ڕێکخراوەکـانی غـەیرە حیزبـی و هتـد بـە هینـد نـاگیرێن و لـە هـەر ڕادەربڕینێـک دا بـە بێڕەحمانەترین شێوە دەکەونە بەر هێرش. کۆمەڵێک هێز و گرووپی دیکە کە بە کردەوە بە دەیان ساڵ توانیویانە هەبوون و ڕاوەستانی خۆیان لە گۆڕەپانەکانی خەبات دا بپارێزن، پەراوێز دەخرێن، بە هیند نـاگیرێن و بە بیـانووی بچووک بوونەوە یا نەبوونی سەربەخۆییان لە دەرەوەی بازنەی ئیحتیمالیی دیالۆگی نەتەوەییدا ڕادەگیرێن. بە تایبەت خۆبواردن لـە دیـالۆگی ڕاستەوخۆ لە گەڵ پەژاک بە بیانووی ناسەربەخۆیی سیاسی و بەستراوە بوونی ئەو ڕێکخراوە بە هێڵـی گشتیی سیاسەتەکانی پ ک ک ەوە کێشەیەکی جیددی لە سیاسەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندایە.

مەسەلەی یـەکتر قبـووڵ نـەکردنی حیزبـەکان و خۆبواردنیـان لـە هاوکـاری و دان پێنـەنان بـە هـەبوون و سـەربەخۆیی یـەکتر کێشەیەکی جیددی سیاسیە کە دوورەدیمەنی چارەنووسی گەلی کورد لە ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتاندا لێڵ دەکا. ئەو گرفتە تـەنیا داوێنی لق و پۆپە لێکترازاوەکانی یەک بنەماڵەی حیزبی ناگرێتەوە و کێشەیەکی گشتگیرە. خۆبواردن لە ناوهێنـانی یـەکتر، بایکۆت و پێکەوە قسە نەکردن، تـاوانبـارکردنی یـەکتر بـە ناشیاوترین هەڵوێست و تەنانـەت هاوتـەریب کردنی یـەکتر لـە گەڵ دوژمنی هاوبەشیان، لە ڕکابەرایـەتی بەدەر بـووە بـە دیاردەیـەکی مەترسیدار و هۆکارێـک بـۆ پەرەپێدان بـە پـرش و بڵاویی لە نێـو بزووتنـەوە و کۆمەڵگای کوردسـتانـدا تـا ئێسـتا لـەو دەگمـەن دەرفەتـانەدا کـە هێنـدێک لـە هێزەکـانی کـوردی

ڕۆژهەڵات پێویست بووە تا پێکەوە هاوکاری بکەن یا هەڵوێستێکی هاوبەش بگرن، یا هاوکاریان بە مەبەستی ڕکابەرایەتی لە گەڵ لایەنێکی دیکە بووە یا جێگە لێژکردن بە لایەن یا باڵێک کە پێشتر پێکەوە یەک قەوارەی حیزبیان پێک دەهێنا... لەو سۆنگەیەوە پەروەردەی حیزبیشی قاڵبێکی پێک هێناوە کە بەشێکی بەرچاو لە پوتانسیەلی ئەندامانی حیزبەکان تەرخان کراوە بە دژایەتیکردنی یەکتر و لێدان و کوتانی هەموو ئەو تاک و ڕێکخراوانەی کە لە قاڵبی دیاریکراوی ئەوان دا جێ ناگرن.

ئەو شێوە هەڵس و کەوتە لە کاتێکدایە کە هێزەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناتوانن چاو لەو ڕاستیە بقووچێنن کە لە دەیەی ڕابردوودا کۆمەڵگای کوردستان ئاڵۆگۆڕێکی دیاری بە سەردا هاتوە. تێکنۆلۆژیی ڕاگەیاندن دەرگای زانیارییەکی زیاتری بە ڕووی کۆمەڵگادا کردۆتەوە و هەلی بۆ بەکارهێنانی زنجیرەیەک کاناڵی نوێ بۆ پێوەندی گرتن و دانانی کاریگەری لە سەر کۆمەڵگا ڕەخساندوە. باس لە سەر تێئۆریی جیاوازی سیاسی، سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژنان، ژینگەپارێزی و کۆمەڵە پیشەییەکان، هاتنەگۆڕێی مۆدێلی جیاوازتری بەڕێوەبەری و سەرهەڵدانی چەمکی نوێی سیاسی و کۆمەڵایەتی کارێکیان کردوە کە جەوهەری سیاسەتکردن و حیزبایەتی پێویستی بە گۆڕان و چاکسازیی بنەڕەتی بێ. لە بوارەکانی ئابووری، کولتووری، کۆمەڵایەتی، وێژە و ڕۆشنبیریشەوە ئاستی زانیاریی کۆمەڵگا گەشەی سەندوە. شێوەی بیرکردنەوە، تێڕوانین و هەڵسەنگاندنەکانی ئێستا نیشانەی گۆڕان و وەدەرکەوتنی پارادایمێکی نوێن کە پێویست دەکا لە سیاسەتی حیزبەکانیش دا ڕەنگ و دەنگ بداتەوە.

داخوازیی بەرەی نوێ دەتوانێ لە گەڵ ئەو بەرهەمەی کە بەرەی پێشووی ڕێبەرانی سیاسی لە سەر بنەمای پارادایمی ساڵەکانی ٨٠ و ٩٠ پێشکەشی دەکەن نەگونجێ. بەڵام بە کردەوە دەبینین کە دژکردەوەی حیزبەکان لە بەرامبەر گۆڕانکارییەکاندا پێداگریی چڕتر لە سەر زێهنیەتی زاڵ بە سەر سیاسەتی کوردی لە ساڵەکانی ٨٠ دایە کە زێهنیەتێکی هێژمۆوونیخواز و خۆ بە برامەزن زانین بوو. بۆیەش دەبینین کە لە بەرامبەر ئەو پێداگرییەدا، شێوەیەکی نوێی مەترسیداری پرش و بڵاوی، ئەمجارە لە ئاستی خۆپەسندیی تاک یا بە شێوەی سەرهەڵدانی چەند جەمسەری لە نێو تێکۆشەرانی کوردستاندا دەستی پێکردوە .

## گۆڕانی گۆڕەکە کاریگەرەکان لە سەر دیمەنی نوێی سیاسی

لە گۆڕانکارییە سیاسیەکانی ناوچەدا، تا ئێستا وا باو بووە کە هێزە خاوەن بەرژەوەندییەکان لە کاتی داڕشتنی ستراتێژیی درێژخایەنی سیاسی و داڕشتنی پلان بۆ پاراستنی بەرژەوەندی نەتەوەییان یا باسی "کارتی کورد" دەکەن یا ئەگەر بە فەرمیش نەبێ، بە کردەوە لە سەر کاریگەریی پوتانسیەلی کورد لە سەر بەرنامەکانیان حیساب دەکەن. بەڵام لە پارسەنگی

هێز و لە کاتی بڕیارداندا کەمتر وابووە کە کورد لایەنی خاوەن قسە یا یەکلاکەرەوەی گۆڕانکارییە سیاسیەکانی ناوچە بووبێ. بە دوای چەندین دەیە ڕاپەڕین و سەرکوت، ئێستا نیشانەکانی گۆڕان لەو پارسەنگ و ستاتوو سیاسیەدا وەدەردەکەون. پاش سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانی، ئەوە یەکەم جارە کە بە شێوەی هاوکات لە هەموو پارچەکانی کوردستان دا بزووتنەوەیەکی خاوەن پوتانسیەلی ڕێکخستنی جەماوەر لە سەر هێڵی نەتەوەیی هەیە کە لە ئاستی ناوچەیی و نێونەتەوەییدا حیسابی لە سەر دەکرێ و بە کردەوەش نیشانی داوە کە دەتوانێ کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە سەر گۆڕانکارییەکانی ناوچەدا هەبێ. لە دوو بەشی باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان دا کورد دەوری یەکلاکەرەوە لە چارەنووسی سیاسی وەڵات دا دەگێڕێ، لە باکوور خەباتێکی فرەڕەهەند و دژوار لە گۆڕێیە و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان داخوازی نەتەوەیی بووە بە هێما و سەمبولی خۆڕاگریی خەڵک لە بەرامبەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دا.

ئێران بە هۆی زێدەڕەوییەکانیەوە لە پەرەپێدانی شەڕی مەزهەبی و دەوری کاولکەری لە ئاریشەکانی هەرێمی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، عێراق لە بەر لەت لەتبوونی بە سەر چەندین یەکەی دژبەر و ناکۆک، سووریە بە هۆی شەڕی وێرانکەری نێوخۆیی و تورکیەش لە بەر زیگزاکی ئەردۆغان لە کایەی سیاسی و شەڕ و ئاڵۆزییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا لە گەل قەیرانی جیددی بەرەوڕوون. ڕۆژئاوا و ئامریکا کە خاوەنی هێزی بڕیاردەر و یەکلاکەرەوە لە کێشە سیاسیەکانی جیهان دان، ئێستا هاوکات لە هەموو دوژمنانی کورد تووڕەن و بە گەرمی سەیری هێز و تواناییەکانی بزووتنەوەی کوردستان دەکەن. بە شێوەیەک کە نیشانەکانی هەبوونی بەرژەوەندیی هاوبەشی گەلی کورد و هێزە بڕیاردەرەکان لە ئاستی نێونەتەوەییدا بە ڕوونی لە بەرچاون.

دەسەڵاتی خۆماڵیی کورد لە باشووری کوردستان لە ماوەی دوو دەیە دەسەڵاتی خۆیدا، پاش تێپەڕ کردنی قۆناغی دژواری ئاڵۆزییە نێوخۆییەکان، ئێستا توانیویەتی وردە وردە لە سەر پێی خۆی ڕابوەستێ و لە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە دا ببێ بە خاوەن قسە و لایەنێکی بە هێز. بە تایبەت لە بواری پاراستنی ئاسایش و گەشەی ئابوورییەوە باشووری کوردستان، لانیکەم بەر لەوەی کە قەیرانی ئەم دواییانەی دارایی بەرئەستۆی بگرێ، ببوو بە نموونەی هەرە سەرکەوتوو لە ناوچەدا. کردنەوەی دەرگای بازرکانی بە ڕووی کۆمپانیەکانی تورکیەدا و ڕەخساندنی دەرفەت بۆ کار و بازرگانی بۆ هاووەڵاتیانی ئەو وەڵاتە بە شێوەیەک کاریگەری لە سەر بازار و وەزعی ئابووری تورکیە داناوە کە ئەو وەڵاتە ناچار بێ پێگەی کوردی باشوور لە دانوستانە سیاسیەکانی ناوچەدا بپارێزێ. هەر چەند مەبەستی سەرەکیی تورکیە بە کار هێنانی هێزی کورد لەو بەشەی وەڵات بۆ بەربەستکردنی خەباتی نەتەوەیی لە باکووری کوردستان بێ، بەڵام بەرژەوەندیی هاوبەشی ئابووری کارێکی کردوە کە دەسەڵاتی کوردی لە باشوور، بە بێ خۆ تێوەگلاندن لە کێشەی تورکیە لە گەڵ بزووتنەوەی کورد لە باکووری کوردستانیش هەر وەک لایەنێکی گرینگی سیاسی لە لایەن تورکیەوە حیسابی لە سەر بکرێ.

هاتنە سەرکاری دونالد ترامپ و پێداگریی مۆرە سەرەکیەکانی بەرێوەبەریی نوێی ئامریکا لە سەر پێداچوونەوە بە شێوەی هاوپەیمانێتی و پاڵپشتی کردن لەو هێزە سێکۆلار و گۆڕانخوازانەی ناوچە کە بۆ بەرژەوەندیی هاوبەش لە دژی بنئاژۆیی، توندئاژۆیی و سەرەڕۆیی مەزهەبی تێدەکۆشن، دیارترین گۆڕەک لە سیاسەتی نێونەتەوەییدایە کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە سەر شکڵ گرتنی هاوبەندییە نوێیەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دادەنێ. بە لە بەرچاوگرتنی ئەو ڕاستیە کە هەر دوو جەمسەری سوننە بە سەرۆکایەتیی دەوڵەتی ئیسلامی داعش و شیعە بە سەرۆکایەتی کۆماری ئیسلامی ئێران دوو ڕووی یەک کێشەن، ئیمکانی هاتنە ڕۆژەڤی پشتیوانیی بەرینتر و فرەلایەنتری نێونەتەوەیی لە هێزە سکوولار و دێمۆکراتەکان زیاتر دەکا. پێشبرکێی ڕووسیە و ڕۆژئاوا، تێوەگلانی ڕاستەوخۆی ئێران، تورکیە و عەرەبستانی سعوودی لە زەلکاوی سووریەش دا کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لە سەر ئەو گۆڕەکە دەبێ. هەرچۆنێک بەرە و هاوپەیمانیەکانی ناوچە زوو زوو گۆڕانیان بە سەر دێ و بەرژەوەندییەکان هەر جارێ بە شێوەیەک دەپارێزرێن، هەر بەو شێوەیەش گێژەڵوکەی سیاسیی ناوچە هەر جارێ ڕوو لە لایەک دەکا و ئیمکانی پێکهاتنی دەرەتانێکی زیاتر بۆ پشتیوانیی نێونەتەوەیی لە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەڕەخسێنێ.

ئێران بە نواندنی زەبر و زەنگی لە ڕادەبەدەر، تا ئێستا توانیویەتی بە ڕواڵەت خۆی لە کاریگەریی ڕووداوەکانی ناوچە بپارێزێ، بەڵام کۆماری ئیسلامی لە مۆتەکەی بەردەوامی ڕاپەرینی جەماوەری لە دژی دەسەڵاتی خۆیدا دەژی. بە تایبەت ئێستا کە هەست پێ دەکا دوور نیە پەڕ و باڵەکانی لە ناوچەدا کۆ بکرێنەوە و لە داهاتوودا سنووری مانۆڕدانی لێ بەرتەسک بکرێتەوە، هەوڵ دەدا تا دەکرێ ئەو هێز و لایەنانەی کە خاوەنی پوتانسیەلی بەربڵاوبوون و گەشەکردنن لە خۆی ڕاست نەکاتەوە. گۆشەگیر کردنی کەسانی وەکوو ڕەفسەنجانی بەر لە مردنی، ڕێگاگرتن لە خاتەمی بۆ بەشداری کردن لە تازیە و ناشتنی ڕەفسەنجانی دا و پێشگیری کردن لە کەسانی ڕەخنەگر لە دەسەڵاتی بێ ئەم لاوئەولای وەلی فەقی بۆ خۆکاندیدکردن بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری، هەڕەشەی ڕاستەوخۆی سوپای پاسداران و بەسیج لە خەڵک و لایەنە گۆڕانخوازەکان و ئامادەباشیی سوپای پاسداران پاش جموجووڵی دیارتری هێزەکانی کورد لە هاوینی ڕابردوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەریدەخەن کە ڕێژیمی ئێران ئێستا زۆر لە جاران زیاتر لە داهاتووی خۆی نیگەرانە. بە هێزبوونی ئەو نیگەرانیە هاوکات لە گەڵ مەترسیی ڕووخان یا لاوازیی هاوپەیمانەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا، ڕێژیم ناچار دەکا کە قورسایی هێزی بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی خۆی لە دەوری ناوەندە سەرەکیەکانی دەسەڵات کۆ بکاتەوە .

لە ئاستی نێونەتەوەییدا پرسی دەوری کورد لە ئاڵوگۆڕە سیاسیەکانی ناوچەدا ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەکەوێتە ڕۆژەڤی هێزە خاوەن نفووزەکانەوە و توانایی کورد بۆ پاراستنی بالانسی سیاسی لە ناوچە دا دەکەوێتە بەرباس. بە شێوەیەک کە هەڵوێستی بزووتنەوەی کورد دەتوانێ لە سەر جێگیربوون یا بێ ئێستقراری سیستەمە سیاسیەکان دەور بگێڕێ. بۆیە ئێستا بەر لەوەی مەسەلەی تێکشکاندن و لە نێوبردنی هێزی کورد لە ڕۆژەڤ دا بێ، مەسەلەی هەڵوێستی کورد و جێگرتنی



سەرچاوە Serchawe

بزووتنەوەی کورد لە یارییە سیاسیەکانی ناوچەدا پرسی سەرەکییە.

لە کاتێک دا کە بۆ یەکەم جار هەر چوار دەوڵەتی دەسەڵاتدار بە سەر کوردستان دا یا لە ئاڵۆزیی دژواری نێوخۆیی‌دان یا مەترسیی تێوەگلان لە ئاڵۆزییەکانی ناوچەیان لە سەرە و کەمتر بۆیان دەگونجێ وەکوو جاران لە دژی بزووتنەوەی کوردستان هاوکاریی ڕاستەوخۆی یەکتر بکەن، دەرفەت بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد ڕەخساوە کە ئەو جارە بۆ خۆی کارتی سیاسەتی خۆی بە دەستەوە بگرێ. هەلومەرجی هەنوکەیی، هەر دێ و زیاتر وێکچوون لە گەڵ ئەو ڕەوشە سیاسیە پەیدا دەکا کە پاش شەری یەکەمی جیهانی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە گشتی و پاش شەڕی دووهەم لە ڕۆژهەڵاتی کوردساتندا هاتە پێش. ئەمڕۆ پاش دەیان ساڵ، یەکەم جارە کە دوبارە کورد پوتانسیەلی بەهێزبوونی هەیە و دەرفەتی ئەوەی کەوتۆتە دەستی تا لە بواری سیاسیەوە لە سەر پێی خۆی ڕابوەستێ، لە حاڵێک دا کە ژێر پێی دەوڵەتە دەسەڵاتدارەکان لێژ بووە.

بە کارهێنانی هەر یەک یا کۆی ئەوگۆڕەکانەی لە سەرەوە باسیان کرا بۆ بەهێزکردن و بەرەوپێش بردنی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاتێک بەرهەمی دەبێ کە هێزەکانی بەشدار لە بزووتنەوەدا توانایی پێکەوەکارکردن و دارشتنی پلانی هاوبەشیان بێ. چونکە هەبوونی فرەچەشنی سیاسی بە بێ توانایی خۆگونجاندن لە گەڵ کۆمەڵێک پیوان و میکانیزم بۆ دیاریکردنی  پێوەندیی دوو و چەند لایەنە، لە جیاتی ڕەخساندنی دەرەتانی گەشەکردن، دەتوانێ ببێتە هۆی ئاڵۆزی و ئاریشەی زیاتر. لە ڕەوشێکی ئاوادا دەکرێ هەموو ئەو گۆڕەکانە لە دژی بەرژەوەندییەکانی کورد وەگەڕ بکەون و ببنە لەمپەری سەر ڕێگای بەرەوپێش چوونی بزووتنەوە.

## پێویستیی پێکەوە کارکردنی هەموو لایەنەکانی بەشدار لە بزووتنەوەی کوردستاندا

ڤەبوونی دەرگا نوێیەکان، بە مانای کرانەوەی دەرگایەکی ئەمین بۆ چارەسەریی یەکجاریی پرسی کورد نیە. هاوکات لە گەڵ دەرفەتەکان، زۆر مەترسیی گەورەش هەڕەشە لە وەزعی سیاسی کورد بە گشتی و بە تایبەتیش ئەو دەستکەوتانە دەکەن کە تا ئێستا وەدەست هاتوون. ئەزموونی باشوور لە بەر دەم تاقیکارییەکی مێژوویی دایە، لە ڕۆژئاوا هەموو کاتێک مەترسیی ئەوە هەیە کە کورد لە نێوان بەردئاشی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن دا گیر بکا و ببێ بە قوربانی. ڕەوتی سیاسی لە باکوری کوردستان بەرەو ئاقارێکی مەترسیدار بە ئەنجامێکی نادیارەوە دەچێ. لە ڕۆژهەڵات مەترسیی توندتر کردنی سەرکوت لە دژی خەڵکی ئاسایی ڕۆژ بە ڕۆژ پتر پەرە دەستێنێ. بە کورتی هەموو ئەو دەرفەتانەی کە وەکوو پوتانسیەلی بە هێزبوونی پێگەی سیاسی و ستراتێژیکی بزووتنەوەی کوردستان خۆیان دەنوێنن، دەتوانن لە هەمان کاتیشدا وەکوو تەڵەیەکی پڕ لە مەترسی، کورد بخەنە تاریکە چاڵێکی دیکەی ئاڵۆزییەکانەوە. نەبوونی ستراتێژیی بە سازیکراو یا نهادینەی نەتەوەیی



سەرچاوە
Serchawe

زەمینە بۆ دەوری نەیەنیی ئەو مەترسیانە لە سەر چارەنووسی کورد خۆشتر دەکا. بۆیە ئێستا گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان پتر لە هەموو ساتەکانی دیکەی ژیانی هاوچەرخی سیاسی پێویستی بە کاری هاوبەش بۆ بەهێزکردنی تواناییەکانی لە پێناو دیاریکردنی چارەنووسی خۆیدا هەیە . یەکەم هەنگاوی پێویستیش لەو ڕێگایەدا داڕشتنی ستراتێژییەکی هاوبەش بۆ پێکەوەکارکردن لە چوارچێوەی پرسی نەتەوەییدایە. بۆ ئەو مەبەستە، خۆ دەربازکردن لە قاڵبە داڕێژراوەکانی پێشوو و بیرکردنەوە لە ئاستێکی بەرینتردا زۆر گرینگە. چونکە گۆڕانکارییەکانی ئێستای ناوچە دووبارە سەلماندیان کە گەڕان بە شوێن چارەسەری لە ئاستێکی سنووردار و لە چوارچێوەی تاکە حیزبدا دەتوانێ هەموو کاتێک سەرهەڵدانەوەی ناکۆکی و کێشەی نێوخۆیی لێ بکەوێتەوە.

بۆ کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەلە کردن لە ڕێکخستنەوەی نێومالّی خۆی و داڕشتنی ستراتێژییەکی نەتەوەیی سەرووحیزبی ئێستا لە هەر سەردەمێک زیاتر پێویست دەکا و بووە بە پرسێکی چارەنووسساز. چونکە بۆ دووبارە کەوتنەوەی ڕۆژەڤی سیاسیەوە، ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستی بە قەڵەمبازێکی بە بەرنامەوە هەیە تا هەم بتوانێ پشتیوانیی نێونەتەوەیی وەدەست بێنێ و هەمیش گڕ و تینێکیی نوێ بە خەباتی جەماوەری ببەخشێ و دوبارە هیوای ئازادی بگەڕێنێتەوە نێو خەڵکەوە. تەنیا لەو حاڵەدایە کە هێزەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێگە و پێگەی شیاوی خۆیان لە ڕەوتە سیاسیەکانی ناوچە دا دەبیننەوە و لە داڕشتنی ستراتێژیی هاوبەشی نەتەوەییدا دەبنە خاوەن قسە.

## مەرجەکان و میکانیزمی پێکەوە کارکردن

باس کردن لە پێکەوە کارکردنی لایەنە سیاسیەکان یا لێکدانەوەی شێوەی دیاریکردنی میکانیزمێک بۆ چۆنیەتیی هەڵس و کەوتی لایەنە ڕکابەرەکان لە گەڵ یەکتر ناکرێ لەو ڕەوشە سیاسیە جیا بکرێتەوە کە بە تەواوی باڵی بە سەر وەڵاتدا کێشاوە و ڕێگا نادا حیزبە کوردستانیەکان بە سەربەستی و لە چوارچێوەی یاسایی و لە نێوخۆی وەڵاتدا تێکەڵاوی ڕەوتی بڕیاردانی سیاسی ببن. ئەوەی دیارە بەرنامەی بەشی هەرە زۆری حیزبەکان لە دەوری دوو هێڵی گشتی و زیاتر تێئۆریک دا دەخولێتەوە کە یەکێکیان داخوازی مافە نەتەوایەتی لە چوارچێوەی کەم تا کورتێک وەک یەکدایە و ئەوی دیکەیان تێڕوانینێکی زەینی بۆ کۆمەڵێک پرسیاری پێوەندیدار بە ژیانی خەڵک و کۆمەڵگاوە. شێوەی ژیان و بەڕێوەبەریی حیزبەکان لە نێوخۆی بنکەکانیاندا، ئەو گومانە زیاد دەکا کە بەرنامەی سیاسی حیزبەکان، تەنانەت لەو شوێنانەی کە تواناییشیان هەیە جارێ هەر لە چوارچێوەی تێئۆریک و لایەنی تەبلیغاتیدا سنووردار ماوەتەوە و پێشمۆدێل یا پرۆتۆتیپی کۆمەڵگای دڵخوازی بەشی هەرە زۆری حیزبەکان زۆر وەک یەک دەچێ. واتا بە کردەوە هیچ کام لە بوارە جیاوازەکانی دیکەی سیاسەت، بەرنامەی ئوتۆپیک بۆ بەڕێوەبەری وتەنانەت ئایدیۆلۆژی و بەرنامەی حیزبی، لە هەل و مەرجی هەنوکەیی دا نە کاریگەریەکیان لە سەر ڕووداوەکانی دەوروبەر هەیە، نە لە شکڵ پێدانی کۆمەڵگای دڵخوازی ئەوان دا دەورێکی جیاواز

لەوەی کە لە هێزەکانی دیکەدا باوە دەگێڕێ و نەش لە هەڵکێش و داکێشی خەباتی نەتەوەیی لە نێو جەماوەردا خاوەن قسەی یەکلاکەرەوەیە.

لەو گۆشە نیگایەوە ناکرێ لە سەر بنەمای بەرنامەی حیزبی و تێڕوانینی ئایدیۆلۆژیکی لایەنەکان، هێڵە سەرەکیەکانی لێکنزیکبوونەوە و لێجیاکەرەوەکانیان بدۆزینەوە. چونکە لە هەل و مەرجی ئێستادا گرینگترین بابەتی سیاسی جێی سەرنج کە دەتوانێ مەسەلی دووری و نزیکی حیزبەکان لە یەکتر و لەو سۆنگەشەوە شێوەی هاوکارییان دیار بکا، تێڕوانینیان بۆ خەبات لە دژی ڕێژیمی دەسەڵاتدار و بەرنامەی گشتییان بۆ چارەسەریی مەسەلەی نەتەوەییە. بۆیەش دەوری حیزب، پێوەندیی نێوان ڕێکخراوە سیاسیەکان و تەنانەت چۆنیەتیی کاری حیزبیش دەبێ لە چوارچێوەی خەباتی نەتەوەیی دا و بە لە بەر چاوگرتنی کاریگەریی شێوەکاری حیزبی بۆ سەر خەبات لە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، پرسی نەتەوەیی و دروستکردنی کولتوور و گوتارێکی نوێی نەتەوەیی و دێمۆکراتیک بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان دا بخولێتەوە.

ئەگەر هێڵە لێک جیاکەرەوەکان و هێڵە لێک نزیککەرەوەکان لە پێوەندیی نێوان حیزبە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێکەوە بەراورد بکەین، بێگومان هێڵە لێک نزیک کەرەوەکان پترن، بەڵام ناکرێ مەترسیی هێڵە لێک دوور کەرەوەکانیش بە کەم بگرین. یەکێک لە سەرەکیترین هێڵە جیاکەرەوەکان لە سیاسەتی کوردیدا دەگەڕێتەوە سەر ئەو جیاکردنەوەیە کە لە سەردەمی دامەزرانی کۆماری کوردستان و لە ژێر کاریگەریی ڕەوشی نێونەتەوەیی ئەو سەردەمەدا شکڵی گرتبوو و بە کردەوە هەرێمی موکریان، ناوەند و بەشێکی سنووورداری باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کردبوو بە ناوەندی سەرەکیی کار و چالاکیەکانی حیزبی دێمۆکرات، لە حاڵێکدا کە هەرێمەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەرەوەی ئەو سنوورەدا ڕاگیرابوون. هەر ئەو جیاکردنەوە کاریگەریی لە سەر شکڵ گرتنی ڕەوتە سیاسیەکانی دواتر دانا و باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کردە ماکەی شکڵ گرتنی ڕێکخراوی ڕکابەری حیزبی دێمۆکرات، کۆمەڵە. لە ماوەی ٢٠ تا ٣٠ساڵی دواتردا نە حیزبی دێمۆکرات لە ناوچەی هەڵسوورانی کۆمەڵەدا توانی هەبوونێکی بە هێزی بێ و نەش کۆمەڵە توانی سەردەستیی حیزبی دێمۆکرات لە باقی ناوچەکانی کوردستان بباتە ژێر پرسیارەوە.

دووهەم هێڵ کە دەتوانێ ببێتە لێگەر بۆ حیزبەکانی بەشدار لە جووڵانەوەدا، ڕکابەرایەتیان بۆ جێگیربوون و بەدەستەوەگرتنی جڵەوی سیاسی لەو دەڤەرانەدایە کە لە ڕابردوودا یا لە بزووتنەوەی کوردستاندا بەشدار نەبوون یا حوزوورێکی کەمڕەنگیان لە بزووتنەوە و ڕەوتی وشیاریی نەتەوەییدا هەبوو. کرماشان، کوردەکانی خوراسان و باکووری ڕۆژهەڵات لە دیارترینی ئەو ناوچانەن. فرەڕەنگیی ئایینی و زاراوەش گۆڕەکی خاوەن کاریگەری لە سەر ئەو هێڵە جیاکەرەوەن. کاریگەری و چالاکبوونی هێزی سیاسی نوێ لەو دەڤەرانەدا زیاتر ئەو هێڵە جیاکەرەوەیە زەق دەکاتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

سێهەم هێڵی جیاکەرەوە پێوەندی بە ئاستی خوێندەواری و ئەو دەرفەتانەی کاری فەرمیەوە هەبووە و هەیە کە ڕێژیمەکانی پێشوو و ئێستا بۆ بەشێک لە توێژی ڕووناکبیر و خوێندەواری کۆمەڵگای کوردستان لە بەڕێوەبەریدا پێکیان هێناوە. لەو ڕوانگەیەوە کە ئەو دەرفەتانە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە شارە گەورەکانی وەک کرماشان زیاتر خوڵقابوون و تێکەڵاوییەکی زیاتر لە گەڵ دام و دەزگا دەوڵەتیەکان لە هەموو ئاستەکان دا دروست ببوو، دژبەرییەکی ڕانەگەیەندراو لە نێوان پێشەنگانی نەتەوەیی و کاربەدەستە کوردەکانی نێو دەسەڵاتدا سەری هەڵدابوو کە زۆر جار فەرمانبەربوون و خزمەت بە ڕێژیمی دەخستە یەک خانەی هاوسانەوە. ئەو ڕوانگەیە ئێستاش هەر کاریگەریی لە سەر خەباتی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەیە.

ئەوە ڕاستیەکە کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی ئەو ساڵانە دا کە خەباتی چەکدرانە دەرفەتی کاری یاسایی لە نێوخۆی کۆمەڵگادا لە حیزبەکان ئەستاندوە، پارادایم گۆڕاوە و چوارچێوەیەکی هێندێک جیاوازتر بۆ بیرکردنەوەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری، نەتەوەیی و هتد شکڵی گرتوە. ئەو گۆڕانەی پارادیم زەمینە و دەرفەتی بۆ سەرهەڵدانی هێز، هزر و ڕێکخراوی دیکە خۆش کردوە و ئێستا بە کردەوە گۆڕەپانی خەباتی نەتەوایەتی بەرفراوانتر و فرەڕەهەندتر بووە، هەر چەند هێشتاش هەر خەباتی چەکدارانە و بزووتنەوەی چەکداری کاریگەرترین گۆڕەکی شوێندانەر لە سەر ڕەوتە سیاسیەکانە. هەڵس و کەوتی حیزب و لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی خاوەن هێزی چەکدار لە گەڵ ئەو هێز و لایەنانەی کە لە ئاکامی گۆڕانی پارادیمدا سەریان هەڵداوە، بۆ دیاریکردنی چوارچێوە و مەرجەکانی پێکەوە کارکردن یەکلاکەرەوەیە.

ئەگەر سەرنج بدەینە هێڵە لێک کۆکەرەوەکان، هێزەکانی کورد ئەوەندە خاڵی بنچینەیی هاوبەشیان هەیە کە بتوانن بە سەر گرفتەکان و هێڵە جیاکەرەوەکاندا زاڵ بن و پێکەوە بگەنە ستراتیژییەکی هاوبەش لە دژی کۆماری ئیسلامی و بۆ گەشەپێدانی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. سکۆلاریسم، ڕاوەستان لە بەرامبەر ناوەندپارێزیدا، داخوازی مافی نەتەوەیی، پاراستنی مافی ژنان، مافی مرۆڤ و ڕێزگرتن، هەر چەند بە قسەش بێ لە پیوان و پرەنسیپە دێمۆکراتیکەکان کۆمەڵێک نرخ و بەهای هاوبەشن کە دەتوانێ تا سەرکەوتن بە سەر دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامیدا، هەموو هێز و تواناکانی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکەوە گرێ بدا. بە تایبەت بە لە بەرچاو گرتنی ئەو ڕاستیە کە هەموو ئەو هێزە کوردانەی کە خاوەنی هێزی چەکدارن لە سەر ئەو بڕوا هاوبەشەن کە هەبوونی چەک بۆ خۆپاراستن لە بەرامبەر شەڕخوازیی کۆماری ئیسلامیدا پێویستە.

یەکەم هەنگاو، تێپەڕبوون لە خولانەوە لە بازنەی خەباتی ڕابردوودا و هەڵسەنگاندنی دیمەنی سیاسی بە پیوانی دەیەی ٨٠ یە. هێزەکانی بەشدار لە بزووتنەوەیک وردستاندا دەبێ هەبوون و چۆنیەتی کارکردنی یەکتر قبووڵ بکەن و بە کردەوە ڕێز لە پرەنسیپی فرەچەشنی و فرەحیزبی بگرن. کێشە کردن لە سەر و گەشەپێدان بە ناکۆکیە نێوخۆییەکان بە بیانووی



سەرچاوە
Serchawe

جیاوازیی فیکری و ئایدیۆلۆژی یا  بە کارهێنانی چەمکی جیاواز بۆ چارەسەری داخوازی نەتەوەیی وێستگەی دروست بۆ دانانی پیوان بۆ هاوکاری و هاوخەباتی نیە. چەمکی وەکوو خودموختاری، فیدرالیزم، کۆنفێدرالیزم، کانتۆنیزم، بەڕێوەبەریی خۆماڵی یا خۆسەری کە وەرگێردراوی دەقاودەقی چەمکی "COMMUNALISME" یا بەڕێوەبەریی خۆجێیی یا هەمان مافی دیاریکردنی چارەنووسە، هەموویان مۆدێلی سیاسین کە دەکرێ بخرێنە بەر باس و موناقشە، هیچیان نە پیرۆزن نە گڵاو و ناکرێ بکرێنە هۆکار بۆ بەردەوامبوونی پرش و بڵاوی.

**بە کورتی دەکرێ کۆمەڵە میکانیزمێک بۆ پێکەوە کارکردنی هەموو هێز و تواناکانی بەشدار لە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دابندرێ کە گرینگترینیان دەکرێ ئەمانە بن:**

- دەربازبوون لە گوتار و پڕاتیک یا کردەوەی سیاسی ساڵەکانی ٦٠ هەتاوی کە بە خۆبەناوەند زانین و دانانی مەرجی یەک لایەنە بە بێ لە بەرچوگرتنی ڕەوش و مەرجی لایەنی بەرامبەر بۆ هاوکاری کە کارەساتی ٣ شەری نێوخۆیی لێکەوتەوە.

- قبووڵی پڕەنسیپی فرەچەشنی سیاسی و ڕێزگرتن لە مافی هەموو حیزب، تاک و کۆمەڵ بۆ بەشداری و خەبات کردن لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستاندا.

- دوورکەوتنەوە لە زێهنیەتی موتڵەقگەرا کە هەموو ڕاستیەکان لە لای خۆی و هەموو هەڵەکان لە لای بەرامبەردا کۆدەکاتەوە.

- خۆپاراستنی جیددی لە فەرهەنگی خۆ بە فریشتە و هێزی دیکەی ڕەقیب بە ئەهریمەن ناساندن.

- پشت کردن لەو گوتارە حیزبیە کە هەموو هەوڵێکی دەرەوەی سنووری ڕێکخراوەیی خۆی بە هاوتەریب لە گەڵ سیاسەتەکانی دوژمن و لە خزمەت دوژمن دا بە حیساب دێنێ.

- دارشتنی چوارچێوەیەکی هاوبەش بۆ خەباتی نەتەوەیی و دیاریکردنی خاڵەهاوبەشەکانی پێکەوە کارکردن.

- هاوئاهەنگ کردنی هەنگاوە کردەوەییەکانی وەکوو چالاکیی چەکدارانە، دانانی میکانیزمی هاوبەشی خۆپاراستن و بەرگریکردن لە بەرامبەر هەرەشەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا.



سەرچاوە
Serchawe

- دروستکردنی گرووپی کار بۆ داڕشتنی بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ خەبات لە ئاستی نێونەتەوەییدا، بە تایبەت شکڵپێدانی گوتارێکی هاوبەشی ڕوو لە دەرەوە.

- بەکارهێنانی پوتانسیەلی دیاسپۆرای کورد بۆ هەموو بوارەکانی خەبات لە چوارچێوەیەکی هاوبەشی نەتەوەییدا.

- جێگیرکردنی فەرهەنگی تەحەممول، ڕێز لە تاک و جیاوازی گرتن و گەشەپێدانی دیالۆگی نەتەوەیی.

ئەمڕۆ چاوەڕوانیی ئەوە هەیە کە هێزی کورد دەوری گۆڕان بەرەو دێمۆکراسی، فرەچەشنی و فرەڕەنگی، ئازادی و بە هێزکردنی بنەماکانی مافی مرۆڤ لە هەموو ناوچەدا بگێڕێ و ببێ بە هێزی بڕیاردەر لە بەرامبەر توندئاژۆیی و بۆ سەقامگیری سیاسی لە ناوچە دا. وەڵامی ئەو پرسیارە کە داخوا هێزی کورد دەبێتە پردی پێکەوە گرێدانی گەلانی ناوچە و دەروازەکانی ئاشتی، ئارامی و پێکەوە ژیان دەپاریزێ یا ناچار دەکرێ ببێتە هاوپەیمانی لایەنێک یا چەند لایەن لە ململانێی نێوان هێزە دژبەرەکانی ناوچەدا، کاتێک دەردەکەوی کە لایەنگرانی ئاشتی، ئازادی و دێمۆکراسی ئەو پوتانسیەلە ببینن، توانایی پێکەوەکارکردنیان بێ و بە باشترین شێوە لە پارسەنگی سیاسی ناوچەدا بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی خۆیان بپارێزن.

فرانکفۆرت - سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات نیوز - ڕێکەوتی: ٤ی فێبریوێری ٢٠١٧

## ڕا و بۆچوونی لەمەڕ کۆنگرەی ١٦ی حیزب

**پێوەندییەکانی حیزب لە گەڵ ئەوەی کە بە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دەناسرێ، پێوەندییەکی سەرکەوتوو نەبووە لە درێژەی وەرگرتنی ڕا و بۆچوونی تێکۆشەرانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەمەڕ کۆنگرەی ١٦ی حیزب و هەنگاوی نوێی ڕۆژهەڵات کە بە ڕاسان دەستی پێکردووە، بەڕێز عەبدولا حیجاب چاوەدێری سیاسی و ئەندامی دیاری حیزب لە وەڵامی پرسیاری بەشی ڕاگەیاندنی کۆمیتەی دانمارکی حیزب دا ئەو وڵامە بە قەبارە کورت بەڵام لە ناوەڕۆک دا بەرینی خوارەوەی هەبوو کە دەخەینە بەردیدی ئێوە خوێنەرانی بەڕیز.**

**زۆر سوپاس بۆ کاک عەبولا حیجاب.**

**پرسیار: بە نەزەری ئێوە ئەرکی کۆنگرەی ١٦ حیزب دەبێ لە مەڕ چارەنووسی ڕاسان چی بێ و هەنگاوی عەمەڵی چین بۆ درێژەدانی ڕاسان دوای کۆنگرەی ١٦؟**

**عەبولا حیجاب**: زۆر سوپاس بۆ بەدواداچوون بۆ ئەو پرسە. بەرفراوان کردنی خەباتی سیاسی بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە و لەوانەش خەباتی چەکدارانە پێویستی بە بەرنامەیەکی چڕی هەمە لایەنە هەیە کە هەمووی بە بڕیاری کۆنگرەیەک جێ بە جێ ناکرێ.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان پوتانسیەلێکی گەورەی نووستووی هەیە کە بە ئاڵوگۆڕ لە سیاسەتی حیزب، بەرنامەی کاری و لە هەمووی گرینگتر نووژەنکردنەوەی میکانیزمی کاری تەشکیلاتی دەکرێ کەڵکی لێ وەربگیرێ. بە بڕوای من حیزبی دێموکرات پێوستی بە ڕێفۆرم هەیە کە کۆنگرە دەتوانێ لەو بوارەوە خاوەن بڕیار بێ.

گرینگترین ئەرکی ئێستا بەرنامەیەکی بە کردەوە بۆ یەکگرتنەوەی دوو بەشی دێمۆکراتە. هاوتەریب لە گەڵ بە کردەیی کردنی ڕەوتی یەکگرتنەوە، پێویست دەکا بەرنامەیەک بۆ دیالۆگی نەتەوەیی و هاوئاهەنگ کردنی پوتانسیەلی خەباتی هەموو لایەنە دابڕێژرێ.

بڕیاری دروست لە سەر بنەمای لێکدانەوەیەکی زانستیانەی پشت بەستوو بە فاکتەوە و دوورە پەرێزی لە پێشبرکێی ناسالم دەدرێ. حیزب لەو پێوەندییەدا پێشتر زەربەی زۆری خواردووە. کۆنگرە دەتوانێ لەو بوارەدە چوارچێوەیەک دابنێ کە چی

دیکە ئەو فەرهەنگە دەرفەتی گەشە کردنی نەبێ. گوتاری باو لە نێو تەشکیلاتیش جاری وایە سەردەمیانە نیە. بەشێکی ئەو فەرهەنگە دەکەوێتە خانەی جێ بە جێ نەکردنی بەرنامەی حیزبەوە کە پێداگری لە سەر ڕێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤ دەکا. لەو بوارەش دا کۆنگرە دەتوانێ پێداچوونەوەیەکی بێ.

پێوەندییەکانی حیزب لە گەڵ ئەوەی کە بە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دەناسرێ، پێوەندییەکی سەرکەوتوو نەبووە، دەلیلەکەشی دەگەڕێتەوە سەر پێوەندی شەخسیی چەند بڕیاردەری حیزب لە گەڵ چەند کەسایەتییەک لە چەند تەیفی بێ جەماوەرەوە. پرسی کورد بەو شێوەیە ناچێتە نێو باسی سیاسی ئێرانیەکانەوە.

یەکێکی دیکە لەو گرفتانەی کە حیزب دەبێ ئاگای لێ بێ، بە کەم گرتنی توانایی ڕێژیم لە دزینی زانیارییەکانی حیزب لە ڕێگای تێکنۆلۆژیای پێوەندییەوەیە کە بە شەڕی سایبەری دەناسرێ. هەر چەند حیزب تێکنۆلۆژیی شاراوەی نیە کە بکەوێتە بەر هێرشەوە، بەڵام بە کار هێنانی سیستەمی ئینتێرنەتی بۆ کاری تەشکیلاتی و سیاسی وەک ئەوەیە کە کۆبوونەوەی تەشکیلات لە دیوێکی ئیتلاعاتی دوژمنی خۆتدا بەڕێوە ببەی. لەو پێوەندییەدا ئەو کاتەی لە حیزبدا چالاکتر بووم زۆرم هاوار کرد، بەڵام گوێگر نەبوو. بۆیە دوایە وازم هەم لە دووبارەکردنەوە هێنا و هەمیش بەشداریکردن لە کۆبوونەوە لە ڕێگای ئینتێرنەتەوە.

دوایین خاڵ کە پێم وایە پێویستی بە باسە، پێوەندیی حیزب و هەڵوێست لە بەرامبەر بزووتنەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەدایە کە بە بڕوای من لێکدانەوەی حیزب لە سەر باکوور و ڕۆژئاوا دەبێ بە پێی هەر ئەو پرەنسیپانە بێ کە لە پێوەندی لە گەڵ باشووردا ڕەچاوی دەکا.

کۆنگرە ی داهاتووی حیزب لە کاتێک دا دەگیرێ کە دووبارە پێوەندییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ ئامریکا تووشی قەیران بووەتەوە. بۆ دەرچوون لەو قەیرانە دوور نیە کە جارێکی دیکە دیکتاتۆریی دەسەڵاتدار ماشێنی ڕەشەکوژی و تێرۆری وەگەڕ بخاتەوە. بۆیە هیوام ئەوەیە کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو و دوور لە مەترسی بەڕێوە بچێ.

٢٤ی فێبریوێری ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

## هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێران و هەڵوێستی کورد

هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێران و هەڵوێستی کورد (٤)ئاژانسی کوردپا: کۆتایی ئەم حەوتوویە، پرۆسەی ١٢هەمین خولی هەڵبژاردنی سەرکۆماری و هەڵبژاردنی پێنجەمین خولی شۆرای شار و دێ لە حکوومەتی ئیسلامیی ئێران بەڕێوەدەچێت.

ئاژانسی کوردپا لە گەڵ کۆمەڵێک کەسایەتیی سیاسی چەند وتوێژێکی ئەنجام داوە کە ڕوانگە و بۆچوونی ئەو کەسانە لە سەر هەڵبژاردنەکان لە ئێران لەخۆ دەگرێت.

### چوارمین وتوێژی لەگەڵ عەبدوڵا حیجاب چالاکی سیاسی و دانیشتووی وڵاتی نوروێژە.

**ئاژانسی کوردپا**: بە سەرنجدان لە دۆخی سیاسی کۆماری ئیسلامیی لە ناوخۆ و ناوچە، هەڵبژاردنەکانی کۆتایی مانگی بانەمەڕ، چ جیاوازییەکی لەگەڵ باقی هەڵبژاردنەکانی ڕابردوودا هەیە؟

**عەبدوڵا حیجاب**: لە سیستەمی تێئۆکراتیکی کۆماری ئیسلامی دا هەڵبژاردن تەنیا بۆ جێگۆڕکێ پێکردن بە مۆرەکان و وەرێ خستنی شەپۆلێکی نوێی پڕۆپاگەندە بە قازانجی سیستەمی دەسەڵاتدار بەڕێوە دەچێ. لەو سیستەمەدا نەتەنیا دەسەڵاتی بڕیاردان و بەڕێوەبەری، بەڵکوو دەسەڵاتی بیرکردنەوە و بڕیاردان بە سەر ژیانی تاکەکەسیشی لە خەڵک زەوت کراوە و دراوەتە دەستی دێسپۆتێک کە لە بەرگی ڕێبەری هەتا هەتاییدا خۆی لە بەرامبەر خەڵک و هیچ دام و دەزگایەیکی دەسەڵات دا بە وەڵامدەر نازانێ. ئەو بە دامەزراندنی دەیان ڕایەڵکەی دیار و نادیار، هەموو جومگەکانی دەسەڵاتی بە دەیان ئاڵقە و داوەوە بە کورسیی دەسەڵاتی خۆیەوە بەستووە ودەیهەوێ لە جیاتی هەموو خەڵک بیر بکاتەوە و هەر چۆن خۆی پێی سەڵاح بێ بڕیار بدا. بۆیە وەک دیاردەیەکی گشتی هەڵبژاردن لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دا، بە بێ لە بەر چاوگرتنی ئەو بەڕێوەبەرایەتییەی کە هەڵبژاردنی بۆ دەکرێ، نە دەتوانێ جیاواز بێ، نە ئازاد بێ و نەش شتێک بگۆڕێ.
ئەوەی کە بەشێکی خەڵک ئەوەندە بوێرییان هەیە کە سنووری ترس تێپەڕ بکەن و بەشێک لە هیوا و داخوازییەکانی خۆیان، بە بیانووی پشتیوانی لەم یا لەو مۆرەیەی ڕێژیم بەرز بکەنەوە، نابێ لە سەر حیسابی "جیاوازی" لە هەڵبژاردنەکانی ئەم جارە دا دابندرێ.

**ئاژانسی کوردپا**: لایەنە دژبەرەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران(لە دەرەوە و ناوەوە) سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی

**"هەمووکاتێ" باس لە بێ کاریگەری بوونی کەس و کەسایەتییەکان لە گۆڕانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری دەکەن، بەڵام هاوکات لە لێکدانەوەکانی خۆیان"دژبەران" ئاماژە بە سیستماتیک نەبوونی سیاسەت لە ئێران دەکەن، ئەم پێکناکۆکییە(تناقض) چۆن ڕاڤە دەکەن؟**

**عەبدوڵا عیجاب**: من پێم وایە لێرەدا دەبێ سەرنج بدەینە ناوەرۆک و جەوهەری سیاسەتی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد نەک هەڵوێستی زارەکی لە زمان سیاسەتڤانێکەوە. تێڕوانینێکی بە جێ یە کە هێزە کوردستانییەکان بە گومانەوە سەیری مانۆڕ و هەڵس و کەوتەکانی ڕێژیم بکەن و لە سەر ئەو بڕوایە بن کە تاک و کەسایەتی ناتوانێ لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامی دا خاوەن کاریگەری بێ. چونکە مرۆڤ لە فەلسەفەی کۆماری ئیسلامی دا تەنیا ئامرازێکە بۆ خزمەت کردن و خۆ بەخشین لە پێناو ئایدیۆلۆژیای دەسەڵاتدارا.

دڵنیا نیم کە لە بە جوانی لە مەبەستتان سەبارەت بە "سیستماتیک نەبوونی سیاسەت لە ئێراندا"تێ گەیشتبم، بەڵام ئەگەر مەبەستتان ئەوەیە کە هێزە کوردستانییەکان پێیان وایە سیاسەت لە ئێران دا بە پێی "قاعیدە"یا پێوانی سیاسی بەڕێوە ناچێ، منیش پێم وایە کە ڕێژیمی ئێران پێبەندی هیچ پیوانێکی سیاسی نیە تا بتوانێ جێی متمانە بێ. بەڵام وێڕای ئەو بێ متمانەییە، نابێ هێزە سیاسییەکان و چالاکڤانانی کورد شیان یا توانایی ئەو هێزە جەماوەرییەی کە لە نێوخۆی وەڵات دا سیاسەت، فەلسەفە و ئایدیۆلۆژیی ڕێژیم بە "چالش دەکێشێ" و لە بەرامبەر ئایدیۆلۆژیی فەرمی دا ڕادەوەستێ، بە کەم بگرن. هێزی ڕاستەقینەی پێک هێنەری ئاڵۆگۆر لە نێو کۆمەڵگادایە.

**ئاژانسی کوردپا: جیا لە گەڵ پڕوپاگەندەیی کە لە ئەگەری بەشداری نەکردنی کوردەکان لە هەڵبژاردنی کۆتایی مانگی بانەمەڕ، ئەو شەش حیزب و لایەنە سیاسیانەوە دەتوانن چ دەسکەوتێکی سیاسی بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن؟**

**عەبدوڵا حیجاب**: لە سیاسەت دا گوتنی "نا" زۆر ئاسانترە تا داڕشتنی بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ سیاسەتێکی بەرەوچالاکی یا پرونئاکتیڤ. من وێڕای دەستخۆشی لەو هەڵوێستە هاوبەشە، زۆر بە ڕاشکاوی دەڵێم کە ڕەوشی زاڵ بە سەر بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەڵامدەرەوەی پێویستی سیاسی ئەمڕۆ نیە. هەڵوێستی هاوبەش کاتێک کاریگەری دەبێ کە بەردەوامی و پلانی چالاکیی هاوبەشی بە دواوە بێ. دوو دێمۆکرات و سێ کۆمەڵە لە ڕاستی دا دوو حیزبن و تا یەک نەگرنەوە یا بە ڕێککەوتنێک نەگەن کە وەک چۆن هەنیەکتر قبووڵ بکەن، ڕەنگە هەر تەنیا خۆیان و ئاڵقەی نزیکی لایەنگرانی خۆیان بە قسەکانیان دڵخۆش بن. بەڵام کاتێک کە یەکگرتوو و خاوەنی خاڵی هاوبەش بۆ گەشە پێدانی چالاکی سیاسی یا خەباتی چەکدارانە بن، ئەو کات هەموو هەنگاو و هەڵوێستیان کاریگەر دەبێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردپا - ڕێکەوتی: ١٥ی مای ٢٠١٧

# وتووێژی ڕەحمان نەقشی لە سەر پرسی کورد بە گشتی

**داواکاری:**

**زۆر بەڕێز هاوڕێ کاک عەبدوڵڵا حیجاب وێرای سڵاوێکی گەرم، بۆ تاوتۆ و کەنگەشەی ڕووداوەکانی نێونەتەوەی و رۆژهەڵاتی نێوەراست و کوردستان بەگشتی و هەڵومەرجی رۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی، ئەم پرسیارانەی خوارەوە کە بەدڵنیایەوە بەشێکی زۆری هی چین و تویژەکانی خەڵکن ئاراستەی جەنابت و کۆمەڵێک کەسایەتی سیاسی حیزبی و غەیرە حیزبی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین و کۆی ئەم دیمانانە لە دوو توێی نامیلکەیەک دەیخەینە بەر دەیدی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. هەر بۆیە داوای لە جەنابتان دەکەین بە وەڵامی ئەرینی ئەم بەرهەم دەوڵەمەندتر بکەن.**

**پێشەکی زۆر سپاستان دەکەم.**

**بەرێز و حورمەتەوە رەحمان نەقشی**

**منیش زۆر سوپاستان دەکەم بۆ ئەو دەستپێشخەرییە و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم. وەزعی سیاسی وەڵاتی ئێمە کۆمەڵێک کێشە و گرفتی خوڵقاندوە کە ڕەنگە هەر تەنیا کوردێک هەست بە ئاستی قووڵایی و بەربڵاوەیی یان بکا. هیوادارم پرس و ڕاوێژ سەبارەت بەو کێشە و گیروگرفتانە بتوانێ لە ڕەوتی گەڕان بە دوای چارەسەریدا یارمەرتیدەر بێ.**

## پرسیارەکان:

### ١- هەڵسەنگاندنێک لەسەر هەوڵومەرجی هەنوکەیی نێونەتەوەیی و رۆژهەڵاتی نێوەراست؟

ئەوەی لەم چەند ساڵەی دواییدا لە هێندێک ناوەندی سەرەکیی بڕیاردانی جیهانیدا ڕوو دەدا، تێکهەڵکێشێکە لە ڕەوتێکی پۆپۆلیستی و گوتاری هەست بزوێنی پشت بەستوو بە نیشتیمانپەروەرییەکی خۆبە زلزان کە بە کردەوە سەلماندی دەتوانێ بە سەر حیزب و مەکتەبە سیاسیە جێکەوتوەکاندا زاڵ بێ و سواری شەپۆلی نارەزایەتی جەماوەر لە بەرامبەر سیاسەتوانە خاوەن ئەزموونەکاندا بێ. هاتنە سەرکاری ترامپ لە ئامریکا و ماکرۆن لە فەرانسە و بە هێزتربوونی جێ پێی ئەردۆغان لە ئەنجامی گشتپرسی تورکیە، ئەنجامی ڕاستەوخۆی بێزاریی کۆمەڵگا لە بەرامبەر ئەو سیاسەتوانانەدا بوو کە سیاستەیان

کردوە بە پیشە و پێی دەژین. ئەو ڕووداوانە، دەردەخەن کە ئایدیۆلۆژی "ڕزگاریدەر"، حیزبی پێشەنگ و خاوەن ڕابردوو، پڕەنسیپی سیاسی و هتد تەنیا کاتێک دەتوانن کاریگەرییان لە کۆمەڵگادا بپارێزن کە لە گەڵ ڕاستیەکانی ژیان بە خێرایی خۆیان بەڕۆژ بکەن و لە گەل گۆڕانکارییەکاندا بگۆڕدرێن و بچنە پێش.

ئەو وەرچەرخانە لە سیاسەتی جیهانیش دا ڕەنگ دەداتەوە. هاوپەیمانیە مێژووییەکان ئێستا ناتوانن بە بێ ترس و دڵەڕاوکێ چاوەڕوان بن کە بە هەموو نرخێک لە بەرامبەر مەترسیە دەرەکیەکان دا پشتیوانیان لێ بکرێ. هێندێک هاوپەیمانی پێشوو، بۆ وێنە لە بلووکی ڕۆژهەڵاتی پێشوودا ئێستا لە بەرامبەر یەکتردا ڕاوەستاون و هەڕەشە لە یەکتر دەکەن، وەک ڕووسیە و ئۆکراین. وەڵاتێکی تەریک کەوتووی وەک کوریای باکوور خەریکە بۆ زلهێزێکی وەک ئامریکا سەرێێشە دروست دەکا و زۆر وەڵاتی "ئارام" و دێمۆکراتیکی جیهان لە گەڵ قەیرانی مەشرووعیەت ڕووبەڕوون. لە زۆر وەڵاتی ئەورووپایی پیوانەکانی سیستەمی دێمۆکراتێک مەودای بە هێندێک ئایدیۆلۆژیی توندڕەو داوە کە دێمۆکراسی لە دژی پیوان و پڕەنسیپەکانی خۆی بە کار بێنن. کێشەی تێرۆر ئێستا داوێنی هەموو وەڵاتانی دێمۆکراتیکی گرتوە و ژیانی خەڵکی ئاسایی وە مەترسی دەخا. دێمۆکراسیە ڕۆژئاواییەکان لە گەڵ کێشەی دابین کردنی خەرجی سیستەمی ڕیفاهیان بەرەوڕوون و نیگەرانی داهاتووی دەوڵەتی ڕیفاهی خۆیانن. جیهانی دوو جەمسەریی پێشوو کە لەو دوو دەیەی ڕابردوودا چاوەڕوان دەکرا بەرەو یەک جەمسەری بڕوا، ئێستا خەریکە بەرەو چەند جەمسەری هەنگاو دەنێتەوە و مەترسی ئەوە هەیە کە چەندین ناوەندی هێز لە هەرێمە جیاوازەکان دا سەر هەڵبدەن کە کۆنترۆل کردنیان لە لایەن زلهێزەکانەوە ئاسان نەبێ. زۆر نیشانەش هەن کە دەریدەخەن سیستەمە سەرەڕۆکان خەریکن هەست بەوە دەکەن کە جیهان ئامادەیە لە بەرامبەر سەرەڕۆییاندا باجیان بداتێ.

لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا پارسەنگی هێز خەریکە گۆڕانی بە سەردا دێ. سەرهەڵدان و چالاکی کۆمەڵی زێدە پاشکەوتووی داعش و باقی هێزە بنئاژۆکان هەر دێ و زیاتر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە گێژاوی چارەنووسێکی نادیاردا نوقم دەکا. ڕاکێشانی دیواری سنووری کە تورکیە خەریکە لە نێوان باکوور، ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا دەکێشێ، تەنیا کاردانەوەیەکی کاتی لە بەرامبەر "مەترسی" بزووتنەوەی کورددا نیە و دەکەوێتە خانەی ستراتێژییەکی درێژخایەنی دەسەڵاتدارانی ئەو وەڵاتەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ کۆمەڵێک ``کێشە``ی چاوەڕوان کراو و چاوەڕوان نەکراو کە دەسەڵاتدارانی تورکیە پێیان وایە لە داهاتوودا بەرئەستۆی ئەو وەڵاتە دەگرێ. زێدەڕۆییەکانی ئێران، کێشەی شیعە و سوننە، شەڕ و پێک هەڵپرژانە ناوچەیی و هەرێمیەکان هەموویان کاریگەرییان لە سەر داهاتووی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەیە.

پڕۆژەی باشووری کوردستان بۆ سەربەخۆیی، ئەگەر بێ و بەو جیددیەتەوە کە ئێستا باسی دەکرێ بچێتە پێش و بکەوێتە

قۆناغی جێ بە جێ کردنەوە، پارسەنگی هێز لە هەموو ناوچەدا دەگۆڕێ.

وێڕای ئەو مەیدانخوازی (چالش)ە سیاسیانە، گەشەی فرەخێرای تێکنۆلۆژیی دیجیتاڵ کە لە هەموو بوارەکان دا هەم دەرفەت دەخوڵقێنێ وهەمیش مەترسی نوێ بۆ جیهان دروست دەکا، بە شێوەی جیددی خەریکە پارسەنگی هێز بە قازانجی مێشکی دیجیتاڵ دەگۆڕێ.

کۆی ئەو ڕووداو و ئاڵۆزییانە ئەو دەرئەنجامەیان لێ دەکەوێتەوە کە ئەکتەرە کاریگەرەکان لە جیهان و ناوچەدا نیگەرانی بەردەوامیی دەسەڵاتیانن و ئەکتەری نوێ بە جیددی بە دوای دەرفەتدا دەگەڕێن تا خۆیان بنوێنن. بە گشتی جیهان و ناوچە لە گەڕان و پێشبڕکێیەکی تونددان بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانیان لە داهاتوودا.

### ✻ هەلومەرجی ئێستای کوردستان چوون هەڵدەسەنگینی؟

دەرفەت و مەترسییەکان شان بە شانی یەکتر بە ڕیز لە بەرامبەرماندا ڕاوەستاون. بزووتنەوەی نەتەوەیی لە هەر چوار بەشی کوردستان، لە هەر شوێنێک بە شێوەیەک و لە چوارچێوەیەکدا بە پێی دەرفەت خەریکی چالاکیە. ئەو زیندووییە هەم دەسەڵاتدارانی دژبەری کورد زیاتر دەهاڕووژێنێ و هەم پوتانسیەلی بزووتنەوەی کوردستان نیشان دەدا. شەری کورد لە دژی داعش پیوانێکی بە هێز بوو بۆ ئیرادەی نەتەوەی کورد کە ئێستا هەموو لایەک حیسابی لە سەر دەکا. بەڵام ئەو ئیرادەیە دەبێ ڕێک بخرێ و بخرێتە سەر هێڵێکی هاوتەریبەوە تا بتوانێ لەو گێژاوەی هەنوکەییدا دەستکەوتی سیاسی بۆ خۆی مسۆگەر بکا. تاک و کۆمەڵگای کوردستان دەبێ واز لە هێزە سیاسیەکان نەهێنن تا هاوبەندییەکی نەتەوەیی پێک دێنن. بە بێ هەبوونی ستراتیژییەکی هاوبەشی نەتەوەیی، زەحمەتە هێزە سیاسیەکانی کورد بتوانن ببن بە ئەکتەری خاوەن کاریگەری لە کایە مەترسیدارەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا.

### باکوور و ڕۆژئاوایی کوردستان؟

لایەنی بە هێزی بزووتنەوەی کورد لە باکوور، کەڵک وەرگرتنی لە کۆمەڵێک مکانیزم و کاناڵی خەباتی سیاسیە کە بەربەستکردن و شکاندنیان لە لایەن دەوڵەتی تورکیەوە دژوارە. خاڵی وەرچەرخان لە بزووتنەوەی کوردی لە باکووری کوردستان، بە بۆچوونی من سەرکەوتنی پاڵێوراوانی کورد لە هەڵبژاردنی پارلەمان لە ساڵی ٢٠١٥دا بوو. بەڵام دوای ئەو سەرکەوتنە، بزووتنەوەی کورد لە باکوور تووشی هەڵەی هەڵسەنگاندن بوو و لە تاکیتکێکی جێگای ڕەخنەدا، شار و ئەو ناوچانەی کە بە بەرفراوانی پشتیوانیان لە شۆڕش دەکرد کردە گۆڕەپانی بەربەرەکانیی چەکدارانە لە بەرامبەر دەوڵەتی

تورکیە دا. بە لێکدانەوەی داڕێژەرانی ستراتێژیی بزووتنەوە، دەوڵەتی تورکیە لە بە کار هێنانی زۆر لە بەرامبەر خەڵکی مەدەنی دا سنوورێک دەپارێزێ. بەڵام ئەوان هەڵەیان کرد. ئەردۆغان هاوشێوەی ئەسەد و سەددام بەرەنگاری چالاکڤانانی کورد بوو و بە خاپوورکردنی ئەو شار و گوندانەی کە ببوون بە مەکۆی خۆڕاگری، زەربەیەکی قورسی لە بزووتنەوەی کوردستان دا. سەرەڕای ئەو زەربە قورسە، بزووتنەوەی کورد لە باکوور ئێستاش هەر چالاکە و خاوەن کاریگەرییە.

## ڕۆژئاوای کوردستان

سەرەڕای کەم ئەزموونی لە بواری بزووتنەوەی سیاسی و خەباتی چەکدارییەوە، لە ماوەیەکی کورتدا پاش ڕاپەڕینی ساڵی ٢٠١١ لە سووریە تواناییەکی زۆری لە خۆی نیشاندا و بە کردەوە کەوتە قۆناغی دامەزراندنی سیستەمی بەڕێوەبەریی خۆماڵییەوە. شەڕی داعش، خۆڕاگریی ئەفسانەیی کۆبانێ و بەردەوامیی ئەو خۆڕاگرییە لە هەموو ڕۆژئاوای کوردستان و باکووری سووریە، پاراستنی پارسەنگێک لە پێوەندی بزووتنەوەی کوردستان لە گەڵ زلهێزەکانی خاوەن بەرژەوەندی لە سووریە و لە هەمووی گرینگتر کەوتنە نێو هاوپەیمانیی ڕۆژئاوا لە دژی داعش، هیوایەکی بە هێزی دروست کردوە کە ڕۆژئاوای کوردستان دەتوانێ چاوەڕوانی داهاتوویەکی گەشتر بێ. خاڵی بە هێزی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژئاوا ڕێگەنەدان بە سیستەمی چەند جەمسەری و سەرهەڵدانی چەندین ناوەندی دژ بە یەکی بڕیاردان و بەڕێوەبەری بە سوپا و ئاسایش و پۆلیسی جیاوازەوەیە. هەر وەها دامەزراندنی سیستەمی پەروەردەی کوردی بە شێوەی تەواو جیاواز لە سیستەمی زاڵ لە سووریە و بە کار هێنانی ئەلف و بێی لاتین بۆ جیاکردنەوەی بنەڕەتی سیستەمی پەروەردەی ڕۆژئاوا لە سیستەمی سووریە و بەشدارکردنی بەرینی ژنان لە بەڕێوەبەری، سیاسەت، هێزە چەکدارەکان و هتد، پێگەی بزووتنەوەی کوردی لە ڕۆژئاوای کوردستان بە هێز کردوە. لە لایەکی دیکەوە مودێلی بەڕێوەبەرایەتی لە ڕۆژئاوا دڵنیایی بە باقی پێکهاتەکانی ڕۆژئاوای کوردستان دەدا کە ئەوان داهاتوویەکی باشتریان لە هاوبەشی کردن لە گەڵ بزووتنەوەی کورددا هەیە. خاڵی لاوازیان نەبوونی دێمۆکراسی و پێداگریی پتر لە ڕادەی پێویستیان لە سەر یەک ئایدیۆلۆژی و یەک بیر و ڕێبازی هزری و سیاسی یە کە ئەگەر بەرهەڵستکاری نەبێ دەتوانێ بەرەو دیکتاتۆری بڕوا.

## باشووری کوردستان و ریفراندۆم و پرسی سەربەخۆیی؟

ڕێفراندۆم بە بێ دانانی میکانیزمێک بۆ بەدوادا چوون و داڕشتنی پلانێک بۆ هەنگاوهەڵێنان بەرەو پرۆژەی سەربەخۆیی ناتوانێ شتێک بگۆڕێ. بەڵام پێداگریی سەرۆکی هەرێمی باشووری کوردستان و پارتی دێمۆکرات لە سەر مافی نەتەوەی کورد بۆ سەربەخۆیی ئەو هیوایە بە هێز دەکا کە گشتپرسی پلانکراو بکرێ بە بنەمایەک بۆ هانگاو نانەوە بەرەو سەربەخۆیی. هەر لەو کاتەشدا نابێ ئەوەندە خۆشبین بین کە ئەو مەترسیانەی لە کەمین دان نەبینین. ئەنجامی ڕێفراندۆمی باشوور

هەر چی بێ، ڕێگای سەربەخۆیی بە بێ گرفت و کێشە نیە. بە تایبەت بە لە بەرچاو گرتنی ئەو ڕاستیە کە دوژمنانی کورد، نەبوونی یەکڕیزی نێوماڵی کورد بە کار دێنن بۆ تەگەرە خستنەوە لە سەر ڕێگای ڕەوتی سەربەخۆیی.

یەکخستنەوەی هێزی لەشکری، پۆلیس و ئاسایش، کاراکردنەوەی دەزگا سیاسی و ئیدارییەکان، دانانی سنوورێک بۆ دەسەڵاتی حیزبی و بە تایبەت دەسەڵاتی ڕەهای هێندێک لە حیزبی یەکان، دروست کردنی ژێرخانی ئابووری و سیاسی بۆ بە دەوڵەت بوون و لە هەمووی گرینگتر دانانی پرۆژەیەکی گشتگیر و سەرانسەری نەتەوەیی لە خودی ڕێفراندۆم کەم بایەختر نین.

هەر چی بێ، ئێستا ڕۆمانتیزمێکی نەتەوەیی باڵی بە سەر بەشێکی زۆری باشووری کوردستان دا کێشاوە. ئەگەر دەسەڵاتداران بە تەدبیرەوە بۆی بچن دەتوانن ئەو ڕۆمانتیزمە بگۆڕن بۆ بەرنامەیەکی توکمە بەرەو بە هێزکردنی بنەمای بە دەوڵەت بوون.

*** وەک کەسایەتی سیاسی بە ئەزموون و دێرین ڕۆژهەڵاتی کوردستان دید و بۆچوون و هەڵسەنگاندن لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە چییە:**

### ١- شۆڕشی گەلانی ئێران و کورد

ئەگەر مەبەستتان ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٥٧ە، ئەوە دەرفەتێک بوو کە ڕەنگە دوبارە نەبێتەوە. ئەو کات خومەینی و ئیسلامی سیاسی چونکە بەرنامەیان بوو، سەرکەوتن و گەلانی ئێران دۆڕاندیان. گەلی کورد لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٥٧دا بەشدارییەکی چالاکانەی کرد، بەڵام ئەکتەری چارەنووسساز نەبوو. لە بیرمان بێ کە لە ئێران، نەتەوەی کورد سێهەم پێکهاتەی گەورەی وەڵاتە و لە بەر هەڵکەوتی جۆگرافیایی خاکەکەی هیچ کات ناتوانێ بە تەنیا چارەنووسی سیاسی ئێران بگۆڕێ، لە کاتێک دا کە ئەو دەرفەتە بۆ دوو پێکهاتەی دیکە واتا فارس و تورک جیاواز ە. لە هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێکی پێشەڕۆژدا، ئەگەر کورد چاوێکی لە بەشداریی سیاسی لە گەڵ تاران بێ، پێویستی بە هاوپەیمانیی سەرانسەری هەیە، کە بە داخەوە ئێستا نیمانە.

### ٢- نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئیران و کورد

ویستێکی بە هێز بۆ دامەزراندنی پێوەندی هەیە، بەڵام پێوەندییەکان تەنیا لە سەر کاغەزن. تەنیا هاوبەندییەکی سیاسی کە جاروبار باسی لێوە دەکرێ کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدرالە، کە لە دوو هێزی کورد و چەند چالاکڤانی سەر بە

نەتەوەکانی دیکە پێک هاتووە. بە داخەوە ئەو چالاکڤانانە خاوەنی پێگەی کۆمەڵایەتی بە هێز نین. کورد و ئازەربایجانی کە لە هەموو لایەک پتر پێویستیان بە هاوبەندی و هاوکاری هەیە، پێوەندییەکی ئەوتۆیان دروست نەکردوە.

## ٣- وەزعی ئێستای ئێران بە گشتی داهاتووی کۆماری ئیسلامی ئێران ؟

پێویستیمان بە لێکدانەوەیەکی واقیع بینانەتر لەوەی تا ئێستا بوومانە لە وەزعی ئێران هەیە. ڕێژیم لە سەروبەندی ڕووخان دا نیە و ئەو قەیرانانەی کە هەمیشە باسیان دەکرێ، ڕێژیم بە چۆک دا ناهێنن. زێدەخوازی و دەست تێوەردانەکانی سوپای پاسداران لە وەڵاتانی جیران دەرفەتێکی بە ڕێژیم داوە کە جەمسەرێکی نوێی شیعە لە بەرامبەر جەمسەری سوننە دا دروست بکا، ئەوەش دەکرێ جارێ بە قازانجی هێندێک هێزی بڕیاردەر لە سیاسەتی جیهانیدا بێ. قووڵتر بوونەوەی کێشە جیهانیەکان، دوورکەوتنەوەی دوبارەی ئامریکا و ڕووسیە و قوڵدورییەکانی کوریای باکوور لە بەرامبەر ئامریکا و هاوپەیمانەکانی دەرفەتێکی زیاتر بۆ ئێران دەڕەخسێنی کە جارێ بە بێ ترس لە دژکردەوەی جیهانی سیاسەتە زێدەخوازییەکانیی خۆی بەرەو پێش ببا. سەرەڕای ئەوەش، ناکرێ ئەو ڕاستیە لە بیر بکەین کە لە ڕۆژهەڵاتی نێوڕاست دا ئەوەی پێش بینی ناکرێ، داهاتووی سیاسیە و ناومکین نیە کە درەنگ یا زوو ئێران لە گەڵ مەیدانخوازی یا چالشی چاوەڕواننەکراو ڕوو بە ڕوو بێ. ئەوەی دیارە، دوو مەیدانخوازی لە بەرامبەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا هەن کە ئیمکانی چالاکبوونیان هەمیشە هەیە؛ ویستی گۆڕانخوازی لە نێوخۆدا و زەختی دەرەکی. ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمش دوور نیە کە هەر لە نێوخۆی وەڵاتدا شکڵ بگرێ.

## ٤- ئیدارەی سیاسیی ئێرانی لە داهاتوو ؟

سیستەمێکی عیلمانی دوورەپەرێز لە ناوەندیبوون. ڕەنگە سەرکەوتووترین مودێلی سیاسی بۆ داهاتووی ئێران سیستەمی کۆنفیدراڵ بێ کە دەسەڵاتی دەوڵەتی فێدراڵ بگەیەنێتە لانی کەم و لە بەرامبەردا دەرفەت بدا کە پێکهاتەکانی وڵات پێوەندییەکی بە هێزی سنوور پەڕێن لە گەڵ هاوزمانەکانیان لەوبەری سنوور دابمەزرێنن.

## ٥- دروشمی روخانی ریژیم

وەک دوعای موسوڵمانان بێ کاریگەرییە، بەڵام سوکنایی بە زۆر کەس دەدا. ڕووخانی ڕێژیم دەکرێ بە زۆر شێوە مسۆگەر بکرێ. بۆ وێنە ئەگەر دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیە سنووردار بکرێ، یا سیستەمی ناوەندی بگۆڕدرێ بۆ سیستەمێکی نەناوەندی، ئەوە بۆ خۆی شێوە گۆڕانێکی مومکینە. چاوەڕوانیی شۆڕشێک لە وێنەی ئەوەی ساڵی ٥٧ رووی دا یا ڕووخاندنی



سەرچاوە
Serchawe

ڕێژیم لە ڕێگای بەرەنگاریی چەکدارانەوە ڕەنگە جارێ مومکین نەبێ.

### ٦- بەرەی کوردستانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستیەکی هەنوکەیی بە دارشتنی پلانێک بۆ زاڵبوون بو سەر قەیرانی پەرتەوازەیی و چەند بەرەکی دا هەیە. هەر چەند هێزەکانی بەشدار لە بزووتنەوەدا دان بەو ڕاستیە دا نانێن کە گەورەترین لەمپەر بۆ خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پرش و بڵاویی هێزەکانە، بەڵام ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە کە دوو دێمۆکرات بە ڕادەی یەک دێمۆکرات بە هێز نابن، ٣ کۆمەڵە ناتوانن کاریگەریی کۆمەڵەیەکی یەکگرتوویان بێ. وێڕای ئەو دوو بنەماڵە حیزبیە، دەبێ هێزەکانی دیکەش ببیندرێن و دیالۆگێکی هەمە لایەنەی نەتەوەیی لە نێوانیان دا هەبێ. هەر بەو شێوەیە پێویستە دەرگای دیالۆگ بە سەر پەژاکیش دا کراوە بێ. تێڕوانینی باو لە لای زۆربەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات کە پەژاک بە هێزێکی غەیرە کوردی ئێرانی یا دروستکراو لە قەڵەم دەدا، هەر بەو ڕادەیە هەڵەیە کە پەژاک ئەو هێزانە بە ماوە بە سەرچوو و بێ کاریگەری دەزانێ. نە هێزە خاوەن ڕابردووەکان لە سەحنەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان حەزف دەکرێن، نە پەژاک بە هەڵوێستی هێزەکانی دیکە واز لە تێکۆشانی خۆی دێنێ. کە وابوو باشتر وایە سیاسەتێک ڕەچاو بکرێ کە پێش بە دووپاتبوونەوەی شەڕە خۆکوژییەکانی ڕابردوو بگرێ.

ڕەنگە دروست کردنی بەرەیەکی هەمەلاگر ئێستا مومکین نەبێ، بەڵام هاوکاری، هاوبەندی و دروست کردنی پلاتفۆرمێکی هاوبەش زۆر پێویستە. کە ئەو پلاتفۆرمە دروست بوو، باشترین بژارە ئەوەیە کە هێزی چەکداری بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ژێر یەک فەرماندەیی یەکانەدا ڕێک بخرێ، دەنا ئەگەر ئەو هەموو هێزە چەکدارە یەک نەگرتوو بە بێ هاوئاهەنگی ڕوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردساتن بکەن، کارەساتێک دەخوڵقێ کە ڕەنگە قەرەبووکردنەوەی دژوار بێ.

### ٧- پێشمەرگە و خەباتی چەکداری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

پێشمەرگە ناوێکی پیرۆزە، دەبێ کارێک بکرێ کە ئەو پیرۆزییە بۆ هەمیشە پارێزراو بێ. بۆ ڕاگرتنی ئەو پیرۆزییە پەروەردەی سیاسی زۆر گرینگە. جێگە و پێگەی من ئەوە نیە کە لە سەر خەباتی چەکدارانە نەزەر بدەم، پێشم خۆش نیە لە بەرەی خۆم زیاتر لاق ڕابکێشم. ئەوەی لایەنگری خەباتی چەکدارییە، دەبێ بۆ خۆی ئامادە بێ کە ڕاستەوخۆ بەشداری ئەو خەباتە بێ.

### ٨- بایکۆتی هەڵبژاردنەکان لە ئێران؟

وەک پرەنسیپ، بایکۆت هەڵوێستێکی نەگۆڕە و هەر ئەوەش لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن چاوەڕوان دەکرێ. بەڵام دەرفەتی بڕیاردان بۆ خەڵکی مەدەنی لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سنووردارە و ئەوان ناتوانن وەکوو پێویست، تەنانەت ئەگەر لە گەڵیشی بن بە ئەرێنی وەڵامی بانگەوازی بایکۆت بدەنەوە. بۆیە بایکۆتی هێزە سیاسیەکانی ئۆپۆزیسیۆن کەمترین کاریگەریی لە سەر ڕەوشی نێوخۆیی هەیە.

هەڵبژاردنی شووراکان و تەنانەت مەجلیسیش دەکرێ وەک دەلاقەیەک بۆ بەرزکردنەوەی بەشێک لە داخوازییەکانی خەڵک کەڵکی لێ وەربگیرێ. ئەوە بە واتای هاندانی خەڵک بۆ بەشداریکردن یا خود مەشرووعییەت دان بە ڕێژیمێکی نامەشرووع نیە. بەڵام ناکرێ بە هیوای دەرفەتێک کە دیار نیە کەنگێ دەڕەخسێ، کۆمەڵگای کوردی ڕۆژهەڵات زیاتر لەوەی کە لە پەراوێز خراوە هان بدرێ کە بۆ خۆشی خۆی بخاتە پەراوێزەوە.

### ٩- وتوویژ و دانوستاندن؟

دانوستاندن لە نێوان دوو دوژمن دا کارێکی ئاساییە، بەو مەرجەی ئامانجەکانی دانوستاندن دیار بن و هەر لایەنەی بۆخۆی کاناڵێکی جیاوازی دیالۆگ نەکاتەوە. واتا ئەگەر بەرنامەی وتوویژ هەبێ، دەبێ هێزە سیاسیەکان بە هاوئاهەنگی لە گەڵ یەکتر بکەونە نێو بەرنامەیەکی ئەوتۆوە.

### ١٠- خەباتی مەدەنی میکانیزمو میتۆدەکانی خەباتی مەدەنی؟

نوسخەی خەباتی مەدەنی لە دەرەوە ڕا ناپێچرێ. ئەرکی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کارکردن بۆ بەرەوپێش بردنی نرخە بەرزەکانی مرۆڤایەتی وەک دێمۆکراسی، مافی مرۆڤ، یەکسانی، مافی ژنان، پاراستنی ژینگە، مافی پەروەردە، تەندروستیەکی گشتگیر و هتدیە. کە باسی خەباتی مەدەنی دەکرێ، دەبێ ئەوەشمان لە بیر بێ کە خەباتی مەدەنی لە نێو کۆمەڵگا و بە پێی هەلومەرجی زاڵ بە سەر کۆمەڵگادا، لە ژێر سێبەری دەسەڵاتی زاڵدا، هەر چەند دیکتاتۆریش بێ دەکرێ. یەکەم مەرجی زەمینەسازی بۆ خەباتی مەدەنی ئەوەیە کە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن ئامادە بن ڕیسک قبووڵ بکەن، بە تایبەت ڕیسکی ئەوەی کە هەموو هەڵس و کەوت و چالاکیەکانی بزووتنەوەی مەدەنی لە خزمەت ئەوان دا و بە دڵی ئەوان نابێ.

خەباتی مەدەنی بە واتای ئەوەیە کە کەسانێک بە ڕێبازی ئاشتیانە ئەوەندە تیشک بخەنە سەر گرفتێکی نێو کۆمەڵگا یا داخوازییەک، و ئەوەندە پشتیوانیی بۆ کۆ بکەنەوە تا کاربەدەستان ناچار دەبن جێ بە جێی بکەن.

**گرینگترین مێتۆدی خەباتی مەدەنی دوورەپەرێزی لە توندوتیژییە.**

**١١- تیرۆریزم بە گشتی و تیرۆزیزمی کۆماری ئیسلامی بە تایبەتی ڕێبەرانی کورد)؟**

تێرۆریزم بەشێک لە جەوهەری کۆماری ئیسلامیە و بە داخەوە زۆرترین زەربەی لە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوە. تێرۆری ڕێبەرانی کورد خاڵێکی ڕەش بە نێوچاوانی کۆماری ئیسلامیەوەیە کە هەتا هەتایە شوێنەوارەکانی دەمێنێتەوە.

بە بڕوای من یەکەم هەنگاوی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی لە دژی گەلی کورد، هێرشی ڕێژیم بۆ سەر شاری سنە بوو کە لەو دا ڕێژیم بە شێوەیەکی بەربڵاو خەڵکی شارێکی تێرۆریزە کرد. دواتر مۆتەکەی تێرۆری کۆماری ئیسلامی هەموو ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتەوە و پریشکەکانی لە دەرەوەی وەڵات وەبەر ڕێبەرانی وەک د. قاسملوو و شەرەفکەندی کەوت.

**١٢- هۆکاری جیابوونەوە و دابڕانی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و میکانیزمی یەکگرتنەوە و تێکەڵبوونەوەیان؟**

زۆر بە کورتی کەم بوونی ئەزموونی دێمۆکراسی، شارەزا نەبوون لە سەر چۆنیەتی بە کارهێنانی پیوانەکانی دێمۆکراتیک و شێوەی چارەسەرکردنی قەیرانەکان، نەبوونی پەروەردەی دێمۆکراتیک، خۆ بە ناوەند زانین و نەبوونی فەرهەنگی دێمۆکراسی هۆکاری جیابوونەوەکانن. ڕێگای یەکگرتنەوەش تەنیا پەروەردەی دێمۆکراسی و واز هێنان لە خۆ بە پاک و کەسی دیکە بە پیس زانینە.

**١٣- هەڵوێستی ئۆپۆزسیۆنی ئێران تاچەندە لە بەرژەوەندیی کورد دایە؟**

ئۆپۆزیسیۆنی ئێران وەک ئەو هێزەی لە پۆزیسیۆندایە واتا هێزی دەسەڵاتدار، خوازیاری ئێرانێکی ناوەندی و یەکگرتوە و ئەوەش لە گەڵ بەرژەوەندی گەلی کورد ناگونجێ. هەم دەسەڵات هەمیش ئۆپۆزیسیۆن کاتێک حیساب بۆ بزووتنەوەی کورد دەکەن کە یەکگرتوویی و هێزی کورد ببینن.



سەرچاوە
Serchawe

### ١٤- سیاسەتەکانی ئێران لەناوخۆی عێراق دا چەندە لەسەر خەباتی سیاسیی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کاریگەریی هەبووە؟

ڕەنگە دروستتر ئەوە بێ بڵێین کە دەسەڵاتی بێ ئەم لا و ئەو لای ئێران لە عێراق دا، چونکە دەسەڵاتی ئەمڕۆی عێراق، دەستە درێژکراوەکەی ئێرانە کە لە ڕێگای ناوەند و دامەزراوە مەزهەبی، سیاسی و لەشکەرییەکانیەوە عێراق بە ڕێوە دەبا. ئەگەر عێراق لە باشووری کوردستان دەسەڵاتێکی بوایە، چارەنووسی هێزە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات کە دانیشتووی باشوورن لە چارەنووسی موجاهیدین باشتر نەدەبوو، بەڵام بە خۆشیەوە باشووری کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی ئێراق و ئێران دا نیە.

تا ئەو جێگایەی کە دەگەڕێتەوە سەر نفووزی ئێران لە باشووری کوردستان، پێم وایە وێڕای ئەو ڕەخنانەی کە لە هێزەکانی باشوور دەگیرێ، بەڵام دەبێ ئەوەندەشمان ئینساف هەبێ کە هاوکاری و دەستگرتنی ئەوان ببینین. دەسەڵاتی کورد لە باشووری کوردستان پەیمانی ڕێزگرتن لە سەروەریی جیرانیەتی لە گەڵ ئێران هەیە کە بە پێی ئەو پەیمانە نابێ هێزەکانی دژبەری ئێران لە ڕێگای باشوورەوە بچن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چالاکی ئەنجام بدەن. سەرەڕای ئەو پەیمانەش، چالاکی هێزەکانی کوردی ڕۆژهەڵات لە باشوور، ئەگەر هێندێک سنووردداریش کرابێ، بەڵام هەر هەیە و ئێران نەیتوانیوە پێشی پێ بگرێ.

## چەند پرسیاری گشتی:

### ١- گۆڕینی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و پرسی نەتەوەی کورد لە گۆڕانکاریانەدا؟

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئێستا لە گەڵ قەیرانێکی هاوشێوەی قەیرانی پاش شەڕی جیهانیی یەکەم ڕووبەڕوویە. لەو ڕەوشەدا ئەگەری گۆڕینی خەریتەی جۆگرافیایی ناوچە هەیە و کوردیش لەو نێوەدا ئاکتۆرێکی چالاکە. تەنانەت ئەگەر نەخشەی جۆگرافیشی لە ناوچەدا گۆڕانی بە سەردا نەیە، نەخشەی سیاسی ناوچە گۆڕدراوە و زیاتریش دەگۆڕدرێ. لەو نێوەدا چارەنووسی کورد بەر لە هەموو شتێک بە یەکیەتی نەتەوەیی و هاوهەڵوێستی گەلی کورد و هێزە سیاسیەکانیەوە بەستراوە.

### ٢- ئایا پرۆسەی دەوڵەت - نەتەوە لەو ناوچەیە شکستی خواردوە؟

لە قەیرانی جیددی مەشرووعیەتدایە. دەسەڵاتی سیاسی لە سەر بنەمای نرخە ئێتنیکیەکان کە هەر چوار دەوڵەتی ئێران، تورکیا، عێراق و سووریە لە سەری دامەزراون، هەڵاوەردنی هەموو ئەو تاک و گرووپانەی لێ دەکەوێتەوە کە "خۆیی" نین. ئاڵتەرناتیڤی ئەو سیستەمە دامەزراندنی سیستێمێکی هاوشێوە نیە کە لەودا دەسەڵاتدار و ژێردەست جێگۆڕکێ بکەن.

ئاڵتەرناتیڤی ئەو سیستێمە دەسەڵاتێکی سیڤیک ە کە لەو دا مرۆڤەکان خاوەنی ماف و ئەرکی یەکسان بن، لە هەموو شێوە هەڵاواردنێک پارێزراوبن و ڕێز لە هەموو بەها و نرخەکانیان بگیرێ. بۆیە باشترین مودێل بۆ قەوارەی سیاسی داهاتووی کوردستان سیستێمکی "سیڤیک" ە کە لە هزری سەرەتایی نەتەوەپەرستی بە دوور بێ و مافەکانی هەموو نەتەوە و پێکهاتەکانی کوردستان بە شێوەی یەکسان مسۆگەر دەکا، واتا دامەزرانی دەوڵەتێکی کوردستانی نەک دەوڵەتێکی تەنیا کوردی.

### ٣- ئەرکی حیزب و ڕێکخراوە سیاسەیە کوردستانیەکان لەم هەڵومەرجە دا و ئاستەنگەکانی سەر ڕێگای چارەسەری مەسەلەی کورد؟

یەکریزی، یەکدەنگی و سیاسەتێکی هاوبەشی نەتەوەیی. ئەگەر وا نەبێ، بزووتنەوەی کورد دوبارە ڕەنج بە خەسار دەبێ. ئاستەنگی نێوخۆیی پرش و بڵاوی و نەبوونی یەکریزییە، ئاستەنگی دەرەوەیش هزری زێدەخوازیی دەسەڵاتدارانی جیرانە. هزرێک کە لە سیستەمی پەروەردەیان دا خۆی دەنوێنێ و پێکهاتەی دەسەڵاتداری وا پەروەردە دەکا کە زۆر بە ئاسایی خۆی لە پێکهاتەکانی دیکە بە زیاتر و خاوەن مافتر بزانێ. کاریگەریی ئەو پەروەردەیە وای کردوە کە بەشێکی پێکهاتەی دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتیش، هەبوون و ناسنامەی نەتەوەیی خۆی بە نەبوو یا بە بێ توانا بزانێ و بە هەبوونی قەیووم یا ئەرباب ڕازی بێ. تێڕوانینی دوژمنکارانەی دەسەڵاتداران لە دژی بزووتنەوەی کوردستان لەو هزرەوە سەرچاوە دەگرێ.

### ٤- پێگەی کورد لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و دیپلۆماسی کورد لەدەرەوەی وڵات لەچ ئاستێک دایە؟

نالێم زۆر ئاگادارم، بەڵام هەم بە بەشداریی ڕاستەوخۆ و و هەم لە ڕێگای کاناڵە جێ بڕواکانی دیپلۆماتیکەوە لە گەڵ هێندێک ناوەندی بڕیاردان، لابی کردن و داڕشتنی سیاسەت پێوەندیم بووە و هەیە. خاڵی هاوبەش لەو قسانە دا کە گوێم لێ دەبێ ئەوەیە کە دەڵێن کورد شەڕڤانی باشن، بەڵام ستراتێژ و سیاسەتڤانی خراپ. کێ هەیە نەزانێ کە پرش و بڵاوەیی نێوخۆیی ڕێگرە لەبەردەم بەهێزبوونی بزووتنەوەی کوردستان.

ئاڵۆگۆڕەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، کارتی سیاسیی لە بەرژەوەندیی کوردساتندا گۆڕیوە و زلهێزەکان ئێستا پێویستیان بە هێزی کوردە. بۆیە ئەگەر سیاسەتێکی ژیرانە ڕەچاو بکرێ، لە دیزاینی داهاتووی ناوچەدا کورد بێ بەش نابێ.

### ٥- پرسی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد. ئاستەنگەکانی دەرەکی و ناوخۆی؟

ئاستەنگی نێوخۆیی، وەک باسم کرد هەر پرش و بڵاوەیی هێزەکانی کوردە. ئەو هەوڵەی کە ئێستا دەدرێ بە هۆی ناکۆکیی

پارتی دێمۆکراتی کوردستان و پارتی کرێکارانی کوردستانەوە سەر ناگرێ. چونکە ئەو دوو هێزە ئێستا لە بزووتنەوەی کوردستاندا جەمسەرن، باقی هێزەکانی ئەگەر کاریگەریشیان بێ، لە چوارچێوەی هاوهەڵوێستی یا دژبەری لە گەڵ یەکێک لەو هێزانەدایە.

دەسەڵاتدارانی جیران لە چەند هەڵوێستی هێزەکانی کوردستان کەڵک وەردەگرن و بە قووڵترکردنەوەی کێشە نێوخۆییەکان ڕێگا نادەن کە کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان شکڵ بگرێ.

### ٦- میکانیزمێکی یاسایی بۆ خەباتێکی ئاشتیخوازانە لەگەڵ داگیرکەران کوردستان؟

تەنیا شوێنێک کە بزووتنەوەی کورد توانیویەتی تێدا خەباتێکی هەر چەند سنوورداری مەدەنی و ئاشتیخوازنە ڕێک بخا باکووری کوردستان و تورکیایە. بەڵام نرخی ئەو خەباتە پتر لە دەهەزار قوربانی بوو کە بزووتنەوەی سیڤیلی کورد و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە ساڵەکانی ٩٠ ەوە تا ساڵی ٢٠٠٠ دایان. بۆیە باسی ساڵی ٢٠٠٠ دەکرێ چونکە لەو کاتەوە بەرهەمی خەباتی مەدەنی لە باکووری کوردستان وردە وردە وەدەرکەوت. ئەزموونی ڕێکخستنی بزووتنەوەی مەدەنی بۆ تێکۆشان لە پێناو مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە تورکیا ئەوە نیشان دەدا کە بە ڕێکخستن کردنی خەڵک و ڕیفۆرم لە چوارچێوەی سیستەمی دەسەڵاتداریدا دەکرێ بزووتنەوەیەکی یاسایی ئاشتیخواز شکڵ پێ بدرێ کە هەمان ئامانجەکانی بزووتنەوەی چەکداری لە کاناڵەکانی دیکەوە بەرەو پێش ببا. لە بواری ڕێگادان بە خەباتی مەدەنیەوە، سیستەمی پارلەمانی تورکیا بێ کاریگەری نەبووە. بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو دەرفەتە نەڕەخساوە و سیستەمی داخراوی زاڵ بە سەر ئێرانیش ئەو دەرفەتە نادا. وێڕای ئەوەش دەبێ هێزەکانی خاوەن کاریگەری لە بزووتنەوەی کوردستان، بوێریی ئەوەیان بێ کە ڕێگا بدەن هەر دەرفەت و دەرەتانی تەنانەت سنوورداریش بو وشیارکردنەوەی کۆمەڵگا و ڕێک خستنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بە کار بهێندرێ، بە بێ ئەوەی ترسی ئەوەیان بێ کە ئەو شێوە کارانە دەبنە هۆی هەرەس هێنانی بزووتنەوە یا شەرعییەت دان بە ڕێژیمێکی نامەشرووع.

### ٧- چەپی کورد و ئاکامی خەباتی بێوچانی چەپەکانە؟

چەپی کلاسیک لە کوردستان سەرکەوتوو نەبوو. بەڵام ئەگەر هەموو مێژووی بزووتنەوەی کوردستان لە ڕۆژهەڵات وەبەرچاو بگرین، ڕەهەندێکی چەپی تێدا بەدی دەکەین. لە داهاتوودا بزووتنەوەی چەپ ئەگەر لە سەر هێڵی سۆسیالیزمی کلاسیک بەردەوام بێ، کاریگەرییەکی سنوورداری لە سەر بزووتنەوە دەبێ. بەڵام ڕەهەندێکی یەکسانیخواز و دێمۆکراتیکی چەپ دەتوانێ داهاتوویەکی باشتر بۆ نەتەوەی کورد دەستەبەر بکا.

### ٨- سۆسیالیزم کێشەی نەتەوەیی چارەسەر دەکا؟

نا. سۆسیالیستەکان زۆریان شانازی بە سیاسەتی ستالین بۆ چارەسەری پرسی نەتەوەیی دەکرد، بەڵام دەرکەوت کە ئەوە نەزانییەکی کارەساتاوییە. ستالین جینایەتکارێکی بێ ڕوحم بوو کە زۆر کەمایەتی تواندەوە. نموونەی سەرکەوتووی دیکەی مودێلی سۆسیالیستیی چارەسەریی پرسی نەتەوەیی کە پێشتر باس دەکرا، بە وتەی سۆسیالیستەکان مودێلی یوگوسلاوی بوو. ئەنجامی ئەو مودێلەشمان بینی کە چ کارەساتێکی لێ کەوتەوە. دروشمە بریقەدارەکانی سۆسیالیستەکان سەبارەت بە چارەسەریی پرسی نەتەوەیی لە هیچ وەڵاتێک دا ئەنجامیان نەبووە، نموونەی چک و سلوڤاکی نەبێ کە ئەویش پێوەندیی بە پلانی سۆسیالیستەکانەوە نەبوو.

### ٩- ڕێکخراوی ئینتەرناسیۆنالی سۆسیالیست و پرسی کورد؟

ئەگەر کورد بۆ خۆی هێز نەبێ و یەکگرتوویی دروست نەکا، هیچ هێزێکی ناونەتەوەیی هیچ کارێک بۆ کورد ناکا. ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست و ڕێکخراوە هاوشێوەکان تەنیا دەتوانن ببنە کانالی پێوەندی گرتن نەک کانالی چارەسەری یا کۆکردنەوەی پشتیوانی بۆ کورد.

### ١٠- ڕۆڵی توێژی ڕووناکبیری کورد لە هەلومەرجی ئێستای کوردستان؟

بۆ ئەوەی ڕووناکبیر دەور بگێڕێ، دەبێ کۆمەڵگا زەرفییەتی وەرگرتنی پەیامی ڕووناکبیری هەبێ. لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بە کۆمەڵگای کوردیشەوە جارێ هەست و هێز و هاندان دەور دەگێڕن تا عەقڵی سەلیم و کاری ڕووناکبیری.

### ١١- پرسی نەتەوەیی و ئەرکی لاوانی کورد؟

ئەگەر نەڵێین تەنیا، لانی کەم زۆربەی هەرە زۆری قوربانیانی بزووتنەوەی کورد لاون. کە وا بوو لاوان مۆتۆڕی جووڵێنەری بزووتنەوی نەتەوەیین. هیوادارم لاوانی ئێستا لە ڕابردوو دەرس وەربگرن و ڕێبەرایەتیەکی ڕوو بە داهاتوو پێ بگەیەنن. بە داخم کە بڵێم زێهنیەتی زاڵ بە سەر بزووتنەوەی کوردی دا زۆر لایەنی وێکچووی لە گەڵ دیوانی پیرانی یوونانی کۆن هەیە کە متمانەی بە شیانی بڕیاردان و بەڕێوەبەریی لاوان نەبوو. لە گەڵ ڕێزم بۆ ڕێبەرانی ئێستای بزووتنەوەی کورد،

بەڵام بە ڕاستی لاوێکی ٢٥~٣٠ ساڵەش هەر وەک ئەوان دەتوانێ بەرپرسانە بجووڵێتەوە و ڕێبەرایەتی بزووتنەوە بکا. کە وابوو، ڕێگا بدەن لاوەکان ڕێبەرایەتی بەدەستەوە بگرن.

## ١٢- ڕۆڵی کرێکاران و زەحمەتکێشان و جوتیارانی کوردستان؟

پێم وایە هەموو کۆمەڵگای کورد لەو توێژانە پێک دێ و هەر ئەوانن کە ئەرکی بزووتنەوەیان لە سەر شانە.

## ١٣- ئەرکی ژنانی کوردستان؟

ڕێگام بدە ئەو پرسیارە ڕاست کەمەوە و بیکەمە پرسیارێکی زیاتر گونجاو: ئەرکی پیاوان بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو هەڵاواردنەی کە دەرهەق بە ژنان دەکرێ چیە؟ ئەوەی ڕوون و بەرچاوە ئەوەیە کە لە بزووتنەوەی کوردستان دا لارییەک سەبارەت بە بەشداریی ژنان لە بەڕێوەبەری و داڕشتنی سیاسەت دا هەیە. دروشمی یەکسانیخوازی و مافی بەرامبەر کە بە دەیان ساڵە لە لایەن هێزەکانەوە بەرز دەکرێتەوە، تەنیا توانیویەتی پێگەی ژن لە مرۆڤی ڕیزی دووهەمەوە بگەیەنێتە ڕیزی پاشکۆی پیاو. ئەوە لاوازییەکی جیددییە کە دەبێ قەرەبوو بکرێتەوە. پیاوە دەسەڵاتدارەکان هیچ زەرەرێک ناکەن کە دەرگا بۆ بەشداریی ژنان، وەک مرۆڤی ئازاد و خاوەن ئیرادەی سەربەخۆ لە سیاسەتدا بکەنەوە. هەر ئەزموونی خودی کورد لە ڕۆژئاوا و باکووری کوردستان ئەوەمان پێ دەسەلمێنێ کە ژنی کورد توانایی سەرکردایەتی و گۆڕینی هەیە و نابێ بە کەم بگیرێ. بۆیە دەبێ دان بەو ڕاستیەدا بنێین کە بەشداریی سەمبولیکی ژنان و تەنیا دروشم دان بۆ یەکسانی ناتوانێ بەشداری و دەورگێڕانی ژنان لە بزووتنەوەدا مسۆگەر بکا. حیزبەکان دەتوانن ئەو فەرهەنگە زاڵە بگۆڕن کە هەر کات ژنێک ڕووی لە پێشمەرگایەتی کرد، دە پیاو بۆی لە کەمین دا بن و پێشبڕکێی ئەوەیان بێ کە کێ زووتر دەستی بە سەردا بگرێ و بۆ نێو چوارچێوەی ماڵ ڕایبگوێزێ.

هیچمان نەگوتووە کاتێک دەگوترێ "ژن نیوەی کۆمەڵە". ئەو دروشمە هەر ئەوەندە بایەخی هەیە کە بڵێی "مرۆڤ دوو لاقی هەیە". پێداچوونەوە بەو لایەنانەی فەرهەنگی کوردەواریدا کە ڕێگرە لە سەر بەشداریی چالاکانەی ژن وەک تاکی سەربەخۆلە شۆڕش دا، ئەرکی هەموو مرۆڤێکە. نموونەی تێڕوانینێک لە شۆڕش دا کە ژن بە پاشکۆی پیاو لە قەڵەم دەدا ئەوەیە کە کاتێک باسی دەوری ژن دەکرێ، دەستبە جێ ڕۆڵی ژن وەک دایکی پێشمەرگە، وەک پەروەردەکاری پێشمەرگە، وەک هاوسەر، خووشک و هتد بە دوای دا ڕیز دەکرێتەوە. من ئەوە بە نموونەی بە یەدەک لە قەڵەمدانی ژن سەیر دەکەم. ژن بۆ خۆی پێشمەرگەیە، شەڕڤانە، گریلایە، تێکۆشەر و خۆڕاگری نێو گرتووخانەیە و سەمبولی بەرخوەدانە و هەر دەبێ بەو چاوەش سەیری ڕۆڵی ژن لە شۆڕشی کوردستاندا بکرێ.

کاتێکی زۆری ویست تا دەرکی ئەوەم کرد کە واز لە ڕوانگەی پیاوسالارانە لە بەرامبەر ژن و مافی ژن دا بێنم. ناڵێم لەو شەڕەی دژ بە زێهنیەتی خۆم دا سەرکەوتوو بووم، بەڵام بە دڵنیاییەوە کەوتوومەتە سەر ڕێگای گۆڕان و ئێستا هەست دەکەم دەبێ زیاتر کار بکەم تا بتوانم ببم بە مرۆڤێکی یەکسانیخواز و هەر ئەو مافەی کە بۆ کوڕەکەم بە ڕەوا دەزانم بۆ کچەکەشم بە ڕەوا بزانم. لەو ڕوانگەیەوە هەوڵ دەدەم تا بۆم بکرێ باسی ئەرکی ژنان نەکەم و زیاتر تیشک بخەمە سەر مافی ژنان.

## ١٤- بۆچی جودایی دین لە دەوڵەت باشە؟

دین کە بوو بە ئامرازی دەسەڵاتداری و سیاسەت کردن، لە پێوەندی مەعنەویی نێوان مرۆڤ و بڕوای مرۆڤ تێپەڕ دەبێ و دەبێتە کاناڵێک بۆ گەیشتن بە دەستەڵاتی مادی. واتا تێکەڵاوکردنی دین و سیاسەت، دین لە ناوەڕۆکی مەعنەویی واڵا دەکا و دەکاتە ئامرازی پێشبڕکێی نێوان مرۆڤەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجێک کە دیارە، بەرچاوە، دەکرێ هەڵسەنگێندرێ، دەستی لێ بدرێ، بگۆڕدرێ، ڕەخنەی لێ بگیرێ، دژبەری بکرێ، فڕێ بدرێ و هتد. خوو ئەگەر دین ئەوەندە نەرمی لە خۆی نیشان دابا کە هەموو ئەو کارەی بە سیاسەت و لە گەڵ سیاسەت دەکرێ لە گەڵی بکرێ، هیچ قەیدی نەدەکرد کە دینیش لە گەڵ دەوڵەتداری و سیاسەت تێکەڵ کرابا، بەڵام وا نیە. دین لە سەر بنەمای هێندێک دوگما دەژی کە نەگۆڕن، لە بەر چاو نین، هەڵناسەنگێندرێن و تەنیا لە ڕێگای "بڕوایەوە" دەپارێزرێن. کە وابوو دین و دەوڵەتداری یا سیاسەت دوو دیاردەی بە جەوهەر لە یەکتر جودان. ئەزموونی دەسەڵاتی دینیشمان هەم لە کۆماری ئیسلامیی ئێران، هەم لە تاڵیبان و هەمیش لە دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام (داعش) بینیوە. لە مێژووش دا شێوەی دەسەڵاتداریی بەڕێوەبەرانی سیاسیمان لە سەر بنەمای دین، جا هەر دینێک بێ خوێندۆتەوە کە هیچیان لە دەسەڵاتی داعش و کۆماری ئیسلامی باشتر نەبوون.

## ١٥- ئایین تا چەندە دەوری هەبووە لە شوناسی نەتەوەیی دا؟

پرۆتستانیزم لە کاتی ڕاپەڕین لە دژی دەسەڵاتی کلیسای کاتۆلیکدا دەرفەتی گەشەکردنی بۆ دوو دیاردەی "شوناسی نەتەوەیی" و "گەشەی سەرمایەداری" ڕەخساند. ڕێگاخۆشکەری شکڵ گرتنی شوناسی نەتەوەیی، ڕێگەپێدانی کلیسای پرۆتستان بە دوعا و نوێژ بە زمانە هەرێمیەکان بوو. کاتێک تێکستە ئاینیەکان لە لاتینەوە وەرگێردرانە سەر زمانە هەرێمیەکان و دەرفەتی گەشەکردنی زمانی بەڕێوەبەری و بازرگانیشی بۆ پێکهاتە خۆجێییەکان ڕەخساند، شوناسی نوێ شکڵیان گرت. دواتر سیستەمی پەروەردە بە زمانە ناوچەییەکان ئەو شوناسەی گەیاندە قۆناغی بە سیاسی بوون و دامەزراندنی شوناسی سەربەخۆ.



سەرچاوە Serchawe

لە جیهانی ئیسلامدا، پاکستان نموونەی وەڵاتێکە کە دینی کردە هۆکارێک بۆ شکڵ پێدانی شوناسی نەتەوەیی خۆی. شوناسی نەتەوەیی ئێران و ئیسرائیلیش شوناسی دینین. بەڵام ئەو شوناسە بۆ کوردستان بە بەرهەم نەبووە و ناتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ شکڵ پێدانی شوناسی نەتەوەیی.

### ١٦- چۆنیەتیی دروستبوونی داعش؟

تێکهەڵکێشێک لە سیاسەتی هەڵەی پۆل بریمەر، داخرانی دەرگای دێمۆکراسی، نەبوونی دامودەزگای کۆمەڵگای مەدەنی، زاڵ بوونی دەسەلاتی بنئاژۆیانەی ئێران بە سەر عێراقدا و سیاسەتی هەڵاواردنی سوننەکان لە لایەن دەسەڵاتدارانی شیعەی سەر بە ئێرانەوە، کاردانەوەی پاشقەڕۆیانەی کۆمەڵگای سوننەی لێ کەوتەوە. داعش دروست نەکرا، داعش لە کۆمەڵگایەکدا لە دایک بوو کە هەستی بە دۆڕان، تێکشکان، بێ دەرەتانی و بێ داهاتوویی دەکرد. داعش کاردانەوەی هەڵەی کۆمەڵگای سوننەی عەرەب لە بەرامبەر توندڕەویی دەسەڵاتدارانی شیعەدابوو. ئەوانەی لە قەفقاز، تورکیە و ئەورووپاشەوە تێکەڵ بە "ڕەوەی" داعش بوون، ئەو کەسانەبوون کە لە پەراوێزی کۆمەڵگا سەرکەوتووەکاندا هەستیان بە دۆڕان و بێ هیوایی دەکرد. ئێستا ئەگەر داعش تێکیش بشکێ، مادام توندڕەوی باڵی بە سەر ناوچەدا کێشاوە و واز لە هەڵاواردن ناهێنێ، دوور نیە کە ئاڵتەرناتیڤی داعشیش هەر کۆمەڵێکی توندڕەوی دیکە بێ.

### ١٧- مرۆڤەکان مێژوو دروست دەکەن، یان ڕێکخراو و حیزبەکان؟

پرسیارێکە کە وەڵامی نیە، بەڵام دەکرێ ڕوانگەی جیاوازی لە سەر هەبێ. من لە سەر ئەو بڕوایەم کە ڕەوتی مێژوو دەرفەت دەڕەخسێنێ و مرۆڤێکی ژیر و بلیمەت سواری شەپۆلی ئەو دەرفەتە دەبێ و بڕگەیەکی نوێی مێژوویی دەخوڵقێنێ.

### ١٨- شانازی بە چییەوە دەکەی؟

بە ئیرادەی ئەوەی کە ڕاشکاوانە لە بەرامبەر شتێک دا کە پێم هەڵەیە ڕاوەستم. ئەو ئیرادەیە بوو کە کردمی بە پێشمەرگە و شانازیی پێوە دەکەم. هەر وەها شانازی دەکەم کە وێڕای پێبەندبوونم بە کۆمەڵێک نرخ و پیوانی بەرز، هەمیشە لە گەڕان و گۆڕان دام.

### ١٩- بەنیازی نووسینەوەی بیرەوەرییەکانت نیت؟

کاری بەڕێوەبەری دەرفەتێکی زۆر کەمم بۆ دەهێڵێ کە بنووسم. جارێ بەرنامەی نووسینی بیرەوەریم نیە، بەڵام هێندێک

لێکۆڵینەوەی زانستیم بە زمانی نۆڕویژی هەن کە ئەگەر دەرفەتم بۆ هەڵکەوێ بە کوردی بڵاویان دەکەمەوە. هاونووسەر بووم بۆ کتێبی بنەماکانی مافی مرۆڤ کە وەرگێردراوەتەوە سەر زمانی کوردی و لە کوردستان بڵاو کراوەتەوە. ٣ جووت کتێبیشم بۆ پەروەردەی کوردی بە زاراوەی کرمانجی بۆ خوێندکارانی پۆلی ١ تا ٧ی سەرەتایی لە خوێندنگاکانی نۆڕویژ بە هاوکاریی بەڕێوەبەریی پەروەردە لە نۆڕویژ چاپ کردوە کە ئێستا لە کتێب فرۆشیەکانی نۆڕویژ وەدەست دەکەون. کە دەڵێم ٣ جووت، مەبەستم ئەوەیە کە ٣ کتێبی خوێندنن و بۆ هەر کتێبەی پەرتووکێکی کار و تاقیکردنەوەش ئامادە کراوە.

ژیانی پێشمەرگایەتیم، کارکردنم لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران و هێندێک ڕووداوی سەردەمی دابەشبوونی نێو ڕیزەکانی حیزبی دێمۆکرات و دروستبوونی حدکا - ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ ڕەنگە زۆر بێ جێ نەبێ کە تۆمار بکرێن، بەڵام ئەو کات من نە دەورێکم لە داڕشتنی سیاسەت دابوو و نە شاهیدی زۆر کار و چالاکیی پێشمەرگایەتی لە ناوچەدا بووم. کادرێکی حیزبی دێمۆکرات بووم وەک زۆر کادری دیکە. بەڵام دوای هاتنم بۆ ئەورووپا، چوونی زانکۆ و گەڕانەوەی دوبارەم بۆ چالاکی سیاسی، هێندێک ڕووداو هەن کە ڕەنگە بۆ ئەوە ببن باسیان بکرێ. وەک بەشدارێکی چالاک لە ڕەوتی دروستبوونی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان (KNK) لە دەرەوەی وڵات ئاگام لە زۆر ڕووداوی ئاشکرا و نائاشکرا هەیە. پاشان چۆنیەتی بەشداری کردنم لە کۆنگرەی دامەزراندنی کۆنگرەی گەل و دواتر قبووڵکردنی ئەرکی جێگیری سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە، بەردەوام بوونم وەک ئەندامی ڕێبەرایەتی کۆنگرەی گەل، هۆکاری وازهێنانم و دووبارە کارکردنەوەم لە گەل حیزبی دێمۆکرات و هتد بۆ باس کردن دەبن، بەڵام جارێ هیچ شتێک نانووسم.

### ٢٠- لەو ماوە درێژەی خەبات دا چ دەسکەوتێکی مێژووییتان وەدەست هێناوە؟

ئێمەی کورد لەو ڕەوشەی کە تێداین ناتوانین باسی دەستکەوت بکەین.

### ٢١- لەباری کۆمەڵایەتی و سیاسیی ژیانت دا، لەچ شتێک پەشیمانی؟

هەڵەم زۆر بووە. لە ڕاستیدا لە هەڵبژاردنە سیاسیەکانم پەشیمان نیم، چونکە هەر هەڵبژاردنێک بە پێی کات و ڕەوشی خۆی و لە گۆر تێگەیشتنی مرۆڤ لە وەزع دەکرێ. ئەگەر دەرفەتم ببوایە و لە دەستم هاتبا، هەموو هەوڵی خۆم دەدا تا جیابوونەوەی حیزبی دێمۆکرات کە دروستبوونی حدکا - ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕی لێ کەوتەوە سەر نەگرێ. جیا بوونەوەی نێو حیزب زەرەرێکی زۆریان لە بزووتنەوەی کوردستان داوە. هیچ کاتێکیش ئازاری گیان لە بەرێکم نەداوە کە ئێستا لە بەرامبەری دا هەست بە شەرمەزاری بکەم. بەڵام لە سەردەمی لاوی دا منیش وەک زۆر کەسی دیکە توندڕەویم دەکرد و زمانی گرژم بە کار دەهێنا، لەوە پەشیمانم و لانی کەم لەو کاتەوە کە هاتووم بۆ ئەورووپا (١٩٩٢) هەوڵم داوە کە یارمەتیدەر

بم تا زمانی گرژ لە سیاسەتی کوردیدا نەمێنێ و ڕێز گرتن لە کەرامەتی مرۆڤ وەک نرخێکی مرۆڤایەتی جێ بگرێ.

**٢٢- سەمبۆل هێماکانی گەلی کوردستان لە دیدی جەنابتان کامانانە؟**

سەمبول و هێماکان دەگۆڕدرێن. ئالای نیشتیمانی، سروودی نیشتیمانی، پرۆژەی هاوبەشی نەتەوەیی، شەهیدان و ناسنامەی نەتەوەیی هەموویان هێمان و ڕێزیان لێ دەگرم. جێگای داخە کە ئەو هێما و سەمبولانەش، بێجگە لە سروودی نەتەوەیی ئێستا دابەش کراون.

**٢٣- لێداوانت لەسەر ئەم کەسایەتانە چییە: قازی محمەد، شێخ سەعید پیران، سمکۆ شکاک، شێخ مەحموود، مستەفا بارزانی، د.قاسملوو، پیرە مێرد، عەبدوڵڵا گۆران، مامۆستا هێمن، عەبدوڵڵا پەشێو، شێرکۆ بێکەس و سوارە ئیلخانیزادە؟**

قازی محەممەد؛ سیمایەکی ئارام، دڵنەرم، خۆش باوەر، مرۆڤدۆست و بە ئیڕادە کە بە شەهیدبوونی بوو بە سەمبولی لە خۆبوردوویی.
شێخ سەعید پیران؛ کەسایەتیەک کە شێخایەتی و عیبادەتی خستە خزمەت نیشتیمانەکەی و پێگەی کۆمەڵایەتیی خۆی بۆ وەرێخستنی بزووتنەوەی نەتەوەیی بە کار هێنا.
سمکۆ شکاک؛ ڕێبەری بەرینترین ڕاپەرینی مێژوویی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە غەدری لێکراوە و بێکەسە.
شێخ مەحموود؛ سەرکردەی مەیدانی.
مستەفا بارزانی؛ سەمبولی خۆڕاگریی کورد لە بڕگەیەکی دژواری مێژوویدا.
د.قاسملوو؛ ڕووناکبیری سیاسی کە بوو بە ڕێکخەری بە حیزب کردنی حیزبی دێمۆکرات و باسی دێمۆکراسی کردە چەمکی زاڵ.
پیرەمێرد؛ ڕووناکبیری خاوەن شوێنەوار لە بیری نەتەوەیی و پیشەی ڕۆژنامەوانی لە کوردستان.
گۆران؛ ڕچەشکێنی نوێکاری لە هەڵبەستی کوردی. گۆڕانخوازێکی بە کردەوە.
مامۆستا هێمن؛ جوانی پەرستی دڵشکاو کە بوو بە هەنبانەی خەم و تەم و هەست و ئێش و ئازار.
عەبدوڵلا پەشێو؛ شاعیری ڕووناکبیر کە نرخی وشەی "هەڵوێست"ی بەرز کردەوە.
شێرکۆ بێکەس؛ بلیمەت لە لێکهاڵاندنی سروشت، فەلسەفە و وێژەدا. کەسێک کە توانی هەڵبەست بکا بە ڕووحی سەرکێشی سروشت.
سوارە ئیلخانیزادە؛ شۆڕەسواری ئەویندارای بەرزی و بەرزایی هزر و ئیڕادە.



سەرچاوە
Serchawe

### ٢٤- پێشبینی و هەڵسەنگاندن بۆ داهاتووی کوردستان؟

ئەگەر یەکگرتوو بین، پێشەنگی ئاواکردنی داهاتوویەکی گەش بۆ کورد و گەلانی ناوچە، ئەگەر لە سەر پرش و بڵاوەیی ئێستا بەردەوام بین ...

### ٢٥- وەک کەسایەتی بەئەزموون چ لێدوان و پەیامێکت بۆ کچان و کوڕانی لاوی کورد هەیە؟

ئازادی، دیمۆکراسی و ڕێز گرتن لە مافی مرۆڤ چ بۆ تاک و چ بۆ کۆی ئەندامانی کۆمەڵگایەک نرخی بەرزی مرۆڤایەتین. مرۆڤ لە هەر ڕەنگ و مەزهەب و ڕەگەزێک بێ شیاوی ڕێز لێ گرتنە و دەبێ کەرامەتی پارێزراو بێ. هەر بەو پێیەش دەبێ مرۆڤ ڕێز لە خۆی، کەرامەت و ناسنامەی خۆی بگرێ و ڕێگا نەدا ئەو نرخانە پێشێل بکرێن. کورد نە لە هیچ نەتەوەیەک بەرزترە نە کەمتر، بۆیە دەبێ هەر لاوێکی کورد لە هەر جێگا و بەرگێکدا دەبێ ناسنامەی نەتەوەیی خۆی بپارێزێ و ببێ بە سەفیرێکی ئەمەگداری دۆزی نەتەوەیی خۆی.

٢٤ی سێپتەمبەری ٢٠١٧

---



سەرچاوە Serchawe

## وتووێژەی کوردستان

**وتووێژ: سەلیم زەنجیری**

**عەبدولاَ حیجاب: هەنگاو و سیاسەتەکانی ڕووحانی هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ کردەوەکانی باقی کاربەدەستە هەرە توندڕەوەکانی ڕێژیم نەبووە**

**پشتیوانی لە ڕاپەرینی گەلانی ئێران لە دژی ڕێژیمی ئیسلامی ئەو وڵاتە و هەروەها مەسەلەی "بەرجام" دوو تەوەری سەرەکیی یەکەم وتاری ساڵانەی سەرکۆماری ئامریکا بوون, کە بەرچاوترین جیاوازی لە سیاسەتی دەرەکیی ئەو وڵاتە بە نیسبەت ئیدارەی پێشووتری ئامریکا بەهەژمار دێن؛ بۆ شرۆڤەی زیاتری ئەو وتار و سیاسەتە کە هاوکاتە لەگەڵ بەردەوامیی ناڕەزایەتییەکان لە نێوخۆی ئێراندا، سەرنجتان بۆ ئەم وتووێژەی کوردستان لەگەڵ بەڕێز عەبدولاَ حیجاب، چالاکی سیاسی ڕادەکێشین.**

**سەلیم زەنجیری: ترامپ لە یەکەم وتاری ساڵانەیدا باسی لە ڕاپەرینی خەڵکی ئێران لە دژی ڕێژیمی ئیسلامی کرد کە بێدەنگ نەبووە و لەمەوبەدواش لە خەبات بۆ ئازادیدا پشتیوانی خەڵکی ئێران دەبێت، ئایا تەنیا پشتیوانی مەعنەوی دەتوانێ لە سەرکەوتنی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران بە سەر ڕێژیم کاریگەریی هەبێ؟**

**عەبدولاَ حیجاب**: بەشێک لە وتاری بەڕێز ترامپ بە بازارکردنی ئەو سیاسەتەیە کە لە ڕوانگەی ئەوەوە، دەربڕی گۆڕانکاریی بنچینەیی لە سیاسەتی وڵات بە قازانجی بەرژەوەندییەکانی ئامریکایە. ترامپ نوێنەرایەتی توێژێک لە سەرمایەداران و سیاسەتڤانانی ئامریکا دەکا، کە هەموو جیهان تەنیا لە گۆشەنیگای بەرژەوەندییە هەنوکەییەکانیانەوە دەبینن، بۆیە ئاساییە کە ئەو، سیاسەتێکی پراگماتیستی ئاوا ڕەچاو بکا کە گرینگییەکی زیاتر بە ئامانجە کورتخایەنەکان و سیاسەتی ڕۆژانە بدا. لە کاتی هاتنە سەرکارییەوە، بەڕێز ترامپ وێڕای بەکارهێنانی زمانێکی هاوکێش لەگەڵ ئەو زمانەی کە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی نزیکەی چوار دەیەیە، لە بەرامبەر ئامریکادا بە کاری دێنن، هێندێک هەنگاوی بەکردەوەشی هەڵگرتووە کە دەریدەخەن ئەو، پێی خۆش نییە لە بەرامبەر زێدەڕۆییەکانی ئێراندا بێدەنگ بێ.

داسەپاندنی خولێکی دیکەی تەحریم و هەڕەشەکردن لە ڕێژیم بۆ پێداچوونەوە بە ڕێککەوتننامەی بەرجام و هەروەها دەربڕینی پشتیوانی زارەکی لە ڕاپەڕینی چەکەرەگرتووی خەڵکی ئێران لە دژی ڕێژیم، نیشانەی ڕێبازێکی جیاوازتر لە



سەرچاوە Serchawe

سیاسەتی ئامریکا لە بەرامبەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە؛ بەڵام گومانم هەیە کە ئەو هەنگاوانە بە تەنیا بتوانن پارسەنگی هێز، لە دژی ڕێژیم و بە قازانجی گەلانی ئێران بگۆڕن. ئەوەش بۆ خۆی پرسیارێکە کە داخوا هیوا و داخوازیی گەلانی ئێران بۆ پشتیوانی دەرەکی، بە تایبەت پشتیوانیی ئامریکا لە خەباتی سەخت و دژواریان بە دژی کۆماری ئیسلامی تا چ ئاستێک و لە کوێیە.

بە بڕوای من ئامریکا تا ئێستاش بایەخی نەداوە بە ڕەوشی گشتی ئێران و کێشە و گرفتەکانی گەلانی وڵات؛ تێڕوانینێکی بەرژەوەندیخوازانە کە بیهەوێ گرفتەکانی وڵاتێک تەنیا وەک ئامرازێک بۆجێبەجێ کردنی سیاسەتەکانی خۆی و پاراستنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی خۆی بەکار بێنێ، تا ئەو جێگایەی کە لە دژایەتی کردنی ڕێژیمدا لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی گەلانی وڵات هاوتەریب بێ، دەتوانێ حەز و پشتیوانیی بەشێکی کۆمەڵگا وەدەست بێنێ، بەڵام ئەو حەز و پشتیوانییە تا سەر نابێ. گەلانی ئێران چاوەڕوانی سیاسەتێکی ڕاشکاوانەی دامەزراو، لە سەر هێندێک پرەنسیپی پشتبەستوو بە پێوانەکانی مافی مرۆڤ، دێمۆکراسی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتین. هەر سیاسەتێک کە ئەو پرەنسیپانە ڕەچاو نەکا، ناتوانێ سەرنجی گەلانی ئێران بۆ لای خۆی ڕابکێشێ یاخود گەلانی وڵات ڕازی بکا.

**سەلیم زەنجیری**: کەواتە ئامریکا لە پراکتیکدا دەتوانێ چ جۆرە هاوکاری یان پشتیوانییەک بکات؟

**عەبدوڵا حیجاب**: ئامریکا دەسەڵاتێکی بێ سنووری بە سەر تێکنۆلۆژی ڕاگەیاندن، میدیاکان، کاناڵە نێونەتەوەییەکان، ئیمکانات و بازارە جیهانییەکاندا هەیە. لە هەمان کاتیشدا ئامریکا لە زۆر لەو کێشە سیاسی و سەربازییانەدا کە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەقەومن، بە کردەوە لە دەڵ ئێران ڕووبەڕووە. لە هەمووی ئەو بوارانەدا، ئەگەر ئامریکا مەیلی بێ، دەتوانێ مەیدانی خۆنواندن بۆ کۆماری ئیسلامی سنووردار بکا و هەر بەو ڕێژەیەش، دەرفەت بۆ ئۆپۆزیسیۆن و نوێنەرانی گەلانی وڵات بڕەخسێنێ تا دەنگی خەڵکی خۆیان بەرز بکەنەوە.

**سەلیم زەنجیری**: سەرکۆماری ئامریکا هاوکات لە وتاری ساڵانەیدا داوای لە کونگرێس کرد کە چارەسەری کەموکوڕییەکانی ڕێککەوتننامەی بەرجام بکات، پێتان وانییە کە دەرکەوتن لە بەرجام دەتوانێ بە سودی خەڵکی ئێران بێت، چونکە ئەو ڕێککەوتنە، دەستی ڕێژیمی لە ئاژاوەنانەوە، دەستێوەردان، شەڕ و هاوکاریکردنی تێرۆریستاندا ئاوەڵاتر کردووە؟

**عەبدوڵا حیجاب**: پرۆژەی ئەتۆمی ئێران، کێشەی گەلانی وڵات نییە. ئێران ئەو بەرنامەیەی هەبێ یان نەیبێ، تێیدا سەرکەوتوو بێ یان ئەوەی بەرنامەکانی شکست بهێنن، هیچ کێشەیەک بۆ گەلانی وڵات چارەسەر ناکا. هەم ئامریکا و هەم

هاوپەیمانەکانی لەو ڕاستییە ئاگادارن کە پڕۆژەی ئەتۆمی ئێران ناتوانێ بۆ بەرژەوەندییەکانی ئامریکا و هاوپەیمانەکانی مەترسیدار بێ. ئێرانیش لەو ڕاستییە ئاگادارە کە بە پڕۆژەی ئەتۆمی ناتوانێ ئاسایشی خۆی بپارێزێ یاخود لەگەڵ تێکنۆلۆژیی ڕۆژئاوا، بە تایبەت ئامریکا و هاوپەیمانەکانی ڕکابەرایەتی بکا، کەوابوو، مەسەلەی بەرجام لە ڕۆژەڤی خەڵکی ئێراندا نییە، بەڵام بۆ ڕێژیم گرینگ بوو، چونکە لەو ڕێگایەوە پارەیەکی زۆری دەست کەوت و بەو پارەیە توانی دەرچووی بەشێک لە پڕۆژە تێرۆریستییەکانی لە ناوچەدا دابین بکا.

بەردەوام بوون یان هەڵوەشاندنەوەی بەرجام کێشەیەک چارەسەر ناکا، بەڵام لە دەوروبەری بەرجام کۆمەڵێک مەسەلەی سیاسی دیکە هەن کە دەتوانن مەیدانی کردەوە بۆ کۆماری ئیسلامی بەرفراوانتر یا سنووردارتر بکەن. ئەوەی بۆ گەلانی ئێران گرینگە، ئاڵقە و بڕگەکانی سیاسیی دیکەی پێوەندیدار بە سیاسەتی "بەرجام"ەوەن کە دەتوانێ زۆر شت بگۆڕێ.

**سەلیم زەنجیری**: چەند ڕۆژ لەمەوبەر رووحانی لە سەر گۆڕی خومەینی ڕایگەیاند کە دەنگی ڕاپەڕینی خەڵکی ئێرانی بیستووە، ئەمە دەتوانێ هەڵگری چ پەیام وگۆڕانکارییەک بێت؟

**عەبدوڵا حیجاب**: ئەو قسەیە زۆرتر وەکوو دوایین وتەکانی شا بەر لە جێهێشتنی ئێران دەچوو، کە وتی"دەنگی شۆڕشی خەڵکی ئێرانی بیستووە"، بەڵام ئەو وتەیە، بە فریای نەکەوت و نەیتوانی چارەنووسی بگۆڕێ. رووحانی لە کاتی هەڵبژاردنییەوە هەوڵی داوە کە خۆی وەک کەسێکی سەردەمیانە، خەڵکی، کراوە و بەمشوور بۆ کێشەکانی خەڵک نیشان بدا. بۆیە زمانێک بە کار دێنێ کە هێندێک جیاوازترە لەو زمانەی کە نزیکەی ٤٠ ساڵە لە زمانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی دەیبیستین، بەڵام بە کردەوە هەنگاو و سیاسەتەکانی ڕووحانی هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ کردەوەکانی باقی کاربەدەستە هەرە توندڕەوەکانی ڕێژیم نەبووە.

مەبەستی ڕووحانی لە باس کردن لە دەنگی شۆڕشی خەڵکی ئێران ئەوەیە، کە بە خەڵک بڵێ، واز لە دژایەتی کردن لەگەڵ ڕێژیم بێنن، داوای مافەکانیان نەکەن و ڕێگا بدەن ئەو و هاوبیرەکانی لە سەر سیاسەتە هەڵخەڵەتێنەر و دووڕوویانەیان بەردەوام بن.

**سەلیم زەنجیری**: پێت وایە کە نارەزایەتیی نێوخۆیی و گوشاری دەرەکی، بتوانێ گۆڕانکاری بەسەر ڕەفتاری ڕێژیمدا بێنێ؟

**عەبدوڵا حیجاب**: سۆسیال دێمۆکراتەکانی ئەورووپا و بەڕێوەبەرایەتی ئۆباما، زۆریان هەوڵ دا کە جیاوازییەک لە نێوان جەوهەری ڕێژیم و کردەوە یا ڕەفتارەکانیدا دابنێن و وا بنوێنن کە گۆڕانکاری بە سەر هەندێک ڕەفتاری ڕێژیمدا دەتوانێ

ڕێگە بۆ پێوەندیی ئاسایی و لەو ڕێگەیەشەوە پێوەندیی گەرمی بازرگانی لەگەڵیدا خۆش بکاتەوە؛ بەڵام دیتمان کە سەرکەوتووی ئەو ڕوانگە ڕواڵەتی و پڕهەڵەیە ڕێژیم و سیاسەتە تێرۆریستییەکانی لە ناوچەدا بوو. ئەوە ڕوانگەیەکی هەڵەیە کە ساڵانێکە ئەورووپا لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا ڕەچاوی دەکا.

گۆڕانی هەڵسوکەوتی ڕێژیم، پێوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ سنووری کار و چالاکییەکانی لە ئاستی جیهانیدا هەیە؛ ئەگەر سنوورێک بۆ زێدەڕەوییەکانی ڕێژیم لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دابندرێ، ئەوکات دەکرێ باسی گۆڕانکارییەک بکرێ کە سەرئەنجام هەمووی ڕێژیم دەگۆڕێ. بۆ ڕێژیمێکی توتالیتێری وەک کۆماری ئیسلامی، گۆڕانی ڕەفتار هاوتەریب دەبێ لەگەڵ لە بەر یەکتر هەڵوەشانەوەی هەموو بناغەکانی سیستەم.

**سەلیم زەنجیری**: ئەو سیاسەتەی ترامپ چەندە دەتوانێ لە خزمەت کورد و گەلانی ناوچەدا بێ؟ کوردانی ڕۆژهەڵات لەو قۆناغەدا پێویستە چی بکەن؟

**عەبدوڵا حیجاب**: با ئەوەمان لە بیر بێ کە سیاسەتی هیچ هێزێکی دەرەکیی تاسەر بە قازانجی هیچ لایەنێک نابێ تا بە قازانجی کورد بێ. ئێستا هێندێک بەرنامە و پلانی ئامریکا و ترامپ لەگەڵ بەشێک لە داخوازییەکانی گەلی کورد یەکتر دەگرنەوە، بەڵام ڕووداوەکانی باشوور بە ڕوونی دەریخست، کە تێکۆشین بە هیوای جیران ویشکە؛ کەوابوو ئەگەر کوردی ڕۆژهەڵات تەنیا بە هیوای ئەوە بێ کە سیاسەتی هێزە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکان گۆڕانکارییەکی ئاوایان بە سەردا بێ کە دەرفەت بۆ کورد بڕەخسێنێ و بە مافەکانی خۆی بگا، پێم وایە دەبێ زۆر چاوەڕوان بێ، و زەحمەتە کە توێژی ئێستای سیاسەتڤانەکانی کورد ئەو ڕۆژە بە چاوی خۆیان ببینن.

ڕووداوەکانی باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان زەنگێکی وشیارکەرەوەیە، کە دەبێ هێزە کوردییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەخەبەر بێنێ تا لە ئێستاوە بۆ بەربەرەکانی کردن لەگەڵ مەترسییەکی جیددی لە داهاتوودا ئامادە بن. دەستێوەردانی تورکیە سنووردار نابێ بە ڕۆژئاوای کوردستانەوە.

ئەوەش خۆهەڵخەڵەتاندنێکی ساویلکانەیە کە هێندێک کەس پێیان وابێ سیاسەتی تورکیە بەرامبەر بە ڕۆژئاوا، کە دەتوانێ سبەی ڕۆژ بۆ ڕۆژهەڵاتیش سیناریۆیەکی ئاوا دووبارە بێتەوە، پێوەندی بە دەوری چالاکی هێز یان ئایدیۆلۆژییەکی تایبەتەوە هەیە. نا، تورکیە هەبوونی کیانێکی کوردی یان دەسەڵاتێکی هەرێمی کوردی بە دژی ستراتێژیی نەتەوەیی خۆی دەزانێ و لە بەرامبەریدا ڕادەوەستێ. بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو مەترسییە دەتوانێ زۆر لە ڕۆژئاوا بەرچاوتر بێ. وێڕای تورکیە، جێگرەوەی کۆماری ئیسلامی و زۆر ئاکتۆری هەرێمی و جیهانی دیکە دەتوانن بۆ بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی



سەرچاوە
Serchawe

کوردستان مەترسیدار بن.

سیاسەتی ترامپ لە ناوچەدا چەندە دەتوانێ دەرفەتخوڵقێن بێ، هەر ئەوەندەش دەتوانێ کێشە بۆ کورد دروست بکا؛ کەوابوو کورد دەبێ بەر لە هەموو شتێک حیساب لە سەر پوتانسییەلی نێوخۆیی، هێزی خۆی و هاوبەندیی نێوخۆیی بکا. لەو بوارەدا بە داخەوە کوردی ڕۆژهەڵات ئەزموونێکی سەرکەوتووانەی نییە. لانیکەم لەو ٢٠ ساڵەی دواییدا بەشی زۆری پوتانسیەلی بزووتنەوەی کورد، لە دژی یەکتر بەکار هاتووە، و لەو بە فیڕۆدانی تواناییەکانی بزووتنەوەدا هەموو هێزەکان خاوەن کەموکوورین.

ئێستاشی لە گەڵ بێ، هێزەکان پلاتفۆرمێکی جێگەی متمانەیان پێشکەش نەکردووە کە هیوایەک بە خەڵک ببەخشێ. چەند حیزب پێکەوە باسی پلاتفۆرمێک دەکەن بە بێ ئەوەی هەوڵێکی جیددی بۆ دیالۆگ لەگەڵ باقی هێزەکانی چالاک لە گۆڕەپانی سیاسەتدا بدەن. ئەو چەند حیزبەش لە بەینی خۆیاندا کێشەی زۆریان هەیە.

بۆ ئەوەی کوردی ڕۆژهەڵات لە گێژاوی سیاسەتی ئێستا و داهاتووی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا خاوەن پێگە، قسە و کاریگەری بێ، دەبێ پلاتفۆرمێکی هاوبەشی سیاسی دابمەزرێنێ کە وزە و تواناییەکانی بزووتنەوە لە خەباتی چالاکانەدا بە دژی کۆماری ئیسلامی وەجووڵە بخا. لەو پلاتفۆرمەدا نابێ هیچ هێزێک وە پەراوێز بخرێ یان هەڵاوێردرێ، ئەگەر بڕیاریش بێ خەباتێکی جیددی چەکدارانە بکرێ، دەبێ هێزی چەکدار یەک فەرماندەیی هاوبەش و سیاسەتێکی یەکگرتوانەی تێکۆشانی هەبێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٤ی فێبریوێری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## وەڵامێک بۆ کارو چالاکییەکانی ڕەحمان نەقشی

**کارەکانت دەبێتە یارمەتیدەر تا نووسەر نووسراوەی زیاتر بەرهەم بێ و نووسەران دڵگەرمی پەیدا بکەن کە بەرهەمەکانیان ون نابێ...**

**کاک ڕەحمانی هێژا**

زۆر سوپاسی خزمەت، خەبات و خۆماندوو کردنت دەکەم و هیوای تەندروستی، سەرکەوتن و بەرفراوانتر کردنی کار و چالاکیەکانت بۆ دەخوازم. بە داوای لێبوورونەوە کە وەڵامەکەت وەدرەنگی کەوت، بەڵام کورد گوتەنی قەرز کۆن دەبێ، نافەوتێ.

دەزانم لە مێژساڵە خەریکی خۆماندووکردن، نووسین، وتووێژ، کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی نووسراوە و بەرهەمەکانی دۆستان و هاوڕێیانی پێشمەرگە و کۆنە پێشمەرگەی. ئەوە کارێکی سەخت و کاتگرە. چونکە بەشێکی ئەو بەرهەمانە، هەر تەنیا بە کۆکردنەوە ئامادە نابن و دەبێ بژار بکرێن و ڕەنگە هێندێک جاریش دابرێژرێنەوە. دوور نیە ئەگەر جارێک دوو وشەی ئەم لا و ئەولا بکرێن و یا لە جێگایەک هەڵوەرن، ڕەنگە وردە بۆڵە، و جاروبار نیوە شەڕیکیشت تووش بێ. بۆیە ئەو کارە کۆڵ نەدان، ئیرادە و کات و ئینێرژی دەوێ کە زەحمەتە لەم سەردەمەدا کەسێک لە بەشی خۆی زیاتری هەبێ.

کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی بەرهەمی کەسانی دیکە ئەگەر زۆریش وەک بێگار نەچێ، ئەنجامەکەی وەک یەکە؛ ئەویش ئەوەیە کە بەرهەڤکار یا کۆکەرەوە تەنیا ماندووبوونی بۆ دەمێنێتەوە و ئاغاش پارووی لێ بادەدات. دڵسۆزی و خۆماندوو کردنت بۆیە جێگای ڕێزە کاک ڕەحمانی هێژا، چونکە بە دڵفراوانی و بە هەڵبژاردن و ئیرادەی خۆت ئەو بێگاریە دەکەی تا خەڵکانی دیکە هان بدەی لە نووسیندا بەردەوام بن. دەزانم لە ماوەی ئەو هەموو ساڵانەدا کە خەریکی کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی بەرهەمی خاوەن بەرهەمەکانی نێو بزووتنەوەی کوردستان بووی زۆرت ماندوویی و شەونخوونی کێشاوە بەڵام کۆڵت نەداوە و ئێستاش هەر بەردەوامی. ماڵت ئاوا.

نووسین، بە تەیابەت نووسینی بەرپرسانە کارێکی ئاسان نیە. بۆ نووسینی هەر دێڕێک، هەر ڕستەیەک و هەر لاپەڕەیەک کۆمەڵە پرەنسیپێک هەن کە بە بێ لە بەرچاو گرتنیان، ناکرێ دەست بۆ پێنووس ببەی. یەکەم شت لە نووسین دا ئەوەیە

کە بزانی بۆ کێ و بۆ چی دەنووسی، بۆیە دەبێ بە قووڵی بیر لە ناوەڕۆک و شێوەی گوتنی پەیامی نووستوو لە تاووتوێی نووسراوەکانتدا بکەیەوە، هەڵیانسەنگێنی و دوایە وشەکان دابڕێژی. ڕێزگرتن لە خوێنەر دەبێ لە چوارچێوەی نووسراوەکانتدا دیار بێ. ڕاستگۆیی لە گەڵ خۆت و لە گەڵ خوێنەر دەبێ لە نووووسراوەکانت دا ڕەنگ بداتەوە. دەبێ لە هەڵبژاردن و پشتبەستن بە سەرچاوەدا وردبین بی و ڕێگا نەدەی سەچاوەیەک دزە بکاتە ناو نووسراوەکانتەوە کە جێی متمانە نەبێ، و زۆر وردەکاریی دیکەش.

ڕەنگە بەشێکی ئەو پرەنسیپانە لە لای نووسەری بەرپرس جێیان گرتبێ و ئەو بە بێ بیرکردنەوە و بە شێوەی ئاسایی هەمووی ئەو پرەنسیپانەی کە بۆ خوڵقاندنی بەرهەمێک کە ڕووی مەجلیسانی بێ پێویستن ڕەچاو بکا. بەڵام ئەوە هیچ شتێک لەو ڕاستیە ناگۆڕێ کە نووسین کارێکی زەحمەتە و تەنیا بە ڕیزکردنی کۆمەڵە وشەیەک جێ بە جێ نابێ. کۆکردنەوە و دوبارە بڵاوکردنەوەی ئەو نووسراوانەش هەر وەک خودی نووسین زەحمەتە. چونکە ئەرکێکت پێ دەسپێرێ کە لە لایەکەوە لە بەرامبەر نووسینی کەسانی دیکە دا ببی بە بەرپرس و لە لای دیکەشەوە دەسەڵاتێکی ئەوتۆت بە سەر شێوەی نووسین و ناوەڕۆکی نووسراوەدا نەبێ. ئەوە بەرپرسایەتیەکی قورسە کە هەموو کەس نەوێرێ خۆی لێبدا.

وێڕای ڕێزگرتن و سوپاس لە خەبات و ماندوو بوونت، پێم خۆشە دان بەو ڕاستیەدا بنێم کاتێک کە ناملکەی بەشێک لە نووسراوە و وتووێژەکانی خۆمم بینی کە زەحمەتت پێوە کێشابوو، یەکەم بیرۆکە کە لە لام دروست بوو ئەوە بوو کە چۆن بتوانم لێرە بەدواوە بەرهەمێک پێشکەش بکەم کە شیاوی خوێنەران و بیسەرانم بێ. بۆ گەیشتن بەو مەبەستە ڕێگایەکی دوور و درێژم لە پێشە و ڕەنگە قەتیش نەگەمێ، بەڵام لە پشتیوانی کەسانی دڵسۆزی وەک ئێوە دڵنیام. کەسێکی وەک جەنابت بوێر کە خۆی بە بەرهەمەکانی کەسانی دیکەوە ماندوو دەکا، دەبێتە یارمەتیدەر تا نووسراوەی زیاتر بەرهەم بێ و نووسەران دڵگەرمی پەیدا بکەن کە بەرهەمەکانیان ون نابێ.

**دوبارە سوپاس بۆ زەحمەت و ماندووبوونتان و هیوای سەرکەوتن و سەرفیرازیتان بۆ دەخوازم.**

**٢١ی مارچی ٢٠١٩**



سەرچاوە
Serchawe

## جێ پەنجەی د. قاسملوو لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی کورد دا

کاتێک شەریف پاشا (١٨٦٥ - ١٩٥١) لە کۆنفەرانسی ئاشتی پاریس (١٩١٩ - ٢٠) هەوڵی جێ بە جێ کردنی ئەو ڕێککەوتننامەیەی دەدا کە پێشتر لە گەڵ شاندێکی ئەرمەنی بۆ دامەزراندنی دوو دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی و ئەرمەنی لە ڕۆژهەڵاتی ئاناتۆلیا لە سەری ڕێک کەوتبوون، دەیزانی کە بە بێ دیپلۆماسیەکی بە هێز ئیمکانی مسۆگەرکردنی پێگەی سیاسی بۆ کورد لە سەر خەریتەی جیهان لاوازە. ئەو بە تەنیا بە ڕادەی شاندێکی پڕ کار هەوڵی دا، بەڵام بە داخەوە بە ناکامی لە تاراوگە مایەوە تا لە ساڵی ١٩٥١دا لە شاری کاتانزارۆی ئیتالیا ماڵئاوایی لە کوردستان و هەموو هیوا و هزر و خەیاڵەکانی کرد.

لە دوایین ساڵەکانی ژیانی شەریف پاشادا، دوکتور قاسملوو کە ئەو کات لاوێکی تازە پێگەیشتوو بەڵام لە بواری سیاسیەوە بە مشوور و چالاک بوو بۆ درێژەدان بۆ خوێندن لە دەرەوەی وەڵات دەژیا. پاریس، ناوەندی ڕۆشنبیری و ئازادی و پراک، ئەو شارەی کە بە پێی هزری سیاسی ئەو سەردەمەی د. قاسملوو سیستەمی ئیدەئال و بێ قسوور بوو، ئەو دەرفەتەیان بۆ ئەو ڕەخساندبوو کە زیاتر بیری سیاسی خۆی گەشە پێ بدا. دەست پێڕاگەیشتنی ئەو بە سەرچاوە مێژووییەکان و گەڕانی بە شوێن هەموو ئەو کاناڵانەی کە دەیانتوانی یارمەتیدەری بن تا ئاواتەکانی بخاتە چوارچێوەی پرۆژەیەکی سیاسیەوە، بێ گومان ئەوی بەرەو ناسینی شەریف پاشا هان دابوو. هەر چەند هیچ بەڵگەیەک لە دیداری نێوان ئەو دوو کەسایەتیە سیایسە کوردە بە دەستەوە نیە، بەڵام ناکرێ قاسملوویەکی چالاک و خاوەن ڕۆئیای کوردایەتی ئاگای لە جموجۆڵەکانی شەریف پاشا نەبووبێ.

دوکتۆر قاسملوو گرینگیەکی زۆری بە دامەزراندنی پێوەندی دۆستانە لە نێوان بزووتنەوەی کورد و جیهانی دەرەوەی ئەو بزووتنەوەیە دەدا. پێداگری هەمیشەیی ئەو لە سەر ئەوە بوو کە گەلی کورد دەبێ لە ئاستی جیهانیدا چەندە دەتوانێ دۆست و پشتیوان پەیدا بکا و ڕایەڵکەیەکی بەرینی پێوەندی دابمەزرێنێ. بۆ ئەو گرینگ بوو کە حیزبەکەی هەمیشە وەک پڕەنسیپ لە گەڵ "بزووتنەوە ئازادیخوازەکانی گەلانی ژێر دەست، وەڵاتانی سۆسیالیستی و کۆڕوکۆمەڵە دێمۆکراتیکەکانی وەڵاتانی ئەورووپایی، پێوەندیی دۆستانەی هەبێ. بەڵام هاوکات لە گەڵ لەو پڕەنسیپە گشتییە، بۆ بەکارهێنانی هەموو دەرفەت و دەرەتانێک لە پێناو سەرخستنی ئەو خەباتەیدا کە بۆ خۆی سەرکردایەتی دەکرد، زۆر زیرەکانە دەرفەتەکانی دیکەشی دەقۆستەوە و دەیتوانی بە بێ دانی باج ئیمکانی نوێ بخولقێنێ و دۆستی دیکە پەیدا بکا. چەمکی ´دوژمنی دوژمنی من، دۆستی منە" بۆ دوکتۆر قاسملوو چەمکێکی نامۆ نەبوو، بەڵام ئەو هیچ کات ئامادە نەبوو بە هەر قیمەتێک لە

گەڵهەموو دوژمنەکانی دوژمنەکەی پێوەندی دابمەزرێنێ یا بە مەرجەکانی ئەوان لە گەڵیان بکەوێتە هاوکارییەوە.

لە سەردەمی سیاسەت کردنی دوکتۆر قاسملوودا، جەمسەربەندیە سیاسیەکانی جیهان چوارچێوەیەکیان خوڵقاندبوو کە زیاتر لە لای ئەو ئەکتەرانەی دوکتۆر قاسملوو وەک پرەنسیپ بە دۆستی کوردی دەزانین زەمینەی پێوەندی لە گەڵ بزووتنەوە رزگاریخوازەکان مومکین بوو. هەر چەند پێوەندی وەڵاتانی سۆسیالیستی لە گەڵ بزووتنەوە رزگاریخوازەکانی نەتەوە ژێر دەستەکان زیاتر روانگەی ئایدیۆلۆژی هەبوو و بۆ بەرەو پێش بردنی سیستەمی جێی پەسەندی ئەوان و دژبەری کردن لە گەڵ جیهانی رۆژئاوا بوو، بەڵام هەر ئەو نیبەتە شاردراوەش لە باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا و لە ئافریقا یارمەتیدەر بووتا کۆمەلێک وەڵاتی نوێ بە سەربەخۆیی بگەن. ئەوە هاندەرێک بوو تا دوکتۆر قاسملوو وەک سەرکردەیەکی خاوەن بەرپرسایەتی مێژوویی لە بەرامبەر گەلەکەیدا لەو سۆنگەیەوە بڕوانێتە ئیمکانی پشتیوانی وەڵاتانی بلۆکی سۆڤیەت لە بزووتنەوەی کورد.

لە دەیەکانی ٦٠ و ٧٠ ی سەدەی ڕابردوو و لە گەرمەی خەباتی سیاسی دوکتۆر قاسملوودا، ڕێژیمی شا تا ملان لە گەڵ وەڵاتانی رۆژئاوایی بە تایبەت ئامریکا لە هاوپەیمانی دا بوو. دوای ڕووخانی شاش جەمسەربەندییە سیاسیەکان لە ئاستی نێونەتەوەییدا هەر لە سەر ڕێبازی پێشوویان پێداگربوون و سەرەڕای سەرهەڵدانی دوژمنایەتی لە نێوان ڕێژیمی نوێ ئێران و ئامریکا و وەڵاتانی رۆژئاواییدا، هیچ وەڵاتێکی رۆژئاوایی ئامادە نەبوو دەستی دۆستایەتی بۆ لای بزووتنەوەیەکی سیاسی درێژ بکا کە بە پێچەوانەی پیوانەکانی زاڵ بە سەر پێوەندییە نێودەوڵەتیەکان، ناچار کرابوو بە شێوەی چەکدارانە بەرگری لە هەبوونی نەتەوەکەی بکا. لە ڕوانگەی رۆژئاواوە، ئێستاشی لە گەڵی بێ ئەو بزووتنەوە چەکدارییانەی کە بەشێک لە سیستێمی سیاسی وەڵاتێک پێک ناهێنن بۆ هاوکاری و هاوبەندی نابن، هەر چەند بە کردەوە ئەو پرەنسیپەی رۆژئاوا تەنیا تا کاتێک برەوی هەیە کە ئەو هێز و بزووتنەوانە لە خزمەت بەرژەوەندییەکانی ئەوان دا نەبن.

بە کردەوە هیوا بەستن بە پشتیوانی وەڵاتانی سۆسیالیستیش هیچ خێرێکی بۆ کورد و بۆ حیزبی دێمۆکرات نەبوو، بەڵام لە بواری تێئۆرییەوە گونجاو بوو کە وا لێکبدرێتەوە لە کاتی لێکترازانی هاوکێشەکاندا ئەو وەڵاتانە ئاوڕێک لە بزووتنەوەی کورد دەدەنەوە. بیری چەپی ئەو سەردەمەی دوکتۆر قاسملووش هاندەری بوو تا ئینرژییەکی زۆر بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەو بیرۆکەیە دابنێ. بەو پێیە دوکتۆر قاسملوو هەوڵێکی زۆری دا تا دەستکەوتێک لە تێئۆریی دۆستایەتی لە گەڵ وەڵاتانی سۆسیالیستی وەدەست بێنێ و بە تایبەت هەمیشە لە هەوڵ دا بوو کە دەرگایەک بۆ پێوەندی لە گەڵ یەکیەتی سۆڤیەت بکاتەوە. بەڵام لە ساڵانی بەر لە ڕووخانی ڕێژیمی شا و چەند ساڵی یەکەمی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیدا، جاسووسی حیزبی توودە لەمپەرێکی گەورەی دروست کرد تا هەوڵەکانی دوکتۆر قاسملوو بە ئەنجام نەگەن. حیزبی توودە ڕقی لە قاسملوو و ئەو سیاسەتە سەربەخۆیەی ئەو بوو کە حیزبی دێمۆکرات و بزووتنەوەی کوردی رۆژهەڵاتی لە ژێر سێبەر

و ڕکێفی چەپی کلاسیکی ئێران هێنابوویە دەرەوە. بۆیە هەموو هەوڵی ئەو حیزبە ئەوە بوو کە ڕێگر بێ لە بە ڕەسمی ناسین و دامەزرانی پێوەندی لە نێوان بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و وەڵاتانی سەر بە بەرەی سۆڤیەتدا. چیرۆکی سازکراوی وەرگرتنی یارمەتی ٩ میلیۆن دۆلاری لە ناتۆ لە لایەن حیزبی دێمۆکراتەوە کە ساڵی ١٩٧٩ قوت کراوە بەشێکی ئەو پرۆژەیەی حیزبی توودە بوو. ئەو کارە دەرگای سۆڤیەتی بە سەر ڕێبەرە بە ئەزموونەکەی حیزبی دێمۆکراتدا گەڵا دا، بەڵام هیوابڕاوی نەکرد کە ڕۆژێک ئەو وەزعە گۆڕانی بە سەر دا بێ.

سەرەڕای کۆمەڵێک دیدار لە نێوان ڕێبەرایەتی حیزبی دێمۆکرات و وەڵاتانی بەرەی سۆڤیەت، بە تایبەت خودی یەکیەتی سۆڤیەت، کە زۆر جار لە بالوێزخانەی ئەو وەڵاتە لە بەغدا ئەنجام دەدران، بە کردەوە لایەنی بەرامبەر هیچ بەو پێوەندییانە دڵخۆش نەبوو. بگرە حیزبی دێمۆکرات و د. قاسملوویان وەک لەمپەرێک بۆ بە هێزکردنی پێوەندییەکانیان لە گەڵ دیکتاتۆریی تازە بە دەسەڵاتگەیشتووی تاران دەزانی. بەڵام ساڵی ١٩٨٤ بڵاوکردنەوەی وتارێک لە ڕادیۆی کوردی یەریڤانەوە لە سەر کۆماری کوردستان، حیزبی دێمۆکرات و بەردەوامی خەباتی ئەو حیزبە بوو بە هاندەر تا دوکتۆر قاسملوو گوڕێکی پتری بە هەوڵەکانی بۆ پێوەندی گرتن لە گەڵ گەورەترین وەڵاتی دامەزرێنەری کۆمەڵگا خەیاڵییەکەی بدا. (دەستم بە ئارشیڤ ڕا ناگا و ڕێکەوتی دروستی ئەو وتارەم لە بیر نیە، بەڵام دەزانم پاییزی ساڵی ١٣٦٣ بوو و من چەند مانگێک بوو لە ڕادیۆی حیزب کارم دەکرد. کاتێک بە دوکتۆر قاسملووم گوت وتارێکی ئاوام لە ڕادیۆ یەریڤانەوە گوێ لێ بووە و قەیدم کردوە، پێکەنی و گوتی ئەوان بە بێ ئیزنی مۆسکۆ ئاو ناخۆنەوە، برۆ وتارەکەم بۆ دابەزێنە، بەڵام هەر بە کرمانجیەکەی و زوو بۆم بێنەوە).

گەلۆ ئەوە سیگناڵێک بوو یا هەر ڕێکەوتێکی سۆزدارانە لە لایەن کوردەکانی یەریڤانەوە، هیچ لەو ڕاستیە ناگۆڕێ کە دوکتۆر قاسملوو هەلەکەی قۆستەوە و دوبارە هەوڵەکانی بۆ دامەزراندنی پێوەندی لە گەڵ سۆڤیەت چڕ کردەوە. ئەوەی ئێمە لێی ئاگاداربووین، سەفەری شاندێکی حیزب بە سەرپەرستی نەمر کاک فەتتاحی کاویان لە ڕێگای مۆسکۆوە بۆ دیدار لە گەڵ کاربەدەستانی کۆماری دێمۆکراتیکی ئەفغانستان لە ساڵی ١٩٨٥دا لە چوارچێوەی ئەو هەوڵانەدا بوو.

هاوکات لە گەڵ ئەو هەوڵانە، دوکتۆر قاسملوو لە دەرگایەکی ئاواڵەتریشەوە دەیەویست پرسی کورد بە گشتی و خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بخاتە ڕۆژەڤی کۆمەڵگای نێونەتەوەییەوە. دەرگایەک کە دواتر بوو بە دەلاقەیەکی گرینگ بۆ بە ڕۆژەڤ کردنی پرسی کورد لە ئاستی نێونەتەوەییدا. دوای دان و ستاندنێکی چەندین ساڵە، سەرئەنجام دوکتۆر قاسملوو توانی لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا ڕێگایەک بۆ پێوەندی لە گەڵ ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست بکاتەوە. لێزانی و شارەزایی ئەو لە زمانی دیپلۆماتیک دا زۆر زوو ئەو دەرفەتەی بۆ ڕەخساند کە خۆی بگەیەنێتە لایەنە بڕیاردەرەکانی ئەو ڕێکخراوە جیهانیە کە لەو سەردەمەدا خاوەن نفووزێکی زۆر بوو و ڕێکخراوەکانی ئەندامی لە زۆر وەڵاتی

بە هێزی ڕۆژئاواییدا لە دەسەڵاتدا بوون. بەڵام بۆ بەردەوامیی پێوەندییەکان و گەیاندنیان بۆ ئاستی وەرگیرانێکی جیدی، هاوتەریب و خاوەن قسە، لانی کەم ٣ لەمپەری سەرەکی لە سەر ڕێگای دوکتۆر قاسملوو و حیزبی دێمۆکرات بوون کە هەر سێکیشیان ببوون بە بەشێک لە ناسنامەی حیزبی دێمۆکرات: خەباتی چەکدارانە، بڕوا بە سۆسیالیزمی سۆڤیەتی و هەڵکەوتی حیزب لە دەرەوەی چوارچێوەی دام و دەزگا فەرمی یا ڕێگا پێدراوەکانی وەڵاتێکەوە کە لە ڕوانگەی ئەنترناسیۆنالیستی سۆسیالیستەوە خاوەن سەروەری سیاسی بوو.

دروست کردنی مەشرووعیەت لە ئاستی جیهانیدا بۆ هەر کام لەو پرسانە پێویستی بە شارەزایی و پرۆسەی دوور و درێژی سیاسی بوو کە دەبوو دوکتۆر قاسملوو کاریان بۆ بکا. ئەو زۆر هەوڵی دا کە لە ڕوانگەی حقووقی ناونەتەوەییەوە خەباتی چەکدارانەی نەتەوەی کورد بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی لە شەڕی چەکدارانە بۆ گەیشتن بە ئامانجی سیاسی یا دابەشکردنی دەسەڵات جیا بکاتەوە. هەموو هەوڵی ئەو بۆ ئەوە بوو کە بسەلمێنێ شەڕی چەکدارانە ئەو مێتۆدە خەباتە نیە کە گەلی کورد بە ویستی خۆی هەڵیبژاردبێ یا ئەوە کە دەستپێشخەری بووبێ. بە پێچەوانەوە لە هەموو کۆڕو کۆمەڵ و ناوەندێکی بڕیاردانیدا باسی بەرگریی کورد لە هەبوونی خۆی لە بەرامبەر هێرشی دەوڵەتێکدا دەکرد کە هیچ کام لە پیوانەکانی دەوڵەتداری نە لە نێو خۆ و نەش لە دەرەوی سنوورەکانی خۆی دا ڕەچاو ناکا. لە چوارچێوەی ئەو بەرگرییە دا، دوکتۆر قاسملوو هەم بە کردەوە لە مەیدانی تێکۆشان دا و هەمیش لە ڕووی سیاسی و دیپلۆماسیەوە کاری دەکرد تا لە شەڕی پێشمەرگەدا، لایەنی مرۆڤانە لە بەرچاو بگیرێ، زیان بە ئامانجە مەدەنیەکان نەگا، خەڵک نەبێتە قوربانی و کردەوەی تۆقێنەر کە تەنیا بە مەبەستی زەربە وەشاندن لە لایەنی دیکە بە بێ لە بەرچاوگرتنی ئاکامەکانی بۆ دەورووبەر ئەنجام دەدرێ بە دەستی پێشمەرگە ڕوو نەدا.

لە وتارێک دا کە ئەگەر هەڵە نەبم لە ساڵی ١٩٨٤ یا ٨٥ دا لە پێوەندی لە گەڵ بەشداریی شاندێکی حیزب لە کۆنگرەی حیزبی سۆسیالیستی فەڕانسە دا بە هاوفیکری نەمر دوکتور شەرفکەندی ئامادەی کردبوو و لە مەدیاکانی فەڕانسەدا بڵاو کرایەوە بە ڕوونی قامکی لە سەر جیاوازی خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گەڵ خەباتی باقی بزووتنەوە چەکدارییەکانی جیهان کردبوو و نووسیبووی: ئێمە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان تەنیا لە گەڵ هێزی چەکداری ڕێژیم لە شەڕداین، بۆیە ناوەندە ئابووری و مەدەنیەکان ناکەینە ئامانج، خۆمان لە ڕفاندنی فڕۆکە (کە لەو سەردەمەدا هەم باو بوو و هەمیش زۆر دەنگی دەداوە) دەپارێزین و تێرۆر وەک ئەمرازی خەبات ڕەد دەکەینەوە.

ناساندنی چەمکی شەڕی ڕەوا لە بەرامبەر سەرکوتی دڕندانەدا بە پێی پیوانەکانی زاڵ بە سەر سیاسەتی جیهانیدا کارێکی ئاسان نەبوو، بەڵام ڕێگای بە دوکتۆر قاسملوو دەدا تا زۆر دەرگا کە تا ئەو کات بۆ ئەو، حیزب و بزووتنەوەکەی داخراو بوون بکاتەوە. ئەو زۆر بە ڕاحەتی و زووزوو دەیتوانی کەمەری سەربازی، چەکی دەست و جل و بەرگە بۆرە پێشمەرگانەکانی

لە گەڵ کراوات و شەل و چەکێتی ئوتوو کراو بگۆڕێ و لە سەنگەری پێشمەرگانەوە بچێتە سەر کورسی دیپلۆماتێکی لێزانەوە. هەوڵەکانی قاسملوو نەیتوانی پشتیوانی لۆجیستیکی هیچ لایەنێکی ئازادیخواز یا وەڵاتێکی ڕۆژئاوایی بۆ بزووتنەوەی کورد مسۆگەر بکا، بەڵام بوو بە هۆی وەدەستهێنانی مەشرووعیەت بۆ بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بە شێوەیەک کە میراتگرانی هەنۆکەیی ئەو بزووتنەوە ئێستا بە کردەوە کەڵک لە بەرهەمەکەی وەردەگرن.

دوکتۆر قاسملوو گرینگیەکی زۆری بە بەدامەزراوە کردنی خەباتی دیپلۆماتیکی کورد دەدا. لەو پێناوەدا و لە سەرەتای هەشتاکانەوە، لە ژێر سیوانی ناوەندی فەرهەنگی کوردستان لە فەرانسە (ئەنجومەنی فەرهەنگی کوردستان)(AFK ) بنکەیەکی لە پاریس کردەوە کە بوو بە دەفتەری پێوەندییەکانی حیزبی دێمۆکرات لە دەرەوەی وەڵات. دەفتەری حیزب لە فەرانسە یا دەفتەری پاریس لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا وەک بنکەیەکی دیپلۆماتیک یا سفارەتی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت چاوی لێ دەکرا و کاری دەکرد. بە تایبەت لە بەر ئەوەی کە تا ئەو کات هیچ لایەنێکی کوردی ئادرێسێکی سەربەخۆی لە دەرەوەی خانووی تایبەتی ئەندامان یا نوێنەرانی خۆیان وەک ناوەندی پێوەندی گرتن و کاری حیزبی دانەمەزراندبوو، ئەو کارەی دوکتۆر قاسملوو وەک نیشانەیەک لە ژێری سیاسی ئەو چاوی لێ دەکرا.

هاوکات لە گەڵ کردنەوەی ناوەندێک بۆ کار و چالاکیەکانی حیزبی، دوکتۆر قاسملوو گرینگیەکی زۆریشی بە کاری ئاکادێمیک و کاریگەری لابی لە کاناڵی زانستیەوە لە سەر بڕیار و بۆچوونی وەڵاتان سەبارەت بە گەلی کورد و خەباتە نەتەوایەتیەکی دەدا. ئەو لە ساڵی ١٩٨٣دا نەمر مام جەلالیشی هێنایە سەر ئەو بڕوایە تا پشتیوانی لە پرۆژەیەکی ئاکادێمیک بکا کە کۆمەڵێک ڕووناکبیری کورد بۆ دامەزراندنی ئەنستیتۆیەکی کوردی لە دەرەوەی وەڵات کاریان لە سەر دەکرد. پشتیوانی هەمەلایەنەی مادی و مەعنەوی ئەو دوو ڕێبەرە نەمرە یارمەتیدەر بوون تا ئەنستیتۆی کورد لە مانگی ٢ی ساڵی ١٩٨٣دا لە پاریس دابمەزرێ. پشتیوانانی دامەزراندنی ئەنستیتۆ وێڕای نەمران دوکتۆر قاسملوو و مام جەلال، نەمران قاناتێ کوردۆ، یلماز گونەی و غوڵامحوسێن ساعیدی (ڕووناکبیرێکی چەپی ئێرانی و دۆستی گەلی کورد) بوون. ئەندامانی دامەزرێنەری ئەنستیتۆش ڕووناکبیرانی کورد وەکوو کەنداڵ نەزان، سەیدا جگەرخوون، مامۆستا هەژار، مامۆستا تەوفیق وەهبی، قاناتێ کوردۆ، حەجیێ جندی، ڕەمزی ڕاسا و نورەدین زازا بوون. لەو سەردەمەدا ئەنستیتۆی کورد توانی وێڕای خەباتی ئاکادێمیک، وەرگرتنی بورسیەی خوێندن بۆ دەیان خوێندکاری کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستانەوە و لەوانە چەندین کەس لە ئەندامانی حیزب و لاوە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئامادەکردنی دەیان بەڵگە و وتاری زانستی لە سەر مێژوو و سیاسەتی کورد، کۆمەڵێک دەرگای داخراوەی دیپلۆماتیکش کە کردنەوەیان بۆ سیاسەتڤانانی کورد ئاسان نەبوو، بە سەر بزووتنەوەی کوردستاندا بکاتەوە.

بۆ ڕەوایی دان بە هۆکارەکانی هەڵکەوتی حیزبی دێمۆکرات لە دەرەوەی چوارچێوەی دام و دەزگا فەرمی و ڕێگە پێدراوەکانی

ئێراندا، دەبوایە دوکتۆر قاسملوو وێڕای دۆزینەوەی چوارچێوەیەکی حقووقی گونجاو لە گەڵ پیوانە ناونەتەوەییەکان بۆ شەری چەکدارانەی حیزبەکەی، نامەشرووع بوونی ڕێژیم و دام و دەزگاکانیشی هەر لە رووی هەمان پیوانە جیهانیەکانەوە بسەلمێنێ. بە هەڵوێست و کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی، هەر لە داگیرکردنی بالیۆزخانەی ئامریکاوە بگرە تا بەڕێوەبردنی کردەوەی تێرۆریستی لە دەرەوەی وەڵات و قەدەغەکردنی چالاکیی سیاسی هەموو ڕێکخراوە سیاسیەکان ئەو کارە زۆر دژاور نەبوو. بەڵام نەشدەکرا تەنیا لە سەر بنەمای کردەوە نامەسئوولانەکانی ڕێژیم و تێڕوانینی جیاوازی بەشێکی کۆمەڵگای جیهانی لە سەر سەرەڕۆیی و بێ پرەنسیپییەکانی، بزووتنەوەی کورد چاوەڕوان بێ کە دەرگاکانی دیپلۆماسی بە سەری دا بکرێنەوە. بۆ ئەو کارە زەق کردنەوەی پێبەندی بە پرەنسیپە سەرەکیەکانی مافی مرۆڤ و ڕێز گرتن لە پیوانەکانی زاڵ بە سەر پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا وەک پیوانێ جێ گرتوو لە حیزبی دێمۆکراتدا و لە لای بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستیەک بوو کە دوکتۆر قاسملوو زۆر زوو هەستی پێ کردبوو و لە کۆڕو کۆمەڵە جیهانیەکان دا پێبەندبوونی خۆی لەو چوارچێوەیەدا دووپات دەکردەوە.

خاڵێکی دیکەی ناکۆک لە گەڵ پێوەندییەکانی حیزب و ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست، ئامانجی دوارۆژی حیزب بوو. حیزبێکی سیاسی کە چاوی لە دامەزراندنی سیستێمێکی سۆسیالیستی وەک ئامانجی دوارۆژ بوو، نەیدەتوانی بە ئاسانی لە گەڵ هێزە سۆسیال دێمۆکراتەکان بکەوێتە چوارچێوەیەکەوە، بۆیە حیزبی دێمۆکرات و دوکتۆر قاسملوو دەبوایە چارەیەک بۆ ئەو پرسە بدۆزنەوە تا بتوانن کاناڵی ئەنترناسیۆنالیستی سۆسیالیست بۆ گەیاندنی دەنگی خۆیان بە بەشێک لە ئەکتەرە بڕیاردەرەکانی ئەو کاتی جیهان بە کار بێنن. سەرەڕای ئەوەی کە بژاردەی یەکەم و ئامانجی خەباتی هەنوکەیی و ئەوکاتی حیزبی دێمۆکرات خەباتی نەتەوەیی بووە و هەیە، بەڵام دانانی چوارچێوەیەکی سیاسی و تێئۆریک بۆ کۆمەڵگایەکی ئیدەئال بۆ ئەو حیزبە لە ڕوانگەی دوکتۆر قاسملووەوە نەدەکرا پشت گوێ بخرێ. گرفت لەوەدابوو کە ئەو پرەنسیپە بۆ برەوپێدان و گەشەکردنی خەباتی نێونەتەوەیی حیزبی دێمۆکرات تا ڕادەیەک ڕێگر بوو. لە لایەکی دیکەشەوە خودی دوکتۆر قاسملووش لە ساڵەکانی کۆتایی دەیەی ٧٠ی سەدەی ڕابردوودا و پاش ئەزموونێکی دووروودرێژی ژیان و هەڵس و کەوت لە گەڵ وەڵاتانی بەرەوی سۆڤیەت هاتبووە سەر ئەو بڕوایە کە سۆسیالیزمی سۆڤیەتی بە بێ گۆڕانکاری و ڕیفۆرمی دێمۆکراتیک ناتوانێ ئاواتەکانی ئەو بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی یەکسان وەدی بێنێ. هاوتەریب بوونی ئەو دوو بابەتە هاندەر بوون تا دوکتۆر قاسملوو پێداچوونەوە بەو ئامانجەدا بکا کە بۆ خۆی وەک کەسی یەکەمی حیزبی دێمۆکرات لە کۆنفەرانسی سێهەمی حیزبدا کە ساڵی ١٩٧١ گیرا دایینابوو. هێنانە گۆڕێی بیرۆکەی سۆسیالیزمی دێمۆکراتیک ئەو ڕێگا ناوینیەبوو کە هەم دەیتوانی زەمینەی نزیکبوونی حیزب لە ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست خۆش بکا و هەمیش ئیدەئالە لە مێژینەکەی حیزبی دێمۆکرات و دوکتۆر قاسملوو دەستەبەر بکا.

بە لادانی ئەو ٣ لەمپەرە لە سەر ڕێگای پێوەندی لە گەڵ ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست، حیزبی دێمۆکرات وەکوو یەکەم و

تەنیا حیزبی کوردستانی توانی لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا دەستکەوتێکی گەورەی دیپلۆماتیک بۆ خۆی و بزووتنەوەی کورد دەستەبەر بکا.

لە ئاستی ناوچەیی و لە پێوەندی لە گەڵ دەوڵەتانی جیرانیش دا جێ پەنجەی دوکتۆر قاسملوو لە دامەزراندنی پێوەندی لە رووی پرەنسیپەوە و بە بێ خۆبەدەستەوەدان زۆر دیارە. ئەو یەکێک لەو بە دەگمەن ڕێبەرانە بوو کە هەر زوو شەڕی نێوان ئێران و عێراقی وەک دەرفەت بۆ گەشە پێدانی خەباتەکەی بە کار هێنا بە بێ ئەوە بچێتە ژێر باری داخواز و بەرنامەکانی لایەنی پشتیوانەوە کە دەولەتی عێراق بوو. تەنانەت لە قۆناغە هەستیارەکان و لە کاتی زێدەڕۆیی لایەنی پشتیوان، دوکتۆر قاسملوو و حیزبەکەی بە جاران هەڵوێستیان لە دژی کردەوەکانی عێراقیش دەگرت.

ئەگەر لێنین و هاوبیرەکانی لە مانگی ئاوریلی ساڵی ١٩١٧دا بۆ تێپەڕبوون لە خاکی ئالمانەوە بۆ ڕووسیە کە لەو سەردەمەدا پێکەوە لە شەڕدابوون بەڵێنی کارکردن بۆ ڕاگرتنی شەڕ و ئازادکردنی بارمتە ئالمانی و ئوتریشیەکانی بە ئالمان دا، هیچ بەڵگەیەک لەو بە هەزاران تۆن بەڵگەنامانەی کە دوای ڕووخانی سەددام ئاشکرا کران دەری ناخەن کە دوکتۆر قاسملوو و حیزبەکەی لە هیچ شوێنێک و بە هیچ شێوەیەک بەڵێنییەکیان بە ڕێژیمی عێراق دابێ کە لە بەرامبەر پشتیوانی لۆجۆستیکیان دا ئیمتیازێک بە عێراق بدەن. لە بیرمە لە کۆبوونەوەیەکی بنکەی دەفتەری سیاسی دا جارێک پاش گەڕانەوەی لە سەفەرێکی دەرەوەی وەڵات دا باسی دانیشتنی خۆی لە گەڵ کاربەدەستە باڵاکانی حیزبی بەعس و دەوڵەتی عێراقی کرد و گوتی وەبەر گوێیان خستووم کە لە شەڕی دژی هێزەکانی باشووری کوردستاندا کە لە پێوەندییەکانیان لە گەڵ ئێراندا بێ سنوور چووبوونە پێش هاوکارییان بکەین. لە ڕاستی دا ئەو هاوکارییەی هێزەکانی باشوور لە گەڵ سوپای ئێران لە کاتی شەڕدا نە تەنیا دەستی ئێرانی بۆ زەربە لێدان لە عێراق لە هەموو ناوچەکانی باشووری کوردستان ئاواڵە کردبوو، بەڵکوو بۆ کار و چالاکیەکانی پێشمەرگەکانی حیزب و باقی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش زۆر جار کێشە خوڵقێن بوو. لایەنی عێراقی لە دوکتۆر قاسملوویان پرسی بوو کە داخوا ئەو شێوە هەڵس و کەوتەیان پێ دروستە، کە ئەو وەڵامی ،،نە،، بوو. دواتر پێیان گوتبوو کە ئەگەر ئەو کارەی هێزەکانی کوردی باشوور بە زەرەری ئەوانیشە، بۆچی لە پێناو قازانجی هاوبەشدا هاوکاریی یەکتر ناکەن. دوکتۆر قاسملوو لە بەرامبەردا نموونەی هاوکاری سوورییە و ئێرانی بۆ هێنابوونەوە و پێی گوتبوون کە هاوکاریی سوورییە لە گەڵ ئێران پر مەترسیتر و زەرەرمەندترە بۆ عێراق، ئەی بۆ چی عێراق زەربە لە سوورییە نادا. عێراقیەکان وەڵامیان دابوو کە سوورییە وەڵاتێکی عەرەبیە و ناکرێ شەڕی لە گەڵ بکەن. دوکتۆر قاسملووش هەر بە پشت بەستن بە مەنتیقی ئەوان وەڵامی دابووە هەر بەو شێوەیە کە شەڕی نێوان دوو وەڵاتی عەرەبی ڕەوا نیە، شەڕی نێوان کوردەکانی دوو پارچەی کوردستانیش ڕەوا نیە.

بێجگە لە پێوەندییە سیاسیەکان، جێ پەنجەی دوکتۆر قاسملوو لە دوو بواری گرینگی دەرمانی و ڕەنگدانەوەی مێدیایی

پرسی کوردی ڕۆژهەڵات لە دەرەوەی وەڵاتیش دا دیارە. بە هەوڵ و هیممەتی ئەو، ڕێکخراوی دوکتۆرە بێ سنوورەکان کە لە بواری یارمەتیە مرۆڤییەکانەوە خاوەن قورساییەکی نێونەتەوەییە، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ناوچەئازادکراوەکانی ژێر دەستی پێشمەرگە یەکەم نەخۆشخانەی خۆی کردەوە. یارمەتی و هاوکارییەکانی ڕێکخراوی دوکتۆرە بێ سنوورەکان لە هەل ومەرجێک دا کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شەڕێکی خوێناوی لە گەڵ کۆماری ئیسلامی دا بوو و لە هەموو بوارێکەوە گەمارۆ درابوو، بۆ ڕزگار کردنی گیانی پێشمەرگە بریندارەکان و پێڕاگەشتنی خەڵکی سیڤیل زۆر گرینگ بوو.

ڕەنگە ئێستا نووسینی بابەتێک لە ژێر سەردێری "خەڵکێک کە لە بێدەنگی دا قڕ دەکرێ" لە ڕۆژنامە یا گۆڤارێکی بیانیدا زۆر هونەرێکی گەورە نەبێ، بەڵام لە ساڵەکانی ٨٠ی سەدەی ڕابردوو دا کە گەیاندنی دەنگی ئازادیخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گوێی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی تەنیا لە ڕێگای ئەو بە دەگمەن ڕۆژنامەڤانانەوە بوو کە بە هیممەت و ڕێنوێنی دوکتۆر قاسملوو و لە ڕێگای ئەو کاناڵانەوە کە ئەو دایمەزراندبوون دەهاتنە کوردستان کارێکی گەورە بوو.

مانگی ئووتی ئەو ساڵ، ڕاست ١٠٠ ساڵ بە سەر ڕێککەوتننامەی سێڤردا تێپەڕ دەبێ. لەو سەردەمەدا هەموو لابی و دیپلۆماسی کورد لە سەر شانی شەریف پاشا بوو. هەرچەند ئەو لە هەوڵەکانی دا سەر نەکەوت بەڵام یادگارێکی لە مێژووی کورد دا بە جێ هێشت کە دەبێ نەتەوەی کورد هەتا هەتایە شانازیی پێوە بکا. هەر لەو مانگەدا، ٧٥ ساڵ بە سەر دامەزرانی حیزبی دێمۆکراتدا تێپەڕ دەبێ. لەو ماوەیەدا حیزبی دێمۆکرات، بە تێپەڕ کردنی دەیان هەوراز و نشێو و چەندین کەوتن و هەستانەوەی بە گوڕ توانیویەتی بە بەردەوامی هیوا و ئاواتەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا زیندوو ڕابگرێ و خەباتە نەتەوەییەکەی بەرەو پێش ببا. دوکتۆر قاسملوو، سەرکردەی بە کاریزما و ئەفسوونەیی ئەو حیزبە ٣١ ساڵ لەمەوبەر بە دەستی تێرۆریستانی کۆماری ئیسلامی شەهید کرا، بەڵام جێ پەنجەی ئەو نە تەنیا لە گەشەپێدان و بەرزکردنەوەی خەباتی ئەو حیزبەدا، بەڵکوو لە مێژووی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە بەرزی ماوە و دەمێنێتەوە.

ڕێکەوتی: ١٨ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

## بەڕێوەبەری، لە تیئۆرییەوە بۆ کردەوە

دۆستە بیانیەکانی دوکتۆر قاسملوو، ئەویان بە پەیام هێنەری ئاشتی ناو دەهێنا. لایەنگرانی، ئەو بە مامۆستا، ڕێبەر و ڕێگا پێشاندەریان دەزانن. لە کوردستان ئەو بە سەمبولی مافخوازی و پێشەنگی بزووتنەوەی نەتەوەیی ناوبانگی دەرکردوە. ڕەخنەگرانی لۆمەی لێ دەکەن کە لە چارەسەریی هێندێک گرفتی سیاسیدا تووشی ئالنگاری بوو. ڕەقیبەکانی ئیرەیی پێ دەبەن. دوژمن ئەوی بە گەورەترین مەترسی بۆ خۆی دەزانی. بەڵام هەموویان لە یەک بۆچووندا هاوڕان، ئەویش ئەوەیە کە شوێن پەنجە و کاریگەریی دوکتۆر قاسملوو لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە ترۆپکدایە. ئەو کاریگەرییە نە تەنیا بە شەهیدبوونی لاواز نەبوو بەڵکوو هێزێکی نوێ و ئیلهامی هەم بە حیزبی دێمۆکرات و هەم بە هەموو بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەخشی و تەنانەت سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتیشی تێپەڕاند و وەکوو ڕێبەرێکی کاریزماتیکی کورد کەوتە لاپەڕەکانی مێژوو.

یەکەم جار د. قاسملووم لە مانگی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٣ لە زانکۆی حیزب، کە لەو سەردەمەدا بە "فێرگەی سیاسی نیزامی" حیزب دەگوترا و لە گەڵاڵەی باشووری کوردستان جێگیر ببوو بینی. ئەو بۆ گوتنی وانەی سیاسی بۆ کادرە تازەکانی حیزب سەردانی کردبووین و بۆ ماوەیەکی کورت لە گەڵمان بوو. هەر ئەو ماوە کورتە بەس بوو تا هەست بە کاریزما و جێگە و پێگەی د. قاسملوو بکەی و لە دەوری ئەو بۆ دانی هیوا و گەشبینی بۆ داهاتوویەکی باشتر تێبگەی. بۆ من و هاوپۆلەکانم کە کورتەدەمێک بوو ببووین بە پێشمەرگە و ئاواتمان بوو ڕۆژێک ڕێبەرە پلەبەرزەکانی حیزب ببینین، چاوپێکەوتن لە گەڵ خودی سکرتێری گشتی هەیەجانێکی دیکەی هەبوو. پێمان وابوو پاش ئەو دیدارە ئیدی هەموومان پلەیەکی گرینگی قۆناغی ژیانی سیاسیمان تێپەڕ کردوە و بووین بە حیزبی و کادری سیاسی.

بە دووری نازانم هەر هەمان هەست بۆ کەسانی دیکەش کە لە شوێن و چوارچێوە و دەرفەتی جیاوازدا لە گەڵ د. قاسملوو ئاشنا بووبن دروست بووبێ، تەنانەت ئەو کەسانەش کە هاوبیری نەبوون. دوکتۆر قاسملوو هەڵس و کەوتی ئاسایی کۆمەڵایەتی هەمیشە لە گەڵ پسپۆریی سیاسی، زانیاری گشتی، شارەزایی لە مێژوو، ئابووری، وێژە، کولتوور و ئەزموونی بەڕێوەبەری لە ئاستی هەرە بەرزدا ئاوێتە دەکرد و دەیتوانی لە یەکەم دیداردا لە لای گوێگر و لایەنی ئاخافتنی خۆی هێژێموونیەکی تێکەڵاو لە گەڵ ڕێز و خۆشەویستی دروست بکا. ئەو هەر وەها کەسایەتیەکی کۆمەڵایەتی بوو کە زۆر زوو دەیتوانی پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکان بە قازانجی حیزب و ئامانجەکانی خۆی بەکار بێنێ. ئەو کاریگەرییە بەر لەوەی تایبەتمەندی ئەو بێ، ببوو بە دیاردە و لە هەموو شوێن و لە هەموو چوارچێوەیەکدا باڵی بە سەر دان و ستانەکانی دوکتۆر



سەرچاوە Serchawe

قاسملوو لە گەڵ دەورووبەرەکانیدا دەکێشا. هۆکاری بەردەوامیی کاریزما و هێژێموونی ئەو ئێستا دەیان ساڵ پاش تێرۆری لە لایەن مرۆڤکوژانی کۆماری ئیسلامیشەوە دەگەڕێتەوە سەر ئەو "دیاردەیە". بۆیە بە تێپەڕبوونی کات لە بیر ناچێتەوە، تەنانەت ساڵ بۆ ساڵ بە هێزتر دەبێ، پەل و پۆ داوێ و دەبێتە هاندەرێکی بە هێزی خەباتی نەتەوەیی لە کوردستان.

دەکرێ لە زۆر بوارەوە کاریگەری و دەوری د. قاسملوو لە سیاسەتی کوردیدا لێک بدرێتەوە، راڤە و شیکاری بکرێ، بە چاوی رەخنەگرانەوە هەڵسەنگێندرێ و ئەزموونەکانی بکرێتە وانە بۆ گەشاندنەوەی خەبات. بووژاندنەوەی حیزبی دێمۆکرات، دەرهێنانی ئەو حیزبە لە ژێر کاریگەری و سێبەری دوو هێزی خاوەن ئوتۆریتە لە ساڵەکانی ٣٠ و ٤٠ ی هەتاوی (٥٠ و ٦٠ی زایینی)؛ یەکێکیان هێزێکی ئێرانی و ئەوی دیکەیان هێزێکی کورد، پەیداکردنی دەیان دۆست و خەمخۆر بۆ خەباتی نەتەوەیی کورد لە ئاستی جیهانی و نێودەوڵەتیدا، لە ئاستی نێونەتەوەییدا مەشرووعیەت دان بە خەباتی چەکدارانەی کورد لە دژی رێژیمی کۆماری ئیسلامی، دامەزراندنی پێوەندیی دروست، سەربەخۆ و بە بێ بەستراوەیی لە گەڵ ئەو دەوڵەتانەی کە بە هۆی دژایەتیان لە گەڵ کۆماری ئیسلامی ئامادەبوون یارمەتی بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بدەن و دیپلۆماسیەک لە سەر بنەمای پیوانە ئەخلاقیەکان بەشێک لەو هەنگاوە سەرکەوتوانە بوون کە د. قاسملوو و تیمی بەڕێوەبەرانی سیاسی یارمەتیدەر و هاوکاری ئەو ئەنجامیان دا. لە بەرامبەریشدا کۆمەڵە پرسێکی سیاسی و نێوخۆیی رێکخراو بۆ د. قاسملوو ئالنگاری بوون کە رەنگە ئەگەر بۆ خۆی دەرفەتی بوایە، پێداچوونەوەی پێدا کردبان و بە شێوەیەکی جیاواز هەڵس و کەوتی لە گەڵ کردبان. چونکە گۆڕان، فێربوون لە ئەزموونەکانی و پێشکەوتنیش لەو تایبەتمەندییانە بوون کە د. قاسملوو لە ماوەی ژیانی کورت بەڵام پڕ بەرهەمیدا شوێنگریان بوو و ئەنجامی دەدان. بۆ ئەو، کردەوە لە هەوو بوارەکاندا پیوان بوو، و ئەو پیوانە لە پرسی بەڕێوەبەری دا گرینگتر و بە هەیبەتتریش خۆی دەنواند.

بەڕێوەبردنی حیزبێک، بزووتنەوەیەک، کۆمەڵگایەک، وەڵاتێک یا تەنانەت ناوەندێک، دایرەیەک، کارگەیەک و کۆگایەکی بچووکیش وێڕای پێشەنگی بە توانا، پێویستی بە هونەری بەشداری پێ کردن، پرەنسیپی دابەشکردنی ئەرک و دەسەڵات و متمانە پێ کردن هەیە تا دەسەڵات لە دەستی یەک کەس دا کۆ نەبێتەوە. لەو سۆنگەیەوە پرسی بەڕێوەبەریی "کۆ" بۆ د. قاسملوو گرینگ بوو و ئەو زۆر هەوڵی دەدا تا بزووتنەوەی کورد لە بەستراوەبوون بە یەک کەسەوە دوور بخاتەوە و ئەو هزرە لە نێو کۆمەڵگا و حیزبی دێمۆکراتدا بە جێ بکا کە دەوری تاک، چەندەش گرینگ بێ بۆ بەردەوامی پێدان بە ژیانی سیاسی رێکخراوێک نابێ تاکانە و چارەنووس ساز بێ. ئەو روانگەیە تێگەیشتن و تێروانینێکی زانستیی روو لە پێشەڕۆژە کە پرسی بەڕێوەبەری دەخاتە چوارچێوەیەکی هاوچەرخ و دێمۆکراتیکدا. بۆیە بەردەوامی پێدان بەو هزرە و پێداگری لە سەر ئەو روانگەیە پرەنسیپێکی سیاسی گرینگە کە دەبێ بەردەوام گەشەی پێ بدرێ، بە سازی بکرێ و بپارێزرێ. واتا تەنیا راگەیاندنی وەفاداری بەو پرەنسیپە ناتوانێ ئەو هێما گرینگە بپارێزێ. ئەو هێمایە دەبێ بە پێی سەردەم خۆی لە

گەڵ هەموو گۆڕانکارییەکاندا بگونجێنێ، خۆی نوێ بکاتەوە، بە خۆیدا بچێتەوە، خۆی بگۆڕێ و بەرهەمی نوێ بخوڵقێنێ.

بە پێی پێشکەوتنەکانی زانست و تێکنۆلۆژیی، ڕەهەندە کۆمەڵایەتیەکان بە خێرایی گۆڕانیان بە سەردا دێ و هەر بەو پێیەش پێویستی گۆڕان و نوێکاری سەر هەڵدەدا. مۆدێلێکی سەرکەوتووی بەڕێوەبەری، بەڕێوەبەرێکی سەرکەوتوو یا تیئۆرییەکی گونجاو کە یەک دوو دەیە کارا، بەرهەمدار و خوڵقێنەرە، ئەگەر خۆی نەگۆڕێ و گەشە نەکا، دەتوانێ ببێتە لەمپەری پێشکەوتن و بە بێ ئەوەی بەرپرسان بۆ خۆیان پێی لێ بنێن ڕێکخراوەکەی تووشی ڕاوەستان یا داگەڕان دەکا. بۆیە هەر بەڕێوەبەرێکی سەرکەوتوو لە سەردەمی ئێستادا، بە بێ لە بەر چاو گرتنی شێوەی ڕێکخستن، قەوارە، گەورەیی و بچووکی و هتد پێویستی بە نوێکردنەوە، پێداچوونەوە، هەڵسەنگاندن و داڕشتنەوەی نوێ هەیە. دوکتۆر قاسملوو جارێکیان لە وەڵامی مام جەلال دا کە لە زمان کاک عەبدوڵڵا موهتەدی و ڕێبەرانی ئەو سەردەمەی کۆمەڵەدا پێی گوتبوو "کۆمەڵەی ئێستا بڕوای بە هەمان تیئۆرییە کە خودی ئەو لە کتێبی کورد و کوردستانیدا وەفاداری خۆی بۆ دەربڕیوە، کە وابوو بۆ چی ئەو ڕوانگە سیاسیەکانی کۆمەڵە قبووڵ ناکا" گوتبووی، "منیش ئەو دەم وەکوو ئێستای ئەوان وابووم". د. قاسملوو زۆر جار ئەو باسەی وەکوو نموونەیەک بۆ پێویستی گۆڕانی بەردەوام و وازهێنان لەو ڕوانگە و تیئۆرییانەی کە لە بەردەوامی ڕەوتی مێژوودا بۆ ئامانجە بنەڕەتیەکانیان دەبنە لەمپەر بە کار دێنا، مەبەستی لەو قسەیە ئەوە بوو کە ئێستا گۆڕانم بە سەردا هاتووە و بە هەڵسەنگاندنی تێز و تیئۆرییەکانی ڕابردوو، ڕێبازێکی دیکەم هەڵبژاردوە.

یەکێک لە کاراکتێرە هەرە گرینگەکانی بەڕێوەبەرایەتی سەرکەوتوو کەڵک وەرگرتن لە تواناییە مرۆڤیەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجە هاوبەشەکانە. ئامانج دەبێ بە پێی پیوان و پرەنسیپە داڕێژراوەکان دیاری بکرێ، ڕاگەیەندرێ، بناسێندرێ و بە شێوەی تیمی کاری بۆ بکرێ تا دەبێتە ئامانجی هاوبەش. لەو پێوەندییەدا متمانەی دوولایەنە دەوری بنچینەیی دەگێڕێ. بۆیە دەبێ لە ڕەوتی دیاریکردنی ئامانج دا، وێڕای داڕشتنی بەرنامە بۆ گەیشتن بە ئامانج، زەمینە و دەرفەت بۆ بەشداریی بەرفراوانی هەموو لایەنە پێوەندیدارەکانیش بڕەخسێندرێ، جا ئەو لایەنە لە چوارچێوەی خودی ڕێکخراودا دەبێ یا لە ژینگەی دەورووبەری. ئەوەش ئەرکی بەڕێوەبەرە کە زەمینە بۆ ئەو کارە خۆش بکا.

پێوەندی لە سەر بنەمای ڕێزلێنان، ڕاشکاوی، دان پێدانان و هاندان، سپاردنی بەرپرسایەتی، دانی وزەی ئەرێنی و بە هێزکردنی حەزی بەشداریکردن و لە بەرچاوگرتنی دەوری تاکەکان لە ڕەوتی بەڕێوەبەریدا بەردی بناغەی سەرکەوتنی بەڕێوەبەریی هاوچەرخن. هەر ئەو پیوانانەشن کە متمانەی دوو لایەنە بە هێز دەکەن، متمانە بە خۆبوون دەخوڵقێنن و شەپۆلی پێشکەوتن و نوێکاری وەرێ دەخەن. لەو ڕەوتەدا بەڕێوەبەرێک کە بتوانێ ئاریشە و گرفتە پڕ ڕەهەندەکان چارەسە بکا، لە لەمپەربوونیان کەم بکاتەوە، هێوری دروست بکا و ڕووناکایی بخوڵقێنێ بەڕێوەبەرێکی سەرکەوتووە.

لە لایەکی دیکەوە لە بەڕێوەبەریی نوێدا ئەوە هەمیشە تێئۆری "کارایی" و "چالاکبوونی" ڕێکخراو لە ڕوانگەی ماکس وێبێرەوە نیە کە پێشکەوتن و سەرکەوتن دەخوڵقێنێ. هەر چەند بیرۆکەی بڕۆکراسی وێبێر کە گرینگی بە شێوەی "هرەمی یا سێ کوچکەیی" ڕێکخستن بە بەڕێوەبەرێکی بە هێز لە ترۆپکی ڕێکخراودا دەدا و پێی وایە کە هەموو هەڵس و کەوتەکان دەبێ بە بەڵگە و بە پێی پیوان و قەراری نووسراوە و لە چوارچێوەی دیاریکراودا بن و هەمیشە میکانیزمی کۆنتڕۆڵ و ڕاپۆرتدان لە نێو ڕێکخستن و کاری بەڕێوەبەریدا کارا بێ ئێستاش هەر قورسایی خۆی هەیە. کاری ڕێکخراوەیی و بەڕێوەبەریی سەردەمیانە گرینگی بە کاری تیمی، تێگەیشتن و تێگەیاندن، زوڵالی، بەشداریکردن و پێوەندی دوولایەنە دەدا و دەوری بەڕێوەبەر زیاتر وەکوو ڕێکخەرێک دەنوێنێ کە دەبێتە وێنای فەرهەنگی ڕێکخراوەیی. لەو ڕوانگەیەوە ئێستا زیاتر گرینگی بە کاراکتێری بەڕێوەبەری و دەوری کەس و کەسانی بەڕێوەبەر دەدرێ تا شەخسی بەڕێوەبەر. ئەو کاراکتێرانە گشتگیرن و پێکەوە جەوهەری بەڕێوەبەری سەرکەوتوو دەخوڵقێنن. لە بەردەوامیی فەرهەنگسازیی ڕێکخراوەییدا کە د. قاسملوو گرینگی زۆری پێ دەدا، ئێستا بزووتنەوەی کورد و بە تایبەت حیزبی دێمۆکرات پێویستی زۆری بەو مودێلەی بەڕێوەبەری هەیە.

بێجگە لە دەوری بەڕێوەبەر وەکوو وێنا و سەمبولێکی پێشەنگ کە دەبێ لە هەموو بوارێکەوە ئیلهامدەری دەورووبەری خۆی بێ، یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی بەڕێوەبەری سەرکەوتوو ئەوەیە کە دوورەدیمەنێک بخوڵقێنێ تا ئەندامانی ڕێکخراو یا دایرەی ژێر بەڕێوەبەرایەتی ئەو ئامانجەکانی خۆیانی تێدا ببیننەوە. ئەو دوورەدیمەنە دەتوانێ وەک ئامانجی دواڕۆژی حیزب لە سەردەمی د. قاسملوو دا کۆمەڵگایەکی نموونەیی بێ کە پێشتر ئەو بە کۆمەڵگای سۆسیالیستی و دواتریش بە سۆسیالیستیی دێمۆکراتیک بە ناوی دەکرد. یا دەتوانێ کۆمەڵێک پیوان و نۆرمی دڵخواز بن کە هیوایەک بەو کەسانەی لەو چوارچێوەیەدا کار دەکەن دەدا تا بەردەوام لە هەوڵی گەشەکردن و پێشکەوتندا بن. ئەو ئامانجە چەندە ئوتۆپیک و دوورەدەست بێ، ئەوەندە بۆ ڕێکخراو و کەسی بەڕێوەبەر سەرئێشە و ئاریشەخوڵقێنە. بە پێچەوانە وەها دوورەدیمەنێک چەندە مومکین بێتە بەرچاو و لە گەڵ ویست و حەزەکانی ئەندامان و پێڕەوانی کەسایەتی بەڕێوەبەر و ڕێکخراو یا ئەو یەکینەیەی ئەو بەڕێوەی دەبا بگونجێ، ئەوەندە حەز بۆ هەروەزی گشتی بۆ گەیشتن بە ئامانج و حەزی هاوبەش بۆ دابەشکردنی ئەرک و دژوارییەکان زیاتر دەبێ.

متمانەش کاراکتێرێکی دیکە و گرینگی بەڕێوەبەری سەرکەوتووە. هەر چەند متمانە بەرفراوانتر و دوو لایەنەتر بێ، ئەوەندە کارئاسانی و ئیمکانی سەرکەوتنی بەڕێوەبەر زیاتر دەبێ. بەڵام بۆ وەدەستهێنانی متمانە کاری بەردەوام، نەپساوە و سیستەماتیک پێویستە کە لە ڕێگای گوێ ڕاگرتن، دان و ستانی پڕاوپڕ لە ڕێز و بەرزکردنەوەی لایەنی بەرامبەر و بەشداری پێکردنی زۆربەوە بە ئەنجام دەگا. سەرچاوەی متمانە، بڕوا بە جەوهەری نرخداری مرۆڤایەتیە کە بە دوور لە ڕەنگ، ڕەگەز، زمان، ئاین و هتد ڕێز لە کەرامەتی مرۆڤ دەگرێ و لە سە ربنەمای متمانە هەڵس و کەوتی لە گەڵ دەکا

تا ڕێگای خۆشبەختی و ژیانی باشتری بۆ بکاتەوە.

بۆ وەدەست هێنانی متمانە و خوڵقاندنی ژینگەیەک کە مرۆڤ تێدا هەست بە بە نرخ بوونی خۆی بکا و لە بەرامبەر دەورووبەرییەکانیدا بەرپرسایەتی وەئەستۆ بگرێ هاوتەریب لە گەڵ پشتیوانی کردن لە تواناییەکانی هەر تاکێک، دەبێ حیساب لە سەر هێزی یەکگرتووی "کۆ"ش بکرێ. واتا هەم تاکەکان ببیندرێن و هەم هەستی بەرپرسایەتی کۆ بەرز بکرێتەوە. لە هەر شوێنێکیش کە پێویستی بە گۆڕین و چاکسازی بوو لە ڕێگای هەڵسەنگاندنی بابەتیانە و ڕوانگەی ڕەخنەگرانەی چاککەرەوەوە هەنگای پێویست بهاوێژرێ. لەو ڕەتە دا دەوری ڕوانگەی جیاواز و تەنانەت ڕای جیاوازیش زۆر گرینگە، چونکە دەبێتە هۆی گەشەکردن و پێشکەوتن. بەڕێوەبەرێکی سەرکەوتوو نە تەنیا لە بەر ڕەخنە و ڕای جیاواز هەڵ نایە، بەڵکوو هێزی لێ وەردەگرێ، بە کاری دێنێ و ئاستەنگە نەدیارەکانی سەر ڕێگای ئامانجی هاوبەشی پێ دەبینێتەوە و چارەسەریان دەکا.

زۆربەی بەڕێوەبەران و ئەو ڕێکخراوانەی کە لە حاڵی گەشەکردنی بەردەوام دان بە شێوەی سیستەماتیک گرینگی بە ڕەخنەی چاککەرەوە دەدەن و بۆ دەستنیشان کردنی لاوازییەکان و پلانسازی گۆڕانکاریی نوێ بە کاری دێنن. سەرکەوتووترین ڕوانگەی ڕەخنەگرانە دەستنیشانکردنی هێز یا تواناییەکان، لاوازییەکان، دەرفەتەکان و مەترسی یا هەڕەشەکانە کە ساڵانێکە وەکوو یەکێک لە مودێلە جێکەوتوو و ناسراوەکانی شرۆڤەی ڕەوشی ڕێکخراو یا دەزگایەکی بەڕێوەبەری بە کار دێ و ڕێبەرە سەرکەوتووەکان بە بەردەوامی کەڵکی لێ وەردەگرن. ئەو مودێلە بۆ دەستنیشان کردنی گرینگترین فاکتۆرە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی کاریگەر لە سەر کار و هەبوونی ڕێکخراو یا سیستەم بەکار دەبرێ و لەو ڕێگایەوە هەوڵ دەدرێ پاش دەستنیشانکردنی لاوازی و هەڕەشەکان یا لەمپەرەکانی سەر ڕێگای گەشە کردن، بە بەهێزتر کردنی دەرفەت و تواناییەکان ڕێگای گەیشتن بە ئامانج کورتتر و کەم هەزینەتر بکرێ.

بەڕێوەبەری و کاری ڕێکخراوەیی لە جیهانی مودێرن دا بۆ کارابوون و خێراتر کردنی ڕەوتی گەیشتنی مرۆڤ بە خۆشی یا دڵخۆشی و ڕیفاهە. ئەو دڵخۆشیە هاوتەریب لە گەڵ لایەنی دەروونی، ژیانێکی خۆش، ئارام و ژینگەیەکی تەندروستیش دەگرێتەوە کە دەکرێ چەمکی خۆشژینی بۆ بە کار بهێندرێ. ئەرەستوو بۆ ئەو خۆشژینیە چەمکی یوودایموونیا (Eudaimonia)ی بە کار هێناوە و پێی وابوو ئامانجی هەموو مرۆڤێک ئەویە بە یوودایموون یا بە قۆناغێک لە ژیان بگا کە خۆشی لە دەرفەتەکانی ژیان ببینێ. ئەو دەرفەتانە شێوەی کار، خەبات بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی سیاسی، ڕێکخراوەیی، تاکەکەسی، بەرهەم هێنانی زیاتر، خزمەتگوزاری باشتر و بە کورتی هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤەکان و ژیانی کۆمەڵایەتیش دەگرێتەوە.

ئەگەر د. قاسملوو لە گەیاندنی ئەندامانی کۆمەڵگا و حیزبەکەی خۆیدا بە ژیانێکی ئاسوودە، ئازاد و پڕ لە خۆشی و ڕیفاهدا سەرکەوتوو نەبوو، لانی کەم بەردی بناغەی ڕێبازێکی دانا کە لەو پێناوەدا تێدەکۆشێ. بۆیە ئێستا ناو و ڕێبازی ئەو لە گەڵ چارەنووسی نەتەوەکەی ئاوێتە بووە و لە گەڵی دەژی، پێش دەکەوێ، هەڵس و کەوت دەکا و خۆی دەنوێنێ. ئەو بە کردەوە بەڕێوەبەر بوو، لە پێناوی ئازادیی گەلەکەیدا سەری دانا و پێی وابوو کە "گەلێک ئازادی بوێ، دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدا". بە کردەوە بۆ خۆشی نرخی خەبات بۆ ئازادیی دا و ئاساییشە کە هەتا هەتایە لە گەڵ هیواکانی ئازادی و بڕواکانی نەتەوەکەی بۆ ئازادی بژی.

**یاد و ناوی د. قاسملوو بەرز و نەمر.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوولای ٢٠٢١**

**پرسیار: کارتێکەریی یەکگرتنەوەی دێمۆکڕاتەکان لەسەر بزاڤی رزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن دەبینی؟**

**دیمانە: ڕحمان نەقشی**

**یەکگرتنەوەی دێمۆکراتەکان هەروەها پەرەی بەو زێهنیەتە دا کە ناکۆکی و بیروڕای جیاواز دەکرێ دەوڵەمەندیی هزری و بەهێزبوونی لێ بکەوێتەوە، بەو مەرجەی وەک سەرچاوەیەک بۆ بڵاوکردنەوەی ئێنرژیی ئەرێنی چاوی لێ بکرێ**

**عەبدوڵڵا حیجاب**: حیزبی دێمۆکرات بە یەکگرتنەوەی ئەو جارەی ئەزموونێکی جیاوازی لە لێکدانەوەی ناکۆکییە نێوخۆییەکان و دانانی میکانیزم بۆ چارەسەرکردنیان تاقیکردەوە و توانی تێیدا سەربکەوێ. خودی ئەو سەرکەوتنە وەرچەرخانێکە لە مێژووی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، چونکە لە ڕابردوودا زیاتر ئەزموونمان لە دابڕان و پێک هەڵپرژاندا وەسەریەک نابوو تا تاقیکردنەوەی ڕێگای دیالۆگ و لێک تێگەیشتن. ڕەوتی یەکگرتنەوەی دێمۆکراتەکان ئەگەر چی زۆری خایاند، بەڵام سەرئەنجام توانی کۆسپەکان لاببا و یەکێک لە هەنوکەییترین ئاواتەکانی بە هەزاران ئەندام و لایەنگر و دۆستی حیزبی دێمۆکرات و بە میلیۆنان خەڵکی کورد وەدی بێنێ.

ئەو یەکگرتنەوەیە وێرای وەسەریەکخستنەوەی ڕیزەکانی یەکێک لە کاریگەرترین و گرینگترین هێزەکانی نێو بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە دڵنیاییەوە کاریگەریی ڕاستەوخۆ و ئەرێنیی لە سەر هەمووی بزووتنەوەی نەتەوەیی و بە گشتی لە سەر کۆمەڵگای کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەبێ. دەرسەکانی ئەو ڕەوتە، شێوەی ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ کۆسپەکان، گۆڕینی فۆکوسی سیاسی لە کێشەوە بۆ چارەسەری، ئەو ورە، هێز و توانایییەی کە ئەو یەکگرتنەوەیە بە ئەندامان و دۆستانی حدکا دەبەخشێ و ئەو جم و جۆڵە ئەرێنییەی کە لە کۆمەڵگای سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەبینین ئەنجامی کورتخایەنی ئەو ڕەوتەن. بەڵام لە درێژخایەندا ئەو یەکگرتنەوەیە ئەنجامی ستراتێژیکیشی دەبێ و هەم لە ئاستی نێوخۆیی و هەم لە ئاستی نێونەتەوەییدا قورساییەکی زیاتر بە حدکا و هەموو بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبەخشێ.

بە بڵاوبوونـەوەی هـەواڵی یەکگرتنـەوەی دێمۆکراتـەکان، هـەموو ئـەو کەسـانەی کـە خـەمخۆری بزووتنـەوەن، چ ئەوانـەی لـە نێوخـۆی وەڵاتـدا و وەک ئەنـدامێکی سـیڤیلی کۆمـەڵگا دەژیـن و چ ئەوانـەی لـە دەرەوەی وەڵاتـن و دڵیـان بـۆ ئـازادیی وەڵاتەکەیان لێ دەدا هیوایەکیان بەدی کرد و بینیان کە بزووتنەوەی کورد سەرئەنجام گەیشتۆتە ڕادەیەک لە پێگەیشتوویی سیاسی کە بتوانێ کێشە نێوخۆییەکانی بە دیالۆگ و بە بێ دەستتێوەردانی دەرەوە چارەسەر بکا. نیشانەکان وا دەردەخەن کە لە نێوخۆی وەڵاتدا گەشانەوەیەک بە ڕەنگ و ڕوخساری ئۆگرانی بزووتنەوەوە دیارە. شایی و بۆنەکانی دوایی یەکگرتنـەوەش دەیسەلمێنن کە بە هەزاران چاو چاوەڕوانی ئەو ساتە بوون کە ئەو مزگێنییەیان پێ ڕابگەیەندرێ.

سەرکەوتنی ئەو ڕەوتە دەریخست کە هـەر کـات نزیکبوونـەوە و زەقکردنـەوەی خاڵـە هاوبەشـەکانی بکرێنـە بنـەما، دیتنـەوەی ڕێگاچارەی کێشە و گرفتە سیاسیەکان سانایی دەبێ. ئەزموونی حدکا لەوبوارەوە دەکرێ ڕابگوێزرێتەوە گۆڕەپـانێکی بەرینتر و بـۆ ئاسـتێکی بـەرزتری نەتەوییـەوە و بکـرێ بـە نموونـە بـۆ چارەسـەرکردنی گرفتـەکانی نێـوان لایەنـە ناکۆکـەکانی کوردستانیش. بە تایبەت ئەگەر حدکا بتوانێ و بیهەوێ ئەو ئەزموونە سەرکەوتووانەیە دابەش بکا و لایەنەکانی دیکەش بە پێشوازییەوە بچن و ڕێبازی دیالۆگ و چارەسەریی کێشەکان بە بنەما بگرن.

یەکگرتنەوەی دێمۆکراتەکان هەروەها پەرەی بەو زێهنیەتە دا کە نـاکۆکی و بیـروڕای جیـاواز دەکرێ دەوڵەمەندیی هـزری و بەهێزبوونی لێ بکەوێتەوە، بەو مەرجەی وەک سەرچاوەیەک بۆ بڵاوکردنەوەی ئینرژیی ئـەرێنی چـاوی لـێ بکـرێ و دەرفـەتی کانالیزەبوونی پێ بدرێ. لەو ڕوانگەیەوە دەبینین کە ئێستا زەمینەیەکی ئامادەتر هەیە تا تواناییەکانی ئێستا و داهـاتووی حدکای نوێ زۆر لە سەرجەمی تواناییەکانی دوو لایەنی دێمۆکرات لە ساڵانی ڕابردوودا زیاتر بکرێ، دەرگای زیاتر بـە سـەر حدکای یەکگرتوودا بکرێنەوە و هزرەکان زیاتر لە حیزبێکی یەکگرتوودا بکرێنەوە و گەشەیان پێ بدرێ.

ئەو گۆڕانکارییە هەر وەها دەرفەتی ڕەخساندوە تا ئـەو پوتانسیەلە بە هێزەی کە بزووتنـەوەی کـورد لـە دەرەوەی وەڵاتـدا هەیـەتی وەجووڵـە بکـەوێ، وەسەریەک بکەوێتـەوە و شـەپۆلێکی بـە هێـزی پشتیوانی بـۆ حدکا دروست بکـا. بێگومـان ئـەو شەپۆلە دەتوانێ هاندەر بێ بۆ ئەندامان و لایەنگرانی باقی هێزەکانیش تـا لـە پێشبرکێیەکی ئـەرێنی و چاککەرەوەدا وەخۆ بکەون و بەرهەمێکی باشتر بۆ ئەو لایەنانە بخوڵقێنن کە پشتیوانیی لێ دەکەن. لـە ئاستی نێونەتەوەیشدا ئـەو وەسـەریەک کەوتنـە دەرفـەتێکی زیـاتر و گونجـاوتر بـۆ بزووتنـەوەی کـورد دەڕەخسێنێ تـا بـە قورسـاییەکی زیـاترەوە خـۆی بنـوێنێ و تواناییەکانی خۆی بۆ چارەسەری و بۆ وەجووڵە خستنی تواناکان نیشان بدا.

ئەگەر کاریگەرییە نێوخۆییەکانی وەسەریەکخستنەوەی ڕیزەکانی حدکا بە قەڵەمبازێکی سیاسی و هەستانەوەیەکی کاریگەری نەتـەوەیی بـە حیسـاب بـێ، دەبـێ ئەوەشی لـێ زیـاد بکـەین کـە کاریگەرییـەکانی ئـەو سـەرکەوتنە لـە سـەر بەرزکردنـەوەی

قورسایی کورد بە نیسبەت هێزەکانی ئوپۆزیسیۆنی ڕێژیمشدا کەمتر گرینگ نیە. دژکردەوەکانی ئەو هێزانەی خۆیان بە ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم دەزانن لە سەر یەکگرتنەوەی دێمۆکراتەکان زۆر بە ڕاشکاوی دەریخست کە نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە داهاتوودا لە گەڵ چ زێهنیەت و تێڕوانینێکی دەسەڵاتداری بەرەوڕوویە. بۆ بەرەنگاربوونەوە یا هەڵس و کەوت لە گەڵ وەها زێهنیەتێک، دەبێ کورد لە ئێستاوە زەرفیەتەکانی خۆی بە ڕوونی نیشان بدا و یەکگرتنەوەی دێمۆکراتەکان یەکێک لەو زەرفیەتانەی وەدەرخست.

بەڵام ڕەنگە یەکێک لە ئەنجامە هەرە ئەرێنیەکانی سەرکەوتنی دێمۆکراتەکان لە ڕەوتی یەکگرتنەوەدا ئەوە بێ کە ئەوان توانیان پڕۆپاگاندای نەیارانی کورد کە بە شەڕی دەروونی هەمیشە هەوڵیان دەدا و هەوڵ دەدەن خەڵک لە بزووتنەوەی نەتەوەیی و لە هێزە سیاسیەکان بێ هیوا و دڵسارد بکەن پووچەڵ بکەنەوە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و باقی نەیارانی کورد هەمیشە ناکۆکیە نێوخۆییەکان وەک کارتێک لە دژی خودی کورد بە کار دێنن. لەوەش خراپتر بە هەواڵی چەواشە، قووڵ کردنی ناکۆکیەکان و بڵاوکردنەوەی تۆوی دووبەرەکی هەوڵ دەدەن زیاتر کورد بە نیسبەت یەکترەوە دوڕدۆنگ بکەن و تواناییەکانی کورد لە دژی خۆی بە کار بێنن. حیزبی دێمۆکرات بەو یەکگرتنەوەیە توانی بسەلمێنێ کە دەکرێ ئەو شێوە پلانانەی نەیاران بکا بە چەکێک و لە دژی خۆیان بە کار بێنێ.

ئۆسلۆ؛ ٣٠ - ٨ - ٢٠٢٢

سەرچاوە: نامیلکەی کۆمەڵێک دیمانە؛ بەبۆنەی یەکگرتنەوەی دێموکڕاتەکان

خەرمانانی ٢٧٢٢ی کوردی = سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe

## کۆنفرانسی شۆڕشی ژن، ژیان ئازادی و داهاتووی ڕۆژهەڵات، شەمە ١٣-ی مەی ٢٠٢٣ پانێلی سێیەم، قسەکانی هاوڕێ عەبدوڵای حیجاب

کۆنفرانسی شۆڕشی ژن، ژیان ئازادی و داهاتووی ڕۆژهەڵات، شەمە ١٣-ی مەی ٢٠٢٣

### پانێلی سێیەم

### قسەکانی هاوڕێ عەبدوڵای حیجاب

**دیمەن سوهرانی بەڕێوەبەری پانێل: یەکڕاست دەچمە لای بەڕێز عەبدوڵا حیجاب چالاکی سیاسی لە مژاری بەڕێزیان لە سەر شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بە لێکەوتەی سیاسییەوەیە فەرموون!**

**عەبدوڵا حیجاب:** دەنگ هەیە وا نییە؟ کێ کەمتر خەوی دێ؟ یەک دوو کەس کەمتر خەویان دێ. دوای نان خواردن ئینسان ماندوو دەبێ بە تایبەت ئەگەر ڕۆژ درێژ بێ بۆیە بۆ ئەوەی کەمتر خەوتان لێ بکەوێ یا بۆ ئەوەی باشتر خەوتان لێ بکەوێ مەوجەکەی دەگۆڕم دەیکەمە کورمانجی یا دەیکەمە شکاکی دێی خۆمان (پێ دەکەنی، چەپڵەی ئامادەبووان) بۆ ئەوەی ڕاحەت خەوتان لێ بکەوێ چون دیالێکتی کورمانجی هێندێک هارمۆنی تێدایە بەڵام بۆ ئەوەی کە زۆر نەچن دە خەوی قووڵەوە هەوڵ دەدەم جاروبار هێندێک وشەی سۆرانیشی تێ بخەم بۆ ئەوەی کە لە پڕ ڕا ڕاچڵەکن لە خەو. باشە ئاوا؟ گەلێک سپاس.

گومان د وێدا نینە کو ئارمانجا شۆڕشان، ئارمانجا سەرهلدانان دەسکەفتێن سیاسی یە. ئوو گومانێ د وێدا نینە ژی کو ئەم حەموو ل بەندێنە تەڤگەرا کورد ب گشتی، ئیران بە گشتی، ئوو جڤاکا کورد ل ڕۆژهلاتێ کوردستانێ ل بەندێیە کو ئەو سەرهلدانە، ئەو پێڤاژۆیا شۆڕشا کو نها ل ڕۆژهلاتا کوردستان ڕەوتا شۆڕش کو دەست پێ کری ببە هەگەرا گوهارتنێن سیاسی سیستمێکی ئالترناتیڤ دێ پێش بە ڕێژیمێ بگوهۆرە. ئەو مسۆگەرە، ئەو نە جێیێ باسێ یە. د هەمان دەمێ دە ژی دبێ ئەم ڕاستیێ جڤاکا خوە ببینن، ڕاستییا سیاسەتا خوە ببینن و ڕاستییا خوە ژی ببینن. ئەم ئەگەر تەماشای ڕەوشا کو نها شۆڕشا کورد یا بێژن شۆڕشا گشتی یا ئێرانێ د ناڤ دە تەماشا بکن ئەڤە پێڤاژۆیەکە ڕەوتێکە کو دەس پێ کرییە، ئارمانج گوهارتنێن سیاسی، گوهارتنێ ڕێژیمێ یە لێ ئاستەنگن سەر ڕێیا وان گوهارتنێن سیاسی زێدەنە لەوما ئیحتیمال هەیە کو ئەو پێڤاژۆ دەمێک کورت بکێشە، ئیحتیمال هەیە کو دەمێک درێژ بکێشە. لێ ل ڕۆژا دەست پێ کری حەتتا ئەم

دگێڕنە ڤێ ئارمانجێ گەلۆ چ ل سەر رێیا مەیە؟ چ ئیمکان دکارن بێنە پێش، چ گریمانە دەکارن بێنە پێش؟ برێژێن کۆ سەر سبێ حەتتا نها ئاخافتنی گەلەک ب باشی و ب کووری، بە قووڵی چوونە ناڤا پێڤاژۆیا سیاسی و بەحسا رەوشا سیاسی کرن؛ ئالیێ هەرە گرینگە. وەکێ ئەم تەماشای دیرۆکا شۆڕشێن جیهانێ بکن ئەگەر یا ئەمرتکا ئەم بێژن شۆڕش بوو،شۆڕشا فەڕانسە، شۆڕشا ئۆکتۆبر ئوو سەرهلدانا کو ل ئیرانێ چ بوویی و هێن کەس دبێژن شۆڕش، هێن کەس دبێژن شۆڕشا هاتییە دزین، هێن کەس دبێژن شۆڕشا ئیسلامی، هەر کەس ناڤەکی لێ دخە، لێ گوهارتن بوو، گۆهارتنەک بوو. هەر گوهارتنێ، یا بێژین هەر شۆڕشێ ئارمانجێ خوە، چوارچێوەیا خوە، فەلسەفەیا خوە یا سیاسی هەبوونە وەکوو چاڤا ئەم شۆڕشا نها ل ڕۆژهلاتا کوردستانێ دبینن ئەویش فەلسەفە و ئارمانجێ خوە هەنە.

مژارا کو ئەز دخوازم زێدەتر ڕۆناهییێ بێخمە سەر یا تیشکێ بێخمێ سەر ئالییێن جڤاکی یە، ئالییێ بێژن ڕەهەندی کۆمەلایەتی یا ڤێ تەڤگەرێ یە. بۆچ ژن، بۆ چ ژیان، بۆ چ ئازادی؟ ئەرێ فەلسەفەیەک ل پشتە خەباتەک دوور و درێژ ل پشتە، خەبات و تێکۆشینا ژنێن کوردە کو د تەڤگەرێ دە بوونێ، د هەمان دەمێ دە ژی خالێ ئەساسی کو ئەز دخازم ئاماژە پێ بکم ئەوە کو پێداویستییا، پێویستییا جڤاکا ئیرۆ یا کوردستانی بۆنا گوهارتنا زێهنییەتێ گەلێک زێدەیە. زێهنییەتێک کو ب خوە رە پێلەک دن یا شەپۆلێک دن بینە، شەپۆلێک کو جودا بە ل دیرۆکا سیاسی یا کورد ژ دەسپێکوە حەیا نها. دیرۆکێک دەولەمەندە گومان تێدا نینە، لێ پێشەرۆژ ب دیرۆکا مەیێ دەرباز بوویی نایە چێ کرن. ئالییێ جڤاکی کو ئەز دخوازم باس بکم ئەوەیە کو جڤاکا کورد ژ بەر کو نە سیستەما خوەیە پەروەردەیێ هەیە، نە ڕەوشەنبیرییەک وسا هەبوویە کو بکاربە،حەیا نها بکاربە بێژن گوفتمانەک سیاسی چێ کە ل ناڤا خوە دە و نە ل بارێ سیاسی دەرفەتا هندێ هەبووە کو بە ئاوایەک ئازاد خوە ب ڕێخستن بکە حەرەکەتێن سیاسی یا ئا کورد، حەرەکەتێن زێدەتر دژبەر، حەرەکەتێن زێدەتر شۆڕشگەری، حەرەکەتێن زێدەتر ڕادیکال بوونە. ئەز ڕادیکاڵ لە باری فەلسەفا سیاسییەوە نابێژم ئەز ل بارێ عەمەلکەردوە دبێژم. باری کریار، پراتیکێ دە. ئەو زێهنییەتا ڕادیکال د پراتیکێ دە د ڕەفتار، د ڕابوون و ڕۆیشتنا ڕۆژانە مە دە ژی دەنگ ڤەدان هەیە، ڕەنگدانا وێ هەیە. شێوەیا ئاخافتنا مە، شێوەیا ڕەخنەگرتنا مە، شێوەیا دەربرینا نێرینا، شێوەیا ب هەڤرا هەڤکاری کرنێ. ژ بەرکو جەوا سیاسی یا کو، یا بێژن ئاتمۆسفێرا سیاسی یا کو ئیرۆ ل کوردستانێ ب گشتی و ل ڕۆژهلاتا کوردستانێ ب تایبەت هەیی جەوێکی هنەکیزەدە یە، زەدە ئەگەر فارسییا وێ بێژن شکەنەندە یە، شکەنەندە ب ویی واتایێ کو تو دکاری پێڤاژۆیان پێک بینی، تو دکاری هاوبەندیا پێک بینی، تو دکاری هاوپەیمانیان پێک بێنی لێ ئەمما ل سەر تشتەک بچووکبەمدە کو ژ هەڤ بێ هلوەشاندنێ.

(بەشێک لە ئامادە بووان: دەنگێ نابیسین)

**عەبدوڵا حیجاب:** ئەی بۆ زووتر باستان نە دەکرد (پێ دەکەنێ) هۆزان شەمدین هەبوو، هۆزان شەمدین خەڵکی باکوورە پێم

وایە دەیناسن هەمووتان گۆرانی دەگوت لە پڕا گوتی هەڤاڵ بسەکنن بسەکنن تەلەفوونێک هات، تەلەفونەکەی لە نێوەڕاستی گۆرانیدا ڕاگرت جا گوتی بەردەوام کە، فەرموو بەر دەوام کە. ئێستا من بەردەوام کەم یا بگەڕێمەوە؟ بەردەوامی دەکەم (پێ دەکەنێ).

دبێ ئەم هنەک ڕەوشا ناوخویا ڕۆژهلاتا کوردستانێ تەماشا بکن و بزانن کو لە باری جڤاکی وە ئەم ل کو نە؟ من باسێ هەندی کر کو شۆڕشا ژن، ژیان، ئازادی دگەل کو فەلسەفا خوە هەیە لێ بەرسڤدانا پێویستییێن ئیرۆیا جڤاکا ڕۆژهلاتا کوردستانێ یە ژ بەر کو جڤاک، د ناڤ جڤاکا ئیرانێ جڤاکێکی ئەم بخوازن، نەخوازن جڤاکیکە کو دەرفەتا هەندێ نەبوویە خوە پێش وێ بێخە یا بگێژە وێ ئاستێ کۆ جڤاکێن کەتنێ پێڤاژۆیا مۆدێرنیتە و مۆدێرنیزاسیۆنێ د دەناڤ دانە. نێرینا مە ب گشی، ب گشتی نێرینا ل جڤاکا کورد ل سەر ژنێ هەیە مە نموونەیێن دگمەن، نموونەیێن کتکتە هەنە د دیرۆکا خوە دە کو ژن پێشەنگاتی کرنە، لێ ئەقلییەتا کو حەتتا ئەو ژن کرییە پێشەنگ ئەقلییەتێک مێرانە بوویە، ئەقڵییەتێک مێرسالار بوویە. بەری چەند سالا مە سێمینارەک هەبوو، سێمینارەکی ڕۆژا ژنان بوو، بۆ ژنان بوو ژی م گوت هەر ئەوە نها ژبەرکو پاشناڤێ من "حیجاب" ە ئەو کو رێ ددنە ئەز بێمە جڤینێ ژنە ئەو بخوە پێشکەتنێکە. ئەو نیشانەیا هێندێ یە کو زێهنییەتا مە زێهنییەتا مێرانی یە نها ژی. زێهنییەتا مێرانی دبە باعسێ هێندێ کو ژن دگل هێندێ ژی کو دگێژە ئاستەکی، حەتتا دگێژە ئاستا هاوسەرۆکاتییە ژی، لێ دگل هێندێ ژی ئەم تەماشا دکن جڤاکان ب گشتی بەشێکی جڤاکێ، بەشەکی سیاسەتێ وەردەگرە لێ جڤاک ب گشتی نەگەیشتییە وێ ئاستێ کو وێ هەزم بکە. ب وێی واتایێ کو بەشێکێ جڤاکێ، بەشێکێ سیاسەتێ مە بخوە ژن، ئەرێ مە ل ئاستا کو ڕێژیمێن دیکتاتۆر، ڕێژیمێن دژبەرێن مە تەماشا دکن ئانییە دەرێ لێ ئەم ژی وەکوو یەدەک تەماشا دکن بخوە. یانی ژن نەک وەک ئەکتەرەک کو د ناڤجڤاکێ دە خودی کەسایەتییا خوە، خودی باندۆرا خوە، خۆدی ڕۆلا خوە بە لێ زێدەتر وەک یەدەکەک کو ئالیکار دبە. خوشک، دایک، ژن هەر تشت.

ئەو نیشانەیە هەندێیە کو ل بارێ جڤاکیوە شۆڕشا کو نها د ڕۆژهلاتدا هەیی ب ئاوایەکی ئالنگارییەکە بۆ وێ زێهنییەتێ ژی، چالشەکە بۆ وێ زێهنییەتی کو وێ زێهنییەتی بگۆهۆرە. زێهنییەتەکی بگوهۆرە کوو ژن وەکوو ئەکتەرەک، وەکوو بێژن کەس تەماشا بکە نەک وەک بەشەکە تشتەک مەزتر کو بخوە ڕۆڵا سەرەکە تێدا نینە. مەسەلا ژیانێ ژی هەر ب وێ ئاوایی یە. ئەز گەلەک تەڤلی گۆتنێن کاک هاشم دبم، بڕێز دوکتور هاشم (ئەحمەد زادە) کو سەرێ سبێ گۆت هەر ئەوا کو ئیرۆ ڕێ ددە کو زێهنییەتەک یا بێژن گۆتنێک شێوە ئاخافتنەک دیترکو تیشکێ دێخە سەر جڤاکا ئێل جی بی تی ل جڤاکا کوردستانێ کو خوە ددە ناساندنێ و تێ پەژراندنێ، دێ قەبوول کرنێ ئەو نیشانا هەندێیە کو مە پێویستی ب هەندێ هەیە کو د وێ چارچێوە دە ژی ل بارێ جڤاکیوە گوهارتنێک بێ. یا کو ل ڕۆژهلاتا کوردستانێ ئیۆ پرسا ژیانێ تێنن ڕۆژەڤێ وەکوو ژیان باس دکن د ڕاستی دە ئەرێ کرنا وێ پێداویستی یە، ئەرێ کرنا پێویستییا گوهارتنا وێ زێهنییەتی یە کۆ ڕێ بدە مرۆڤ وەک مرۆڤ د جڤاکێ دە جێ بگرە.



سەرچاوە
Serchawe

مەسەلا ئازادییە، ئەم دەبینن کو ئەڤ ل شۆڕشا فەرانسێ بەری دوو سەد ساڵ پرسا ئازادییێ هەبوو چەمکا ئازادییێ، تێگەها ئازادییێ د وان دوو سەد و چەند ساڵێن داوێ پشتی شۆڕشا فەڕانسە ب گشتی حەتتا د وان دەهساڵا داوییێ دە ژی واتایا خوە هاتییە گوهارتنێ. واتایا تێگەهیشتنا مە، نێرینا مە بۆ ئازادیێ هاتییە گوهارتنێ. یا کوو ئیرۆ ل ڕۆژهلاتا کوردستانێ و ل ئیرانێ دێتە باس کرنێ بنگەهێکە بۆنا هێندێ کو ئەم فام بکن، دەرکا هێندێ بکن کو ئەو ئازادیا کو خەلک د ناڤ جڤاکا ئیرانێ، د ناڤ جڤاکا ڕۆژهلاتا کوردستانێ دخوازێ ئەو ئازادی چییە، دێ چ واتایی، چارچێوەیا وێ چییە؟ گەلۆ بێ سنوورە یا سنوورێن وێ جودانە؟

ب نێرینا من تێگەها ژنێ، تێگەها ژیانێ، تێگەها ئازادی یێ چارچێوەیەکی نوو دگەرە، چارچێوەیەکی جودا ژ چارچێوەیێ کو حەتتا نها ئەم فێر ببوون، مە دزانی، مە قەبوول دکر، مە پراتیزە دکر. چارچێوەیەکی نوو دگەرە، لەوما ژی حەرەکەتا کو نها لە ئیرانێ و ل ڕۆهلاتا کوردستانێ دەست پێ کری گەلۆ بکاربە ڕێژیما کۆمارا ئیسلامی هلوەشینە ئان نکارە هلوەشینە ئەو پێڤاژۆیەک جودایە، ئەو ڕەهەندەکا جودایە. باندۆرا وەیا جڤاکی ل سەر جڤاکێ، ل سەر زیهنییەتا کو ل جڤاکێ هەیی ئەز باوەرم ل ڕۆژهلاتا کوردستان و ئیرانێ ناسەکنە یا ڕۆژهلاتا ناڤین بگوهۆرە وە گوهارتنا پێویستە بۆنا هیندێ کو ئەم بکارین باسی پێڤاژۆیێن سیاسی بکەین کو جڤاکێکە نوو شکل پێ بدە ل سەر وێ بنگەهێ سیستەمەکە سیاسی یا نوو جێ کە. گەلەک سپاس.

(چەپلەی بەشداران)

**دیمەن سۆهرابی بەڕێوەبەری پانێل:** دەستتان خۆش بێ زۆر سپاس بەڕێز عەبدولا حیجاب. یەک پرسیار وەردەگرم. فەرموو. داوای لێ بوردن بە ڕاستی کاتمان نییە و پانێلێکی تیشمان هەیە. بۆیە داوا دەکەم کە هەر لێرە دەمێنینەوە دوای ئەم پانێلە و هیچ ناوبڕێکمان نابێت. فەرموو بەڕێز سەیوان.

**سەیوان سەعیدیان:** دەستخۆش کاک عەبدولا ئەز ژی بە کورمانجی پرسیاری خوە بکم. وەکی ئەم دبینن، یانی وەکی هەڤالێن د پانێلێن بەرێ ژی دە ئیشارە کرن یانی ئەو شۆرشا ژن، ژیان، ئازادی ب پرانی ئەو پێلێن خوە ژ باکوور و ڕۆژئاوا هات و ددۆمێ نها ژی، ئەم بێژن وەکی پێلێکی کو ب داوی هاتیە لێ ئەم دبینن کو ئەو پێل د ناڤ بەشێن کورمانجا، وەکی وە بۆخۆ گوت وەکی شکاک د ناڤ کوردستانێ دە گەلەکی قەلسە. ئەم نها دبینن د ئیلامێ دە، د کرماشانێ دە، ئەم بێژن پێلێن خەباتا چەکداری و سیاسی ژی کو نە وەکی موکریان یا وەکی ناوەند بهێز بوویە لێ د نها دە گەلەکی ئەکتیڤیست، ئاکادێمیست و چالاکڤان وان ژی هەنە، لێ د بەشێن شکاک دە، ئەم بێژن د بەشێ کورمانجیا ڕۆژهلاتە دە ئەو پر کێم دێ دیتن هوون سەدەمێ وی چاڤا دبینن؟

**دیمەن سوهرابی:** زۆر سپاس بۆ ئێوە (ڕوو لە حیجاب) ئێوە پرسیارەکەتان نووسی زۆر چاکە.

**عەبدوڵا حیجاب:** زۆر بە کورتی ئەگەر پرسیارەکەم جوان وەرگرتبێ ئەوە بوو کە بۆچی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەمتر لەو حەرەکەتەدا بەشدارە ئاوا تێی گەیشتم. من سێ هۆکار دەبینم کە بە پێی وەختیش هەوڵ دەدەم زۆر زۆر کورت بێ:

یەکیان هاوسنوور بوونە لەگەڵ نەتەوەی تورکی ئازەری کە کوردی وێ و ئازەری وێ جار و بار لە ڕقابەت لەگەڵ یەکتردا چالاکترن، جاری وایە لە ترسی یەکتردا خۆیان دوور دەگرن دوورەپەرێزن. ئەوە فاکتۆرێکە کە نابێ لەبەر چاوی نەگرین. دووەمییەکەی پێوەندییەکانی کۆمەڵایەتی ئەوێن یا پێوەندییەکانێ بڵێین کۆمەڵگایەک کە کۆمەڵگایەک جووتیاری - وەرزێری یە جارێ نەگەیشتووەتە قۆناغی ئۆربانیزاسیۆن و بە ڕێخستن بوون و ئیندوستریالیزم و شتی وا ئەوەش پێوەندییەکان لە چوارچێوەیەکی عەشیریی دا ڕادەگرێ کە بە داخەوە ڕێژیمیش بەهێزی کردووە ئەو پێوەندییە عەشیرییانە، بە شێوەیەک ئێستا بۆتە یەکێک لە بەڵا هەرە گرینگەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

سێیەمین هۆکار کە من لەوێدا بە بێ تەئسیری نابینم مەسەلەی پەراوێزی پەراوێزی پەراوێزی پەراوێزە. زۆر بە کورتی ئەگەر باس بکەم کوردستان بۆ خۆمان دەزانین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پەراوێزی کۆمەڵگای ئێران دایە، ئەوە شتێک نییە کە ئینکار بکرێ. کاک بێهرووز بووچانی زۆر بە ڕوونی باسی کرد کە ئیلام و کرماشان لە کۆمەڵگای پەراوێزخراوی کوردستانیشدا پەراوێز خراوە یانی پەراوێزی پەراوێزە. جێگا بۆ ئێمە نامێنێ. لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشی کورمانجیییەکەی دەبێتە ئەگەر ئەو پەراوێز بی، ئەویتر پەراوێزتر بێ، پەراوێز تر ترە. تر ترە کەش بەحسی ئەوەمان دەکرد کوتم باشە لە کوردی دا باشترو باشترین هەیە هاوڕێکمان بوو دەیگوت نا کاکە ئێمە ئەگەر شت بێ لە لای ئێمە تر تر یش هەیە. دەم گوت باشە پەراوێز هەیە و پەراوێزترتر. ئێستا بکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش پەراویزترترە ئەو ترە زیادییە بۆتە هۆی ئەوە وەزعییەتە کر ئێمە خۆمانی تێدا دەبینین.

**(چەپڵەی بەشداران)**

سەرچاوە: وێبنووس ڕوانگە - ڕێکەوتی: ٢٦ی مای ٢٠٢٣




ڕێبازی نەتەوەیی وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی بە زۆر مەبەستو بابەتەوە گرێ دەدری، بەڵام بۆ هەر نەتەوەیەک بە پێی وەزعی سیاسیو چارەنووسی نەتەوە، کارکردی جیاوازی هەیە. بۆ نەتەوەیەکی بێدەوڵەتی وەک نەتەوەی کورد، تێگەهی ڕێبازی نەتەوەیی بە هیچ شێوەیەک ئەو کاریگەریو مانا نهێنیو داپڵۆسێنەرەی بە نیسبەت کەسانی دیکەوە نیە کە لە ئورووپاداو لە نێو نەتەوە خاوەن سەروەرییە نەتەوەیی‌یەکاندا هەیە. بۆیە جیاوازییەکی بنچینەیی لە نێوان ڕێبازی نەتەوەیی یا ناسیۆنالیزم، لە لای خەڵکو کۆمەڵە سیاسییەکانی وڵاتە سەربەخۆکان لە لایەکو بزووتنەوە نەتەوەیی‌یەکانی ئەو نەتەوانەی کە بۆ ئازادیی خۆیان تێ دەکۆشن لە لایەکی دیکەوە، هەیە.

**عەبدوڵلا حیجاب**

---

**کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**ڕەشەمێ ٢٧١٧ی کوردی = مارچی ٢٠١٨ی زایینی**

**نۆژەن کردنەوە: ڕێبەندانی ٢٧٢٤ی کوردی = جانیۆیری ٢٠٢٥ی زایینی**

---



سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین

**بۆ هاوڕێ عەبدوڵڵا حیجاب بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتووێژ و بابەتەکان.**

**دەستان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

